حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی

# ئاریشەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە پرۆسەی فێرکردندا
# (بازنەی یەکەمی خوێندن بە نموونە)

نامەیەکە

ئاشتی ئەحمەد حەسەن

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی گەرمیانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. ئومێد بەرزان برزو

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٢زاینی ١٤٤٤کۆچی

# بڕیاری سەرپەرشت

ئەم نامەیە (ئاریشەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە پرۆسەی فێرکردندا (بازنەی یەکەمی خوێندن بە نموونە)) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ـ بەشی کوردی ـ زانکۆی گەرمیان ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدا.

واژۆ:

سەرپەرشت: د. ئومێد بەرزان برزو

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: مریوان حمەکریم احمد

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردوو بڕیارماندا، بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. بەکر عمر علی
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:٢/١١/٢٠

ناو:پ.د. عبدالواحد موشیر دزەیی
ئەندام
ڕێکەوت:٢٠٢٢/١١/٢٠

ناو: پ.ی.د. دڵشاد محمد غەریب
ئەندام
ڕێکەوت:٢٠٢٢/١١/٢٠

ناو: پ.د. ئومێد بەرزان برزو
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:٢٠٢٢/١١/٢٠

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ـ زانکۆی گەرمیانەوە پەسەندکرا.

ناو:پ.ی.د. کۆمار نعمت شوکت
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
ڕێکەوت:   /  ١١  /  ٢٠٢٢

## پێشکەشە بە:

- گیانی دایک و باوک و براکەم.
- هاوژینی خۆشەویستم دایکی (ئایدیا، ئارینا، ئێلڤان، ئامەد).
- خوشک و براکانم.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی خزمەت بە زمان و خاک و دۆزی کورد دەکەن.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە، کە توانا و وزەی پێبەخشیووم بۆ گەیشتن بەم قۆناغە.
- مامۆستای سەرپەرشتم بەڕێز (پ.د. ئومێد بەرزان برزو)، کە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر هاوکارم بووە.
- مامۆستایانی بەڕێز (پ.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، پ.د. شیلان عومەر حسێن، د. ئاسۆ عەبدلڕەحمان کەریم، م. پێشکەوت مەجید محەمەد) سوپاس بۆ هەموو هاوکارییەک.
- مامۆستای بەڕێز (د. مەریوان محەمەد ساڵەح)، لە بەرنامەی (spss) هاوکارمان بوو.
- ڕێز و سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستایان ( کوردۆ عەزیز، عوسمان محەمەد) کە لە وەرگێڕانی سەرچاوەی ئینگلیزی و بەڕێز مامۆستا (عەبدوڵڵا فازڵ) لە وەرگێڕانی سەرچاوەی عەرەبی و بەڕێز (نەشوان حەسەن) لە وەرگێڕانی سەرچاوەی فارسی هاوکارم بوون.
- ئەو مامۆستا دڵسۆزانەی لە قۆناغەکانی بەکالۆریوس و ماستەر وانەیان پێوتوومەتەوە، هەمیشە سەربەرز و تەمەندرێژبن.

# لیستی زاراوەکان

| زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی | زاراوەکانی زمانی کوردی |
| --- | --- |
| Comparison | بەراوردکردن |
| connection | بەستنەوە |
| Reinforcement | بەهێزکردن |
| Motive | پاڵنەر |
| Electrical Process | پرۆسەی کارەبایی |
| Status Planning | پلاندانانی پایە |
| Language Education planning | پلاندانانی پەروەردەی زمانی |
| language planning | پلاندانانی زمانی |
| corpus planning | پلانی بەکۆمەڵ |
| Acquisition Planning | پلانی وەرگرتن |
| pitch level | پلەی دەنگ |
| Linguistic classification | پۆلێنکردنی زمانەوانی |
| Pedagogical Grammar | پێداگۆجیای ڕێزمان |
| sign system | پەیڕەوی نیشانە |
| structural | پێکهاتەیی |
| Maturity | پێگەیشتن |
| Monolingual education | پەروەردەی تاکزمانی |
| Bilingual education | پەروەردەی جووتزمانی |
| Transitional bilingual education | پەروەردەی جووتزمانیی گوێزەرەوە (ئنتقالی) |
| Immersion bilingual education | پەروەردەی جووتزمانیی ئاوێتە |
| Multilingual education | پەروەردەی فرەزمانی |
| Performance | توانا/بەجێهێنان |
| Competence | توانست |
| intercultural competence | توانستی کەلتووری |
| Cognitivist theory | تیۆری درکپێکردن |
| Transformational Generative theory | تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| Behaviorism theory | تیۆری ڕەفتاری |

| | |
|---|---|
| Nativist Theories | تیۆری عەقڵگەراییەکان /خۆڕسکییەکان |
| Imitation Theory | تیۆری لاساییکردنەوە/دووبارەکردنەوە |
| Interactionism Theories | تیۆرە کارلێکەکان |
| Dual language immersion | جووترێگایی تێکەڵ |
| Bilingual and Bilingualism | جووتزمان و جووتزمانی |
| Educational/ School bilingualism | جووتزمانیی پەروەردە/ قوتابخانە |
| Complementary/Functionalngualism | جووتزمانیی تەواوکاریی/پیشەیی |
| Stable bilingualism | جووتزمانیی جێگیر |
| Artificial bilingualism | جووتزمانیی دەستکرد |
| Information bilingualism | جووتزمانیی زانیاری |
| Vertical bilingualism | جووتزمانیی ستوونی/ناهاوسەنگ |
| Natural bilingualism | جووتزمانیی سروشتی |
| Official bilingualism | جووتزمانیی فەرمی |
| Unstable bilingualism | جووتزمانیی ناجێگیر |
| Balanced bilingualism | جووتزمانیی هاوسەنگ |
| Ideal bilingualism | جووتزمانیی ئایدیاڵی |
| Individual bilingualism | جووتزمانیی تاکەکەسی |
| Societal bilingualism | جووتزمانیی کۆمەڵایەتی |
| Home bilingualism | جووتزمانیی خێزانی |
| Horizontal bilingualism | جووتزمایی ئاسۆیی |
| consolidation | چەسپاندن |
| overlap | داپۆشین |
| Diglossia | دوودیویی زمانی |
| Validity | ڕاستی |
| discipline | ڕژێم |
| politeness | ڕێز/ئەدەب |
| Behavior Verbal | ڕەفتاری زمانی |
| Language Learning | زمانفێربوون |
| Language teachinning | زمانفێرکردن |
| Language Acquisition | زمانوەرگرتن |

| | |
|---|---|
| Foreign language | زمانی بیانی |
| Mother Language | زمانی دایک |
| Second language | زمانی دووەم |
| First language | زمانی یەکەم |
| Applied Linguistics | زمانەوانیی  کارەکی |
| Educational Linguistics | زمانەوانیی پەروەردەیی |
| Language Environment | ژینگەی زمان |
| Language Acquision Device (LAD) | سیستەمی فێربوونی زمانی |
| Symbolically | سیستەمی هێمایی/ ڕەمزی |
| trans displinary | فره پسپۆڕی |
| intere displinary | فرەزانستی |
| Multilingual | فرەزمان |
| Multicultural | فرەکەلتوور |
| Concrete operational substage | قۆناغی بیرکردنەوەی بەرجەستەیی |
| Formal operational substage | قۆناغی بیرکردنەوەی تەواو واتادار |
| Intuitive thought sub stage | قۆناغی بیرکردنەوەی ڕووداو |
| pre-operational stage | قۆناغی پێش کرده ژیرییەکان |
| Infancy | قۆناغی ساوایی |
| Babbling | قۆناغی گڕوگاڵ |
| Sensorimotor stage | قۆناغی هەستی – جوڵەیی |
| Symbolic function sub stage | قۆناغی ئەرکی هێمایی |
| Response | کاردانەوە |
| Environmental Influences | کاریگەریی ژینگە |
| community | کۆمەڵایەتی |
| population research | کۆمەڵگەی لێکوڵینەوە |
| hyphenated filed | کێڵگەی گەیەنەریی |
| Functional | کارایی |
| interactive | کارلێککار |
| Uniformalisation | کولتووریی جیهانی |
| Code mixing | کۆدتێکەڵکردن |

| | |
|---|---|
| code switching | کۆدگۆڕین |
| Knowledge | کۆزانیاری |
| inclusion | گرتنەوە |
| single switch hypothesis | گریمانەی تاک جێگایی |
| Angular Gyrus | لۆچی گۆشە |
| Cultural Conflict | ململانێی کولتووری |
| input switch model | مۆدێلی تێکردە |
| Concept Mediation Model | مۆدێلی چەمکی نێوانگیر |
| two switch model | مۆدێلی دووانەیی |
| Word Association Model | مۆدێلی هاوبەشی وشە |
| output switch model | مۆدێلی هەڵبژاردنی دەرکردە |
| Revised Hierarchical Model | مۆدێلی هەموارکراوی هەرمی |
| Broca's area | ناوچەی برۆکا |
| Visual cortex | ناوچەی بینین |
| Motor Cortex | ناوچەی جوڵە |
| Wernicke's area | ناوچەی وێرنیکا |
| Stimulus | وروژاندن |

| بەش و پار و وەچە پارەکان | ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٠) | پێشەکی | ١-٣ |
| ٠/١) | ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٠/٢) | کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٠/٣) | ڕێبازی لێکوڵینەوەکە | ١ |
| ٠/٤) | هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١-٢ |
| ٠/٥) | گرنگی لێکوڵینەوەکە | ٢ |
| ٠/٦) | گرفتی لێکوڵینەوەکە | ٢ |
| ٠/٧) | بەشەکانی لێکوڵینەوەکە | ٢-٣ |
| ١) | **بەشی یەکەم**<br>**ئیکۆلۆژیای زمان و زمانەوانی و پەروەردە** | ٤-٦٩ |
| ١/١) | دەروازەیەک بۆ زمانەوانی و زمانەوانیی پەروەردەیی | ٤-٣٩ |
| ١/١-١) | زمانەوانیی کارەکی و زمانەوانیی پەروەردەیی | ٧ |
| ١/١-١-١) | زمانەوانیی پەروەردەیی سەرەتا و دەستپێک | ٧ |
| ١/١-١-٢) | پەروەردە و ڕەگەزەکانی | ٩ |
| ١/١-١-٢-١) | قوتابی | ١١ |
| ١/١-١-٢-٢) | پرۆگرامی(بەرنامەڕێژیی)خوێندن | ١٤ |
| ١/١-١-٢-٣) | مامۆستا | ١٤ |
| ١/١-١-٢-٤) | قوتابخانە | ١٥ |
| ١/١-١-٢-٥) | ڕێگاکانی وانەوتنەوە (پێداگۆجی) و میتۆدەکانی فێربوون | ١٥ |
| ١/١-٢) | ئامانجەکانی پەروەردەی زمان | ١٦ |
| ١/١-٢-١) | فێربوونی زمان (فێربوونی کۆزانیاریی زمان) | ١٧ |
| ١/١-٢-٢) | فێربوونی زانست لە ڕێی زمانەوە | ١٨ |
| ١/١-٢-٣) | ڕۆڵی کەلتوور و پەروەردەی زمان | ١٨ |
| ١/١-٢-٣-١) | پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور | ١٨ |
| ١/١-٢-٣-٢) | پەروەردەی کەلتووری و زمانفێربوون | ٢١ |
| ١/١-٣) | زمانەوانیی پەروەردەیی و فێربوون و فێرکردنی زمان | ٢٤ |
| ١/١-٣-١) | زمانوەرگرتن | ٢٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | زمانفێربوون | ١/١-٣-٢) |
| ٢٨ | زمانفێرکردن | ١/١-٣-٣) |
| ٣٠ | پلان و سیاسەتی زمانی پەیوەست بە پرۆسەی زمانەوانیی پەروەردەوە | ١/١-٤) |
| ٣١ | پلانی زمانی | ١/١-٤-١) |
| ٣٣ | جۆرەکانی پلانی زمانی | ١/١-٤-١-١) |
| ٣٣ | پلانی پایە | ١/١-٤-١-١-١) |
| ٣٤ | پلانی بەکۆمەڵ | ١/١-٤-١-١-٢) |
| ٣٥ | پلانی وەرگرتن | ١/١-٤-١-١-٣) |
| ٣٧ | گرنگی پلانی زمانی | ١/١-٤-١-٢) |
| ٣٧ | سیاسەتی زمانی | ١/١-٤-٢) |
| ٣٩-٦٠ | زمانپژاندن و وەرگرتنی زمان لە ڕوانگەی تیۆرەکانەوە | ٢/١) |
| ٤٠ | تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان | ٢/١-١) |
| ٤٠ | تیۆری ڕەفتاری | ٢/١-١-١) |
| ٤٢ | تیۆری فێربوونی مەرجی کلاسیکی (وروژێنەرو و وەڵامدانەوە) | ٢/١-١-١-١) |
| ٤٥ | تیۆری لاساییکردنەوە(دووبارەکردنەوە) | ٢/١-١-١-٢) |
| ٤٧ | تیۆری مەرجی بەجێهێنان/ئەزمونبەندکاری (هەوڵدان و هەڵەکردنەوە) | ٢/١-١-١-٣) |
| ٥٠ | تیۆری عەقڵگەراییەکان (خۆڕسکییەکان)(توانستی بۆماوەیی/ غەریزەی هۆشەکی) | ٢/١-١-٢) |
| ٥٢ | تیۆری درکپێکردن | ٢/١-١-٣) |
| ٥٥ | یادگە و جۆرەکانی | ٢/١-٢) |
| ٥٧ | یادگەی هەستی | ٢/١-٢-١) |
| ٥٨ | یادگەی کورتخایەن | ٢/١-٢-٢) |
| ٥٨ | یادگەی کارکردن | ٢/١-٢-٣) |
| ٥٨ | یادگەی درێژخایەن | ٢/١-٢-٤) |
| ٦٠-٦٤ | جیهانگیریی زمانی و کاریگەرییەکانی لە سەر سیستەمی پەروەردەی زمان | ٣/١) |
| ٦٤ | سیاسەت و پلانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە سەردەمی جیهانگیریدا | ٣/١-١) |
| **٧٠-١٢٧** | **بەشی دووەم**<br>**پێڕەوکردنی پەروەردەی جووتزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا** | ٢) |
| ٧٠-٨٦ | جووتزمان و جووتزمانی | ١/٢) |

| | | |
|---|---|---|
| ٢/١-١) | جووتزمانی وەک چەمک و زاراوە | ٧٠ |
| ٢/١-٢) | هۆکارەکانی دروستبوونی جووتزمانی | ٧٤ |
| ٢/١-٢-١) | هۆکارەکانی جووتزمانیی کۆمەڵ | ٧٤ |
| ٢-١-٢-٢) | هۆکارەکانی جووتزمانیی تاک | ٧٥ |
| ٢/١-٣) | جۆرەکانی جووتزمانی | ٧٦-٨٠ |
| ٢/١-٣-١) | جووتزمانیی تاکەکەسی | ٧٦ |
| ٢/١-٣-٢) | جووتزمانیی کۆمەڵایەتی | ٧٧ |
| ٢/١-٣-٢-١) | جووتزمایی ئاسۆیی | ٧٧ |
| ٢/١-٣-٢-٢) | جووتزمانیی ستوونی/ناهاوسەنگ | ٧٨ |
| ٢/١-٣-٣) | جووتزمانیی نموونەیی/ ئایدیاڵی | ٧٨ |
| ٢/١-٣-٤) | جووتزمانیی هاوسەنگ | ٧٨ |
| ٢/١-٣-٥) | جووتزمانیی سروشتی | ٧٨ |
| ٢/١-٣-٦) | جووتزمانیی پەروەردە/دەستکرد | ٧٩ |
| ٢/١-٣-٧) | جووتزمانیی خێزانی | ٧٩ |
| ٢/١-٣-٨) | جووتزمانیی زانیاری | ٧٩ |
| ٢/١-٣-٩) | جووتزمانیی فەرمی | ٧٩ |
| ٢/١-٣-١٠) | جووتزمانیی تەواوکاریی/پیشەیی | ٧٩ |
| ٢/١-٣-١١) | جووتزمانیی جێگیر | ٨٠ |
| ٢/١-٣-١٢) | جووتزمانیی ناجێگیر | ٨٠ |
| ٢/١-٤) | جووتزمانی و کاریگەریی لەسەر کەسێتی تاک | ٨٠ |
| ٢/١-٥) | جووتزمانی و بونیادنانی کۆزانیاریی زمانی | ٨٢ |
| ٢/١-٦) | جووتزمانی و دووديويی زمانی | ٨٤ |
| ٢/٢) | جووتزمانی و مێشک | ٨٦-٩٩ |
| ٢/٢-١) | مێشک و بەشەکانی | ٨٧ |
| ٢/٢-٢) | ناوچەکانی مێشک و بەشداریان لە پرۆسەی زماندا | ٨٩ |
| ٢/٢-٣) | جووتزمانی و جێگەیان لە مێشکدا | ٩١ |
| ٢/٢-٤) | پەیوەندیی فەرهەنگی ئاوەزی بە جووتزمانییەوە | ٩٣ |
| ٢/٢-٥) | گریمانەکانی چۆنیەتی پاراستن، ڕێکخستن، بەرهەمهێنانی یەکە پێکهێنەرەکانی زمان لە مێشکی کەسانی جووتزمان | ٩٥ |
| ٢/٢-٦) | مۆدێلە هاوبەشەکانی جووتزمانی لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا | ٩٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢/٢-٦-١) | مۆدێلی هاوبەشی وشە | ٩٦ |
| ٢/٢-٦-٢) | مۆدێلی چەمکی نێوانگیر | ٩٧ |
| ٢/٢-٦-٣) | مۆدێلی هەموارکراوی هەرەمی | ٩٨ |
| ٢/٣) | مۆدێلەکانی پەروەردەی زمانی و پەروەردەی جووتزمانی | ٩٩-١١٧ |
| ٢/٣-١) | مۆدێلەکانی پەروەردەی زمانی | ٩٩ |
| ٢/٣-١-١) | پەروەردەی تاکزمانی | ٩٩ |
| ٢/٣-١-٢) | پەروەردەی جووتزمانی | ١٠١ |
| ٢/٣-١-٣) | پەروەردەی فرەزمانی | ١٠٣ |
| ٢/٣-٢) | جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی | ١٠٤ |
| ٢/٣-٣) | تێڕوانینە ئەرێنی و نەرێنییەکان بۆ پەروەردەی جووتزمانی | ١٠٧ |
| ٢/٣-٤) | ئامانجە پەروەردەییەکانی پەروەردەی جووتزمانی | ١٠٩ |
| ٢/٣-٥) | پەروەردەی جووتزمانی و کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن | ١١٠ |
| ٢/٣-٥-١) | هۆکار و پاڵنەرە زمانییەکان | ١١٢ |
| ٢/٣-٥-٢) | هۆکارو پاڵنەرە نازمانییەکان | ١١٢ |
| ٢/٣-٦) | پەروەردەی جووتزمانی و داخورانی زمان | ١١٣ |
| ٢-٤) | فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردەدا | ١١٨-١٢٦ |
| ٢/٤-١) | پاڵنەرەکانی فێربوونی زمانی دووەم | ١١٩ |
| ٢-٤-٢) | مەرجەکانی خوێندن بە زمانی دووەم | ١٢٠ |
| ٢/٤-٣) | فێربوونی زمانی دووەم و بەدەستهێنانی لێهاتوویەکان | ١٢٠ |
| ٢/٤-٤) | لێهاتوویەکان و سیستەمی پەروەردە | ١٢١ |
| ٢/٤-٥) | پێوەرکانی ڕێکخراوی یونسکۆ تایبەت بە فێرکردنی زمانی یەکەم و زمانی دووەم | ١٢٢ |
| ٢/٤-٦) | دەستوورەکانی عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا | ١٢٤ |
| ٣) | **بەشی سێیەم**<br>**ئارێشەکانی پەروەردەی جووتزمانی و لایەنی مەیدانی** | **١٢٧-٢٠٢** |
| ٣/١) | سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی و زمانەکانی تر لە هەرێمی کوردستاندا | ١٢٧-١٤٠ |
| ٣/١-١) | خوێندن بە زمانی کوردی و کەمەنەتەوایەتییەکان لە قوتابخانە حکومییەکاندا | ١٢٧ |
| ٣/١-٢) | خوێندن بە زمانی بیانی (ئینگلیزی) لە قوتابخانە حکومییەکاندا | ١٣٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ۳-۱/۳) | سیاسەت و پلانی وەزارەتی پەروەردە لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و زمانەکانی تر | ۱۳۵ |
| ۲/۳) | جۆرەکانی ئاریشەی پەروەردەی جووتزمانی | ۱٤۰-۱٦۲ |
| ۱-۲/۳) | بەرتەسککردنەوەی ژینگەی زمان | ۱٤۲ |
| ۲-۲/۳) | ئاریشەی ململانێی کەلتووری | ۱٤۲ |
| ۳-۲/۳) | ئاریشەی لە دەستدانی متمانە بە (زمان، کومەڵگا، خۆبوون) | ۱٤٤ |
| ٤-۲/۳) | ئاریشە پەروەردەییەکان | ۱٤٥ |
| ٥-۲/۳) | ئاریشە زمانییەکان | ۱٤۷ |
| ۱-٥-۲/۳ | ئاریشەی ئاستە زمانییەکان | ۱٤۷ |
| ۲-٥-۲/۳) | ئاریشەی دواکەوتنی گەشەی زمانی | ۱٥۱ |
| ۳-٥-۲/۳) | ئاریشەی کۆدە زمانییەکان لە نێوان زمانی کۆمەڵگا و زمانی قوتابخانەدا | ۱٥۳ |
| ٦-۲/۳) | ئاریشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی | ۱٥٤ |
| ۷-۲/۳) | ئاریشەی گەشەی زانستی و ئەکادیمی و توانای داهێنان | ۱٥٦ |
| ۸-۲/۳) | ئاریشەی ئاسایشی نەتەوەیی | ۱٥۸ |
| ۹-۲/۳) | ڕێگەخۆشکردن بۆ جیهانگیریی زمانی | ۱٥۸ |
| ۱۰-۲/۳) | بەفیرۆدانی کات لە فێرکردنی زمانی دووەم | ۱٥۹ |
| ۱۱-۲/۳) | زیادکردنی ئەرکی مامۆستا و دایک و باوکان | ۱٥۹ |
| ۱۲-۲/۳) | ململانێی زمان و مردنی زمانی دایک | ۱٦۰ |
| ۳/۳) | لایەنی مەیدانی لێکۆڵینەوەکە | ۱٦۲ |
| ۱-۳/۳) | میتۆدی کارکردن | ۱٦۳ |
| ۲-۳/۳) | کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە | ۱٦۳ |
| ۱-۲-۳/۳) | نموونەی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە | ۱٦۳ |
| ۲-۲-۳/۳) | ئامرازەکانی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە | ۱٦٥ |
| ۳-۲-۳/۳) | کۆکردنەوەی داتا و شیکارکردنیان | ۱٦٦ |
| ٤-۲-۳/۳) | شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی قوتابی | ۱٦۷ |
| ۱-٤-۲-۳/۳) | شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی قوتابیی پۆلی یەک | ۱٦۷ |
| ۲-٤-۲-۳/۳) | شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی قوتابیی پۆلی دوو | ۱۷۱ |
| ۳-٤-۲-۳/۳) | شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی قوتابیی پۆلی سێ | ۱۷٦ |
| ٤-٤-۲-۳/۳) | نووسین و خوێندنەوە | ۱۸۱ |
| ٥-٤-۲-۳/۳) | ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی قوتابی | ۱۸۳ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/٣-٢-٥) | شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی ڕاپرسی مامۆستا | ١٨٥ |
| ٣/٣-٢-٥-١) | ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی مامۆستا | ١٩٥ |
| ٣/٣-٢-٦) | شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی ڕاپرسی دایک و باوکی قوتابی | ١٩٦ |
| ٣/٣-٢-٦-١) | ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دایک و باوکی قوتابی | ٢٠٢ |
| ئەنجامەکان | | ٢٠٣ |
| پێشنیازەکان | | ٢٠٥ |
| سەرچاوەکان | | ٢٠٧ |
| پاشکۆکان | | ٢٢٢ |
| مخلص البحث | | ٢٣٦ |
| **Abstract** | | ٢٣٧ |


## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | بەشی یەکەم | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور و پەیوەندیی ئەم دوانە لەگەڵ بیر | ٢٠ |
| ٢ | جیاوازییە فەرهەنگی و کەلتوورییەکان و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان | ٢٣ |
| ٣ | پیشاندانی هاندان و سزا | ٤٩ |
| ٤ | جۆرەکانی یادگە | ٥٦ |
| ٥ | مۆدێلی مۆداڵی ئاتکینسۆن و شیفرین، پرۆسەی گەنجکردن و پاراستن و بەکارهێنانەوەی زانیاری لە یادگەدا | ٦٠ |
| | **بەشی دووەم** | |
| ١ | پرۆسەی دروستبوونی ئاخاوتن | ٩٠ |
| ٢ | مۆدێلی هاوبەشی وشە | ٩٧ |
| ٣ | مۆدێلی چەمکی نێوانگیر | ٩٨ |
| ٤ | مۆدێلی هەموارکراوی هەرەمی | ٩٩ |
| | **بەشی سێیەم** | |

| | | |
|---|---|---|
| ١ | خوێندن بە زمانی کوردی | ١٥٣ |
| ٢ | خوێندن بە زمانی بیانی | ١٥٣ |
| ٣ | پەنابەرێتی زمان وەک یەکەم هەنگاوی مردنی زمان | ١٦٢ |


## پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | بەشی یەکەم | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | تاقیکردنەوەکەی پاڤلۆڤ | ٤٣ |
| | **بەشی دووەم** | |
| ١ | بەشی لای ڕاستی مێشک | ٨٨ |
| ٢ | بەشی لای چەپی مێشک | ٨٨ |
| ٣ | پرۆسەی دروستبوونی ئاخاوتن | ٩١ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | بەشی دووەم | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | زیان بەرکەوتنی هەریەک لە ناوچەی برۆکا و وێرنیکا | ٩٠ |
| | **بەشی سێیەم** | |
| ١ | زانیارییە دیمۆگرافییەکانی فۆرمی قوتابی | ١٦٤ |
| ٢ | زانیاری لەسەر بەشداربوانی ڕاپرسی دایک و باوکان لە ڕووی پیشەوە | ١٦٥ |
| ٣ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانست پۆلی یەک | ١٦٨ |
| ٤ | سەرجەم وەڵامەکانی بابەتی بیرکاری پۆلی یەک | ١٦٩-١٧٠ |
| ٥ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردی پۆلی یەک | ١٧١ |
| ٦ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانست پۆلی دوو | ١٧٣ |
| ٧ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری پۆلی دوو | ١٧٤ |
| ٨ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردی پۆلی دوو | ١٧٥-١٧٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی سێ | ١٧٧ |
| ١٠ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری پۆلی سێ | ١٧٩ |
| ١١ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردی پۆلی سێ | ١٨٠ |
| ١٢ | ئەنجامەکانی تاقیکاریی لێهاتووی (نووسین و خوێندنەوە)ی پۆلەکانی (یەک، دوو، سێ) | ١٨٢ |
| ١٣ | کۆی گشتی وەڵامەکانی پۆلی (یەک، دوو، سێ) | ١٨٤ |
| ١٤ | ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی مامۆستایان | ١٨٥ |
| ١٥ | ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دایک و باوکان | ١٩٦-١٩٧ |


## پێڕستی چارتەکان


| ژمارە | بەشی سێیەم | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی بەشداریی پسپۆڕییە جیاوازەکان | ١٦٤ |
| ٢ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانست پۆلی یەک | ١٦٨ |
| ٣ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری پۆلی یەک | ١٧٠ |
| ٤ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردی پۆلی یەک | ١٧١ |
| ٥ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانست پۆلی دوو | ١٧٣ |
| ٦ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری پۆلی دوو | ١٧٥ |
| ٧ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردی پۆلی دوو | ١٧٦ |
| ٨ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانست پۆلی سێ | ١٧٨ |
| ٩ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری پۆلی سێ | ١٨٠ |
| ١٠ | ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردی پۆلی سێ | ١٨١ |
| ١١ | ئەنجامی تاقیکاریی کارامەیی خوێندنەوە | ١٨٢ |
| ١٢ | ئەنجامی تاقیکاریی کارامەیی نووسین | ١٨٢ |
| ١٣ | کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان لە بابەتەکانی (زانست، بیرکاری، کوردی) | ١٨٥ |
| ١٤ | ڕێژەی بەشداری زمانی دایک لە پۆلدا | ١٨٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە لایەن مامۆستایانەوە | ١٨٨ |
| ١٦ | ئاستی تێگەیشتن و قسەکردنی قوتابیانی بازنەی یەک | ١٨٨ |
| ١٧ | ئاستی وەرگرتنی زانیارییەکان بە زمانی ئینگلیزیی | ١٨٩ |
| ١٨ | ئاستی بەشداری قوتابیان لە چالاکییەکانی ناو پۆل | ١٨٩ |
| ١٩ | ئاستی دەرچوونی قوتابیان | ١٩٠ |
| ٢٠ | زیادبوونی ئەرکی مامۆستا | ١٩٠ |
| ٢١ | سودی ڕێنمای پەروەردەیی بە زمانی ئینگلیزی | ١٩١ |
| ٢٢ | کۆدتێکەڵکردن و کۆدگۆڕینەوە | ١٩٢ |
| ٢٣ | کاریگەریی جیاوازی کەلتووری لە پەروەردەی جووتزماندا | ١٩٢ |
| ٢٤ | کاریگەریی زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم | ١٩٣ |
| ٢٥ | پەیوەستکردنی قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری | ١٩٤ |
| ٢٦ | ئارەزووی ئاخاوتن بە زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی | ١٩٤ |
| ٢٧ | هەڵە زمانییەکان | ١٩٥ |
| ٢٨ | پیشاندانی شکۆی زمان لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە | ١٩٨ |
| ٢٩ | بۆچوونی دایک و باوکان لەسەر خوێندن بە زمانی ئینگلیزی | ١٩٨ |
| ٣٠ | بۆچوونی دایکان و باوکان لەسەر خوێندن بە زمانی کوردی | ١٩٩ |
| ٣١ | شارەزایی دایک و باوکان لە زمانی ئینگلیزی | ١٩٩ |
| ٣٢ | ئارەزووی منداڵان بۆ چوون بۆ قوتابخانە | ٢٠٠ |
| ٣٣ | ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە لایەن منداڵانەوە | ٢٠٠ |
| ٣٤ | تێکەڵکردنی زمانی ئینگلیزی و کوردی لە کاتی ئاخاوتن | ٢٠١ |
| ٣٥ | زیادبوونی ئەرکی دایک و باوک | ٢٠٢ |
| ٣٦ | دروستبوونی گرفت بۆ دایک و باوکان | ٢٠٢ |

## ٠) پێشەکی

### ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشـانی لێکوڵینەوەکە ( ئارێشـەکانی پەروەردەی جووتزمـانی لە پرۆسـەی فێرکردنـدا (بـازنەی یەکەمـی خوێنـدن بەنمـوونە)) یە، مەبەسـتی سـەرەکی لێکـوڵینەوەکە دەرخسـتنی کاریگەرییەکانی پەروەردەی جووتزمـانییە لە پرۆسـەی پەروەردەدا، هەروەهـا ئەو ئارێشـانەش، کە بەهۆی زمانی بیانییەوە لە سەر زمانی دایک و خودی قوتابی دروستدەبێت، دەخاتە ڕوو.

### ٢/٠) کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لە نووسینی ئەم لێکوڵینەوەیەدا، زاری کرمـانجی ناوەڕاست بەکارهێنراوە، نموونەکان، بە پلەی یەکەم  لە پەرتووکی قوتابیان و زمانی قسەکردنی ئاسـایی خەڵکن، لەگەڵ سـوودوەرگرتن لە هەنـدێک نمـوونەی نووسـراو، لە هەمـان زاردا. بـۆ پیشـاندان و سـەلماندنی بۆچوونەکـان لە لێکۆڵینەوەکەدا، کەڵک لە سـەرچاوە کوردی و عەرەبی و فارسـی و ئینگلیـزی وەرگیراون و بە بەرنامەی (spss) داتا و نموونەکان شیکارکراون.

### ٣/٠) ڕێبازی لێکوڵینەوەکە:

لەم لێکوڵینەوەیەدا ڕێبازی (پەسنی شیکاریی ئاماری) پەیڕەوکراوە.

### ٤/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

١-گرنگی و هەسـتیاری پرۆسـەی پەروەردە  لە ژیـانی قوتـابی و کەمـی لێکـوڵینەوەی زانسـتی زمانەوانیی پەروەردەیی لە زمانی کوردیدا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە.

٢- هەروەها گرنگی پەروەردە بۆ زمان و گرنگی زمـان لە پرۆسـەی پەروەردەدا، دوو هۆکـاری گرنگی پشت هەڵبژاردنی ئەم بابەتەن.

٣- سـەرەڕای ئەوەش لە ئێسـتادا بەهـۆی شۆڕشـی تەکنەلـۆژی و ئامێرەکـانی پەیوەنـدییەوە، پرۆسـەی جیهـانگیری لە هەمـوو کـات زیـاتر، کاریگەرییەکـانی بـۆ سـەر پەروەردە و زمـان و کەلتوور و دابونەریتەکان هەیە، بۆیە لێکوڵینەوە لەم دیاردەیە و خەمڵاندنی کاریگەرییەکانی لە پرۆسـەی پەروەردەدا بە تـایبەت پەروەردەی زمـانی، هۆکـارێکی تـری پشـت هەڵبژاردنـی بابەتەکەیە.

٤- فێربوونی زمانی بیانی و زۆربوونی قوتابخانە ناحکومییەکان، کە خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، بە شێوەیەکی خێرا لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوون دەکات.

### ٥/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

١-ئەم بابەتە لە نێوەندە جیهانییەکاندا بابەتێکی زیندوو و قسەلەسەرکراوە، چونکە تێگەیشتن لە ئاریشەکان و دەستنیشانکردنیان دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتە ڕوو، ئەمەش وادەکات، لەلایەک پرۆسەی پەروەردە باشتر و لەلایەکی ترەوە گەشەی زمانی و کۆزانیاریی قوتابی باشتر بێت.

٢- گرنگییەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە خستنە ژێر تاقیکاری ئەو لێکۆڵینەوانە، کە زمانەوانان و دەروونناسان و کۆمەڵناسان لە سەر مەترسی خوێندن بە زمانی بیانی لە سیستەمی پەروەردەدا باسی لێوەدەکەن.

### ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا کۆمەڵێک گرفت لەبەردەم توێژەردا دروستدەبێت، ئەو گرفتانەی هاتوونەتە ڕێگەمان لەم چەند خاڵەدا کورتدەکەینەوە:

١- فراوانی بابەتەکە بە شێوەیەک سنووردارکردنی کارێکی ئاسان نەبوو.
٢- کەمی لێکۆڵینەوە لە بواری زمانەوانیی پەروەردەیی لە زمانی کوردیدا.

### ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکهاتووە :

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (ئیکۆلۆژیای زمان و زمانەوانیی پەروەردە)یە، کە بە شێوەیەکی گشتی لایەنی تیۆری نامەکە دەگرێتەوە و سێ پار لەخۆدەگرێت، پاری یەکەم تایبەتە بە پەروەردە و زمانەوانیی پەروەردەیی و زمان و کەلتوور و پلان و سیاسەتی زمانی پەیوەست بە پرۆسەی زمانەوانیی پەروەردەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان. لە پاری دووەمدا باس لە زمانپژاندن و وەرگرتنی زمان لە ڕوانگەی تیۆرەکانەوە کراوە، ئەم باسە لە ڕوانگەی هەر سێ قوتابخانەی (ڕەفتاری و عەقڵگەرایی و درکپێکردن)ەوە گەنگەشە کراوە، پاری سێیەمی بۆ سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی زمان لە سەردەمی جیهانگیریدا تەرخانکراوە و بە شێوەی گشتی باس لە جیهانگیری و کاریگەرییەکانی لە سەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی زماندا کراوە و هەروەها سوود و زیانەکان و مەترسییەکانی جیهانگیری

بۆ سەر زمان و کەلتوور دەستنیشانکراوە و ڕوونکراوەتەوە، پاشان باسی سیاسەت و پلانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە سەردەمی جیهانگیریدا کراوە.

بەشی دووەم: ئەم بەشە بۆ (پێڕەوکردنی پەروەردەی جووتزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا) تەرخانکراوە و لە چوار پار پێکدێت، لە پاری یەکەمدا باس لە جووتزمان و جووتزمانی و جۆرەکانی جووتزمانی و هۆکارەکانی دروستبوونی جووتزمانی کراوە. پاری دووەم بۆ لایەنی جووتزمانی و مێشک تەرخانکراوە و پەیوەندیی جووتزمانی بە مێشک و فەرهەنگی ئاوەزی و چۆنیەتی هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکان و جیاوازییان لەگەڵ تاکزمانەکان باسکراوە، پاری سێیەم تایبەتە بە پەروەردەی جووتزمانی و مۆدێل و جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی و لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکانی خراوەتە ڕوو، هەروەها پاری چوارەم تایبەتە بە فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردەدا و هەوڵدراوە، کە باس لە هۆکار و مەرجەکانی فێربوونی زمانی دووەم و بەدەستهێنانی لێهاتووییەکان لە سیستەمی پەروەردەدا بکرێن، لەگەڵ باسکرن لە پێوەروەر و یاسا ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان.

بەشی سێیەم: بۆ (ئاریشەکانی پەروەردەی جووتزمانی و لایەنی مەیدانی) تەرخانکراوە، لە سێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بۆ باسکردن لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی و زمانەکانی تر لە هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە و باس  لە خوێندن بە زمانی کوردی و زمانی بیانی کراوە و گرنگی خوێندن بە زمانی دایک خراوەتەڕوو، پاری دووەم بۆ جۆرەکانی ئاریشەی زمانی و نازمانییەکان تەرخانکراوە، پاری سێیەمیش بۆ لایەنی مەیدانی لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە و بە شێوەیەکی کارەکی هەر سێ فۆرمی ڕاپرسییەکە شیکارکراون.

## ١) ئیکۆلۆژیای زمان و زمانەوانیی پەروەردە:

### ١/١) دەروازەیەک بۆ زمانەوانی و زمانەوانیی پەروەردەیی:

ناسینی زمان و لێکوڵینەوە لە سەر چییەتی و گرنگی زمان یەکێکە لەو بابەتانەی، کە پێشینەیەکی دێرینی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، بۆ سەدەی چوارەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، سەرنجی فەیلەسوفەکانی، وەک (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) و چەندین فەیلەسوفی دیکەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، هەر لە سەردەمی زێڕینی یۆنانەوە، تاوەکو ئەو سەردەمەی ئێستا هەمیشە زانایان و فەیلەسوفان لە هەوڵی لێکوڵینەوەبوون دەربارەی زمان لە بوارە جیاوازەکانەوە، جیاوازی زمانی مرۆڤیان بە بەراورد بە گیانلەبەران لێکداوەتەوە، لە ئەنجامی ئەو لێکۆلینەوانەش زانستێکی نوێ بە ناوی زانستی زمان پەیدابوو و جێگای خۆی لە نێو زانستەکانی تردا کردەوە[١]. ئەم زانستەش بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و سیستەماتیکیانەی زمان بەمەدا دەفامێتەوە، کە زانستی زمان لە چییەتی زمان دەکۆڵێتەوە، پەسنی خود و پێکهاتەی زمان دەکات، هەروەها لەو زانینە کۆزانیارییانە دەکۆڵێتەوە، کە هەر ئاخێوەرێک لەبارەی زمانەکەوە هەیەتی[٢].

چەمکی زمانەوانی بە واتا و بوارە فراوانەکانی تەمەنێکی هێندە درێژی نییە، زمانەوانی کە بریتیبێت لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی سیستماتیکی زمان، ئەوەی بەر لە (دی سوسێر) و هاوڕێکانی کراون، تەواو بە زمانەوانی دانانرێن، بەڵکو زیاتر بریتیبوو لە چەند پێکوڵێەک بۆ نزیکبوونەوە لە بەشێک یان چەند بەشێکی زمانێک یان چەند زمانێک[٣].

زمانەوانی دوو قۆناغی زۆر گرنگی لە مێژووی خۆیدا هەیە: قۆناغی یەکەم قۆناغی پێش بە زانستبوونی زمان (پێش سەدەی نۆزدەهەم)، پێش سەدەی نۆزدەهەم، زمان جێگەی سەرنجی فەیلەسوفەکان بوو، وەک (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ)، بۆ نموونە (ئەفلاتون) یەکەم کەس بوو، کە جیاوازی لە نێوان ( ناو و کردار) دا کردووە، هەروەها لە ساڵی (١٧٨٦) (سێر ویلیام جۆنز) ئاماژە بەوە دەکات، کە سانسکریتی، یونانی، لاتینی، سالتێک و ئەڵمانی هەموو لێکچوونی پێکهاتەیی هەبووە، کەواتە دەبێت ئەم زمانانە لەیەک سەرچاوەوە سەریانهەڵدابێت، ئەم دۆزینەوە دەتوانرێت، وەک ڕێکەوتی لەدایکبوونی زمانەوانی هەژماربکرێت.[٤]

قۆناغی دووەم قۆناغی دوای بەزانستبوونی زمان(کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم)، زمانەوانی پێش (سۆسێر) چەندین قۆناغی بڕیوە، هەرچەندە لە بۆتەی یەک ناودایە و بە زمانەوانیی

---

[١] محەمەد ڕەزا باتنی (٢٠١١: ٥).

[٢] سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨: ٤).

[٣] سەرچاوەی پێشوو (٨)

[4] **I. B. Abdurrahman(2019:2). https://www.researchgate.net/publication/332511535_The_History_of_Linguistics**

چاولێکەری ناسراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەو قۆناغانە بناغەی زمانەوانین و ڕۆڵ و بەهای خۆیان لە مێژووی زمانەوانیدا هەیە.[١]

زمانەوانی بەسەر دوو لقی سەرەکیدا دابەشدەبێت، ئەوانیش بریتین لە زمانەوانیی کارەکی و زمانەوانیی تیۆری، ئەم دوو لقەش چەندین لقی تر دەگرێتە خۆ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- زمانەوانیی تیۆری:

ئەو لقەی زمانە، کە باس لە لایەنی تیۆری زمان دەکات و چەندین لقی تری لێدەبێتەوە ( فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی، پرگماتیک، زمانەوانیی مێژووی)[٢].

٢- زمانەوانیی کارەکی:

زمانەوانیی کارەکی زانستێکە چوارچێوەیەکی ئەبستمۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە، سەرچاوەکانی هەمەجۆرن، وەکو پردێک لە نێوان ئەو زانستانەدایە، کە لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی مرۆڤ دەکەن، وەکو زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی دەروونی و زمانەوانیی پەروەردەیی. زمانەوانیی کارەکی بەرانبەر بە زمانەوانیی تیۆری دەوەستێتەوە، ئەمەی دواییان کار بۆ دانانی تیۆرێک دەکات بۆ ڕاڤەکردنی چۆنیەتی کارکردنی زمان، بەڵام زمانەوانیی کارەکی کار لە سەر لایەنی زانستی و پراکتیکی زمان دەدات، زانستەکە لە چوارچێوەی کارکردنی خۆیدا گرنگی بە پراکتیکردنی زانستی تیۆری دەدات[٣]. زمانەوانیی کارەکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان و زمانەوانی، لەو لایەنەی پەیوەندیی بە گرفتەکانی کردارییەوە هەیە، ئەمەش بە ئامانجی دانانی شێوازێکی تیۆری تایبەت بە زمان و بەکارهێنانی، پاشان بەکارهێنانی ئەم زانیاری و تیۆرانە لەبواری کرداری، وەکو (دانانی پرۆگرام و چارەسەرکردنی خەوشەکانی درکاندن و پلاندانانی زمانەوانی، شێوازناسی...تد)[٤].

سەرەتا و دەستپێکی پەیدابوونی زمانەوانیی کارەکی بۆ چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە، کە زمانەوانان شێوازی شیکارییان بۆ کێشە کارەکییەکانی بەرهەمهێنانی ڕێزمان و پەرتوکی دەستەواژە و پەرەپێدانی خولی زمان و بواری سەربازی بەتایبەت لە زمانەکانی زەریای هێمن بەکارهێنا، کە لە ڕۆژئاوا کەم ناسراوبوون، سەرەتا زمانەوانیی کارەکی بە فێرکردنی زمانەوە پەیوەستبوو، لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بە تایبەت لەلایەن (زانکۆی میشگانەوە) گرنگی تایبەتی پێدرا و بەتایبەتی تر لە لایەن گۆڤاری زانستیی زانکۆوە، کە بەناوی گۆڤاری(زمانەوانیی کارەکی)یەوە بڵاویانکردەوە، مێژووی گرنگی

---

[١] دارا حەمید محەمەد (٢٠١٣: ٨-٩).
[٢] نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٦: ٧-١١).
[٣] شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا (٢٠١١: ١٩).
[٤] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٣١٨).

زمانەوانیی کارەکی زیاتر بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، پاش ئەم مێژووە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیست و تاوەکو ئەمڕۆ ڕۆژبەڕۆژ لەبرەودایە.[١]

(کەپلان و ویدسۆن Kaplan and Widdowson) پێیانوایە: زمانەوانیی کارەکی کۆکراوەی لێکۆڵینەوەیە لە چەندین بوار یەکێک لەو بوارانەش زمانەوانییە. هەروەها (گەی کوک Guy Cook) دەڵێت: ئەو بوارە ئەکادیمیانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیی بە زانین سەبارەت بە زمان بە بڕیاردان لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەیە، واتە زمان لەکوێدا و لەچی بوارێکدا بە شێوەیەکی کارەکی بەکارهات ئەوە زمانەوانیی کارەکی لەوێیە. زمانەوانیی کارەکی بە ئاسان ناتوانرێت بخرێتە ناو چوارچێوەی پێناسەیەکی دیاریکراو و ئەو مشتومڕەی لە نێوان زمانەوانیی کارەکی و پێناسەکەیدا هەیە، ڕەنگە بۆ ئەوە بێت وەک (ڤیڤان کوکVivin Cook) دەڵێت: زمانەوانیی کارەکی بۆ زۆرکەس واتای زۆر شت دەگەیەنێت[٢]. هەروەها (دەیڤد کریستاڵ David Crystal) دەڵێت: زمانەوانیی کارەکی لقێکی زمانەوانییە، کە خەمی سەرەکی بەکارهێنانی تیۆرەکان و شێوازەکانی دۆزینەوە زمانەوانییەکانە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی زمان لەو بوارانەی سەریانهەڵداوە، گەشەسەندووترین لقی بریتییە لە فێربوون و فێرکردنی زمانە بیانییەکان، بەڵام چەندین بواری تریشی گرتووەتەوە، وەک زمانەوانیی پەروەردەیی، فەرهەنگنووسی، زمانەوانیی کلینکی و وەرگێڕان[٣].

بۆچوونەکان لە سەر بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی زۆرن، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دوو بۆچوونی دیار لە سەر بوارەکانی کارکردنی زمانەوانیی کارەکی هەیە:[٤] بۆچوونی یەکەم تەنها زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی دەروونی و فێربوونی زمان دەگرێتەوە، بەڵام بۆچوونی دووەم تێڕوانینێکی فراوانیان هەیە و گەلێک بوار بە خۆوە دەگرێت، کە ئەم بوارانەن: ( فێربوون و فێرکردنی زمانی یەکەم، فێربوونی زمانی دووەم و بێگانە بەگشتی فرەزمانی، پلانی زمانی، کۆزمانەوانی، زمانەوانیی دەروونی، زمانەوانیی پەروەردەیی، چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان ئاخاوتن، وەرگێڕان، فەرهەنگنووسی، زمانەوانیی بەراورد، زمانەوانیی بەرانبەری، زمانەوانیی کۆمپیوتەری، سیستەمی نووسین، ...تد)

---

[1] https://www.academia.edu/resorce/work/35995107

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

[3] D. Crystal(2008: 31).

[٤] نەریمان عەبوڵا خۆشناو (٢٠١٦: ١٤-١٥ ).

## ١-١/١)زمانەوانیی کارەکی و پەروەردەیی:

### ١-١-١/١)زمانەوانیی پەروەردەیی سەرەتا و دەستپێک:

ناونان و پێناسەکردنی زمانەوانیی پەروەردەیی وەک بوارێک لە سەر دەستی (بێرنارد سپۆلسکی) بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی گرنگی پرسە پەیوەندییدارەکان بە زمان لە پەروەردەدا و ناڕازیبوون لە هەوڵەکان بۆ پێناسەکردنی زمانەوانیی کارەکی. هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی زمانەوانیی پەروەردەیی پێش (سپۆلسکی) و لە ساڵی(١٩٤٨) لە گۆڤارێکدا بە ناوی (فێربوونی زمان) باسی لێوەکراوە و زۆرێک لە زمانەوانان باسیانکردووە[١]، بەڵام بە دیاریکراوی لە ساڵی(١٩٧٢) (سپۆلسکی) ناونیشانی (زمانەوانیی پەروەردەیی) پێشنیازکردووە، وەک بوارێک کە ئەرکی سەرەکی بۆ پێشکەشکردنی زانیاری پەیوەست بە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی پەروەردەی زمان دەبینێت، جەختی لەوە کردەوە، دەبێت بەپێی ڕژێمی ئاراستەکراو کێشەیەک هەبێت و تیشکدەخاتە سەر پێویستییەکانی ڕاهێنان و دیاریکردنی بیردۆزی بەردەست و چەندین بواری پەیوەندییدار بە بواری زمانەوانی[٢]. زمانەوانیی پەروەردیی وەک بوارێک سەرەتا لە زۆرێک لە زانکۆکانی جیهان لەوانە ( زانکۆی ستانفۆرد، زانکۆی پەنسلڤانیا، زانکۆی نیو مەکسیکۆ، پەیمانگای مۆنتەری بۆ لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان) دەخوێنرا، زانایانی (زانکۆی پەنسلڤانیا) وەک (دێل هایمس، نێسا وۆڵفسۆن، تێرێزا پیکا، نانسی هۆرنبێرگەر)، زۆر گرنگ بوون بۆ داڕشتن و پاڵپشتیکردنی زمانەوانیی پەروەردەیی، هۆکاری سەرەکی (سپۆلسکی) لە ڕاگەیاندنی زمانەوانیی پەروەردەیی ئەو کێشانە بوون، کە پەیوەندی بە زمان و پەروەردەوە هەبوون،( هۆرنبێرگەر) لە گێڕانەوەی مێژووی زمانەوانیی پەروەردە بەو ئامانجە دەگات، کە زمانەوانیی پەروەردەیی جەختکردنەوەی بەردەوامە لە نێوان زمان و پەروەردە، هەروەها گرنگیدانە بە لایەنی تیۆری و کارەکی، فێربوون و فێرکردنی زمان[٣]. هەروەها زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی لەم بواردا کراون، زۆر جەختدەکەنەوە لە سەر خوێندن بە زمانی دایکی و پەروەردەی کەلتووری و دەستڕاگەیشتنی (فەراهەمکردن) زمان و پەروەردە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو قوتابیان[٤]دەکەنەوە.

---

[1] M. Bigelow & J. E. Kananen (2015: 1).
[2] N.H.Hornberger (2001:3).

[٣] سەرچاوەی پێشوو (٥)

[٤] بەپێی یاسای وەزاراتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) ی هەموارکراو بە بڕیاری ژمارە(٧)ی ئەنجومەنی وەزیران هەردوو سیستەمی بنەڕەتی (١-٩) و سیستەمی ئامادەیی (١٠-١٢)کە لە (٩/٢١/ ٢٠٠٩)دەرچووە، وشەی ( قوتابی) بۆ قۆناغی بنەڕەتی و وشەی(خوێندکار) بۆ قۆناغی ئامادەیی بەکارهاتووە.بڕوانە: https://gov.krd/moe/system-and-education هەروەها لە پرۆژەیاسای ساڵی(٢٠٢١)لە مادەی یەکەم خاڵی بیست و دووەم بەمشێوەیە پێناسەی قوتابی و خوێندکار کراوە:

زمـــانەوانیی پەروەردەیـــی لە پســـپۆڕییە نوێکـــانی زمـــان و لقەکـــانی زمـــانەوانیی کـــارەکی دادەنرێــت، لە بنەڕەتــدا زانســتێکی کــارەکیی جێبەجــێکەرانەیە، ئامــانجی ســەرەکی بــریتییە لە چۆنیەتی فێربـوونی لایەنـی یەکەم کە فێرخـوازە و چۆنیەتی بەشـداریپێکردنی لایەنـی دووەم کە پەروەردەکاران و هۆکارەکانی تری فێرکردنە، واتە توێژەر لە زمانەوانیی پەروەردەیدا کۆزانینی زانســتەکە یــاخود تیــۆرەکە وەرناگرێــت و بەســەر بــابەتەکە و بارودۆخەکەیــدا جێبەجێــی بکــات، بەڵکـو تـوێژەر هەمیشـە لە زمـانەوانیی پەروەردەیـدا بەو کێشـە دەسـتپێدەکات، کە پەیوەسـتە بە زمـان و پەروەردەوە[1]. (سپۆلسـکی) ئامـاژەی بەوە داوە، کە زاراوەی زمـانەوانیی پەروەردەیـی دوو لایەنەیە: ئەو بەشــەی زمــانەوانی دەگــرێتەوە، کە پەیوەســتە بە بــابەتە پەروەردەییەکــان و هەروەهــا ئەو بەشــانەی پەروەردە دەگــرێتەوە، کە تــایبەتن بە زمــان[2]. بەڵام (فــریمن) وەک بوارێکی ناوەندی دەبینێت، کە ئامانجی سەرەکی پەروەردەی زمان و فێرکردنـی کۆمەڵایەتییە[3]، واتە لەپـاڵ پەروەردەی زمـان ئەرکێکـی تـری پەروەردەی کـۆمەڵایەتی لە ئەسـتۆدایە، هەروەهـا (دیڤـد کریســتاڵ) دەڵێــت: زمــانەوانیی پەروەردەیــی زاراوەیەکە بــۆ بەکارهێنــانی تیۆرەکــان و پەسنکردنی شێوازەکانی دۆزینەوە لە پرۆسـەی (فێربوون،فێرکردن)ی زمـان بەکاردەهێنرێت بە هەردوو شێوەی قسەکردن و نووسین لە قوتابخانەکان، بە شێوەیەکی فراوانتر بۆ چوارچێوەی فێرکردن بەکاردەهێنرێت و پێداگۆجی زمانیشـی پێدەگوترێت[4]. هەروەهـا هەوار عـومەر فەقێ دەڵێت: زمانی پەروەردەیی/ زانستی زمانی پەروەردەیی، بابەتێکی فرە ڕەهەند و هەمەچەشنەیە ڕەگی لە پرسەکانی زانستی زمانی کارەکیدا داکوتاوە و تێکەڵەیەکە لە زانسـتەکانی تـری وەک( زمـــانەوانی، دەروونناســـی، کۆمەڵناســـی، دەمارناســـی، نوژدارناســـی،....تد)،ئەم پەســـنکردنە وایکـــردووە، کە بە زانســـتی فرەپســـپۆڕی، فرەزانســـتی بناســـرێت و بە کـــێڵگەی گەیەنەری پەسنبکرێت. سروشتی کۆزانستی و فرەلایەنـی و هەمەڕەهەنـدی ئەم بـابەتە ڕێگەدەدات، بەوەی جەختبکرێتە سەر خاڵی بەیەکگەیشتن و پێکهەڵبوونی زانستی زمان و زانستە پەیوەندییدارەکانی تـر، لەگەڵ پرۆسـە پەروەردەییەکانـدا لەلایەک و چڕکـردنەوەی سـەرنج و تێڕامانەکـان لە سـەر

---

**قوتـابی: ئەوکەسـەیە، کە لە قوتابخـانەی بنەڕەتی بەمەبەسـتی خوێنـدن و بەگوێرەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ناونووسکراوە.**

**خوێنـدکار: ئەو کەسـەیە، کە لە خوێنـدنگەی ئامـادەیی، کـۆمەڵگەی پەروەردەیـی یـان پەیمانگـای پەروەردەیـی بەمەبەستی خوێندن و بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناونووسـکراوە.بڕوانە: ( پرۆژەیاسـای پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق ٨-١٢-٢٠٢١).**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەهەمان شێوە، وشەی قوتابی بۆ قۆناغی بنەڕتی و وشەی خوێندکار بۆ قۆناغی ئامـادەیی بەکارهێنراوە.**

[1] **بەکر عومەر عەلی و ئەوانی تر (٢٠١١: ٤ – ٥)**

[2] **M. Bigelow & J. E. Kananen (2015: 1).**

[3] **بهمن زندی (١٣٩٣: ٥٤).**

[4] **D. Crystal (2008:162).**

بابەتەکانی زمان و پەروەردە، لە لایەکی تریشەوە، کە بواری زمانەوانیی پەروەردەیی دەستنیشانکراون[١].

لە زمانەوانیی ئەمڕۆدا، یەکێک لە گرنگترین ئەو پرسیارانەی بەردەوام دەوروژێنرێت، بریتییە لە پرسیارکردن لە سەر پەیوەندیی تیۆرییە زمانەوانییەکان بە زانستە کارەکی و جێبەجێکردنەکانەوە. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت داهێنانی زمانەوانیی پەروەردەیی لەلایەن (سپۆلسکی)یەوە زیاتر وەک وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو پرسیار و گومانانە، ئەمەش لە خۆیدا بنەمای ئەو پەیوەستکردنە بوو، کە زمانەوانیی پەروەردەیی بە زمانەوانیی کارەکی بەستەوە. بەم شێوەیە دەتوانرێت بگوترێت، کە زانستی زمانی پەروەردەیی لە بنەڕەتدا زانستێکی کارەکی جێبەجێکارانەیە و ئامانجی سەرەکی زانستەکە بریتییە لە شیکردنەوەی ئەوەی، کە منداڵان چۆن فێردەبن؟ و پەروەردەکارانیش(چ باوان و خێزان بێت چ مامۆستایان بێت)چۆن بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن؟[٢] لەم ڕوانگەیەوە زمانەوانیی پەروەردەیی هەموو ئەو تیۆرانەی کە لە زانستەکانی تر بەرهەمهاتوون بە شێوەیەکی کارەکی دەیخاتە خزمەت بواری پەروەردە و پەروەردەی زمانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (دامەزراوە پەروەردەیی، قوتابی، مامۆستا، قوتابخانە، ڕێگاکانی وانەوتنەوە...تد)، ڕۆڵی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا پێسپێراوە، مەبەست لە(دامەزراوە پەروەردەییەکان)دەزگا و پێگە و دامەزراوەیەکی پێڕەوبەندی ڕێسابەندی ڕێکخراوە، کە فەلسەفەی پەروەردەیی هەموو نەتەوەیەک پێکدەهێنێت و بەپێی ستراتیژ و پلانی پەروەردەیی کار بۆ بە جێهێنانی ئامانجی نەتەوەیی دەکات، ئەویش بریتییە لە بونیادنان و بەرهەمهێنانی مۆدێلێک لە نەوە( مرۆڤسازیی و ژیانسازیی)[٣].

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: کرۆک و ناواخنی زمانەوانیی پەروەردەیی خۆی لە هەردوو چەمکی پەروەردە و زماندا دەبینێتەوە، واتە پردی پەیوەندییە لە نێوان زمانەوانی و پەروەردەدا[٤].

## ١/١-١-٢) پەروەردە و ڕەگەزەکانی:

پەروەدە  پرۆسەیەکی گرنگی ژیانی تاک و کۆمەڵە، بە بیر و ئایدۆلۆژیای جیاواز لە ڕێگەی سیاسەتەوە دادەڕێژرێت و بەپلانی ورد و زانستیانە بەشێوازی جیاواز جێبەجێدەکرێت. ڕیشەی پەروەردە بە قەد بیری مرۆڤایەتی دێرینە، پرۆسەی پەروەردە لەگەڵ بوونی مرۆڤ لە سەر زەویدا بوونی هەیە، چیرۆکی ئادەم و حەوا چیرۆکێکی پەروەردەیی فێرکارییە، چیرۆکی هابیل و قابیل چیرۆکێکی پەروەردەییە و پشت بە چاولێکردن و لاسایکردنەوە دەبەستێت، دەبینین

---

[١] هەوار عومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥: ١٨).
[٢] بەکر عومەر عەلی و ئەوانی تر (٢٠١١: ٢).
[٣] شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١أ:١٥).
[٤] بهمن زندی (١٣٩٣: ٥٤).

پەروەردە دەبێتە پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، پرۆسەکە کۆنە بەقەد کۆنی مرۆڤ، بەدرێژایی ژیانیش بەردەوام دەبێت[١].

چەمکی پەروەردە بریتییە لە خوێندنی زانستی میتۆدەکانی فێربوون و فێرکردن و تەکنیکەکان و شێوەکانی ڕێکخستنی پەروەردە، کە قوتابی پێیدا تێپەڕدەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان، لە هەر سێ لایەنی کۆزانیاری، دەروونی و جەستەیی[٢]. (جان جاک ڕۆسۆ) تەنانەت بیرکردنەوە و پەروەردە بەیەکەوە پەیوەستدەکات و دەڵێت: فێربوونی بیرکردنەوە، بنەمای دروستبوونی ئاوەزداری مرۆڤە، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی بیرناکاتەوە، بیرکردنەوەیش وەکو هونەرەکانی تر پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە[٣]. هەروەها (ئیمانوێل کانت) سەبارەت بە ڕادەی دژواری و ئاڵۆزی پرۆسەی پەروەردە دەڵێت: دوو داهێنانی مرۆڤ هەیە، دەکرێت بە سەخترین و ئاڵۆزترین پرسی مرۆڤ لەقەڵەمبدرێن، کە ئەویش هونەری حکومڕانیکردن و هونەری پەروەردەکردنە[٤].(ئەفلاتون) جیاوازی لە نێوان پەروەردە و فێرکردندا کردووە و پەروەردە بە فراوانتر و گشتگیرتر لە فێرکردن دەزانێت، بە بۆچوونی ئەو پەروەردە بە واتای چالاککردنی بەهرەکانی ناوەوەیە، بۆیە دۆزینەوەی بەهرەکانی ناوەوەی فێرخواز بە هۆکارێکی باش دەزانێت بۆ ئامادەکردنیان بۆ حکومڕانیکردن/حوکمڕانیکردنیان لە کۆمەڵگایەکی نموونەیدا[٥]. بە وتەی (ئەفلاتون) دەبێت ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە بە حکومەت بسپێردرێت و لە ژێر چاودێری ئەودا گەورە بکرێت، هەروەها پێیوایە پەروەردەکردن و دروستکردنی هاوولاتی باش و بەسوود، پێویستی بە شێواز و ڕێبازی تایبەتی هەیە، دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت[٦]. لە لایەکی ترەوە (ئەرستۆ) داوای ئەوەی دەکر، دەبێت گرنگی بە ڕاهێنان و کار و چالاکییەکانی جەستەی منداڵ بدرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش ئەندامەکانی جەستەی گەشەبکات و بتوانێت خۆی کۆنترۆڵبکات و بەسەر ڕەفتارەکانیدا زاڵبێت، وەک گرنگیدان بە فێرکردنی هونەر و تاموچێژوەرگرتن لە شتی جوان بە کارێکی پێویستی لە قەڵەمدا بۆ گەشەی ئاوەزی منداڵ، ئەرستۆ چوار بابەت بۆ پەروەردە دیاریدەکات( خوێندنەوە و نووسین، پەروەردەی جەستەیی، مۆسیقا، وێنەکێشان و شێوەکاری)[٧].

بۆچوونەکانی (ئەرستۆ) لەگەڵ بۆچوونەکانی (ئەفلاتون) یەکدەگرێتەوە، لەو ڕووەوە لای (ئەرستۆ) هونەری پەروەردە و فێرکردن بەشێکە لە سیاسەت، ئاماژە بەوە دەدات، پەروەردە دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت و لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵبکرێت، بەڵام پێویستە ناوەڕۆکێکی سوودبەخشی هەبێت.

---

[١] صباح ڕەشید قادر و نەوزاد ئەنوەر عومەر (٢٠١٥: ٧).
[٢] نورالدين دريم بن محمد (٢٠١٥: ١٢١).
[٣] لوتان کوی (١٣٧٨: ١٣).
[٤] سەرچاوەی پێشوو (١١).
[5] https://www.ttarefco.rozblog.com/post24
rasekhoon.net/article
[٦] جورج کلوسکو (١٣٩٢)
[٧] حسين مالک (١٣٩١: ١١٠).

هەروەهـا (جـۆن لـۆک) پێـوایە منـداڵ  کاتێـک لە دایکـدەبێت، هـیچ توانسـت و بەهرەیەکـی بۆماوەیەیی نییە، مێشکی وەکو پەڕەیەکی سپی وایە، کە هیچی لە سـەر نەنووسـرابێت، بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ڕێـگەی هەسـتەکانیەوە فێـری جیهـانی دەرەوە دەبێـت، ڕۆڵـی ژیـنگە بە گەورەتـرین بونیـادنەری ئـاوەزی مرۆڤـی دادەنێت. بە بـڕوای (جـۆن لـۆک) منداڵ ئامـادەیە بـۆ وەرگـرتن و فێربـوونی  هەمـوو جـۆرە زانسـتێک و دەبێـت لە ڕێگەی ڕاهێنـانەوە فێـری هەمـوو جۆرە زانیاری و شارەزایی و خوڕەوشتێکی باش و دروستبکرێت، ڕەمەک و حەز و ئارەزووە سروشتییە ئاژەڵیەکانیشیان سەرکوت بکرێن. (جۆن دیوی) دەڵێت: پەروەردە ئامـادەکردنی تـاکە بە فێربـوون و وەرگرتنـی شـتە دیاریکراوەکـان، کە هاوکـارێتی بـۆ تێپەڕانـدنی ئاسـتەنگەکان و سـوودوەرگرتن لێیـان لە داهـاتوودا [1]، واتە پەروەردە هەوڵـێکە بـۆ تاکسـازی و کۆمەڵسـازی و نەتەوەسـازی لەڕێـی بەرنـامە و ئامـانجێکی دیـاریکراو، کە دەکرێـت لە ڕێـگەی ڕەگەزە پەروەردەییەکانەوە بە ئەنجامبگەیەنرێت، پەروەردەی زمانیش لەو نێوەندەدایە، واتە دەتوانرێت لە ڕێگەی پەروەردەی زمانەوە کۆزانیاریی زمانی قوتابی دەوڵەندبکرێت و دواتر سـوودی بۆ خـودی قوتـابییەکە لە وەرگرتنـی وانەکـانی لە قوتابخـانە و لایەنـی کۆمەلایەتی ژیانی ڕۆژانەش سـوودی هەبێـت، دواتـر خـزمەت بە زمـانی کـۆمەڵ و زمـانی نەتەوەش دەکـات. ڕەگەزەکـانی پەروەردەش بـریتین لە (قوتـابی، مامۆسـتا، قوتابخـانە، پرۆگرامەکـانی خوێنـدن و ڕێگاکانی وانە وتـنەوە)[2]، لە ڕێگەی پرۆگرامەکـانی خوێنـدنەوە دەکرێت تـۆوی پەروەردە بچێنرێت و ڕەگەزە پەروەردەییەکان هاوکاربن لە گەشەکردنیدا. بێگومان ئەمە لایەنێکی پرۆسەکەیە چەندین بنەمـای تری پەروەردەیی پێویستە لە پرۆسەی خوێندندا گرنگی پێبدرێت، (جۆزێف لۆ بیانکۆ Joseph Lo Bianco) ئامـاژە بە چـوار جـۆر بنەمـای پەروەردەیـی لە پرۆسـەی خوێنـدنـدا دەدات: ( لێهـاتوویی، ڕۆشـنبیری و مرۆڤدۆسـتی، ئایـدۆلۆژیای سیاسـی یـان ئـاینی، نەتەوە)[3]. بێگومـان ئەمـانەش لە ڕێـگەی دامەزراوەی پەروەردەیـیەوە جێبەجێـدەکرێت، دامەزراوەی پەروەردەیـش دەبێت پشتئەستور بە یاسـا و ڕێسـا و فەلسـەفەی پەروەردەیی بەپێی پێداویستییە نەتەوەیی و نیشـتیمانییەکان بە سیاسـەت و پلانـی گونجـاو بـۆ پەروەردەکردنـی نەوەیەکـی ژیاندۆسـت و مرۆڤدۆست و نیشتیمان پەروەر و زانستخواز...تد ئامادەبکرێت. قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیـی دەگـرێتەوە بـۆ پەروەردەکردنـی قوتـابی لەوانە(قوتـابی، مامۆسـتا،  پرۆگرامـی خوێندن، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، قوتابخانە)، کە لێرەدا بەکورتی باسی هەریەک لەمانە دەکەین:

**١/١-١-٢-١)قوتابی:**

کەسـێکی بە ئامـانجگیراوە چەقـی بـازنەی فێربـوونە، دامەزراوەی پەروەردیـی و هەمـوو پرۆسـەی پەروەردە لە خـزمەت فێربـوون و فێرکردنیـدان، واتە ئەو کەسـەیە کە پەروەردە وەردەگرێت، پرۆسـەی پەروەردە لە سـەری بونیـادنراوە، ئەزمـوون و زانیـاری بە جۆرێک لە

[1] مسلم حسن محمد (٢٠٢١: ١٧٥).
[2] سەرچاوەی پێشوو (١٨٨).
[3] **J. L. Bianco (2000:87).**

جۆرەکان لە مامۆستا وەردەگرێت، بەمەش ڕەفتاری دەگۆڕێت و لێهاتوویی بەدەستدەهێنێت، کە توانای چوونە ناو کۆمەڵگای پێدەدرێت[١].

## ١/١-١-٢-٢) پرۆگرامی (بەرنامەڕێژیی) خوێندن:

پرۆسەیەکی وردی زانستییە، لە سەر ئەو ئایدیا و فەلسەفەیەی داڕێژەرانی سیاسەت و پلانی پەروەردەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەیخوازێت دادەڕێژرێت، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی خزمەتکار و سوودبەخش بۆ خاک و وڵات. بەو واتایەی کە پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێک ئەزموونی پەروەردەییە، پلانێکە بۆ ویستی دەرئەنجامی فێربوون، لەگەڵ ئەوەی چی بۆ فێربوون و ئەنجامی فێرکردن پێویستە، لە ڕێگەی ئامانج و ناوەڕۆک و شارەزایی و بنەماکانەوە بونیاددەنرێت، کە پرۆگرامی خوێندن لە لێکۆڵینەوە و تیۆری نووسینەوە بە کارکەی دەکات، ڕێگەیەکە کۆزانیاری و ڕەفتار و توانای قوتابی بە ئاراستەی دیاریکراو پێشدەخات، هەوڵدەدات بۆگەشەکردنی گیانی و ژیریی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و تاکی بەسوود بۆ خۆی و نەتەوەکەی و بەرهەمهێنانی تاکی بەتوانا لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئامادەدەکات، ئەمەیش ئامانجی پەروەردەیی دەهێنێتەدی[٢]، هەروەها پرۆگرامی خوێندن فەلسەفەی دامەزراوەیی پەروەردەیی هەر نەتەوەیەک دیاریدەکات، فەلسەفەی پەروەردەش بریتییە لە کردەی بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی مۆدێلێک لە نەوە لە سەر بنەمای فێرکردنی بەرپرسیارێتی، چاندنی بەهاکان، ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و کەلتوور، گۆڕینی ڕەفتار و پەرەپێدانی کەسێتی...تد، ئەمانەش بە فێربوون و فێرکردن و پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویەکانی دەبێت و ئاکامەکەشی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێدەکەوێتەوە[٣]. بێگومان هەموو ئەو ئەرکانەی کە پرۆگرامی خوێندن هەیەتی بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک جێبەجێناکرێت[٤].

لە دانانی پرۆگرامی خوێندندا پێویستە ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکرێت، کە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا هەبن، کە بریتین لە:[٥]

١- بنەمای دەماریی: دەبێت بە شێوەیەک بێت، بەگشتی وروژێنەر و بەگەڕخەری هەردوو نیوەگۆی مێشکی قوتابی بێت، بەجۆرێک دەبێت لەیەک کاتدا زیاتر لە هەستەوەرێکی قوتابی ببزوێنێت و بیوروژێنێت. هەروەها دەبێت کارەکیکردنی زانیارییەکان و بیرەکان بە قوتابیان

---

[١] احمد جودة علي (٢٠١٦: ١٨٧).
[٢] هەوار عومەر فەقێ (١٤٦:٢٠١٥).
[٣] شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١أ: ١٥).
[٤] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أ- هەوار عومەر فەقێ (١٣٢-٢١٥). ب- شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١أ: ١٥).
[٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شیلان عومەر حسین (٢٠٢١ب: ٢٤٠-٢٥٥).

پیادەبکرێت و پرۆگرامەکان بە شێوەیەک دابڕێژرێت، کە ڕێکخراوێتی زانیاری و بیرەکان و تەواوکاری و پەیوەندییان پێکەوە لەخۆبگرێت و قوتابی وریابکاتەوە و فێری تێبینکردن و وردکردنەوەی زانیاری و بیرەکانیان بکات، هەروەها دەبێت بایەخی تەواو بە کاراکردنی یادگەی قوتابی و چۆنیەتی گەنجکردنی زانیارییەکان بدرێت.

٢- بنەمای دەروونی: دەبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هێما زمانییەکان و وێنە و...تد بکەین، لەبەرئەوەی بیری مرۆیی لە ڕێگەی ئەوانەوە دەنوێنرێت، بە هەمانشێوە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بیری ناواخنکراوی ( وشە، ڕستە، دەق) وێنە و تەنانەت خاڵبەندی و...تد بکەین، ڕەچاوی کاریگەریی و کاردانەوەی بکەین لە ئاوەز و ڕەفتاری قوتابیدا، هەروەها ئەرکی پرۆگرامی خوێندن دیاریکردنی چۆنیەتی بیرکردنەوەی قوتابی و بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی و کەرەستەی بیرکردنەوەی بۆ قوتابی فەراهەمدەکات، کەرەستەکانی بیرکردنەوەیش بریتییە لە (پرسیارکردن، چەمکەکان، نەخشەی ئاوەزی، لێکۆڵینەوەی ئاوەزی لە سەر ڕاستییەکان، بەگەڕخستنی توانا و لێهاتووییەکانی قوتابی، ڕەچاوی پێویستی و داواکاری و تایبەتمەندیی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بکات).

٣- بنەمای کۆمەڵایەتی: مەبەست لە بنەمای کۆمەڵایەتی، دەستەیەک لە یاسا و ڕێسا و بنەما و هۆکاری کۆمەڵایەتییە، کە کاریگەریی لە سەر چۆنیەتی دانانی پلانی پرۆگرام و جێبەجێکردنی هەیە، کە فەرهەنگ و کەلتوور و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵ و واقیعی کۆمەڵەکە بەگشتی دەنوێنن[1]. قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەبێت فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوە و میللەتێک بۆ کارەکیکردن و جێبەجێکردن بگوڕێت، ئەمەیش بە ڕەخساندنی بواری بەرجەستەکردن و ئەزموونکردنی پەیڕەوبەندانەی بۆ هەر تاکێک دەبێت، واتە ئەرکی سەرەکی پرۆگرامی خوێندن بونیادنانی و بەرهەمهێنانی مۆدێلێک لە نەوەیە بۆ کۆمەڵ، هەروەها گواستنەوە و گەیاندنی کەلتوور و دابونەریت و هەموو ڕەگەزەکانی ڕەسەنایەتی هەر نەتەوەیەک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و پتەوکردنی کەلتوور و ڕەسەنایەتی بە پێی گۆڕانی سەردەم، لەپاڵ ئەمەشدا پەرە بە لێهاتووییەکان بدرێت بۆ داهێنان و نوێگەریی، ئامادەکردنی تاکەکان بۆ ئەو کۆمەڵە(مرۆڤسازیی)، هەروەها چاندنی بەهاکان.

٤- بنەمای زمانی: زمان ئامرازی دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری و گوزارشتکردن و بیرکردنەوەیە و هەڵگر و گوێزەرەوەی هەموو زانیارییە کەلتوورییە ئاڵۆزەکان و وروژێنەر و بەگەڕخەر و ئاراستەکاری هەریەک لە کردەکانی درکپێکردن و ئاوەزداری مرۆڤە

[1] شیلان عومەر حسین (٢٠٢١ب: ٢٤٠-٢٤١)، لە (احمد حسن شحاتە: ٢٠٠٩)ەوە وەریگرتووە.

بەگشتی، بۆیە کۆمەڵیک ئەرکی گرنگی لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە و پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ- دەبێت بە زمانی ستاندارد بنووسرێت.

ب-دەبێت بەگەڕخەری ئەو گەنج و توانستە سەربەخۆ و زگماکییە زمانەوانییە بێت، کە لە مێشکی تاکدا هەیە. منداڵ لە تەمەنی(٣) ساڵییەوە فەرهەنگی ئاوەزی دەست بەگەنجکردن و تۆمارکردنی وشەکان دەکات و لە تەمەنی (٥) ساڵیدا کردەی زمانپژانی منداڵ کامڵدەبێت و نزیکەی (١٤٠٠) وشە لە گەنجی وشەیدا هەیە، وەرگرتنی کۆزانیاری لە بەکارهێنانی زمانییەوە بەرجەستەدەبێت و تێگەیشتن لە ڕێزمان دەکەوێتە سەر چۆنیەتی بەچەمککردن و وێناکردنی.

پ- دەبێت ئەو یەکە و زاراوە و وشانەی دەقەکانی پرۆگرامی خوێندنی پێدادەڕێژرێت، هەڵگری ئەو زانیاریی بیر و ناواخنانە بن، کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی قوتابییدا ڕاستەوانە بگونجێت.

ت-دروستنووسین و ڕێزمان و خاڵبەندی لەو بابەتەگرنگانەن، کە دەبێت لە پرۆگرامی خوێندن زۆر هەستیارانە بەرجەستە بکرێن.

**١/١-١-٢-٣)مامۆستا:**

مامۆستا بناغەیەکی بەهێزی پرۆسەی پەروەردەیی بووە/هەیە، سەرەڕای پێشکەوتنی ئامرازە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان و بەکارهێنانی کەرەستەی پەروەردەیی کە بەرنامە بۆ داڕێژراون لە فێرکردنی زمانەکەدا، مامۆستا بەردی بناغەی داگیرکردووە[١].

تێڕوانینەکان بۆ چەمکی مامۆستا بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە کۆندا مامۆستا وەک گوێزەرەوەی کۆزانیین تەماشادەکرا، قوتابیش وەک وەرگر، واتە مامۆستا هەموو زانیارییەکانی بە ئامادەکراوی بۆ قوتابی ئامادەدەکرد، بەڵام لە سەردەمی نوێدا ناترێت بەو شێوەیە تەماشای مامۆستا بکرێت، واتە مامۆستا ئەو ڕۆڵە ناگێڕێت، بەڵکو وەک ڕێبەرێک یان ڕاهێنەرێک کاردەکات، کە بۆ قوتابییەکانی بوار بۆ تێگەیشتن دەڕەخسێنێت، واتە مامۆستا ژینگەیەکی فێربوون بۆ قوتابییەکان دەڕەخسێنێت، کە بە شێوەی بیری ڕەخنەگرانە لە بابەتەکە بڕوانن و هەوڵی داهێنان بدەن[٢]. پەیوەست بە زمانەوە مامۆستا جگە لە گەیاندنی زانستەکە، دەبێت شارەزایی تەواوی لەو زمانە هەبێت، کە وانەی پێدەڵێتەوە، هەروەها ئەو فەرهەنگەی کە لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندان بگەیەنێتە قوتابی.

---

[١] احمد جودة علی (٢٠١٦: ١٨٦).

[٢] حسن حسین زیتون و کمال عبدالحمیدزیتون (٢٠٠٣: ١٥٨).

**١/١-١-٢-٤)قوتابخانە:**

یەکەمین ژینگەی فێربوونە دوای ژینگەی خێزان، دەروازی چوونە نێو کۆمەڵ و فێربوونی ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکان و فێربوونی زانست و زانیاری و ئاشنابوونە بە کەلتوور و کۆزانینی کۆمەڵگاکەی بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو، ژینگەیەکی باشی جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی زمانییە، واتە قوتابخانە سەرەکیترین هۆکار و ئامێری کۆمەڵە بۆ ئامادەسازیی تاک، قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان یەکەم کۆمەڵگەی تاکە دوای خێزان ڕاستەوخۆ تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر کردەی پێگەیاندن هەیە [1]، هەروەها قوتابخانە وەک بەرجەستەکەری کردەی پەروەردە، یەکەم دەروازەیە، کە تێیدا منداڵ دەچێتە کۆمەڵگاوە و بەکاراییی و سەربەخۆی و ڕەهایی زمانی تێدا بەکاردەهێنێت، لەم ڕوانگەیەوە بە (پایتەختی زمان) ناسێنراوە و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سیستەماتیکییە و بەرپرسە لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا، لە پەروەردە دروستی تاک و پێدانی بەهاکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک، لەبەرئەوە قوتابخانە کۆمەڵگەیەکی بچوکراوەیە و گرنگترین کەناڵە، بەو هۆیەوە تاک بە کۆمەڵەوە پەیوەستدەکات[2]، هەر لەبەر ئەم گرنگییەی کە هەیەتی پێویستە ژینگەیەکی لەبار، کە خۆی لە دابینکردنی پێداویستییە مادی ( دابینکردنی قوتابخانە پێویستە بە شێوەیەک جوان و ڕەنگاوڕەنگ بێت، ژینگەیەکی دڵگیر کە قوتابی هەست بە ئاسوودەیی بکات، گۆڕەپانی یاری و کتێبخانەو چێشتخانە...تد) پێداویستییە نابەرجەستەکان (ماعنەوییەکان)، وەک (دروستکردنی کەشێکی ئارام دوور لە توڕەبوون و توندوتیژی، دابینکردنی کاتی پێویست بۆ وانەکان، دابینکردنی کاتێکی پێویست بۆ پشوو لە نێوان وانەکان...تد).پەیوەست بە زمانەوە، قوتابخانە وەک ژینگەیەکی گرنگی زمان ڕێگە خۆشکەر و هاندەرە بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆزانیاری زمانی ئەویش لە ڕێگەی خودی ژینگەی قوتابخانە بە تێکەڵبوونی قوتابی بە ژینگەیەکی جیاواز و دروستبوونی دەرفەتی بەکارهێنانی کۆزانیاریی زمانی، لەلایەکی ترەوە تێکردە زمانییەکان،کە لە ڕێگەی مامۆستا و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە دەخرێتە سەر زانیارییە زمانەکانییەکانی.

**١/١-١-٢-٥) ڕێگاکانی وانەوتنەوە( پێداگۆجی) و میتۆدەکانی فێربوون:**

زۆرجار زمانەوانان بە زمانەوانیی پەروەردە دەڵێن (پێداگۆجی زمان)، بەپێی بۆچوونەکانی (کۆکران- سمیس)، کۆدەنگییەکی گەورە هەیە، کە جۆریەتی(کوالیتی) وانەوتنەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە فێربوون و کاریگەریی قوتابخانەدا دروستدەکات، بەم شێوەیە فێرکردنی جۆریی بریتییە لە لیستی تەواو لە پراکتیکەکانی وەک هەبوونی زانیاری لە سەر پرۆگرام و بواری

---

[1] شیلان عومەر حسین (٢٠٢١ب: ٢٥٠).

[2] سەرچاوەی پێشوو (٦٢).

بابەت، داسەپاندنی ئەزموونی فێربوونی هزری، سەرنجڕاکێش و گشتگیر، بونیادنانی پەیوەندیی لەگەڵ قوتابیان، تێکەڵکردنی چەندین ستراتیژیی فێرکردن و فێربوون[1]، واتە فێرکردنێکی باش تەنها شارەزابوون نییە لە بواری بابەتەکەتدا، بەڵکو دەبێت ناوەڕۆکەکە بە شێوەیەکی نەرم و ڕەسەن بە قوتابی بگەیەنرێت، کە هاندەری سەرکەوتن بێت و جێگەی پێویستی و ئارەزووەکانی فێربوون لەخۆبگرێت، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، پێداگۆجی زمان ئەو ڕژێم (دیسیپلین)ەیە، کە پەیوەندیی بە تیۆری و تەکنیکەکانی فێرکردنی زمانەوە هەیە. وەک جۆرێک لە وانەوتنەوە پەسنکراوە، کە مامۆستا لە زانیاریی پێشوو و ئەزموونی ڕاستەقینە لە زمانی وانەوتنەوەدا وەردەگرێت. ڕێبازەکە لە میتۆلۆژییەکانی بنەمادار بە لێکۆڵینەوە جیادەکرێتەوە.

چەندین شێواز لە پێداگۆجی زمان هەیە، بەڵام دەتوانرێت پۆلێنبکرێت بۆ سێ: پێکهاتەیی، کارایی و کارلێککار. هەریەکێک لە کۆمەڵێک ڕێگە دەگرێتەوە کە چۆن دەتوانرێت بۆ فێربوون و فێرکردنی زمان بەکاربهێنرێت:[2]

١- ڕوانگەی پێکهاتەیی زمان وەک سیستەمێک لە توخمە پەیوەندییدارەکانی پێکهاتەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکات بۆ کۆدکردنی واتا (بۆ نموونە ڕێزمان).

٢- ڕوانگەی کارایی زمان وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ دەربڕین یان بەدیهێنانی هەندێک ئەرک، (بۆ نموونە داواکردن، پێدانی زانیاری یان داواکردنی زانیاری).

٣- ڕوانگەی کارلێککار زمان وەک ئامرازێک بۆ دروستکردن و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت، سەرنج دەخاتە سەر شێوازەکانی جووڵە، کردار، دانووستان و کارلێککردن، کە لە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆدا دەبینرێن. ئەم بۆچوونە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ڕادەیەک باڵادەست بووە.

### ٢-١/١) ئامانجەکانی پەروەردەی زمان:

لەکاتێکدا ئامانجی بنەڕەتی زمانەوانیی تیۆری (لێکۆڵینەوەی زانستی زمانە). زمانەوانیی پەروەردەیی بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی زمانە لە پرۆسەی پەروەردەدا، لەوانەشە پەروەردەی قوتابخانە و زانکۆ باس لە چەند بابەتێکی جۆراوجۆر دەکات و(بهمن زەندی) لە سێ بواری گشتیدا باسیکردووە:

١- فێربوونی زمان ( فێربوونی کۆزانیاریی زمان)

٢- فێربوونی زانست لە ڕێگەی زمانەوە.

٣- ڕۆڵی کەلتوور و پەروەردەی زمان.

---

1 https://fahe13001-professionalskills2014.weebly.com/what-is-quality-teaching--pedagoy.html

2 D. M. Bell (2003:326-327) .

**١/١-٢-١) فێربوونی زمان (فێربوونی كۆزانیاریی زمان)**

ئامانجی سەرەتایی هەموو پرۆگرامەكانی خوێندنی باخچەی ساوایان و سەرەتایی لە فێربوونی زماندا، فێركردنی لێهاتووییەكانی زمانە، واتە لەخۆگرتنی لێهاتوویی زمانیی ( قسەكردن و گوێگرتن) لێهاتوویی نووسین ( خوێندنەوە و نووسین)، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە زمانەوانیی پەروەردەیی وەك بوارێكی كاریگەر و پەیوەندیی نێوان زانستی (زمانەوانی و زانستە پەروەردەییەكان)، لەپێناو باشتركردنی جۆریەتی(كوالیتی) پەروەردە(فێربوون و فێركردن) و دەتوانن ئارێشەكان و شكستەكان چارەسەربكەن لە ڕێگەی:[1]

أ- پلانی زمان و فێربوون و فێركردنی زمان:

زمان ئامرازێكی گرنگە لە پۆلدا و لە ڕێگەیەوە وانەكان دەوترێتەوە. هەروەها جێگای گفتوگۆیە لە بابەتەكانی فێربوونی زمان وەك فێربوونی زمانی دایك و زمانی دووەم و زمانی بیانی بە لەبەرچاوگرتنی پانتایی فێربوون و فێركردنی زمان و فرەچەشنی زمانی لە هەندێك كۆمەڵگادا دەبێت سیاسەتەكان پەیوەستبن بە ڕۆڵ و پێگەی زمانە جیاوازەكان لە سیستەمی پەروەردەدا، هەروەها بڕیار بۆ دابینكردنی پێداویستییەكان بدرێت و ئاسانكاری بۆ بكرێت. لەڕاستیدا زمانەوانیی پەروەردەیی دەتوانێت پردێك بێت لە نێوان پلاندانانی زمان و فێركردنی زمان.

ب- **دابینكردنی فەرهەنگ:**

زمانەوانیی پەروەردەیی توانای ئەوەی هەیە، كە كۆكراوەیەكی وشەی بنەڕەتی دابینبكات، كە بریتی بێت لە زاراوەی پەروەردەیی، هەروەها پۆلێنكردنی ناوەڕۆكەكان بە شێوەیەكی زانستیانە و بچێتە نێو وشە گشتییەكانی ئەكادیمیای نوێ و پێشبینیكراو لە سەرچاوە پەروەردەییەكان.

پ-**پێداگۆجیای ڕێزمان:**

زمانەوانیی پەروەردەیی دەتوانێت لە داڕشتنی ڕێزمانی فێركردندا كە پەیوەندیی بە یاساكانی ڕێزمانەوە هەیە، ڕۆڵێكی كاریگەر ببینێت. ئەم یاسایانە فێربوون و فێركردنی زمانێكی دیاریكراو ئاساندەكات، لەم ڕێیەوە زمانەوانیی پەروەردەیی وەك ئاسانكارییەك بۆ كۆزانینی زمانەوانیی تیۆری لە سیستەمی فێركاریدا لە ئێستادا كاردەكات.

ت-**خوێندن و بەراوردكاری:**

---

[1] **بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بهمن زندی (١٣٩٣: ٦١-٦٢).**

زمانەوانی پەروەردەیی بەم شێوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە لێکچوو و جیاوازییەکانی زمانی دایکی فێرخواز و زمانی مەبەست مامەڵە لەگەڵ دەکات و ئامانجەکەی دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەیە، کە فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی لە زمانی دووەمدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

**١/١-٢-٢) فێربوونی زانست لە ڕێی زمانەوە:**

دوای بەدەستهێنانی لێهاتوویی زمانیی، کە لە کوردەواریدا "خوێندەواری" پێدەگوترێت، ئینجا هەل بۆفێربوونی زانست لە ڕێگەی زمانەوە دەڕەخسێت. دیارە فێرکردنی زانستە جیاوازەکان وەک بیرکاری، جوگرافیا، کیمیا، زیندەوەرزانی لە قوتابخانە و فێربوونی شێوازی ئەکادیمی لە پەیوەندیی نزیکی بە زمانەوە هەیە، واتە باسکردنیان پێویستی بە گفتوگۆ و نووسین و خوێندنەوە هەیە، پیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی لە بنچینەدا پەیوەندییەکی زمانییە و وانە و نووسینەکان و قسەکردنەکان لە ئەنجامی لێهاتووییەکانی زمانە، لەلایەکی ترەوە گرنگترین سەرچاوەی پەروەردەیی ( پەرتووکەکان، سەرچاوە ئەنتەرنێتەکان)کە هەڵگری زۆرترین ناوەڕۆکی وانەکانن، کە لە سەر بنەمای زمانی دادەنرێن[1]. بۆیە پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان زیاتر گرنگی بە زمان بدرێت، بە تایبەت زمانی پرۆگرامی خوێندن و زمانی مامۆستا، زۆرجار دەبیستین و دەبینین، کە کەسانێک لە یەکێک لە زانستەکان بۆ نموونە بیرکاری، فیزیا، کیمیا...تد زۆر باشە، بەڵام توانای زمانیی گەیاندنی نییە، یان لەو قوتابخانانەی کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، هێشتا کۆزانیارییان نەگەیشتووەتە ئەوەی کە لە سەرجەم چەمکەکان تێبگەن، چۆن دەکرێت بابەتی بیرکاری و زانستیان بۆ باسبکرێت. ئەمەیش زیاتر ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی دەردەکەوێت، کە دەیەوێت فێربوون و فێرکردن لە ڕێگەی زمانەوە باشتر بکات، بە شێوەیەکی تر واتە زانست نەکرێتە قوربانی فێرکردنی زمان بە پێچەوانەشەوە دروستە.

**١/١-٢-٣) ڕۆڵی کەلتوور[2] و پەروەردەی زمان:**

**١/١-٢-٣-١) پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور:**

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بهمن زندی (١٣٩٣: ٦٢-٦٣).

[2] بەچەند شێوازێک پێناسەی کەلتوور دەکرێت، بۆچوونەکان لە یەکترەوە نزیکن، بۆ نموونە: أ- (Brown) دەڵێت: کەلتوور شێوازی ژیانە، دەقێکە کە لە ناوەڕۆکەکەیدا خۆمان دەبینینەوە، بیردەکەینەوە، هەست بەشتەکان دەکەین، لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەست دەبین، ئەندامانی هەمان کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە (H. D. Brown 1994: 163) ب- (Goode)دەڵێت: کەلتوور تێکەڵەیەکە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە بیرکردنەوە، پەیوەندیی، زمان، خووەکان (عادات)، باوەڕەکان، نەریتەکان، شێوازەکانی کارلیککردن، ڕفتارە چاوەڕوانکراوەکانی گروپێکی ئیتنکی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، توانای گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو.بڕوانە: ( T. S. Goode:1) پ- Tangدەڵێت: کەلتوور شێوازی ژیانی کۆمەڵگایە، هەموو کۆمەڵگایەک کەلتووری تایبەت بە خۆی هەیە، کەلتوورەکان بە پێی پێداویستییەکانی مرۆڤ دروستبوون، هیچ کەلتورێک لە کەلتوورێکی تر پەسەندتر نییە.بڕوانە: (R.Tang1998:5)

یەکێـک لە لقەکـانی زمـانەوانی (مرۆڤناسـیی زمـان (ئەنسـترۆپۆلۆژیی زمـان))ە، کە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور، بۆ نمونە (دابونەریت، بیروباوەڕ و پێکهاتەی خێزانی...تد) دەکـۆڵێتەوە، بێگومـان مرۆڤناسـیی زمـان پەیوەنـدیی بە کۆمەڵناسـیی زمـان نەتەوەناسـی (ئیتنکی)شـەوە هەیە[1]. هەنـدێک لە تـوێژەران لەو بـاوەڕەدان، تێڕوانینـی مـرۆڤ بـۆ جیهـان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی زمانەوەیە، ئەم تیۆرە بۆ زۆری بەناوی( تیۆری ساپیر و ورف) (Sapir-Whorf hypothesis) دەناسـرێت. (سـاپیر) پێیـوایە ئەو کەسـانەی کە بەیەک شـێواز قسەدەکەن، سەر بە یەک ڕەگەز(نەتەوە)ن، باس لەوەیش دەکات، زمان جگە لە کەلتوور بوونی نییە، زمـان کـۆکراوەی میراتـی کـۆمەڵایەتییە.[2] تەنـانەت (سـاپیر) سـێ هۆکـاری وەک ئـامرازی مرۆڤناسی دیاریکردووە ئەوانەیش بریتین لە (زمان، ڕەگەز، کەلتوور)[3].

ڕۆڵـی کەلتـوور لە کـۆنەوە جێـی سـەرنجی فەیلەسـوفان و کۆمەڵناسـان و دەروونناسـان و زمانناسان بووە، پەیوەندیی نێوان زمان و بیر، بیر و کەلتوور، زمان و کەلتوور ئاشنایە بۆ ئەو کەسانەی لە بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کاریانکردووە. لەم سـاڵانەی دواییدا لە ئەنجامی فراوانکردن و تیشکخستنەسەر پەروەردە لە ڕەهەندی تیۆری و زانستییەوە ئەم بابەتە لە فێربوون و فێرکردنی زمـان بەگشـتی و فێرکردنـی زمـانی دووەم بـایەخی تـایبەتی پێدەدرێت. زۆرجار بـاس لەوە دەکرێت، ئەو قوتابیـانەی فێـری زمـانی دووەم دەبـن، نـاتوانن بە شـێوەیەکی کارا لە چوارچێوەی ڕاستەقینەدا پەیوەندیی بکەن، تا ئێستا چەندین هۆکار بۆ ئەمە هێنراوەتەوە، وەک: نەبوونی پێداویستییە جۆربەجۆرەکانی فێرکردن، بەڵام یەکێک لەو هۆکـارە سـەرەکیانەی کە وادەکـات، قوتابیـان بـاش فێـری زمـان نەبـن، ئاشـنانەبوونیانە بە کەلتـووری ئەو زمـانەی پێیدەخوێنن[4].

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور، (براون) لەو بـاوەڕەدایە: زمـان بەشـێکە لە کەلتوور و کەلتووریش بەشـێکە لە زمـان، وەکو دوو دیوی یەک دراون، کە ناتوانرێت لەیەکتر جیـابکرێنەوە[5]، هەروەهـا وی (Y.Wei) دەڵێـت: زمـان ئـامرازی پەیوەنـدیکردن و هەم ئـامرازی هەڵگرتنی کەلتووریشە، زمان بەبێ کەلتوور پێناسە ناکرێت، بە هەمان شێوەش کەلتووریش بێ زمـان نابێـت[6]. نیـدا (E.Nida) لەو بـاوەڕەدایە، کە زمـان و کەلتـوور دوو سیسـتەمی هێمـایی/ ڕمزین، ئەوەی لە زماندا دەوترێت، واتایەکی دیاریکراوی (desinative)، کـۆمەڵایەتی، ئاشـکرا

---

[1] **Richards & etc (1992: 17-18).**

[2] **E.Sapir. (1921:3).**

[3] **سەرچاوەی پێشوو (٣)**

[4] **اتوسا رستم بیک تفرشی و ئەوانی تر( ١٣٩١: ١٥).**

[5] **H. D. Brown (1994: 165).**

[6] **اتوسا رستم بیک تفرشی و ئەوانی تر( ١٣٩١: ١٩)**

یان ناوئاخنی(ضمنی) هەیە، هەر فۆڕمێکی زمانی واتایەکی هەیە، بەڵام واتاکانی تری پەیوەستە بە کەلتوور/فەرهەنگ زۆر فراوانترە لە زمان[1]. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئەگەر زمانێک کۆمەڵێک وشەی تایبەتی لە بوارێکدا هەیە و زمانەکەی تر بەرانبەر بەو وشانە وشەی نییە، ئەمە بەو واتایە نایەت، کە ئەو زمانە گرنگترە یان باشترە. کەلتوور لە پۆلێنکردنی زماندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت. کەلتوور ڕۆڵی گرنگی لە پێدانی واتا بە وشەکان هەیە، بۆ نموونە لە ئیسپانیا (گاسواریی)[2] ئاماژەیە بۆ سوارچاکی و پاڵەوانێتی و بە هێزێکی لە ڕادەبەدەر پەسندەکرێت، لە کاتێکدا ئەمە لە وڵاتێکی تر تەنها وەکو یارییەک تەماشادەکرێت و هیچی تر، یان لە وڵاتی هندستان (گا) بە پیرۆز سەیردەکرێت.[3] لانکاگر لەو باوەڕەدایە، کە پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور لە جۆری داپۆشینە، نەک گرتنەوە، واتە یەکێکیان لە ژێر کۆمەڵەی ئەویتردا نییە، جێگای تێبینییە، کە هەندێک لایەنی زمانی ناکەلتوورین و هەندێک لایەنی کەلتووریش نازمانیین، لە ڕووی ناکەلتووری زمانەوە دەتوانرێت ئاماژە بە توانای خودیی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی جوڵەی بەرهەمهێنانی دەنگی و توانای نازمانی شێوە و گواستنەوەی بیر(congnition). لەڕووی نازمانی کەلتوورەوە بۆ نموونە هەندێک بۆنە تەنها بابەتی کەلتوورین و پەیوەندیی بە زمانەوە نییە.[4]




هێڵکاریی ژ (١)

پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور و پەیوەندیی ئەم دوانە لەگەڵ بیر[5]

ئاشکرایە، هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی لە ڕووی (ئاواز، زرنگە، هێز...تد) هەیە، پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی زمان لە شوێنی گونجاوی خۆیان دابنرێن، ئەم تایبەتمەندییانەش مرۆڤ

---

**[1] اتوسا رستم بیک تفرشی و ئەوانی تر( ١٣٩١: ١٩)**

**[2] گاسواریی ئەو یارییە لە ئیسپانیا سواری پشتی (گا) دەبن، لە کوردیدا بەامبەرەکەیمان دەست نەکەوت، چونکە ئەم یارییە لە کەلتووری کوردیدا نەبووە، بەڵام ئەسپسواری لە کەلتووری کوردیدا هەیە، بۆیە هەر لە سەر ئەو یاسا مۆرفۆلۆژییە (گاسواری)مان داڕشتووە .**

**[3] R. Lado (1986: 52-62).**

**[4] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: اتوسا رستم بیک تفرشی و ئەوانی تر ( ١٣٩١: ١٩)**

**[5] سەرچاوەی پێشوو (١٩)**

ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵەکەیەوە وەریدەگرێت، واتە ئەمانە بەشێکن لەزمان و لە ناو زمانیشدا بەشێکن لە کەلتووری هەر زمانێک. (تانن دبورا) دەڵێت: لە هەموو کەلتوورێکدا ئاخێوەران ئاواز و خێرای و بەرزی و نزمی دەنگی تایبەت بە خۆیان لە کاتی ئاخاوتندا بەکاردەهێنن[١]. جیاوازی کەلتووری لە ڕووی ( دەنگ و ئاواز و بەرزونزمی دەنگەوە) ئەو بابەتانەن پێویستە لەکاتی خوێندنی زمانی دووەمدا لەبەرچاوبگیرێن.

هەروەها لایەنی ڕێز/ئەدەب لایەنی ڕێزگرتن لە کەلتوورەکاندا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ژنێکی کەندی لە چێشتخانەیەک دانیشتووە، کەسێکی ئینگلیز دێت و لە سەر کورسی تەنیشتی لە چواردەوری هەمان مێز دادەنیشێت، بەبێ ئەوەی ڕوخسەتی لێ بخوازێت، ژنە کەندییەکە ئەمەی بە ئیهانە زانی، وایزانی بە چاوێکی سووک تەماشای دەکات، لە کاتێکدا ئەمە لە کەلتووری ئینگلیزدا شتێکی ئاساییە و هیچ بێڕێزییەکی تێدا نییە[٢]، هەروەها لە کەلتووری کوردیدا ئاساییە بە کەسێک بڵێیت ( کاتژمێر چەندە؟)، بەڵام لە ئینگلیزیدا هەمیشە لە پێش ئەم ڕستەیەوە وشەی (please) (تکایە) بەکاردەهێنرێت.

## ٢-٣-٢-١/١) پەروەردەی کەلتووری و زمانفێربوون:

زمان و کەلتوور پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکترەوە هەیە، کەلتوور کلیلی سەرکەوتنی فێربوونی زمانە، قوتابیان ناتوانن لێهاتوویی تەواو لە فێربوونی زمانی دووەم پەیدابکەن، تاوەکو لێهاتووی لە کەلتووری ئەو زمانە پەیدانەکەن.

ئەنجومەنی مامۆستایانی زمانی بیانی ئەمریکی(ACTFL) ستانداردەکانی فێربوونی زمانی بیانی لە ساڵی (١٩٩٦)بڵاوکردەوە، کە بریتین لە پێنج خاڵ: **پەیوەندیگرتن** چەقی ئەو خاڵانەی گرتووە و باس لەوە دەکەن، توانای پەیوەندیگرتن دەبێت لە چوار ڕووەوە پەرەی پێبدرێت (قسەکردن، گوێگرتن، خوێندنەوە، نووسین). **کەلتوور** گرنگی پێدراوە، لە ڕاستیدا پەیوەندیی بەبێ لێهاتووی کەلتوریی بەدەستنایەت. **بەستنەوە** بۆ ئەم خاڵە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، پێویستە زمانی بیانی بە بوارەکانی ترەوە ببەسترێتەوە، فێربوونی زمانی بیانی کاتێک بەتەواوی کاریگەر دەبێت، کە بە بوارەکانی ( ئەدەب، سیاسەت، لێکۆڵینەوە، هونەر و...تد) ببەسترێتەوە، واتە تەنها بە خوێندنی زمان ناتوانرێت بە باشی زمان فێرببێت. **بەراوردکردن** بەراوردکردنی زمانی ئامانج بە زمانی دایک، واتە قوتابیان لە ڕێگەی بەراوردکردنی زمانی دایکیان بە زمانی دووەم زیاتر لە زمانی خۆیان تێدەگەن، کەلتووری خۆیان و ئەو زمانەشی فێریدەبن، باشتر ئاشنا دەبن. **کۆمەڵایەتی** پەیوەندیی بەستن و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی بەو

---

[١] **دبورا تانن (١٣٧٥: ٤٣).**

[٢] **سەرچاوەی پێشوو (٤٣).**

زمـــانه قســـەدەکەن، کە ئامـــانجی فێربـــوونەکەیە، یارمەتیـــدەرە و کارئاســـانی و جـــۆریەتی فێربوونەکەیش باشتردەکات[١].

(شـــومان Schumann) لەو بـــاوەڕەدایە، کە چەنـــدێتی شـــارەزایی لە کەلتـــوور توانـــای فێربوونی زمانی دیاریدەکات، بەبێ فێربوونی کەلتوور فێربوونی زمان سنووردارەدەبێت[٢]. لە ڕاستیدا بەو شێوەیەی کە (کراسنرKrasner) ئاماژەی پێدەدات، زماننا‌سان و مرۆڤناسان لە مێژە لەوە تێگەیشتوون، فۆرم و دەربڕینەکانی زمانێکی دیاریکراو گوزارشت لە بەها کەلتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات، کە بەو زمانە قسەی پێدەکرێت، توانای زمانی بەتەنها بەس نییە، بۆ ئەوەی قوتابیان/فێرخوازان بەتەواوی فێری زمانێکی تر ببن[٣].

(بـایرام Byram) بـاوەڕی وایە، کە توانستی کەلتووری هاوتایە بە توانستی زمـانی، کۆمەڵناسی زمـان و وشەکان دروستکەری توانستی پێکهاتەیی کەلتوورن ( کۆزانیـاریی کەلتوور)، فێرخواز سوود لە کۆزانیـاریی کەلتوریی زمانی دایکی وەربگرێت بۆ بونیادنانی کۆزانیـاریی زمـانی دووەم. بە هەمـان شـێوە (ڕیـڤەرسRivers) لەو بـاوەڕەدایە زۆربەی فێرخوازان دووچاری سنووورداری کەلتوورین، بە واتایەکی تر سیستەمی نرخاندنی ئەوان بۆ شتەکان کەلتوورێکی سنووردار دیاریدەکات[٤]. هەروەها (تانگ Tang) دەڵێت: بۆ فێربوونی زمانی بیانی فێرخواز دەبێت بەو زمانە قسەبکات و بنووسێت، ئەگەر فێرخواز بیەوێت، زمانێک فێرببێت، دەبێت وەکو خەڵکی ئەو زمانەیش بیربکاتەوە، چونکە تەنها بەو شێوەیە دەتوانێت وەک ئەوان قسەبکات، پێناسـی کەسـی لە ئـاوەزی ئەودا پەیـدادەبێت. بـۆ نمـوونە ئەگەر کەسـێک بیەوێت، فەڕەنسی فێرببێت، دەبێت وەک هاووڵاتییەکی فەرەنسی بیربکاتەوە، ئەمەیش جێبەجێ نابێت، تاوەکو بە کەلتووری فەرەنسییەکان ئاشنا نەبێت، لە بەرانبەر ئەمەدا دەتوانرێت بوترێت: کەلتوور زمانە و زمان گیان(ڕوح)ی نەتەوەکانە، کە بەو زمانە قسەدەکەن.[٥]

شارەزایانی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی لەو باوەڕەدان، کە فێربوون زمان تەنها بریتی نییە لە فێربوونی( دەنگ، وشە، ئاوازی وشەکان، چۆنیەتی گوتنی ڕستەکان)، بە واتایەکی تر فێربوونی کەلتووری ئەو کەسانەی بەو زمانە قسەدەکەن گرنگە، لەم بارەیەوە (تسوTsou) لە وتارێکدا بەناونیشانی" کاریگەریی پەروەردەی کەلتوور لە سەر پەروەردەی زمانی بیانی" ئاشکرای دەکات، زۆرێک لە مامۆستایانی ئاستی سەرەتایی زمانی ئینگلیزی (بۆ ئەو قوتابیانەی کە ئینگلیزی زمانی دایکیان نییە) لە تایوان نیگەرانی ئەوەن کە چۆن پەروەردەی

---

[1] **https://www.actfl.org/sites/default/files/publications/standards/1996%20National%20Standards%20for%20FL%20L%20Exec%20Summary.pdf**

[٢] **اتوسا رستم بیک تفرشی و ئەوانی تر( ١٣٩١: ٢٣).**

[٣] **سەرچاوەی پێشوو (٢٣).**

[٤] **سەرچاوەی پێشوو (٢٤).**

[5] **R. Tang(1998:4)**

کەلتـووریی زمـانی ئینگلیـزی لەگەڵ پۆلـدا بگـونجێنن. هەروەهـا (هینکـل Hinkel) لە پەرتـوکی "پەروەردە و فێربـوون بە زمـانی دووەم"دا چەنـدین لایەنـی کـاریگەریی کەلتـووری لە سـەر مامۆسـتا و قوتابیـان باسـکردووە، لەم پەرتـوکەدا بە کـاریگەریی کەلتـوور لە فێربـوونی هەڵسـوکەت، قسـەکردن، گواسـتنەوەی واتـا و نووسـین بە زمـانی دووەم و لە هەمـان کاتـدا فێربـوونی کەلتـووری ئەو زمـانەی کە ئامـانجی فێربـوونەکەیە، باسـی لێکراوە، بەهەمـان شـێوە هینکل ئامـاژەی بە زۆرێـک لەو لێکۆڵینەوانە کـردووە، کە بـاس لە پەیوەنـدی نێـوان کەلتـوور و زمـان دەکەن، لەکۆتایـدا هەموویـان دان بەوەدا دەنـێن، کە گرنگـی و کـاریگەریی کەلتـوور لە پەروەردەی زماندا جێی بایەخپێدانە[1].




هێڵکاریی ژ (٢) جیاوازییە فەرهەنگی و کەلتوورییەکان و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان[2]

ئەوەی لەم هێڵکـارییەی سـەرەوەدا دەردەکەوێـت، ئەوەیە کە لە هەنـدێک بـواردا زمانەکـان کەلتـووری تـایبەت و جیاوازیـان هەیە و زۆربەی فـۆرمە زمانییەکـان لەژێـر کـاریگەریی کەلتووریدان. (جۆرج پوڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت: لە کاتێکدا ڕەنگی چاو و قژ بە شێوەیەکی بۆ ماوەی دەگوازرێتەوە، لە بەرانبەردا زمان لە ڕێگەی کەسانی تر و کەلتوورەوە دەگەیەنرێت و ئەم پرۆسەی گوێزانەوەی زمانە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر [3] .

دیارە بە خوێندنەوەی پێناسەکانی زمان و کەلتوور پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا دەبینرێت، ئەم نزکایەتیەش زیاتر لە فێربـوون و فێرکردنـی زمـان بە تـایبەتی زمـانی دووەمدا دەبینرێت، بەو جۆرەی ناتوانرێت قوتابیان فێـری زمـانێکی تر بکرێت، بەبێ ئەوەی بە کەلتووری ئەو زمانە ئاشنابن، فێرکردنی کەلتووریش شێوازی تـایبەتی خۆی هەیە و ناتوانرێت بەتەنهـا بە خوێنـدنی زمـان بە شـێوەیەکی خۆکار(ئۆتۆمـاتیکی) کەلتـووریش فێرببێت، ئاشـکرایە داڕێژەرانی سیاسـەت و پلانی پەروەردەیی دەتوانن هانی قوتابیـان بـدەن بۆ فێربـوونی زمـان لە

---

[1] **اتوسا رستم بیک تفرشی و ئەوانی تر( ١٣٩١: ٢٤).**
[2] **شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٣: ٨١).**
[3] **سەرچاوەی پێشوو (٨١)**

چوارچێوەی پەیوەندیگرتندا بە زیادکردنی کەرەستەی کەلتووریی زیاتر، وەک پیشاندان و ئامادەکردنی (وێنەو نووسین و دەنگ و ڤیدیۆ ...تد)ی بە زمانی ئامانج. هەریەکە لە (Tomalin, stempleski ) چەند ئامانجێکیان لە فێرکردنی کەلتوور لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا خستووەتە ڕوو، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:[١]

١- یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ گەیشتن لەو ڕاستییەی کە هەموو مرۆڤایەتی خاوەنی ڕەفتاری کەلتوورین.

٢- یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ گەیشتن لەوەی، کە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان وەکو (تەمەن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون، ژینگەی پەروەردەیی ) کاریگەریی لە سەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگا دروستدەکەن.

٣- یارمەتیدانی فێرخواز بۆ ئاگایی پەیداکردنیان لە سەر ڕەفتارە باوەکان لە شوێن و هەڵوەستەی تایبەت لە زمانی مەبەستدا.

٤- یارمەتیدانی فێرخواز بۆ زیادکردنی ئاگاییان دەربارەی واتای کەلتووری وشە و دەربڕاوەکانی لە زمانی مەبەستدا.

٥- وروژاندنی هەستی خۆهەلقورتێنی( فزولی) فێرخوازان دەربارەی کەلتووری مەبەست و بوژاندنەوەی هەستی هاوسۆزیی لەگەڵ هەڵگرانی ئەو کەلتوورە.

## ١/١-٣)زمانەوانیی پەروەردەیی و فێربوون و فێرکردنی زمان:

زمانەوانیی پەروەردەیی بە شێوەیەکی سەرەکی دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکەمیان زمانێکی ڕوون و ڕەوان بۆ پرۆسەی پەروەردە (فێربوون و فێرکردن) دابینبکات، ئامانجی دووەمی دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی زمانییە، کە ئەمەشیان سەرەڕای سوودگەیاندن بە زمانەکە، دیسان دەچێتەوە خزمەت پرۆسەی فێربوونەکە. بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گەنجکردنی زمان و دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی زمان سەرەتا لە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی وەرگرتنی زمانەوە دەستپێدەکەین، کە بە زمانوەرگرتن ناسراوە، پاشان ئاماژە بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنی زمان دەکەین:

### ١/١-٣-١) زمانوەرگرتن:

وەرگرتن وەکو زاراوە و چەمک بەدەستهێنانی شتێک (پێڕەوی زمان) دەگەیەنێت[٢]، پرۆسەیەکە دەکرێت لە هەر تەمەنێکدا ڕووبدات، جا وەرگرتنی زمانی دایکی بێت یان

[١] ڕۆستەم محمەد ئەحمەد و هێرش کەریم حەمید (٢٠١٩: ٣٧٣).
[٢] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ١٨).

زمانەکانەکانی تر (بە شێوەیەکی نائاگایانە)، واتە بە شێوەیەکی سروشتی زمانەکە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی کەسەکە ئاگای لە پرۆسەکە هەبێت. ئەمەش زیاتر زمانی دایک دەگرێتەوە، چونکە لە ماوەی شەش یان حەوت ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵدا دەبێت، واتە لە لەدایکبوونەوە، تا نزیکەی ئەو کاتەی دەچێتە قوتابخانە [1]. ئەمەیش لای(چۆمسکی) بەواتای هەڵهێنجانی ژمارەیەک یاسا و ڕێسایە لەلایەن منداڵەوە لەو داتا زمانیانەی، کە لە دەوروبەری دەیانبیستێت، لەگەڵ وەرگرتنی ئەوانەی تایبەتن بە زمانی دایکی[2]. بێگومان تێگەیشتن لە چۆنیەتی وەرگرتنی زمان و دەستگەیشتن بە هەموو زانیارییەکان ئاسان نییە و پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و تەنها یەک ئاست نییە، بەڵکو (هەموو بەشەکانی ئاخاوتن لەخۆدەگرێت واتە فێربوونی ئاستەکانی زمان)[3]، ئەمەیش بە چەند قۆناغێک دەبێت، (کلارک) لە کتێبەکەیدا (بەناوی وەرگرتنی زمانی یەکەم) کردوویەتی بە پێنج قۆناغەوە:[4]

١- قۆناغی ساوایی:ئەم قۆناغە لە سفرەوە دەستپێدەکات بۆ حەوت مانگ.
٢- قۆناغی گڕوگاڵ: ئەمە ئەو دەنگانەیە منداڵ پێش دەستکردن بە وتنی وشە ڕاستەقینەکان دەریدەبڕێت، لە تەمەنی حەوت مانگییەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی دە مانگی.
٣- قۆناغی درکانی یەکەم وشە: ئەم قۆناغە لە تەمەنی دوانزە مانگی ئەنجامدەدات.
٤- قۆناغی گرێدانی وشە: لەم قۆناغەدا منداڵ دەتوانێت وشەیەک و ئاماژەیەک تێکەڵ بکات بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت.
٥- قۆناغی دەربڕینی تەواوەتی یان( وتە گەورەکان): ئەم قۆناغە کاتێک ڕوودەدات، منداڵ تەمەنی دەگاتە شەش ساڵ.

بەپێی ئەم پێنج قۆناغەی سەرەوە(کلارک) دیاریکردووە، پرۆسەی فێربوونی زمان لە قۆناغی سفر بۆ پێنج ساڵی تەمەن ڕوودەدات، لە تەمەنی شەش ساڵی بە تەواوەتی فێری زمان دەبێت، بێگومان ئەمەش پرۆسەیەکی وردە و هەنگاو بە هەنگاوە و منداڵ لە پڕێکدا فێری زمان نابێت، بەڵکو سەرەتا منداڵ دەستدەکات بە پرۆسەی کۆدکردن و ناسینەوەی ئەو وشانەی کە زۆرجار ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە سەر بنەمای تایبەتمەندی دەنگەکان[5]، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە (فێربوونی زمان بۆ منداڵ بەدەستهێنانێکی بێ ڕەنجە، کە ڕوودەدات، واتە بەبێ

---

[1] https://www.uni-due.de/ELE/LanguageAcquisition

[2] محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ٢).

[3] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٢٩).

[4] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: E. V. Clark (2003) .

[5] J. Gbafur (2018: 24).

فێرکردنێکی ئاشکرا، لە سەر بنەمای بەڵگەی ئەرێنی(وەک ئەوەی دەیبیستن)، لە هەلومەرجی جیاواز و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش بۆ هەموو زمانەکان هاوشێوەیە [1].

تایبەتمەندییەکانی وەرگرتنی زمانی یەکەم:[2]

١- غەریزەیە: ئەمە لە مانای تەکنیکیدا ڕاستە، واتە لە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات و خولێکی تایبەت دەبات و لە زۆربەی هەرەزۆری منداڵان بەو شێوەیە، هەر چەندە بێگومان تێکردنی زمان لە ژینگە پێویستە، بۆ ئەوەی منداڵ زمانێکی دیاریکراو بەدەستبهێنێت.

٢- زۆر خێرایە: ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی زمانی ڕەسەنی خۆی، زۆر کورتە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی، کە پێویستە بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەسەرکەوتوویی دوای فێربوونی زمانی یەکەم.

٣- زۆر تەواوە: جۆریەتی وەرگرتنی زمانی یەکەم زۆر باشترە لە زمانی دووەم (دواتر لە ژیانیدا فێر ببێت) مرۆڤ زمانی ڕەسەنی خۆی لەبیرناکات (هەرچەندە لەوانەیە یەکێک کێشەی کەمی بیرهاتنەوەی وشەکانی هەبێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاری نەهێنێت.

٤- پێویستی بە ڕێنمای و خوێندن و لەبەرکردن و ماندووبوون نییە، هەرچەندە هەندێک لە زمانناسان پێیانوایە، ڕێنمای دایکان گرنگیان بۆ منداڵ بۆ فێربوونی زمانی ڕەسەنی خۆیان هەیە، بەڵام لە نەبوونی ڕێنمایشدا منداڵ بە باشی فێری زمان دەبێت.

٥- وەرگرتنی زمانی یەکەم لە ساڵانی منداڵیدا ڕوودەدات، دەبێتە هۆی وەرگرتنێکی بێئاگایانەی زمانە ڕەسەنەکە، واتە هەموو منداڵێک لە پلەی زیرەکی جیاوازدا بە هەمان پرۆسەی وەرگرتنی زمانی ڕەسەنی خۆیدا تێدەپەڕێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە مەبەستمان لە فێربوونی زمان تا تەمەنی شەش ساڵی فێربوونی تەواوی کۆزانیاریی زمانی نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی پێویستی منداڵەکەدایە، تا ئێرە بە شێوەیەکی خۆکار فێردەبێت، کە خێزان ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینێت. لە دوای ئەم قۆناغەوە ڕۆڵی قوتابخانە بە سەرجەم یەکە پێکهێنەرەکانییەوە دەستپێدەکات. کە خۆی لە گەشەی فەرهەنگی ئاوەزی و کۆزانیاریی زمانیدا دەبینێتەوە.

بنەماکانی زمانوەرگرتن[3]

١- کۆمەڵە یاسایەکی ڕێزمانی.

٢- کۆمەڵێک یاسایەکی وشەسازی.

٣- کۆمەڵە یاسایەکی دەنگسازی.

---

[1] **J. Gbafur (2018: 24).**

[2] **بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: https://www.uni-due.de/ELE/LanguageAcquisition**

[3] **سەرچاوەی پێشوو.**

٤- کۆمەڵێک یاسای سیمانتیکی.

**٢-٣-١/١) زمانفێربوون:**

پێناسەکردن و ڕوانین بۆ فێربوون، بۆچوونی جیاواز لە ڕوانگەی زانست و بوارە جیاوازەکانەوە دێنێتە ئاراوە، چونکە چییەتی و چۆنیەتی فێربوون لە خودی خۆیدا هونەرێکی تایبەتە بۆ بابەت و زانستێکی بە ئامانجگیراو و دیاریکراو، وەرچەرخانی بیر و ئاوەزیی فراوان و نوێ بۆ فێرخواز دەستەبەردەکات، زانیاری و کۆزانیاریی نوێ لە هەگبەی ناوەخنی دیوی ناوەوەیدا کۆدەکاتەوە، دواتر لە بەکارهێنانی بیر و ئاخاوتن و ڕەفتاریدا ڕەنگدەداتەوە[١]. فێربوون بە واتای گۆڕینی ڕەفتاردێت، مەبەستیش وەرگرتنی کۆزانیاری دیاریکراو[٢].

بە ناوبانگترین پێناسەی فێربوون، پێناسەکەی (کیمبل)ە، کە دەڵێت: فێربوون بریتییە لە گۆڕانی ڕەفتار لە ئەنجامی ڕاهێنانی بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت[٣]، واتە فێربوون پەیوەستە بە گۆڕینی ڕەفتارەوە، کەسی فێرخواز لە پرۆسەیەکدا بەشداری پێکراوە و دەتوانێت ڕەفتارێک ئەنجامبدات، کە پێشتر نەیتوانیوە، ئەنجامی بدات، هەروەها فێربوون دەکرێت لەڕێگەی ئەزموونەوە یان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە بێت.

سەبارەت بە هەردوو چەمکەکە لە پەروەردەدا، (محەمەد مەحوی) دەڵێت: لە قۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی پرۆسەکە فێربوونە، لەبەرئەوەی پرۆگرامێک بە قوتابی دەدرێت، قوتابی دەبێت هەڵهێنجان بۆ کۆی کۆزانیاریانە بکات، کە لە ناو پرۆگرامەکەدا هەیە، بەڵام لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا بەگشتی پرۆسەکە فێرکردنە، لە قۆناغی زانکۆیدا پرۆسەکە دەبێتەوە بە فێربوون)[٤]، واتە چەمکێکی فرەچەشن و سنوور فراوانە، چونکە فێربوون لە دیدی هەموو زانست و پیشەیەکدا خاڵی دەرخستنی ئەندازە و قەبارەیەکە لە پێشکەوتن، یاخود چەقبەستوویی و دواکەوتوویی دەگەیەنێت. ئەم چەمکە لە تیۆرەکانی زمانەوانیدا بنەمای تێڕوانینە بۆ فێربوونی زمان، بە گۆڕینی هەر تیورێک سەرجەمی پرۆسەی فێربوونیش گۆڕانی بەسەردا دێت[٥].

---

١ ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩: ٧).

٢ کاروان عومەرقادر و شاخەوان جەلال (٢٠١٢: ٧).

٣ زهرا رحمانی (١٣٩٦: ٥).

٤ هەوار عومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥: ٢٣).

٥ ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩: ٧).

(کریستاڵ Crystal) فێربوونی زمان لە زمانەوانیی کارەکی و زمانەوانیی دەروونیدا پرۆسەی فێربوون تێکردنی زمانە، وەک زمانی دایک یان زمانی بیانی سێ هۆکار ڕۆڵی تیدا دەبینێت (زیرەکی تاک، یادگە، پاڵنەر بۆ فێربوون)[1].

فێربوونی زمان دوای وەرگرتنی زمان دێت، واتە تێکردنی زیاتری زمان/دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری، دیسان ئەمەیش دەکرێت بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤ کۆزانیاری گەشە بکات، ئەمەش پێی دەوترێت فێربوونی زمان، جا زمانی یەکەم بێت، یان زمانی دووەم، سێیەم...تد لەئەنجامی تێکردەکان گۆڕانی ڕەفتار ڕوودەدات، دەبێت ئەوەیش لەبیرنەکەین، کە پاڵنەری فێربوون ڕۆڵی زۆر کاریگەر لەم پرۆسەیەدا دەبینێت، بۆ نموونە منداڵ ئەگەر لە ژینگەیەکی جووتزمانی یان فرەزمانی بژیێت، دەکرێت بە شێوەیەکی سروشتی فێری ئەو زمانانە بێت، کە لە ژینگەکەیدا هەن، واتە پرۆسەکە سروشتییە و بە شێوەیەکی نائاگایی فێردەبێت و پێویستی کەسەکە وادەکات، هەوڵی زیاتری فێربوون بدات.

لێرەدا بنەماکانی فێربوون پەیوەست بە زمانەوە لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:[2]

١- پێگەیشتن: گۆڕان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر ببێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتار،بۆ نموونە منداڵ کاتێک یەکەم وشە دەدرکێنێت، ئەوە بە واتای پێگەیشتنی ئەندامەکانی ئاخاوتنە.

٢- پاڵنەر: گیتس بڕوای وایە پاڵنەر سێ فرمانی هەیە:

أ- بەهێزکردنی ڕەفتار.

ب-هەڵبژاردنی وەڵامدانەوەیەک، کە پێویستە تیری بکات ،ئارەزوو دەچێتە ژێرخانەی پاڵنەرەکان.

ت-ئاراستەکردنی ڕەفتار بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو.

٣- بەهێزکردن: مەبەست لە بەهێزکردن هەر کردارێکە دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی ڕەفتارێک، یان وەڵامدانەوەیەک. (سۆراندایک و سیکنەر) جەخت لە سەر گرنگی بەهێزکردن دەکەن لە کاتی فێربوون، بەڕای ئەوان فێربوون بەبێ بەهێزکردن ئەستەمە.

**١/١-٣-٣) زمانفێرکردن:**

پێواژۆیەکی پەروەردەیی ئاگایانەی کاربۆکراوی زانستی ئارەستەکراوە، بەمەبەستی دوورخستنەوەی تێکردەکان لە بێبەرنامەی و بێسەروبەری، پشتئەستوور بە تیۆر و ڕوانگەی زانستی، بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی بەپلان، گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و ڕەفتار لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردەوە جێبەجێدەکرێت. لە پرۆسەی فێرکردندا جگە لە فێرخواز مامۆستا

---

[1] **D. Crystal (2008: 267).**

[2] **ئازاد عەلی و سەرهەنگ ئیبراهیم سەعید (٢٠١٩: ١٥٩- ١٦١).**

و تایبەتمەندییەکانی پرۆگرام و کات و تەمەن و هەلومەرجەکانی تری فێرکردن دەبێت ئامادەییان هەبێت و بەردەست بن[1].

(فێربوون و فێرکردن) ئەم دوو چەمکە لە پرۆسەی پەروەردەدا دوو پرۆسەی گرنگی پەروەردەین، چونکە لە هەردوو چەمکەکە تەواوکەری یەکترن، چەمکی فێرکردن وەکو بنەمایەکی بۆ بەرنامەبۆداڕێژراو لە سەرجەم بوارەکان، کە سیاسەتی پەروەردەیی ئەیەوێت و لە پلانی پەروەردەیدا جێبەجێدەکات، چەمکی فێربوونیش وەک پرۆسەیەکی سروشتی لەو ژینگەیەی بۆی دابیندەکرێت، ڕۆڵی گرنگ لەپرۆسەی فێربووندا دەبینێت، واتە پرۆسەی پەروەردە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنە، فێربوون بەو واتایەی ژینگەیەکی لەبار دەڕخسێنێت بۆ جۆرێک لە فێربوونی نائاگایی و پرۆسەی فێرکردنیشە واتە بەو سیاسەت و پلانەی داڕێژراوە بەئەنجام دەگەیەنرێت.

هەروەها زمانفێربوون و زمانفێرکردن بە دوو دیوی تەواوکەری یەکدی دادەنرێن، ئەگەر فێربوون گۆڕانی ڕەفتاربێت، ئەوا فێرکردنیش گەیاندنی زانیاری و هەوڵدانە بۆ کاریگەریدانان لە سەر بیرکردنەووە و گۆڕینی ڕەفتار و بە دەستهێنانی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مەبەست [2]. لەپرۆسەی پەروەردەدا دەبێت قوتابی وشە و زاراوەکانی هەر زانستێک، کە دەیخوێنێت، فێربکرێت، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی شۆڕبێتەوە بۆ نێو زانستەکە، چونکە بە بێ فێرکردنی زمانی ئەو زانستە، ئەوە قوتابی هەرچەند زیرەک بێت، ناتوانێت لە زانستەکە تێبگات و کۆزانیاری دەوڵەمەندبکات. جۆرەکانی زمانیش بریتین لە:

١- زمانی یەکەم/دایک:

ئەو زمانەیە، کە قسەکەرێک لە منداڵییەوە وەریگرتووە[3]، واتە ئەو زمانەیە، کە منداڵ سەرەتا زمانی پێ دەپژێت و قسەی پێ دەکات و بە دنیای دەرەوە ئاشنا دەبێت[4]، پێی دەگوترێت زمانی یەکەم یان زمانی دایک، هەندێک جار منداڵ لە ژینگەی جووتزمانی پەروەردە دەبێت و هەردوو زمانەکە لەیەک کاتدا فێردەبێت، زمانی یەکەم ئەو زمانەیە، کە هەوڵدەدات زیاتر قسەی پێبکات[5]، تەنانەت زمانی دایک بە زمانی نەتەوە و زمانی ڕەسەنیش دانراوە، کردەیەکی نا ئاگایانەیە، جۆرێکی کردەی زمانوەرگرتنە و بریتییە لە یەکەم زمان کە منداڵ

---

[1] **عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٣٢).**

[2] **کاروان عومەرقادر و شاخەوان جەلال (٢٠١٢: ٦- ٧).**

[3] **K. Brown & J. Miller (2013:297).**

[4] **مهدی مشکوەالدینی (١٣٩٠: ١٧٢).**

[5] **اتوسا رستم تفرشی و ئەوانی تر (١٣٩١: ١٧)**

وەریدەگرێت و فێری دەبێت، هۆکاری پەیوەندیگرتنی کۆمەڵایەتی و ژیرییە و سەرەکیترین هۆکاری گەشەی ئاوەزی و کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی هەڵچوونەکانە و ڕووکارێکی بەهێزە لە ڕووکارەکانی پەرەپێدانی ژیری و هەستی بزاوی [١].

٢- زمانی دووەم: [٢]

زمانێکە لە دوای زمانی یەکەمەوە فێردەکرێت، بەزۆری ناگاتە هەمان ئاستی زمانی یەکەم، هەموو ئەو زمانانە لە دوای زمانی یەکەمەوە فێربوون دەگرێتەوە[٣]. هەندێکجاریش، زمانی دووەم زمانێکە کە زمانی دایک یان زمانی وڵات نییە، بەڵکو وەکو ئامرازێکی پەیوەندیی (بۆ نموونە لە پەروەردە یان لە کاروباری وڵات) بە شێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگە بەکاردێت[٤].

٣- زمانی بیانی:

زمانی بیانی زمانێکە کە زمانی فەرمی وڵاتێکی دیاریکراو نییە، بە شێوەیەکی تایبەت لە وڵاتێکی دیاریکراودا قسەی پێناکرێت و قسەکەرانی ڕەسەنی ئەو وڵاتە بەزۆری لە ڕێگەی وانەکانی قوتابخانەوە بێت یان لە ڕێگەی خولی فێربوونی زمانەوە فێردەبن. زمانی پەروەردەی وڵات یان زمانی پەیوەندیی نییە لە وڵات.[٥]بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی کوردستان، بەتایبەت قوتابخانە ناحکومییەکان.

### ١/١-٤) پلان و سیاسەتی زمانی پەیوەست بە پرۆسەی زمانەوانیی پەروەردەوە:

پلاندانان لە چەمکی گشتی خۆیدا وەک کۆمەڵێک پێوانەی دیاریکراو پێناسەدەکرێت، کە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بۆیە بە تێڕوانین و پێشبینی دیاریدەکرێت، لەگەڵ ئەو کێشە جۆربەجۆرانەی، کە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن، بەم پێیە ( پلان میتۆدی زانستییە، کە بەدوای بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانەوەیە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و کەلتووری مرۆڤ، کە بەکارهێنانی سامانی مرۆیی و مادی لەخۆدەگرێت بە شێوەیەکی کارامە، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بەباشی بەدیبێت)[٦]. پلاندانانی زمان کارێکی گرنگە لەپێناو پاراستنی زمان لە لەناوچوون، چونکە زمانەوانان بە متمانەوە دەڵێن: لە سەدەی داهاتوودا نزیکەی ٩٠٪ ی زمانەکانی جیهان، کە نزیکی ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠ دەبن، مەترسی لە ناوچوونیان لێدەکرت و

---

١ شیلان عومەر (٢٠١٦: ٥٨).

٢ لەم لێکۆڵینەوەیەدا زمانی دووەم بەکارهێنراوە بۆ ئەو زمانەی، کە قوتابی ناتوانێت یان بەباشی قسەی پێبکات و گفتوگۆی پێبکات، یان هەر ئاشنا نییە بە زمانەکە، لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

3 K. Brown & J. Miller (2013:397).

٤ اتوسا رستم تفرشی و ئەوانی تر(١٣٩١: ١٧).

٥ سەرچاوەی پێشوو (١٧).

٦ لخضر لكحل، كمال فرحاوی (٢٠٠٩: ١٧)،

ڕێژەی ٥٠٪ ی زمانەکانی جیهان لە لەناوچوون نزیکبوونەتەوە، واتە منداڵەکان بە شێوەیەکی زگماکی پێیان نادوێن، بۆ نموونە هەرچەندە لە ئەمریکای باکوور ٢٠٠ زمانی نیشتیمانی هەیە، بەڵام لەبەر مەترسی لەناوچووندان، ئەمەش کارەساتێکە بەسەر کەلتوور و ناسنامەدا دێت، بێ ئەوەی گەل هەستی پێبکات[1].

سیاسەت و پلانی زمانی ڕۆڵی گرنگیان لە ئاراستەکردن و جێبەجێکردن لە پرۆسەی پەروەردە ( فێربوون و فێرکردن) هەیە. ئەم دوو چەمکە جیاواز و تەواوکەری یەکترن:

**١/١-٤-١) پلانی زمانی:**

دەستەواژەی پلانی زمانی لە لایەن(هۆگن)ەوە لەساڵی (١٩٥٩) نووسراوە، (فیشمان)یش لە نامیلکەکەیدا لە ساڵی(١٩٧٠) بڵاویکردەوە و دەستەواژەی (سیاسەتی زمانی)ی بۆ زیادکرد، دواتریش هەریەک لە (فرگیسۆن) و (دای گۆتیا) پەرەیان پێداوە، بەمەشدا دەردەکەوێت، مێژوویەکی زۆر کۆن نییە و بووەتە لقێک لە زمانەوانیی کارەکی یان زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، دەستەواژەی پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی زۆرجار بە شێوەیەکی دروست بەکارنەدەهێنران، کاتێک یەکێکیان لە شوێن ئەوی تردا بەکاردەهێنرا، وەک بڵێیت هاوتابن، پلانی زمانی گەڕانە بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە[2].یان پەیوەستبین بە بۆچوونەکانی وێنستین(Weinstein) دەڵێت: پلاندانی زمانی هەوڵێکی دەوڵەتانەیە بۆ هەموارکردنەوەی کارکردنی زمانێک لەناو کۆمەڵگاکەیدا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان، کە لەئەنجامی گۆڕانەکاریی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی...تد دروستدەبن، واتە پلانی زمانی لایەنێکی کارەکی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانییە [3].

پلاندانانی زمانی زمانی بابەتێکی فرە ڕەهەندە و کاریگەریی لە سەر کۆمەڵک بابەتی تریش دەبێت، وەک ڕەهەندی ئابوری،کۆمەڵایەتی،سیاسی، یان پەروەردەیی...تد. هەرچەندە (Muhlhausler) دەڵێت: پێویستە ئیکۆلۆژیای پلانی زمانی خزمەتی بەهێزکردن و گەشەپێدانی زمانەوانی بکات[4]، واتە ئەو بۆچوونە جێی مشتومڕە، ئایا پلانی زمانی دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی بوارەکانی تریشەوە، یان تەنها خزمەتی زمانی پێبکرێت؟. پلانی زمانەوانیی پەروەردەیی بەکارەکیکردنی تیۆرەکانە لە خزمەت ئیکۆلۆژیای زمان، زانستی زمانیش هاوکار و تەواوکاری پرۆسەکەیە.

مەرجی پێشکەوتنی بواری پەروەردە پلانێکی زمانی تۆکمەیە، یەکێک لە ئەرکەکانی پلاندانی زمانی نەخشەکێشانی دەروازە پەروەردەیەکانە، کە لەگەڵ سروشتی زمان و سروشتی

[1] تاریق جامباز (٢٠١٤: ١٩٠).
[2] لویس جان کالفی (٢٠١٢: ١٥٢).
[3] ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٨).
[4] B.Spolsky & F.M. Hult (2008:282)

پەروەردە و زانستە نوێکان لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە تێدا ئامانجی نەتەوە و دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری و بنچینەکانی بەها پەروەردەیەکان و تیۆرەکانی زمانەوانی، بۆ ئەوەی بگەینە ستراتیژێکی پەروەردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری پەروەردە[١].

لەم ڕوانگەیەشەوە (سپۆلسکی) زمانەوانی وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتی زمانی پەروەردەیی و جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی دەبینێت. تەنانەت نەخشەکێشانی زمانەوانیی پەروەردەیش، ئەگەر (سپۆلسکی) بیرۆکەی زانستەکەی لە ( سایکۆلۆژیا و سۆسۆلۆژیای پەروەردەییەوە) وەرگرتبێت، ئەوا خۆساغکردنەوەی ئەم بابەتە وەک زانستێک و دیزاینکردنی وەک کێڵگەیەکی زمانەوانی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ (پلاندانانی زمانی)، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی پلاندانانی زمانییەوە توانیویەتی دیزاینی (پلاندانانی پەروەردەی زمانی) بکات[٢]. ئەمەش زیاتر ڕۆڵ و گرنگی پلانی زمانی لە پرۆسەی پەروەردەدا ڕوونتر دەکاتەوە. هەروەها سەرکەوتنی پلانی زمانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنێکی پێشتر بۆ ئەو مەبەستەی پلانی بۆ دادەنرێت، لەم بارەیەوە باڵدۆف(baldauf) پێوایە، پلانی زمان دەبێت لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەبچێت و ڕەچاونەکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتییە زمانییەکان، وەک ڕوانگە یان ئەو گروپانەی پلانیان بۆ دادەنرێت، پلانەکە بەرەو شکست دەبات[٣].

سەبارەت بە نەخشە ڕێگای دانانی پلانی زمانی، (Jernudd &Das Gupta)دەڵێن: باڵاترین دەسەڵات بۆ پلاندانانی زمان لە سیاسەتوانەکانەوە بەدەستدێت، پاشان دەستەیەکی پسپۆڕان ئەرکی ئامادەکردنی پلانێکیان پێدەسپێرێت، لە ئامادەکردنی پلانەکەدا پسپۆڕەکان بە شێوەیەکی ئایدیال ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیاندا هەڵدەسەنگێنن و چۆنیەتی بەکەڵک بوونی ئەو سەرچاوانە بەپێی ئامانجە پێشکەوتووەکان پێشبینی دەکەن و لە سەری ڕێکدەکەون و ستراتیژی کارەکە ڕووندەکرێتەوە، لە لایەن پەرلەمانەوە دەسەڵاتیان پێدەدرێت و لە لایەن دەزگاکانی بەڕێوەبردنەوە پیادەدەکرێت، واتە بەهۆی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشەوە دەسەڵات وەردەگرێت، دەبێت لە لایەن پلاندانەرانەوە بە شێوەی خولی دیاریکراو بنرخێنرێت [٤]. هەروەها (سەلام ناوخۆش) دەڵێت: پلانی زمان هەوڵێکی سیاسی دروستە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی زمان لە وڵات بگۆڕێت. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە پرۆسەی پلانی زمان چالاکییەکی حکومی و فەرمییە بۆ هەڵبژاردن و پەرەپێدانی زمانێکی کارگێڕیی یەکگرتوو [٥].

---

[1] http://www.asjp.cerist.dz/en/article

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بەکر عومەر عەلی و ئەوانی تر (٢٠١١: ٣) ئەو سەرچاوانەی لەوێ بەکارهاتوون.

[٣] ڕەحیم قادر سورخی (٢٠١٤: ٨-٩).

[٤] سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٤: ٢٨).

[٥] سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٥٢).

بیرۆکەی پلانی زمانی پێویستی بەسێ شت هەیە: دوو سیمای زمانی و توانایەکی مرۆیی بۆ کارکردن:[1]

سیمای یەکەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زمان دەگۆڕێت، ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆ نییە، مێژووی زمانەکانیش ئەمە دەسەلمێنێت.

سیمای دووەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پەیوەندیی نێوان زمانەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

سیمای سێیەم واپێویست دەکات، مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێ دەست لە دوو خاڵەی پێشتر وەربدات، واتە لە ژینگەی دەستکردا مرۆڤ خۆی زمان بگۆڕێت و توانای گۆڕینی پەیوەندیی نێوان زمانەکانیشی هەبێت، بەڵام زمانەوانی تازە پێی وایە، ئەم پەرەسەندنانە دەکەوێتە ژێر باری ڕووداوی کۆمەڵایەتییەوە نەک دەستێوەردانی ئاراستەکراو، زمانەوانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکە ڕاڤەدەکات.

**١/١-٤-١-١) جۆرەکانی پلانی زمانی:**

(کۆپەر ١٩٨٩، کاپلان و باڵدۆف ١٩٩٧) پلان و سیاسەتی زمانی پەروەردەی بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەشدەکەن:[2]

١- پلاندانانی پایە
٢- پلاندانانی بەکۆمەڵ
٣-پلانی وەرگرتن

**١/١-٤-١-١-١) پلانی پایە:**

ئەم جۆرە پلانە بۆ هەڵبژاردنی زمانێک یان زارێکە لە کۆمەڵگا و زیاتر گرنگی پێدانێتی لە لایەن میرییەوە، بۆدروستکردنی پایەیەکی باشتر لەوەی پێشووتری، گۆڕینی ئەرکی زمانە لە زمان/زاریکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ زمان/زارێکی فەرمی، چەند بیرۆکەیەک دەوروژێنێت، کە مەبەست لێی دروستکردنی پایەیی زمانە. لەڕووی سیاسییەوە، پلانی پایە جەخت لە سەر سەربەخۆیی نەتەوە دەکات، هەر کە نەتەوە لە کۆمەڵگا تەنها کەمایەتییەکی نەتەوەیی یان ئاینی بێت و زمانی خۆی لە پەروەردە و ڕاگەیاندن بەکارنەهێنێت، ئەوە چارەنووسی ئەو زمان و نەتەوە و ئاینە بەر هەڕەشەی مردنی زمان دەکەوێت. هەبوونی قەوارەی سیاسی چوارچێوەیەکی سیاسییە بۆ دروستکردنی پایە و پرستیژی زمان[3]، پلانی پایە ئاماژە بۆ

---

[1] لویس جان کالفی (٢٠١٢: ١٥٦).

[2] B.Spolsky & F.M. Hult (2008:282).

[3] سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٥٢)

ئەرکێکی نوێ دەکات بۆ زمانێک وەک( ناوەندێکی ڕێنمایی، یان زمانێکی فەرمی) کاردەکاتە سەر ئەو ڕۆڵەی زمان لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەیگێڕێت[١].

### ١/١-٤-١-١-٢) پلانی بەکۆمەڵ(کۆپەر):

پلانی بەکۆمەڵ پەیوەستە بە هەڵبژاردن و کۆدکردنی بنەماکان لە نووسینی ڕێزمان و بەستاندەرکردنی ڕێنووسی زمان. ئەم جۆرە پلانە هەوڵدەدات پەرە بە زارێکی زمان بدات، یان زمانێک بەستاندەر بکات[٢].

هەروەها پلاندانانی بەکۆمەڵ زیاتر کار لە ناوەوەی زماندا دەکات، وەک دروستکردنی گۆڕانکاری لە کۆدی زمانی و دروستکردنی ڕێزمانەکان و فەرهەنگەکان بۆ زمانێکی دیاریکراو دیاریکردنی سیستەمی نووسین بۆ قسەپێکەرانی زمان یان دەستپێکردنی چاکسازیی ڕێنووس و وشەی نوێ و بڵاوکردنەوەی ڕێزمان[٣]، لەم بارەیەوە (Muhlhausler) دەڵێت: دەبێت فۆرمە زمانەوانییەکان لە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیانەوە تەماشابکرێن، پلاندانانی بەکۆمەڵ لێرەدا ڕەنگدانەوەیەکی گرنگ لەخۆدەگرێت دەربارەی فۆرمە دیاریکراوەکان، کە لەکاتی پرۆسەی پلاندانان هەڵبژێردراون[٤].

دەوڵەتانی وەک( ئیسرائیل، ئەندەنووسیا، هند، پاکستان، فلەندا) سوودیان لەو پرۆسەیە لە کارکردن بەسەر بەستاندەرکردنی زمانی نەتەوە و هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات و زمانی ستاندەری پەروەردە و فێرکردن بینیوە[٥].

لەم بارەیەوە (L. Wingard) ئەرکەکانی پلاندانانی بەکۆمەڵ بەم شێوەیە دیاریدەکات[٦]:

١- پەسنکردن.
٢- پێشبینیکردن.
٤- ڕوونکردنەوەی پرۆسەکان و ئەنجامەکان.
٥- بەدەستهێنانی گشتاندنەکان.

هەروەها کۆپەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو چوار هەنگاوەی سەرەوە ڕووندەکاتەوە، پلاندانان لەم ڕوانەوە دەبینێت: (بەڕێوەبردن، بە ئابووریکردن، ئامرازێک بۆ هێز). (کۆپەر)

---

[1] I. Nkopuruk ( 2018 : 2 ).

[٢] سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٥٢)

[3] I. Nkopuruk ( 2018 : 2).

[4] B.Spolsky & F.M. Hult (2008:282).

[٥] سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٥٢)

[6] L. Wingard (1998:67-69).

بەردەوامی دەپرسێت: کێ؟ چۆن؟ کەی؟ لەکوێ؟ بۆچی؟ لە ڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارانەوە دەگەین بە پلان.

سەرنجە هاوبەشەکان بۆ پلانەکەی کۆپەر خۆی لە ستانداردکردنی زمان و نووسین و مۆدێرنەکردن(بۆ نموونە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان بۆ چەمکە نوێکان، هەروەها گۆڕینی کۆد و بە ناوی جوانناسیی یان ئایدۆلۆژیی سیاسی یان نەتەوەیی)، پلاندانانی کۆمەڵ زۆرجار بریتییە لە هەڵویست و ئایدۆلۆژیا سەبارەت بە زمان بە ئەندازەیەک یان کاریگەرکردنی کرداری ڕاستەقینە بۆ بەکارهێنانی زمان. (کۆپەر) بە بەردەوامی بیرمان دەهێنێتەوە، ڕەنگە پلانی کۆمەڵ ببێتە هۆی خزمەتکردنی خواستەکانی نوخبەیەک، بەهەمانشێوە بۆ بەهێزکردنی ناسنامە یان بەهای خودی گروپە کەمینەکان یان پێداویستییە کردارییەکان بەکاربهێنرێت.

(کۆپەر) پێیوایە، کە پلاندانانی زمانی زۆرجار هەوڵدانێکە بۆ گۆڕانکاری و ڕەچاوی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و باسی هۆکارە هاوبەشە جۆربەجۆرەکان دەکات، کە وا بیردەکرێتەوە، کاریگەریی لە سەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەبێت، (کۆپەر) تێبینی ئەوە دەکات، کە ژینگە، دانیشتوان، دۆزینەوە و داهێنان، پەرتەوازەبوونی کەلتووری، ئایدۆلۆژیا و بڕیاردان زۆرجار پێکەوە کاردەکەن، بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، بۆیە تیۆرەکان، ئەگەر بەتەنها یەکێک لەو هۆکارانە دابنێن بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ئامانج ناپێکن. (کۆپەر) لە کۆتایدا دیاریدەکات، کە هیچ تیۆرێک بەتەنها ناتوانێت گۆڕانکاری بکات[1].

## ١/١-٤-١-١-٣) پلانی وەرگرتن:

پلانی وەرگرتن جۆرێکە لە پلاندانانی زمان، کە تێیدا حکومەت لە ڕێگەی چەند کەناڵێکەوە بەزۆری لە ڕێگەی پەروەردەوە و ڕاگەیاندنەوە بە شێوەیەکی نائاگایانە ئەیەوێت پرۆسەی فێربوونی زمان جێبەجێبکات، ئەمەش دەکرێت بۆ سەپاندنی زیاتری تاک زمانێک بێت لەو وڵاتانەی ڕێگە بە فرەزمانی نادەن یان برەودان بێت بە زمانی نەتەوەیی یان زمانی کەمینەکان لەو وڵاتانەی کە سیستەمی فرەزمانی پێڕەودەکەن. ڕیلمان(Remlan) سەبارەت بەم جۆرە لە پلان دەڵێت: پلانی وەرگرتنی زمان جۆرێکە لە پلانی زمانی، حکومەتەکان بە ئامانجی کاریگەریی لە سەر زمان دەیگرنەبەر، وەک دۆخی زمان، پلانی وەرگرتن دەکرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیشەوە بەکاربهێنرێت، بەڵام زیاتر پەیوەندیی بە پلانی حکومەتەوە هەیە، پلانی وەرگرتن تێکەڵ بە پلانی گەورەتر کراوە، کە تێیدا باری زمانەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، پلانەکانی پێشووتر هەمواردەکرێنەوە و دواجار گۆڕانکارییەکان لە ڕێگەی پلانی وەرگرتنەوە بە کۆمەڵگا لە سەر ئاستی نەتەوەیی، دەوڵەت یان ناوخۆیی لە ڕێگەی سیستەمی

---

[1] L. Wingard (1998:67-69).

پەروەردەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا زانکۆکان ئاشنا دەکرێن، ئەم پرۆسەیە دەکرێت چەند جۆرێک لەخۆبگرێت، وەک: گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن، گۆڕانکاری لە شێوازەکانی فێرکردنی زمانی فەرمی، یان پەرەپێدانی جووتزمانی...تد، زۆرجار ئەم پلانە بۆ برەودان بە بوژاندنەوەی زمان بەکاردێت، کە دەتوانێت دۆخی زمانەکە بگۆڕێت بەرەو باشتر یان پێچەوانەی بکاتەوە، پێویستە فەرهەنگی نوێ و کەرەستەی نوێ لە قوتابخانەکان دابینبکرێت بۆ دەستکەوتنی زمان بە شێوەیەکی کاریگەرتر[1]. بۆ نموونە دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی وەک ئەنجومەنی بریتانیا یان گۆیتە پەیمانگا دادەمەزرێنن و لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێن بۆ برەودان بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی وەک زمانی دووەم لە وڵاتانی تر، نموونەیەکی تر لە پلانی فێرکردن چالاکییەکانی کۆمەڵگای ماوریە لە نیوزلەندا بۆ برەودان و فێرکردنی زمانی ماوری لە سەرەتای هەشتاکاندا، چونکە زۆربەی منداڵانی ماوری هیچ زانیارییەکیان لەبارەی زمانی باوباپیرانیانەوە نەبوو، زمانناسان زمانی ماوریان لە ڕیزی زمانە مەترسی لە سەرەکان داناوە[2].

(هورنبیرگەر) ڕوونی دەکاتەوە، کە هەر سێ جۆری پلاندانان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵدەبن، پەیوەندیی لە نێوان زمانەکان(پلانی بەکۆمەڵ)، پەیوەندیی لە نێوان چوارچێوەی کۆمەڵایەتی زمان(پلاندانانی پایە)، پەیوەندیی نێوان تاک قسەکەران و زمانەکانیان(پلانی وەرگرتنی زمان) جەختکردنەوەی زیاتر لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم ڕەهەندانە هانی زمانەوانانی سیاسەت و پلانی زمانی (LPP) دەدات، لەگەڵ ئەقڵیەتێکی ئیکۆلۆژی بۆ بیرکردنەوە لە دەرەوەی دانانی تاکە پلانێک و لە دەرەوەی هەر زمانێک لە گۆشەگیریدا[3]. هەروەها نیشانی دەدات، کە چۆن سیاسەتی پەروەردەیی زمان بۆ ئیکۆلۆژی زمان بەکاردەهێنرێت، سەرنج دەخاتە سەر کارلێکی نێوان زمانەکان و ڕۆڵی سیاسەتی پەروەردەی زمان و دەڵێت: ئەنجامی ئەو دەیان ساڵەی لێکۆڵینەوەی فێربوونی زمان ئەوە ئاشکرادەکات، کۆمەڵگاکان بەزۆری مەیلیان بۆ تاک زمانیی(نەتەوەیی) هەیە، وەک لە جووتزمانی، بە شێوەیەکی سەرەکی سیاسەتی پەروەردەی زمانی نەتەوەیی جەخت لە سەر زمانی نەتەوەیی دەکاتەوە. هەروەها دەڵێت: سیاسەتی پەروەردەیی جەخت لە یەکسانی دەکاتەوە و فرەزمانی توانای هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و داوادەکات، کە ڕێگە بە هەموو زمانەکانی قوتابیان بدەن ببنە سەرچاوەی بەنرخ بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکانیان [4].

---

1 Ramlan (2018: 20).

2 **I.Nkopuruk (2018 : 2)**

3 **B.Spolsky & F.M. Hult (2008:282).**

٤ **سەرچاوەی پێشوو (٢٨٢).**

پلانی زمانی چەند دیاردە و پرۆسەیەکی جیاواز دەگرێتەوە، گرنگترینیان ئەمانە:[١]
١- تەکنیکی زمانی.
٢- چاکسازیی زمانی.
٣- زیندوکردنەوەی زمانە مردووەکان.
٤- جێگرتنەوەی زمانە نەتەوەییەکان لە شوێنی زمانە بیانییەکان لە پرۆسەی فێرکردندا.
٥- نوێکردنەوەی زاراوەکان.
٦- بەرگریکردن لە پێگەی هەر زمانێک.

**١/١-٤-١-٢)گرنگی پلانی زمانی:**[٢]

١- بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی، وەک کاروباری پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٢- بەهێزکردنی یەکێتی نیشتیمانی و هەستی نەتەوەیاتی و هاووڵاتیبوون.
٣- بەڕێوەبردنی فرەزمانی و بەستاندارکردنی زمانێک.
٤- پاراستنی زمان لە ململانێ و هەڕەشەی زمانەکان.

**١/١-٤-٢)سیاسەتی زمانی:**

سیاسەتی زمان بەڕێوەبردنی زمان ئاراستەدەکات، دەکرێت لە سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ، ڕەوشت، هەستی بەرپرسیاریەتی، جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی...تد بونیادبنرێت، بەپێچەوانیشەوە دەکرێت، لە سەر بنەمای ڕگەزپەرەستی و سەرکوتکردنی زمانی کەمینەکان بەرەو ئامانجە نەگونجاوەکانی کۆمەڵایەتی و نارەوشتی بونیادبنرێت. زۆرێک لە زانایان لەگەڵ ئەوەن بەپێچەوانەوە فشاربکرێت، بەرەو بوژاندنەوەی زمانە کاڵبووەکان و پێدانی دەسەڵات بۆ زمانی کەمینەکان، سیاسەتی زمان لە جیهانی ئەمڕۆدا بابەتێکی هەنوکەیی گرنگە، سیاسەتی زمان لە چەندین بواردا کاردەکات و کاری لە پێشینەی سیاسەتی زمان بریتییە لە بوارەکانی: وەک جووتزمانی و فرەزمانی، مردنی زمان و هەوڵەکان بۆ پاراستنی زمانە مەترسی لە سەرەکان، هەڵبژاردنی زمان وەک مافێکی مرۆیی و مەدەنی، سیاسەتی پەروەردەیی زمان لە ڕێگەی کارەکیانەی زمان و بیروباوەڕ و بەڕێوەبردنی گروپەکۆمەڵایەتییەکان لە خێزانەوە، تاوەکو بەڕێوەبردنی گروپە نەتەوەییەکان، تیۆری سیاسەتی زمانی نەتەوەیی هاوچەرخ...تد[٣].

زۆرجار ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو سیاسەتی زمان دادەڕێژێت، بۆ نموونە لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریدا هاووڵاتی مافی هەڵبژاردنی زمانەکەی نییە و لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆی

---

[١] ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٩) لە (احمد حسانی www.alarabiahconference.org ) وەریگرتووە.
[٢] ئازاد عەزیز سلێمان (٢٠١٤: ٢١).
[3] http:// www.scholar.google.com/scholar?cluster=14321187744055292029&hl

دیاریدەکرێت، جا (حکومەت یان ڕێکخراو و یان زانا....تد)، بەڵام لە دەسەڵاتی لیبراڵی یان فرەیی، دێت و مشتومڕی ئەمە دەکات و پێویستە ڕێگە بە خەڵک بدرێت بە هەڵبژاردنی ئازادانەی زمان، هەروەک چۆن ئازادە لە هەڵبژردنی ئاینەکەی، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی دەستوەرنەدەن و زیان بە کەسانی تر نەگەیەنن، لە سەر ئەم پرنسیپە پێویستە تاکەکانیش دەرفەتیان پێشکەشبکرێت بۆ بەدەستهێنانی زمان، کە تێدا چالاکی نەتەوەیی و مەدەنی ئەنجامدەدرێت، سیاسەتی پەروەردەیی زمان نکۆڵی لەقەدەغەکردنی زمانەکان دەکات، چونکە هەر قەدەغەکردنێک پێویستی بە پاساوی بەهێز هەیە[١].

(لویس جان کالفی ) دەڵێت: ئێمە سیاسەتی زمان بەوە لێکدەدەینەوە، کە بریتییە لە هەموو ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش لە نێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا، هەروەها پلانی زمانی بریتییە لە گەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانەوانی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە[٢]. زۆرجار وڵاتان سیاسەتی زمان بۆ ئەوە دادەڕێژن، پشتیوانی زمانێک یان چەند زمانێک بکەن، یان کۆسپیان بۆ دروستبکەن، هەرچەندە لە مێژوودا زۆرجار سیاسەتی زمانیان بۆ ئەوە داڕشتووە، کە زمانێک لە سەر هەژماری زمانەکانی دیکە پێشبخەن[٣].

پرسیارێک بۆ سیاسەتی زمان گرنگە ئەویش ئەوەیە، چۆن زمان بەڕێوەببرێت؟ لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت سیاسەتی زمانی دابڕێژرێت. بۆ نموونە ململانێی دوو زمان یان ململانێی دوو دەوڵەت لە سەر خاک، وادەکات وڵاتی باڵادەست لە سەر خاکی دیاریکراو لە دژی ئەو زمانەکەی دیکە سیاسەتی زمان دابڕێژێت، زۆرجار قەدەغەکردنی زمانەکەی لێدەکەوێتەوە، وەک سیاسەتی زمانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران بەرانبەر بە زمانی کوردی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان سیاسەتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، هەمیشە هەوڵیانداوە، زمانی کوردی بسڕنەوە و نەیهێڵن. هەندێک جاریش زمانی ژێردەستە سیاسەتی زمان دادەڕێژێت بۆ ڕزگاربوون لە هەژموونی زمانی داگیرکەر.

سیاسەتی زمانی پەیوەستە بەم پرسانەوە:[٤]

١- لێکۆڵینەوەیەکی وردی بارودۆخی زمانی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا.

٢- دانانی بۆچوون و بنەماکانی ڕێکخستنی زمانی لە سەر بنەمای داتای لێکۆڵینەوەیەکی ورد.

٣- بڕیاردان لەلایەن( دامەزراوە یاسایی و جێبەجێکارەکان لە وڵاتدا، یان ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان).

---

[1] B.Spolsky & F.M. Hult (2008:5).

[٢] لویس جان کافلی (٢٠١٢: ١٥١).

[٣] تارق جامباز (٢٠١٤: ٧).

[٤] ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٨) لە (احمد حسانیwww.alarabiahconference.org ٨) وەریگرتووە.

٤- جێبەجێکردنی نەخشەی ڕێکخستنی زمانی بە پشتبەستن بە فەرمیکردنی هۆکارەکانی بەردەست و پێشوەخت.

٥- هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ دەستکەوتەکان.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی سیاسەت و پلانی زمانی، بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:[1]

سیاسەتی زمانی تورکیا دەرهاویشتەی سیاسەتێکی علمانییە، دژ بە دەسەڵاتی ئیسلامی عوسمانی دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن (کەمال ئەتا تورک) لەساڵی (١٩٢٣)،چەند بڕیارێکی دەرکرد.

١- لە ساڵی ١٩٢٨ کۆمەڵەی نیشتیمانی بڕیاری لە سەر گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ئەلفوبێی لاتینی دا، بە بیانووی ئەوەی ئەم ئەلفوبێیە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی تورکیدا ناگونجێت، یەکسەر لە بواری پەروەردە و دواتر کارگێڕی و فەرمانگەکانی حکومەتدا جێبەجێکرا.

٢- لە ساڵی (١٩٢٩)خوێندن بە زمانی عەرەبی و فارسی هەڵوەشایەوە.

٣- لە ساڵی (١٩٣١)بڕیاریدا قورئانی پیرۆز دەبێت بە زمانی تورکی بخوێنرێت.

٤- لە ساڵی (١٩٣٢) دا (کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی زمانی تورکی) دامەزرا، کە ڕاسپێردرا، زمانی تورکی لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر پاکبکرێتەوە.

٥- لە مانگی حوزەیرانی(١٩٣٤) یاسایەک دەرچوو هاووڵاتیانی تورکیای ناچارکرد، ناوەکانیان بە وشەی تورکی ڕەسەن تۆماربکەن.

٦- بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ بە زمانی کۆن و تازەی تورکی، هەروەها چەندین فەرهەنگی تریش چاپکران.

## ٢/١) زمانپێژاندن و وەرگرتنی زمان لە ڕوانگەی تیۆرەکانەوە:

باسکردن لە زمانپێژان بۆ زمانەوانیی پەروەردەیی وەک سەرەتای وەرگرتنی کۆزانیاریی زمانی بابەتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە و دەکرێت بۆ پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی زمانی و فێربوونی زمانی دووەمیش سوودی لێ ببینرێت. هەروەها زمانپێژاندنی منداڵ بابەتێکی گرنگ و بەسوودە، هەم بۆ گەیشتن بە چۆنیەتی پەیدابوونی زمان و ناسینی چییەتی زمان، هەم بۆ شارەزابوون لە لایەنی گەشەی هۆشیاریی و ژیریی منداڵ، دوای ئەوەی نەتوانرا، پەی بە نهێنییە قووڵ و ئاڵۆزەکانی زمان لە ژیانی کەسێتی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا ببرێت، چونکە زمان وەکو ئامرازێک ئاوێتەی سەرلەبەری لایەنی هەستی و ئەندێشەیی ژیان مرۆڤ بووە، بە

[1] لویس جان کافلی (٢٠١٢: ١٨٥-١٨٧).

واتایەکی تر جیهان و گەردوون بە هەموو چەمکە مادی گیانییەکانییەوە چوونەتەوە ناو زمان و بوونەتە پەیڕەوێک لە ئاماژە[1].

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بواری زماندا ئەنجامدراون، جەخت لە سەر زانینی چۆنیەتی بەدەستهێنانی زمان و چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە زەمینەی زمانەوانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی...تد دەکەن.

سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زمان لە دەیەی (١٩٥٠)دا، دوو تیۆر گەشەیان کرد و باوبوون، ئەم دوو تیۆرە بۆچوونەکانیان جیاوازبوون، یەکەمیان تیۆری ڕەفتاری، کە پێیوایە هەڵسوکەوتەکانی زمان لە ئەنجامی کاریگەریی ژینگە پەیدادەبن، دووەمیان تیۆری بۆماوەیی/خۆرسکییە پێیوایە زمان بە هۆکاری بۆماوەیی لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکدەبێت و لە ژیانیدا پەرەی پێدەدرێت. بیرۆکە و تێڕوانینە نوێیەکان لە سەر فێربوونی زمان سەرنج دەخاتەسەر تێکەڵکردنی هۆکارە ژینگەییەکان و توانا ناوخۆییەکان، کە پێویستە پێی بڵێین تیۆرە کارلێکەکان[2].

### ١-٢/١)تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان:

### ١-١-٢/١)تیۆری ڕەفتاری:

قوتابخانەی ڕەفتاری بە یەکەم قوتابخانە دادەنرێت، یەکێکە لەو قوتابخانانەی بایەخێکی بەرچاوی بە زمان داوە، لە هەمان کاتدا گرنگییەکی تایبەتی بە ڕەفتاری زمانەوانی داوە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی دیاری لە سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە ئەمریکییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبوو[3]، ئەم تیۆرە لە سەرەتادا لە لایەن (جۆن واتسۆن ١٨٧٨ – ١٩٥٨) هوە داهێنرا، گرنگی بە ڕەفتار دەدا[4]. ڕەفتارییەکان پێیانوایە، مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونەوە فێری هەموو شتەکان دەبێت، بۆیە هەر دەبێت لەو ڕێگەیەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، هەروەها پێیانوایە، ئەو شتەی بە چاو دەبینرێت، دەتوانرێن لێیان بکۆڵرێتەوە و ئەو شتانەشی نابینرێن، ناچنە بابەتی لێکۆڵینەوە، بەم شێوەیە بەردەوام لێکۆڵینەوە لەناو ئاوەزدا چ لای ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ ڕەتکردەوە، تەنانەت چەمکەکانی (هەست، پاڵنەر، ئارەزوو و هاندان) یشی پشتگوێخست و تەنها گرنگی بە ڕەفتاردا. سەبارەت بە فێربوونیش بەهەمان شێوە پێیانوایە، فێربوون لە ئەنجامی وروژێنەر و وەڵامدانەوەی سیستەمی دەماری مرۆڤی دەزانن، واتە بابەتێک سەرنجی

---

[1] عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٤٠)
[2] موسى رشيد حتامله (٢٠٠٩).
[3] دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح (٢٠١٤: ١٣).
[4] جلال شمس الدين (٢٠٠٣: ٥٤).

فێرخواز ڕادەکێشێت و پرسیاری لا دروستدەکات، لە ئەنجامی وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکەی کرداری فێربوون بە ئەنجام دەگەیەنرێت[1].

(واتسۆن) هەردوو زاراوەی نوێی تایبەت بە خۆی هێنایەکایەوە، کە بریتیبوون لە (وروژاندن) و (کاردانەوە)[2]. لەبەرئەوە پێیوابوو لە ئەنجامی وروژاندن و کاردانەوەوە مرۆڤ یان ئاژەڵ ڕەفتاری نوێ فێردەبێت، ئەم ڕەفتارە نوێیانەیش بۆ گەیشتن بە پاڵنەرە دەروونییەکان گرنگن، چونکە بێ لەیەکدانەوەی ڕەفتارە دەرەکییەکان ناتوانرێت پەی بە پرۆسە ناوەکییەکان ببرێت، لەبەرئەوەی بەرهەست ناکەون و لە لێکۆڵینەوەی زانستییدا جێگەیان نابێتەوە[3].

(واتسۆن) دان بە چەمکی غەریزەدا نانێت و فێربوون وەک وەڵامدانەوەی وروژێنەر دەبینێت و هەروەها دان بە تایبەتمەندی بۆماییدا نانێت و ڕەتیدەکاتەوە و پێی وایە، دەتوانینین منداڵ فێری هەر شتێک بکەین، کە دەمانەوێت. (واتسۆن)و(سکنەر) پێیان وابوو، ئەگەر کۆمەڵێک منداڵی ساوایان پێبدرێت لەو ژینگەیەی، کە دەیخەنە ناوی و ئەو هۆکارانە دەیگرنەبەر بۆ پەروەردەکردنیان، چۆنیەتی ڕەفتاریان دیاریدەکات، نەک سیفاتی بۆماوەیی دایک و باوکیان[4].

(واتسۆن) پەیوەندیی نێوان ڕەفتاری زمانی و بیر لەلای تاک دەخاتە ڕوو، ئەوەیش ڕووندەکاتەوە، کە زمان جگە لە (نەریتێکی دەربڕاو) شتێکی زیاتر نییە، ڕەفتارێکە وەک سەرجەم ڕەفتارەکانی تری مرۆڤ[5]، واتە (واتسۆن) زمانی وەک ڕەفتارێکی بینراو تەماشادەکرد، کە بریتییە لە کۆمەڵێک وەڵامدانەوەی بەمەرج[6]. دواتر لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی (واتسۆن) ئەم بیروڕایە لە لایەن( بلۆمفیلد)ەوە بۆ لێکدانەوەی زمان گواسترایەوە و هەر لە سەر ئەو بنەمایەش واتای بە شتێکی لاوەکی لە قەڵەمدا، چونکە شتێکی هزریی و ئەندێشەییە و نابێتە بابەتێک بۆ شیکردنەوە[7].

لەم چەند خاڵەی خوارەوە چەمکی ڕەفتار دەخەینە ڕوو:

١- هەموو ئەو هەڵسوکەوت و جوڵە و ئاماژانە دەگرێتەوە، کە دیار و هەستپێکراو و وروژێنەرن.

---

1 زهرا رحمانی (١٣٩٦: ١٤).

2 دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح (٢٠١٤: ١٣)

3 عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٤٢).

4 http://www.wgu.edu/blog/what-behavioral-learning-theory2005.html#clos

5 ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢: ٤٤-٤٥).

6 عزيز كعواش (٢٠١٠: ٧).

7 عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٤٢).

٢- هەموو وێناکردن و بیرۆکەیەک لەبارەی هەرشتێکەوە بێت نابێتە ڕەفتار و وەک ڕەفتار سەیرناکرێت، تا ئەو کاتەی دەچێتە قۆناغی هەستپێکردن و بەرجەستەبوونەوە، هەروەها دەرکەوتن و پیادەکردنی لە زماندا لە دۆخ و حاڵەتێکدا دەبێت، بتوانرێت ڕووداوەکان ببینرێت، یان هەستیان پێبکرێت. بەو شێوەیەش هەندێک ناوی (ڕەفتاری زمانی) لەو دۆخ و حاڵەتەدا دەبێت، بتوانرێت ڕووداوەکان ببینرێت، یان هەستان پێبکرێت.

٣- ئەم تیۆرە فێربوون و ڕۆڵی ژینگە و دەوروبەر بەبنەمایەکی هەرە گرنگی تواناکانی مرۆڤ دادەنێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەتوانای بەکارهێنانی زمانیشەوە، لایەنی بایۆلۆژی و (بۆماوە) بە هۆکارێکی لاوەکی دادەنێت، یان هەندێکیان هیچ گرنگی بەو لایەنە نادەن[١].

٤- لایەنگرانی ئەم تیۆرە زمانوەرگرتن وەکو ڕەفتارێکی دەرەکی تەماشادەکەن و لێی دەکۆڵنەوە، بە ئاکامی کارتێکردنی نێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوەکانی مرۆڤی دادەنێن، چونکە لای ئەمان زمان ڕەفتارێکی بینراوە، چەشنی ڕەفتارەکانی تری مرۆڤ، بەبێ ئەوەی گوێ بە پرۆسە ئاوەزیەکانی مێشکی مرۆڤ بدەن، سەبارەت بە وەرگرتنی زانیارییەکان، دواتریش ڕێکخستن و کۆدکردنیان، چونکە ئەم پرۆسانە ناچنە ژێر لێکۆڵینەوە[٢].

٥- ئەم تیۆرە جیاوازی چۆنایەتی لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەردا ناکات، تەنها لایەنە بینراوەکانی بوونەوەرەکان لەبەرچاودەگرێت، تاقیکردنەوەیان لە سەر ئەنجامدەدات، لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە وەکو هەر ڕەفتارێکی دەرەکی هاوشێوەی هەموو ڕەفتارە داینامیکییەکانی دیکەی مرۆڤ[٣].

بە پێی ئەم قوتابخانەیە سێ جۆر فێربوون جیاکراوەتەوە،ئەوانیش:

یەکەم- فێربوونی کۆمەڵایەتی: تیۆری لاسایکردنەوە دەگرێتەوە، لە زمان دەکۆڵێتەوە، وەکو دابونەریت.

دووەم- فێربوونی مەرجی کلاسیکی: فێربوونی زمان لە ڕێگەی وروژێنەر و وەڵامدانەوەوەیە، کە خۆی لە کارەکانی پاڤلۆڤ و بلۆمفیلد و واتسن ...تد دەبینێتەوە،

سێیەم- فێربوونی مەرجی بەجێهێنان: ئەزموونبەندکاری کە فێربوونی زمان لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە دەبێت، پاداشتکردنیش ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، ئەم تیۆرەش کارەکانی سیکنەر و جان لاک...تد دەگرێتەوە.

تیۆرەکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:

---

[١] **بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: دارا حەمید محەمەد (٢٠١٣: ٦٤) ئەو سەرچاوانەی لەوێ بەکارهاتوون.**

[٢] **عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٤١).**

[٣] **محەمەدە عودە ئەلریماویی (٢٠١١: ١٦٤).**

**٢/١-١-١-١)تیۆری فێربوونی مەرجی کلاسیکی(وروژێنەرو و وەڵامدانەوە):(پاڤلۆڤ، بلومفێڵد،....)**

ئەم تیۆرە بە چەند ناوێکی تر ناسراوە، وەک تیۆری فێربوونی وەڵامدانەوە، مەرجی پێچەوانە یان مەرجی پاڤلۆڤی، سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە و دروشانەوەی بیرۆکە و چەمکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەناوبانگی ڕوسی (ئیڤان پاڤلۆڤ)[١].

پوختەی ئەم تیۆرە ئەوەیە فێربوون لە ئەنجامی ورژێنەر و وەڵامدانەوە دروستدەبێت، مەرجی وەڵامدانەوە بریتییە لە وروژێنەر، بەمەستەیش (پاڤلۆڤ) چەند تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا، لە یەکێک لە تاقیکردنەوەکانیدا سەگێکی هێنا و لە ژوورێکی تایبەت بە تاقیکردنەوە بەستیەوە، پارچەگۆشتێکی پێدا، بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی لیکی هاتەخوارەوە، دوایی ماوەیەک پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ پارچە گۆشتەکەی پێبدات، بەچەند چرکەیەک زەنگی بۆ لێدەدا، پاشان پارچە گۆشتەکەی دەخستە بەردەمی، ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ چەندین جار دووبارە کردەوە، پاشان تێبینیکرد تەنها بە لێدانی زەنگەکە، بەبێ دانانی خواردن لەبەردەمی لیک لە دەمی سەگەکە دێتەخوارەوە[٢].




وێنەی ژمارە(١) تاقیکردنەوەکەی پاڤلۆڤ

دەتوانین ئامانجامی تاقیکردنەوەکە لەم هاوکێشەیە بخەینە ڕوو:

{ (وروژێنەری بێ مەرج )= (پارچە گۆشتەکە) ⟵(وەڵامی بێ مەرج) (هاتنەخوارەوەی لیک)}

{وروژێنەری سەربەخۆ = تەنها لێدانی زەنگ ⟵نەبوونی وەڵام نەڕژاندنی لیک}

{وروژێنەری سەربەخۆ(زەنگ) + وروژێنەری مەرجی(پارچە گۆشت) = وەڵامی بێ مەرج هاتنەخوارەوەی لیک. }

{وروژێنەری سەربەخۆ(زەنگ) + وەڵامی مەرجی هاتنەخوارەوەی هاتنەخوارەوەی لیک}

---

١ ـــــــــ، و. ڕەمەزان حەمەدەمین قادر (٢٠٢٠: ٩٠).

٢ مصطفى ناصف (١٩٨٣: ٧٤- ٧٦).

سەرەتای ئەم جۆرە شیکردنەوانە لە(پاڤلۆڤ)ەوە دەستی پێکرد و دواتر زمانەوانی ئەمریکی (لیۆنارد بلومفیلد) پەرەی پێدا [١]، (بلۆمفیلد) لە کتێبەکەیدا بەناوی زمان (Language) پەیوەندیی لە نێوان زمانەوانی و دەروونناسی تێکەڵ بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کرد[٢]، ئەم زمانەوانە لێکوڵینەوەی دەنگەکانی کردووەتە دەستپێک، کە لێیانەوە هەنگاو بەرەو بابەتەکان دەنێت و پێناسەی زمان دەکات، بەوەی درکێنراوێکە لە ئاگادارکردنەوەیەکەوە یان وروژێنەرێکەوە بەرهەمهاتووە و پەل بۆ وەڵامدانەوەیەکی درکێنراو یان نەدرکێنراو دەکێشێت، لەم حاڵەتەدا درکێنراوی یەکەم دەبێتە ئاگادارکەرەوەیەک یان وروژێنەر بۆی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش، نموونەی (جاک) و (جیڵ) و (سێو) دەهێنێتەوە، ئەم نموونەیەش بەکورتی ئەوەیە (جیڵ)هەست بەبرسێتی دەکات و کاتێک درەختەکە دەبینێت سێوێکی پێوەیە، ئەو کاتە سێوەکە ڕۆڵی وروژێنەرێک دەبینێت، لەگەڵ ئەوەی برسیشێتی، ئینجا هۆشداری دەدات و لە حاڵەتی وروژاندایە و دەستدەکات بە قسەکردن و لە (جاک) داوادەکات، سێوەکەی بۆ بێنێت، لێرەدا قسەکەی (جیل) سەبارەت (جاک)، وەک ئاگادارکردنەوەیەک و وروژێنەرێکی لێدێت، لەم حاڵەتەیشدا دەڵێت سێوەکە ئامادەدەکەم، یان تەنها داواکارییەکە جێبەجێدەکات، ئەمەیش حاڵەتێکی وەڵامدانەوەیە کە ڕوودەدات[٣]، واتە ئاخاوتن دەبێتە وروژێنەر و وەڵامدانەوە، وەک لەم هاوکێشەیەدا خراوەتە ڕوو:[٤]

$$S \longrightarrow r \longrightarrow s \longrightarrow R$$

شیکاری هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەبێت:

S وروژێنەرە r کاردانەوەیەکە لە شێوەی (دەنگی نائاخاوتەیی)

S وروژێنەرە (کاردانەوەی دەنگی) R کاردانەوەی کارەکی

کاتێک وروژێنەر لە لایەن کەسێکەوە دەبێت ( S ) ئەو وروژێنەرە دەبێتە کاردانەوە لای کەسی دووەم ( R )، بەمەش زمان لەڕێی ڕەفتارەوە بە شێوەی وروژێنەر و کاردانەوە بەکاردەهێنرێت، کە تێیدا ڕووداوێک دەبێتە وروژێنەر، ئەو وروژێنەرە کاردانەوەیەکی دەنگی نائاخەوتەیی لێدەکەوێتەوە، ئەو کاردانەوەیە دەبێتە وروژێنەرێکی دەنگی، کە دەبێتە مایەیی کاردانەوەیەکی دەنگی، واتە چوار کردە ڕوودەدات: دووانیان زمانیین، دوانیشیان نازمانیین، بەم شێوەیە:

---

**١ ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢: ٤٣)**

**٢ عزيز كعواش (٢٠١٠: ٨).**

**٣ ئیبراهیم خلیل (٢٠١٦: ٦٤).**

**٤ ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٨: ٢٠).**

(ڕووداو)ورووژێنەری نازمانی ←کاردانەوەی زمانی ←زمانی ورووژێنەر←کاردانەوەی نازمانی

ئەمەش وەک بەڵگەیەکە لە سەر ئەوەی قسەکردن ڕەفتارێکە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی ئاگادارکردنەوەیەکی دەرەکییەوە پەیدادەبێت. ئاخاوتن لای ڕەفتارییەکان بریتییە لەو هەڵوێستەی قسەکەری تێدایە، ورووژێنەر و وەڵامدانەوە ڕۆڵ لەو هەڵوێستەدا دەبینن، بەم شێوەیە:[1]

١- هەر وتەیەک دەدرکێنرێت، لە ئەنجامی ورووژێنەرێکی ناوەوە دێت.

٢- بەرهەمهێنانی وشە یەکەم هۆکار دەبێت بۆ ورووژاندنی زیاتری ناوەوە، ورووژاندنی زیاتری ناوەوەیش وشەی نوێی پێ بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیە بەردەوامی دەدرێت بە ئاخاوتن.

ئەم تیۆرە هەڵگری کۆمەڵێک بنەمایە:

١- ڕەتکردنەوەی هەموو تێڕوانینێکی ئاوەزمەندانە.

٢- لێکچواندنی ڕەفتاری ئاژەڵ و مرۆڤ.

٣- کورتکردنەوەی پرۆسە ئاڵۆزەکانی غەریزی مرۆڤ بە چەند پرۆسەیەکی سادەیی فێربوون.

هەروەها جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە لەبواری فێربووندا خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- گرنگیدان بە فێرکردن/فێربوون بەوەی کە فێرکردن/فێربوون لە ئەنجامی وەڵامی ورووژێنەرێکەوەیە.

٢- پاڵنەر و زیادکردنی پاڵنەرەکان کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لە پرۆسەی فێرکردندا، وەک پاداشت قوتابی، نەخشاندنی پەرتوکەکان، خوێندنگە و پۆل و مامۆستا....تد دەتوانن پاڵنەری بەهێزبن.

٣- دووبارەکردنەوە، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەوەی بەردەوامەوە دەکرێت قوتابی فێری هەر بابەتێک بکرێت.

ئەم تێڕوانینانە توشی چەندین ڕەخنە بوو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکدانەوە ڕووکەشیانەی بۆ پرۆسەی زمان کرابوون[2].

### ٢/١-١-١-٢) تیۆری لاساییکردنەوە(دووبارەکردنەوە) (لویس، مەکارسی ...)

بەپێی تێڕوانینی ئەم تیۆرە منداڵ لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و دوبارەکردنەوە هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ فێردەبێت، زمانیش وەک ڕەفتارێکی مرۆڤ لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی خێزان و کۆمەڵەوە فێردەبێت، دواتر وردە وردە شارەزای یاسا و ڕێساکانی زمان دەبێت و

[1] دارا حەمید محەمەد (٢٠١٣: ٦٥).

[2] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢: ٤٤).

دەتوانێت زمـان بەکاربهێنێـت[1]، واتە پشـت بە ئـارەزوویەکی خۆرسـکی دەبەسـتێت، ویسـت و ئـارەزوو پـاڵنەری لاسـاییکردنەوە و زمـانوەرگرتنە، هەرچەنـدە لای هەنـدێک لە پێڕەوانـی ئەم تیۆرە پێیانوایە، لاسایکردنەوە زمان کردەیەکی ئامێریی/نەویستییە، دابڕاوە لە مەبەست و توانا و کـردەی بیرکـردنەوە، بـۆ بەئەنجامگەیانـدنی پشـت بە هەنـدێک ئەنـدامی ڕووت دەبەسـتێت، بۆچوونەکەی دیکە پێیانوایە، پەیوەندییەک لە نێوان ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتندا هەیە[2].

مرۆڤ بەگشتی و منداڵ بە تایبەتی، بە هۆی لاسـایکردنەوەی وشـە و دەربڕینەکانی دایک و بـاوک و دەوروبەرەوە، زمـان فێردەبێت و دەڵـێن، کە توانـای منـداڵ لە لاسـایکردنەوەدا زۆر بەتینە و دەتوانێت زۆر بەپەلە وشە وەربگرێت و قسەبکات، بەهرەی منداڵ هەر لاسایکردنەوەی وشـە و ڕسـتە نیـیە، بەڵکـو لە گـوتنەوە و شـێوازەکانی دەنگیشـدا دەردەکەوێـت[3]. ئەم تیـۆرە هۆکـارە بـایۆلۆژی و دەروونییەکـان لەبەرچاوناگرێت و بـاوەڕی وایە، کە چـۆنیەتی وەرگرتنـی زمـان لای منـداڵ بە ڕێگـای لاسـایکردنەوە دەبێـت، واتە منـداڵ لە ئەنجـامی لاسـایکردنەوەی ئاخاوتنی ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری هەن فێری زمان دەبێت. بۆیە(بریير) دەڵێت: لاسـایی کردنەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی زمان و بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە وەرگرتنـی زماندا [4].

ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ کراون، ئەوە دەردەخەن، منداڵ ڕاستەوخۆ لاسـایی ئەو وشـە و ڕسـتانە ناکـاتەوە، کە دەیانبیسـتێت، بەوەی سـەرلەنوێ دووبارەیـان بکـاتەوە، بەڵکـو منـداڵ سـەرلەنوێ دارشـتنەوە بـۆ ئەو وشـە و ڕسـتانە دەکـات، کە گوێی لێ بووە بۆ دروستکردنی ڕستەی نوێ، کە پێشتر گوێ لـێ نەبووە. ئەمەش گرنگترین ڕەخنەیە کە ئاراستەی ئەو تیۆرە کراوە، چونکە ئەگەر مـرۆڤ  بە شـێوەی لاسـایکردنەوە فێری زمان بووایە، ئەوا دەبووایە، هەموو مرۆڤەکان یەک فەرهەنگە وشەیان هەبووایە، بەڵکـو مـرۆڤ لەم حاڵەتـدا وەکـو ئامێرێکیـان لـێ دەهـات، ئەوەی وەریـان گرتبـا، هەر ئەوەیـان دەردەخسـت. ئەمەش لەگەڵ ڕاستی زمانە سروشتییەکان ناگونجێت[5]. بۆیە ئەم تیۆرە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە شیکردنەوەی چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بەدەستنەهێنا.

---

[1] محمد مصطفى احمد يونس (٢٠١٠: ٦٨).
[2] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٣٠).
[3] عەبدولواحید ئەلوافی (٢٠٠٧: ١٦).
[4] دانا تەحسین محەمەد (٢٠٠٨: ٤٣).
[5] سەرچاوەی پێشوو (٤٣).

**۲/۱-۱-۱-۳)تیۆری مەرجی بەجێهێنان/ئەزموونبەندکاری (هەوڵدان و هەڵەکردنەوە):(سکنەر، جان لاک،سۆرندایک ..)**

ئەم تیۆرە بەرهەمی قوتابخانەی بونیادگەرەکانە، ئەم قوتابخانەیە لەو باوەڕادان هەموو زانیاری، بیروباوەڕ، کاروچالاکی بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت بەرهەمی ئەزموونە، ئەزموونیش بە واتای فێربوون لە ڕێگەی ئەو هەڵانەی کە مرۆڤ دەیاندات دەبێتە ئەزموون و دووبارە ئەو هەڵانە ناکەنەوە. زانای ئەمریکی ( سۆرندایک Thorndike 1984 – 1949) زانایەکی ڕەفتاری بوو، چەندین تاقیکردنەوەی لە سەر ئاژەڵی جۆراوجۆر ئەنجامدا، وەکو سەگ، پشیلە، مریشک، کۆتر، ماسی و مەیمون. (هاری ویلز) دەڵێت: مەبەستی سۆرندایک لە فێربوون بە هەوڵ و هەڵە، ڕەمەکی بەردەوامی بوونەوەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە هەلوێستەکانی ژیان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە زۆربەی هەوڵەکانی هەڵەدەکات، بەلام لە هەندێک لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو دەبێت و فێردەبێت، لە هەوڵە سەرکەوتووەکان بەردەوام دەبێت، هاوکات خۆی لە هەوڵە هەڵەکان بە دووردەگرێت[1]. یەکێک لە کارە دیارەکانی بەناوی زیرەکی ئاژەڵان (Animal intelligence) هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی فێربوونی ئاژەڵەکان دەکات وەک (پشیلە، سەگ، باڵندە) چاودێری ڕەفتاریان دەکات، بە وتەی ئەم هاندەرێک وەلامدانەوەیەکی دیاریکراو دروستدەکات، هەروەها ڕوونیدەکاتەوە، فێربوون گۆڕینی ڕەفتارە، دەکرێت لە ڕێگەی ڕاهێنان بە ئەنجامبگەیەنرێت.

(سۆرندایک) دوای ئەوەی پشیلە برسییەکە دەخاتە ناو قەفەزێکەوە و دەرگاکەی دادەخات، لە دەرەوە بە پارچە گۆشتێک پشیلەکە دەوروژێنێت، دوای دانانی پارچە گۆشتەکە بینی پشیلەکە کەوتووەتە حاڵەتی خرۆشان و شڵەژان و هەوڵی دەدا، لە قەفەزەکە بێتە دەرەوە، چەندین هەوڵی ڕەمەکی شکستخواردووی ئەنجامدا، تاوەکو لە یەکێک لە هەوڵەکانیدا دەستی بەر دەسکی قەفەزەکە دەکەوێت و دەرگاکەی بۆ دەکرێتەوە، دوای هاتنە دەرەوە ڕاستەوخۆ پەلاماری گۆشتەکەیدا و خواردی، (سۆرندایک) ئەمەی چەند جارێک دووبارەکردەوە، تاوەکو پشیلەکە بەتەواوی فێربوو بەبێ هەوڵ و هەڵە دەرگاکەی دەکردەوە و لە قەفەزەکە دەهاتە دەرەوە[2]. ئەم تیۆرییە سێ بنەما لەخۆدەگرێت:[3]

١- بنەمای ڕاهێنان

٢- بنەمای ئامادەیی

٣- بنەمای کاریگەریی

[1] ـــــــــ، و. ڕەمەزان حەمەدەمین قادر (٢٠٢٠: ٩٠).

[2] M. H. Islam. http://www.core.ac.uk

[3] حمزه راوية (٢٠١٥: ٥٢).

١- بنەمای ڕاهێنان: ئەم بنەمایە جەخت لە سەر دووبارەکردنەوەی ڕاهێنان دەکات، ئەمەش بۆ دوو بنەما دابەشدەبێت:

أ- بنەمای بەکارهێنان: تاوەکو زیاتر ڕاهێنان بکرێت، پەیوەندیی نێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە زیاتر دەبێت، بەمەش پرۆسەی فێربوون زیاتر دەبێت.

ب- بنەمای پشتگوێخستن(الاهمال): ئەگەر ڕاهێنانەکان بەردەوام نەبن، پەیوەندیی نێوان هاندەر و وەڵامدەرەوە لاواز دەبێت، ئەگەری لەدەستدانی ئەو ڕەفتارەی فێربووە، بۆ نموونە کەسێک فێری زمان دەبێت و بەکاری ناهێنێت، ئەگەری لە بیرچوونەوەی ئەو زمانەی دەبێت.

پ- بنەمای ئامادەیی(الاستعداد): دەبێت فێرخواز ئامادەیی فێربوونی تێدا بێت، واتە لە ڕووی فیسۆلۆجی و دەروونییەوە ئامادەیی فێربوون بێت.

ت-بنەمای کاریگەریی: مەبەست لەم بنەمایە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەریی دەکەنە سەر فێربوون، زیاتر مەبەست لێی (هاندان/پاداشت و سزایە). (سکنر) دووجۆر هاندان و دووجۆر سزا دیاریدەکات:

یەکەم-هاندان

أ- هاندانی ئەرێنی: بۆ بەهێزکردنی وەڵام بەکاردەهێنرێت،واتە هەتا هاندان زیادبکرێت، هێزی وەڵام زیاتر دەبێت، بۆ نموونە کاتێک قوتابیەک وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە، ئەگەر لەلایەن مامۆستاکەیەوە پاداشت بکرێت(بەنمرە بێت، یان لەڕێگەی وتەیەک)ەوە بێت، ئەوە ئەو ڕەفتارە بەهێزتر دەبێت.

ب-هاندانی نەرێنی: مەبەست لەم جۆرە هاندانە دوورخستەوەی وروژێنەری ئازاربەخش لە سەر قوتابی ئەگەر هاتوو ڕفتارەکانی باشکرد.

دووەم - سزا

أ- سزای ئەرێنی: بریتییە لە زیادکردنی وروژێنەری ئازاربەخش بۆ ژینگەی بونەوەرەکە، لەگەڵ ئەوەی وەڵامی بونەوەرەکە لاوازدەکات. لە تاقیکردنەوەکەی سکنر کاتێک مشکەکە بەرزکەرەوەکە دادەگرێت، تەزووی کارەبا لێیدەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕەفتاری مشکەکە، لەبەرئەوە مشکەکە لە داگرتنی بەرزکەرەوەکە دەوەستێت. نموونەی زۆر هەن لەم بارەیەوە بۆ مرۆڤ بۆ نموونە(لێدانی تاوانباران، سزادانی سەرپێچیکاران، پێدانی ئەرکی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی یاساکانیان کردووە...تد)، هەموو ئەمانەیش بەمەبەستی لاوازکردنی ڕەفتارە نەویستراوەکانە.

ب- سزای نەرێنی: ئەم جۆرە سزایە ورووژێنەرێک لە ژینگەی بوونەوەرەکە لادەبرێت، بەئامانجی کەمکردنەوەی هەمان ڕەفتار لە داهاتوودا.وەک بەشدارییپێنەکردنی قوتابی لە گەشتێک بەهۆی ڕەفتارێکی نەخوازراو.

| | |
|---|---|
| – – +<br>هاندانی نەرێنی | + + +<br>هاندانی ئەرێنی |
| + – –<br>سزای نەرێنی | – + –<br>سزای ئەرێنی |

هێڵکاریی ژ (٣ )پیشاندانی هاندان و سزا

لە چوارگۆشەی یەکەمی خشتەکەدا، هێمای کۆی یەکەم ئاماژەیە بۆ ڕەفتاری ویستراو، هێمای کۆی ڕەنگکراوەکە ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ڕەفتار، کۆی سێیەم ئاماژەیە بۆ ورووژێنەرێکی گونجاو.

بنەمای سەرەکی فێربوون بریتییە لە پاداشتکردن، واتە پاداشتکردن پەیوەندیی نێوان هاندان و وەڵامدانەوە زیاتر دەکات، بەڵام سزا ئەم پەیوەندییە لاواز دەکات.

بنەمای سەرەکی تیۆری سۆرندایک فێربوونە بە ڕاهێنان، پێویستە فێرخواز بە بەردەوامی ڕاهێنانی پێبکرێت، بۆ ئەوەی وەڵامدەرەوەیەکی باشی هاندەربێت، هەروەها دەڵێت فێربوون بریتییە لە پرۆسەی نێوان هاندەر و وەڵامدانەوە[١]. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت هەڵەکان دەبنە ئەزموون،(جۆن لۆک) مێشکی مرۆڤ بە (سندوقێکی بەتاڵ) دادەنێت،(دیڤید هیۆم)یش پێیوایە هەموو یاساکان کە لە سروشتدا هەن بەبێ جیاوازی لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەناسرێنەوە [٢].

(سکنەر) وەڵامەکان یان کاردانەوەکانی گیانلەبەران دابەشدەکات بۆ دوو دەستە: دەستەی یەکەم بە ( respondent) ناوی دەبات و تەنها وەڵامی کاردانەوەیەکن لەبەرانبەر بزوێنەرێکی تایبەتی کە لە بوونەوەرەوە ئەنجامدەدرێت، وەک کردنەوە و داخستنەوەی چاوی مرۆڤ لەبەر ڕۆشنایدا، دەستەی دووەم کە بە (operant) ناوی دەبات، کۆمەڵە وەڵامێکن بۆ ئەو وەڵامانەی کە هیچ بزوێنەرێکی ئاشکرا بوونی نییە. تاقیکردنەوەکانی (سکنەر) زیاتر دەربارەی جۆری دووەمە، چونکە ئەم جۆرە ڕەفتارەیان زیاتر کاریگەریی لە پرۆسەی فێربوون بەسوودوەرگرتن

[1] M. H. Islam. http://www.core.ac.uk

[٢] محەمەد ڕەزا باتنی (٢٠١١: ٤١).

له (مەرج سازیی) هەیە[1]. هەروەها (سکنەر) بۆچوونی وابوو زمان نەریتێکی کۆمەڵایەتییە، وەکو هەموو نەریتەکانی تر، فێربوونی زمانیش وەکو هەمو نەریتەکانی تر فێردەبێت، ئەو پێوایە منداڵ کە لەدایکدەبێت، مێشکی وەک پەڕەیەکی سپی وایە و هیچی دەربارەی زمان تێدا نییە[2].

**٢/١-١-٢) تیۆری عەقڵگەراییەکان (خۆڕسکییەکان)(توانستی بۆماوەیی/ غەریزەی هۆشەکی): (نوام چۆمیسکی، کراشین، ...).**

ئەو تیۆرانەن پرۆسەی وەرگرتنی زمان بە گریمانەکردنی ئارەزوویەکی خۆرسکی بایۆلۆژی لای مرۆڤ لێکدەدەنەوە، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بریتین لە: Chomsky1965، Cook1986 ،Zoble1984 ،Krashen1985 ،Wode ،Pinker1984 ،Bicker ton 1964، Gass and Schter 1989 ،Vroman1986 ،Rutherford1984 ،Whhite1987. لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە، مرۆڤ کە لە دایکدەبێت توانستی وەرگرتنی زمانی لەگەڵدایە، بە بەڵگەی بوونی یاساگشتییەکانی زمان دوور لە باگراوندی زمانی و ڕەگەزی و تۆخمی و ژیریی، هەروەها پێیانوایە چەند بەشێک لە مێشکی مرۆڤ بەرپرسە لەوەرگرتنی پێکهاتەکانی زمان[3].

ئەم تیۆرە لەلایەن(چۆمسکی)ەوە سەریهەڵداوە، باس لەوە دەکات، هەموو زمانەکان تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، منداڵ کە لەدایکدەبێت، خاوەنی سیستەمێکە بە ناوەی سیستەمی فێربوونی زمانی (LAD)[4] ئەم سیستەمە یارمەتی منداڵ دەدات، ئەو ڕێزمانە هەڵبژێرێت، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. (چۆمسکی) جەخت لەوە دەکاتەوە، مرۆڤ خاوەنی پرۆسەیەکی عەقڵیی ئاڵۆزە و لەگەڵ لەدایکبوونیدا لەگەڵیدایە، توانایەکی زمانی هەیە، یارمەتیدەدات بۆ فێربوونی هەر زمانێک[5]. چۆمسکی سیفەتێکی گرنگی تری خستەپاڵ زمان، کە بریتییە لە توانای قسەکەر بۆ ڕێکخستنی ڕستە و دەستەواژەی نوێ، کە هیچ کەس پێش ئەو بەکارینەهێناوە و لەکەسی تر گوێی لێ نەبووە[6]، واتە وەرگرتنی زمانی یەکەم پڕکردنەوەی ڕێزمانە تایبەتەکەیەتی لە سەر ڕێزمانە گشتییەکەی(UG)، گەشەکە دوای زمانوەرگرتن دێت و

---

[1] محەمەد ڕەزا باتنی (٢٠١١: ٤١).
[2] نایف خرما (١٩٧٨: ١١٤).
[3] عبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٢١ : ١٧٥)
[4] ئەم کۆئەندامە وەک سەندوقێک وایە دەکەوێتە ناوچەیەک لە ناوەندە کۆئەندامی دەمار، ئەم کۆئەندامە (LAD) وا لە منداڵ دەکات، بتوانێت ڕێزمان و یاساکانی زمانێک لەو ڕستە و وشانەی ئەو زمانەی کە لە ژینگە زمانییەکەی هەیە، بەهۆی بیستنەوە دەریان بهێنێت، واتە منداڵ کاتێ گوێی لەو نموونە زمانییانە (ڕستە و وشەکان) دەبێت، بە شیکردنەوەیان لە مێشک هەڵدەستێت. مێشکیش بەغەریزە ئەو توانستەی تێدایە بۆ شیکردنەوەی زمان و دەرهێنانی ئەو ڕەگەز و یاسایانەی کە سیستەمی گشتی بەرهەمی هێناون و دواتریش ئەمباریان دەکات.بڕوانە: (یحیی عبابنە و امنە الزعبی:٢٠٠٥:٦١).
[5] نایف خرما (١٩٨٧ : ١١٦).
[6] سەرچاوەی پێشوو(١١٦).

له وەرگرتنــی زانیــاری زمــانییەوە دەســتپێدەکات، تــا دەگــاتە گەشــەکردنی کۆزانیــاری، کۆزانیـارییەکەی دەربـارەی وەرگرتنـی زمـانی یەکەم لە داتاکـانی دەوروبەریـیەوە وەردەگرێت، بۆیە زانیارییەکان دەبن بە کۆزانیاری[1].

هەروەها (چۆمسکی) تیۆری فێربوون کە باس لە پەیوەندیی مەرجداری نێوان وروژاندن و کاردانەوە دەکات ڕەتکردەوە و ڕەخنەی لەم تیۆرە گرت و ئەوەی ڕاگەیاند، ئەم تیۆرە بە کەڵکی لێکدانەوەی توانای قسەکەر نایەت، دوای ئەوەی ڕایگەیاند، منداڵ لەدایکدەبێت خاوەنی ئامێری نـاوخۆیی(LAD)ە بـۆ وەرگرتنـی زمـان، بەتونـدی تیـۆری لاسـایکردنەوەی ڕەتکـردەوە، کە ڕەفتارییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، چونکە لە دیدی ئەوەوە زمان تێڕوانینێکی ڕێکوپێکە بۆ ئەو ڕەفتــارەی مــرۆڤ لە بوونەوەرەکــانی تــر جیادەکــاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێــت، ئەگەر زمـانوەرگرتن لە ڕێگەی لاسـایکردنەوەوە بێت، ئەوە منـداڵ تەنهـا ئەو شـتانە فێردەبێت، کە لە دایک و باوکییەوە گوێی لێ بووە، لە کاتێکدا منداڵ کۆمەڵێک ڕستەی جیاواز دەردەبڕێت، کە پێشتر لە چواردەوری بەکارنەهاتوون[2]. هەروەها ڕەفتارییەکان وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێداوە، لە تاقیکردنەوەکانیاندا ئاژەڵیان بەکاردەهێنا، بەڵام (چۆمسکی) باوەڕی وایە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هەیە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە پرۆسەی فێربوونی زمانیدا خـاوەنی ئاوەز و لۆژیکە و توانایەکی داهێنەرانەی هەیە، زیاتر بریتییە لە توانست،ئەمەش توانستێکی سروشـتی نـاوەکییە و بنەمـای ئـامێری وەرگرتنـی زمـانە[3]، بەڵام (چۆمسـکی) تـاڕادەیەک لەوەدا لەگەڵ ڕەفتارییەکان هاوڕایە، کە زمان بە ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵەوە پەیوەستدەکەن، چونکە بەلای (چۆمسکی)شەوە گرنگە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە، فێربوونی زمـان سروشـتییە، لە مێشـکی مرۆڤدا لە ڕێگەی بۆماوەییەوە کۆئەندامێکەوە جێگیردەبێت، هۆکـاری فێربوونەکەشـی کۆمەڵێکی دیاریکراو دابینی دەکات، ئەویش بنەمـای گشـتییە بـۆ ڕێکخسـتنی زمـان، کە بە ڕێزمـانی گشـتی نـاوی دەبـات[4].بەمەش بەرپەرچـی تیـۆرییەکەی (سـکنەر)ی دایەوە، چـونکە (سـکنەر) پێیوابـوو زمــان بەرهەمــی ژیــنگە و پەروەردەکردنــی کــۆمەڵایەتییە و زمــان ڕەفتــارێکە وەکــو هەمــوو ڕەفتارەکانی مرۆڤ فێریدەبێت[5]. (چۆمسکی) لە سەر بنەمای ئەو بیروڕایە (تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە)ی داڕشـت. بـۆ لێکدانەوی زانیـارییە زمانییەکـان و پێکهاتەکانیـان. لەم تیـۆرەدا بـۆ تێگەیشتن لە زمان و ناسینی تایبەتمەندییەکانی، دوو چەمکی خستە ڕوو[6]:

---

[1] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٦: ٧٦) لە (William Snyder (2002:3)) وەریگرتووە .

[2] جیفری سامبسون (١٩٩٣: ١٥٣).

[3] کاروان عومەر قادر و شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٢: ٥٦٨ – ٥٦٩).

[4] ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩: ١٢).

[5] شیماء شحاتة  سعید السید (٢٠٢٠: ٨)

[6] عەدنان عەبدولا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٦٠).

١- **توانست:** کۆمەڵێک یاسا و زانیاریی ڕێزمانییە لە مێشکی مرۆڤدا و لە لەدایکبوونەوە لەگەڵیدایە، واتە بۆماوەییە و مرۆڤ بە فێربوون بەدەستی ناهێنێت، لە کاتی کارکردنیشدا مرۆڤ لێی بێئاگایە و مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێت، بۆ زمانوەرگرتن یارمەتی منداڵ دەدات، هەروەها یارمەتی هەموو قسەکەری زمانێک دەدات، بۆ تێگەیشتن و لە زمان و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست. لەم بنەمایەدا هەموو زمانەکان هاوبەشن لەیەکدەچن، ئەم لێکچوونەیش داهێنانی ڕێزمانی گشتی(UG) بە دوای خۆیدا هێنا. زمانەکانی جیهان لە سیما و ڕواڵەتدا زۆر لە یەکتر جیاوازن، تەنانەت جیاوازیەکانیان دەگاتە ڕادەی زۆر سەیر و سەر سوڕهێنەر، بەڵام لە لایەکی ترەوە زمانەکان لە پێکهاتە و بنەڕەتدا وەکویەکن، بۆ نموونە لە هەموو زمانەکاندا بەشەکانی ئاخاوتن یان کەتیگۆریەکانی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، جۆرەکانی ئامراز) بوونیان هەیە، ئەگەرچی لە شێوەی فۆرمدا جیاوازن، لە هەموو زمانەکاندا جیهاندا، دەنگ(فۆنیم)، جۆرەکانی(گیر و ڕەوان)، بڕگە و جۆرەکانی، مۆرفیم و جۆرەکانی هەن و بەکاردێن، ئەم بنەما هاوبەشانە ڕێزمانی گشتی دروستدەکەن و بە زگماکی لە مێشکی منداڵ دان و هاوکاری دەکەن، لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێتە ژیانەوە، زمانی ئەو کۆمەڵگایە وەربگرێت، ئەم زانیارییانە لە توانستدا هەن، ئەبستراکتن و ناچنە ژێر ڕکێفی لێکۆڵینەوەوە، مەگەر لە ڕێگەی پشکنینی مێشک، بە تایبەت ئەو کەسانەی، کە توانای زمانیان لەدەستداوە، یان لە ڕێگەی بەرهەمی توانست، کە توانا و ئاخاوتنە، پەیانپێببرێت. بەلای (چۆمسکی)یەوە توانست کرۆکی زمانە، چونکە منداڵ بە هۆیەوە دەتوانێت لە ئاڵۆزترین ڕستەی زمانەکەی تێبگات و بە ئاسانی و بێ خۆماندووکردن دروستی بکات.

٢- توانا/بەجێهێنان: دیاردەیەکی وەرگیراو و بەدەستهێنراوە، واتە منداڵ دوای ئەوەی بە توانستی زمانییەوە هاتە ژیانەوە، دەتوانێت ئەو زمانەی، کە لە خێزانەکەیدا قسەی پێدەکرێت، زۆر بەباشی فێربێت و بەکاریبهێنێت، ئەم بەکارهێنانەی زمان لەلایەن قسەپێکەرانی هەر زمانێکەوە پێیدەگوترێت توانا، بۆیە دەکەوێتە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی قسەکەر و گوێگر و زۆرجار کەموکورتی تێدەکەوێت، بەڵام بە پێوەری یاساکانی توانست ڕاستدەکرێنەوە و ڕێکدەخرێنەوە بۆ ئەوەی هەڵە لە تێگەیشتن و قسەکردندا ڕوونەدات، دیارە ئەم دوو چەمکە لای منداڵ بە پێی کۆمەڵێک قۆناغ گەشەدەکەن و یەکدەگرن و دەبن بە زمان.

### ٢/١-١-٣)تیۆری درکپێکردن:

ئەم تیۆرە جیاوازتر لە تیۆرەکانی تر، وەرگرتنی زمان بۆ گەشەکردنی کۆزانیاریی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، واتە منداڵ لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی لە ژینگەوە وەریدەگرێت، زمان بەدەستدەهێنێت، نەک لە ڕێگەی وروژێنەر و وەڵامەدەرەوە، وەک ڕەفتارییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، یان زمان بۆماوەیی بێت، وەک تیۆرەکەی چۆمسکی باسی دەکات.

ئەم تیۆرە لە داهێنانی دەروونناسی سویسری( Jean Piaget، 1980 – 1896)ە، بۆ دارشتنی تیۆرییەکەی بە بیروباوەڕەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی(Immanuel Kant) کاریگەربوو[1].

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە زمان و درککردن دوانەیەکی لە یەکتر دانەبڕاون، بەوەی کە زمان " پێڕەوێکی ژیریی ئاڵۆزە و ئامێری گوزارشتکردن و بیرکردنەوەیە" هەروەها زمانوەرگرتن لە تێڕوانینی ئەمانەوە پرۆسەی وەرگرتنی کۆزانیارییە، ئەویش بە کردەکانی ( درککردن، ئاگایی، ئەزموون، بەرجەستەکردن، ...تد)[2].

تێڕوانینەکانی پیاجە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، پێیوایە زمانوەرگرتن بریتییە لە گەشەکردنی توانستی زمانی، واتە زمان لە ئەنجامی کارلێک و کاریگەریی نێوان توانست، ئامادەیی منداڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت، زیاتر پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە لەوەی کارێکی هەڵهێنجان بێت وەک (چۆمسکی) ئاماژەی بۆ دەکات [3].

(جان پیاجە) و (چۆمسکی) لە سەر ئەوەی کۆکن، کە زمان بەرهەمی ژیرییە، بۆ بەرهەمهێنانی زمان و فێربوون لە ڕووی ڕەفتارەوە، بەڵام لەڕووی خورسکی زمانەوە ناکۆکن، واتە ئەم تیۆرە بەوە لە تیۆری هۆشەکی و خۆرسییەکەی چۆمسکی جیادەکرێتەوە، کە باوەڕیان وایە، بنەما گشتییەکانی کۆزانیاری بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە، بەڵام ناکرێت بگوترێت بۆماوەیین.[4]

(پیاجیە) پرۆسەی گەشەکردنی کۆزانیاری لای منداڵ بۆ چوار قۆناغ دابەشکرد و بوون بە بنەما بۆ ئەم تیۆرە:[5]

١- قۆناغی هەستی – جوڵەیی: ئەم قۆناغە لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تاوەکو تەمەنی دووساڵی، پیاجە دەربارەی ئەم قۆناغە دەڵێت: پاڵنەری غەریزی و برسیەتی کۆرپەلە هەڵچوونەکانی زوو دەستپێدەکات، لەگەڵ دەستکردن بە جوڵەی سەرەتایی و هەستکردنی سەرەتایی. منداڵ لەم قۆناغەدا درک بە دەوروبەری خۆی دەکات، بەهۆی پێنج هەستەکەیەوە، واتە منداڵ پشت بە هەستی جوڵەیی دەبەستێت، لەو کاتەشدا هەندێک لە

---

**[1] عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٤٧).**

**[2] شیلان عومەر حسێن (٢٠١٧ : ٣٦).**

**[3] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٣٩).**

**[4] دانا تەحسین محەمەد (٢٠٠٨ : ٥٠).**

**[5] بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە: أ- ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٤١ – ٤٢)، ب- عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥:٤٧ – ٥٣)، پ- نەوزاد کەلهوڕ (٢٠١٠ :٦٥-٦٧)، ت- http://www.verywellmind.com/piagets-stages-of-cognitive-deve**

توانستەکانی بنچینەیی مەعریفی گەشەدەکات، هەروەها منداڵ توانای دەبێت لە سەر جوڵەی جەستەی، منداڵ لەم تەمەنەدا توانای باشی لێکدانەوەی شتەکانی نییە، تەنها درک بەوە دەکات، کە لەبەر چاویەتی، واتە کەمتر کردە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی زمان و بیر کەمتر کاریگەرییان لە سەری هەیە، زیاتر کاریگەرییەکە لە ڕێگەی پاڵنەرە بایۆلۆژییەکانەوەیە. بۆ نموونە لەکاتی لەدایکبوونیەوە هەندێک جوڵە ئەنجامدەدات سەرەتا ئەم جوڵانە خۆویست نییە، بەڵام دواتر بۆ جووڵەی خۆویست دەگۆڕێن. وەک گرتنی بوتڵی شیرەکەی و چەپڵەلێدان و شتدان بە زەویدا و خۆشی وەرگرتن لە دەنگەکەی، منداڵ لە نیوەی ساڵی یەکەم بە دواوە، دەتوانێت لاسایی کەسانی گەورە لە هەڵگرتنی مۆبایل و بردنی بۆ لای گوێی...تد بکاتەوە.

٢- قۆناغی پێش کردە ژیرییەکان: لە سەرەتای دووەم ساڵی تەمەنیەوە تا سەرەتای ساڵی حەوتەم بەردەوام دەبێت، لەم قۆناغەدا توانای کۆنترۆڵکردنی پرۆسە ئاوەزییەکان و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخراو نییە، توانا و ڕادەی تێگەیشتن و چەمکەکانی منداڵ جیاوازن بە بەراورد بە تێگەیشتن و چەمکەکان لای کەسانی پێگەیشتوو[1]. ئاستی ژیریی منداڵ لەم قۆناغەدا نەگەیشتووە بە ئاستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بەراوردکردنیان، تاوەکو بتوانێت جیاوازی لە نێوان دوو هەڵویستی جیاوازدا بکات، هاوکات ئاستی ژیریی منداڵ توانستی پرسیاری سەبارەت بە هۆکاری جیاوازی نییە، ناتوانێت وەڵامەکان پێکەوە ببەستێتەوە. ئەم قۆناغەیش بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشدەبێت:

أ- قۆناغی ئەرکی هێمایی: لە ساڵی دووەمی تەمەنی منداڵەوە دەستپێدەکات، تاوەکو سەرەتای تەمەنی چوار ساڵیدا کۆتایی دێت.

ب-قۆناغی بیرکردنەوەی ڕووداو: ئەم قۆناغەیش لە چوارساڵییەوە دەستپێدەکات، تا تەمەنی حەوت ساڵی.

٣- قۆناغی بیرکردنەوەی بەرجەستەیی: ئەم قۆناغە لە تەمەنی حەوت ساڵی دەستپێدەکات بۆ تەمەنی یانزە ساڵی، منداڵ لەم قۆناغەدا دەتوانێت پرۆسە ئاوەزییەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی بەکاربهێنێت، زمانی لە خودتەوەرییەوە بەرەو زمانی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت، توانای فێربوون و جێگیربوونی تایبەتمەندی شتەکان لە لای گەشەدەکات[2]. منداڵ لەم تەمەنەدا توانای هەڵگرتن و پوختەکردنی ئەنجامەکانی لە ئاوەزیدا هەیە و توانای منداڵ بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان لە یادگەی گەشەی کردوو، پیاجە بەم قۆناغە دەڵێت قۆناغی"بەئاگایی" چونکە بارودۆخ و بابەتەکان شرۆڤەدەکات و بەپێی توانای ژیری خۆی

[1] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٤١ ).

[2]سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٣: ٤١-٤٢ ).

لێیان تێدەگات و توانای ڕەخنەگرتنی لە شتەکان هەیە، توانای لێکجیاکردنەوەی شتە دژبەیەک و نەگونجاوەکانی هەیە، هەروەها دەتوانێت ئەو شتانەشی کە گونجاون، لە تەنیشت یەک ڕیزیان بکات[1].

٤- قۆناغی بیرکردنەوەی تەواو واتادار: ئەمە دوا قۆناغە و لە یانزە بۆ پانزە ساڵی بەردەوام دەبێت، منداڵ لەم تەمەنەدا کرداری هەستی ئاڵۆزتر لە قۆناغی پێشووتر بەکاردەهێنێت، بە شێوەیەکی لۆژیکیانەتر بیردەکاتەوە، دەتوانێت بە دوای جێگرەوە بگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی. لەم قۆناغەدا فەرهەنگی ئاوەزی و کۆزانیاری گەشەدەکات و دەتوانێت وشەی گونجاوتر لە جێگای خۆی بەکار بهێنێت.

دەتوانرێت سوود لەم تیۆرە لە بواری پەروەردەی زماندا وەربگیرێت، لەوانە:[2]

١- ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ کارلێکردن لە نێوان قوتابی و ژینگەی سروشتی یان کۆمەڵایەتیدا زۆر کاریگەرە لە گەشەی کۆزانیاری.

٢- پێویستە سوود لە هەڵەی قوتابیەکان وەربگیرێت بۆ هەڵوێستەکردن لە دروستکردنی فێربوون و فێرکردندا، بەهێزکردنی لایەنی لاوازیان.

٣- نابێت وەڵامی قوتابیەکان بۆ پرسیارەکان بە وەڵامی دروست و هەڵە پۆلێن بکەین، چونکە بەشێکی زۆری ئەو وەڵامانەی، کە پێمانوایە، وەڵامی هەڵەن، بە ئاماژەدان بە چوارچێوەی بۆ سەرچاوە بۆ بیرکردنەوەی منداڵ دروستن.

٤- پێویست ناکات، ڕووبەڕووی ئەو بابەتانە بکرێنەوە، کە پێویستیان بە پرۆسە هزرییە باڵاکانە، کە دوورن لە گەشەی کۆزانیاریان، دەبێت دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنرێت بۆ ئەو چالاکیانەی، کە گەشەی کۆزانیارییان شیاوە بۆ ڕاهێنان.

٥- پێویستە بارودۆخێکی گونجاو بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنرێت و توانای کۆزانیارییان گونجاو بێت بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانەی ئاستیان لاوازە، هەست بە نائومێدی و شکستهێنان نەکەن.

٦- منداڵ/قوتابی بەردەوام لە یەک ئاستدا و لە هەموو بارودۆخێکدا وەکو یەک بیر ناکاتەوە.

٧- کارکردنی قوتابی لەگەڵ ئەوانی دیکە ڕۆڵێکی پەروەردەیی و دیار لە بواری گەشەی کۆزانیاری و سۆزداری و کۆمەڵایەتیدا دەبینێت.

### ٢/١-٢)یادگە و جۆرەکانی:

یادگە ئاماژەیە بۆ پرۆسە دەروونییەکانی بەدەستهێنان و هەڵگرتن و ڕاگرتن و دواتر وەرگرتنەوەی زانیاری. سێ پرۆسەی سەرەکی لە یادگەدا بەشدارن: کۆدکردن، هەڵگرتن و بەکارهێنانەوە. یادگەی مرۆڤ توانای پاراستن و بەکارهێنانەوەی زانیاری لەخۆدەگرێت، بەڵام

[1] **ڕەمەزان حەمەدمین (٢٠١٦: ٦٩). لە (محمد عمدالدين اسماعيل١٩٩٥: ٣٦٠-٣٦٩) وەرگرتووە.**
[2] **موسى رشيد حتاملة ( ٢٠٠٩ ).**

ئەمە پرۆسەیەکی بێ کەموکوڕی نییە، هەندێکجار مرۆڤەکان شتەکان لەبیردەکەن. بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوەیە زانیارییەکان لە یادگەدا بە باشی بە کۆد ناکرێن(١).

سیستەمی یادەوەری مرۆڤ دابەشبووە، بۆچەند جۆرێکی دیاریکراو لە سەر بنەمای ناسینەوەی شتەکان و لێکدانەوە و شیکردنەوە و دەستنیشانکردن. جۆرەکانی یادەوەریش بریتین لە:(٢)




هێڵکاریی ژ (٤) جۆرەکانی یادگە(٣)

---

[1] https://www.fil.ion.ucl.ac.uk/memo/brain.html

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

a- E. C. Paniagua & F. Güell (2017:1-12)

ب- (دەروون عەبدولڕاحمان ساڵەح (٢٠١٤: ٦٦-٧٣)

[3] E. C. Paniagua & F. Güell (2017:12).

**١-٢-٢/١)يادگەی هەستی:**

ئەم یادگەیە ڕۆڵێکی گەورە لە گواستنەوەی وێنە ڕاستەقینەکانی جیهانی دەرەوە بە شێوەیەکی زۆر خێراو ورد و بێ دەستکاری و کەموکورتی بۆ ناو مێشکی مرۆڤ لە ڕێگەی هەر پێنج هەستەکەیەوە دەبینێت، کە بە وەرگری هەستیی ناودەبرێن و هەریەکیان تایبەتمەندی و کاری خۆی جێبەجێیدەکات[١]. بیرەوەرییە هەستیارەکان زۆرترین جار بۆ چەند چرکەیەک هەڵدەگیرێن. لە پێنج هەستەوە دێن: بیستن، بینین، دەستلێدان، بۆنکردن، تامکردن. تەنها بۆ ئەو کاتەی کە هەستەکە هاندەدرێت، هەڵدەگیرێن، پاشان دووبارە بە کۆد دەکرێنەوە و پەیوەست دەکرێن بە یادگەیەکەوە، لە یادگەی کورتخایەندا هەڵدەگیرێت[٢]. سێ جۆر لەو هەستانە بوونەتە جێی باسی زانایان ئەویش بەهۆی ئەو گرنگییەی هەیانە:

أ- یادگەی هەستی بینین:

ئەو زانیاریانە دەهێڵێتەوە، کە لە ڕێگەی بینینەوە کۆدەکرێنەوە، بە شێوەیەکی کاتی (کەمتر لە چرکەیەک) دەیانپارێزێت، پاشان دەیانگوازێتەوە بۆ یادگەی کورتخایەن.

ب- یادگەی هەستی بیستن:

یادگەی بیستن بریتییە لە بیرەوەرییەکی زۆر کورتخایەن بۆ ئەو شتانەی کە دەیبیستن. مێشک چەندین جۆری یادەوەری دەپارێزێت. بیرەوەری دەنگدانەوە بەشێکە لە بیرەوەری هەستیاری، زانیارییەکانی ئەو دەنگانە هەڵدەگرێت، کە دەیبیسترێت. کاتێک گوێت لە دەنگێک دەبێت، دەگوازرێتەوە بۆ مێشک، کە بیرەوەری دەنگدانەوە بۆ ماوەی نزیکەی (٤) خولەک هەڵیدەگرێت، لەو ماوەیە کورتەدا، مێشک تۆمارێک لەو دەنگە دروستدەکات و هەڵیدەگرێت بۆ ئەوەی دوای وەستانی دەنگە ڕاستەقینەکە بتوانێت بیری بهێنێتەوە، ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، جا دەنگەکان بە ئاگایی بێت یاخود نا، هەڵگرتن یان سڕینەوە. لە ماوە کورتەدا کە بیرەوەرییەکە بەردەوام دەبێت، مێشک بڕیاردەدات، دەنگەکە فڕێبدات یان هەڵیبگرێت، ئەگەر دەنگەکە گرنگی هەبێت، ئەوا زانیارییەکان دەگوازرێنەوە بۆ یادگەی کورتخایەن، لێرەدا بۆ ماوەی نزیکەی (٢٠) خولەک دەمێنێتەوە، پێش ئەوەی بسڕدرێتەوە، یان بگوازرێتەوە بۆ بەشی یادگەی درێژخایەن ماوەی مانەوەی هەر دەنگێک، کە دەیبیستین لە یادگەی درێژخایەندا بەوەوە بەندە، چەند جار ئەو زانیارییانە دووبارە دەکرێتەوە[٣].

پ- یادگەی هەستی بەرکەوتن: ئەم جۆرە یادگەیە پەیوەندیی بە هەستی دەستلێدانەوە هەیە، دەتوانێت هەستەکانی وەک فشار، ئازار، خوران، یان شتێک لەخۆبگرێت، کە هەستی پێدەکرێت،

---

[١] دەروون عەبدولڕاحمان ساڵەح (٢٠١٤:٦٧-٦٨)لە (رافع النصير الزغلول و عماد عبدالرحيم الزغلول) وەریگرتووە.

[٢] https://www.webmd.com/brain/what-are-sensory-memory-examples

[٣] https://www.webmd.com/brain/what-is-echoic-memory

له یادگەی بەرکەوتندا دەتوانرێت ئەو شتانە دەستنیشان بکرێت، کە دەستیان لێدەدرێت، یان بەر جەستە دەکەون[١].

### ٢/١-٢-٢)یادگەی کورتخایەن:

پاراستنی بڕێکی سنووردارە لە زانیارییە پەیوەندییدارەکانی ئێستا لە ڕێگەی شێوازە بەردەوامەکانی چالاکیی دەمارەکانەوە[٢]. وەک بیرهێنانەوەی ژمارەیەکی تەلەفۆنی نوێ بە ئاسانی لەبیردەچێت، تا ئەو کاتەی لە یادگەی درێژخایەندا هەڵدەگیرێت، پرۆسەکە پێی دەوترێت چەسپاندن. دوای یەکخستنەوە دەتوانێت بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، هەرچەندە توانای وەرگرتنەوەی لە یادگەی درێژخایەن پەیوەستە بە هۆکارەکانی وەک چەند جار وەرگیراوەتەوە. تەنها ژمارەیەکی کەم لە یادەوەرییە کورتخایەنەکان یەکدەگرنەوە و ئەمەش بەندە بە ئاستی وروژاندن و سەرنجدان و گرنگی زانیارییەکانەوە[٣].

### ٢/١-٢-٢-١) یادگەی کارکردن:

یادگەی کارکردن چەندین زانیاریی ڕاگوزەر لەخۆدەگرێت بۆ دەستکاریکردنی دەروونی لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا[٤]، یان دەستبەجێ ئاماژەیە بۆ ئەو سیستەمەی کە چالاکانە پارچە زانیاری ڕاگوزەر لە کاتی هۆشیاردا وەردەگیرێت، کە دواتر دەتوانرێت دەستکاری بکرێت، یان بەکاربهێنرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک، مرۆڤی پێگەیشتوو ئاسایی دەتوانێت (٥-٩) بابەتی واتادار لە یادەوەری کارکردندا بهێڵێتەوە، بەڵام بەبێ گرنگیپێدان، ئەم زانیارییانە لە نزیکەی (١٨-٢٠)چرکەدا لەدەستدەچن[٥].

### ٢/١-٢-٤) یادگەی درێژخایەن:

یادگەی درێژخایەن ڕێگەدەدات، زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵبگرین، هەندێکجار ئەو زانیارییانەی کە دەتوانرێت بە ئاگایی (وەرگرتنی ڕاستەوخۆ) یان بە شێوەیەکی نائاگایی (وەرگرتنی ناڕاستەوخۆ) وەربگیرێنەوە[٦]، شوێنێکە لە مێشکی مرۆڤدا، زانیاری دەربارەی

---

[1] https://www.webmd.com/brain/what-is-echoic-memory

[2] **Reference Module in Neuroscience and Biobehavioral Psychology Encyclopedia of Behavioral Neuroscience 2010, Pages 210-215., Short-Term Memory: Psychological and Neural Aspects.** https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/B9780080453965001573

[3] **A. Michael-Titus, PatriciaRevest,PeterShortland, The Nervous System (SECOND EDITION(2010, Pages 251-266.** https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/short-term-memory

[4] **M. K. Robert, in Nelson Textbook of Pediatrics, 2020, Math and Writing Disabilities,** https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/short-term-memory

[5] **J. Jankovic MD, in Bradley and Daroff's Neurology in Clinical Practice, 2022, Intellectual and Memory Impairments.** https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/short-term-memory

[6] **E. C. Paniagua & F. Güell (2017:1).**

هەموو شت و ڕووداو و دیاردەیەک بەدرێژایی ژیان، کە تێدا هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت، مرۆڤ بەهۆی ئەم یادگەیەوە، دەتوانێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا بەگشتی ڕێکبخات و هەموو شتێک بناسێتەوە و نرخی خۆی پێبدات، ئەم شوێنە تا تەمەنی پیری یان تا کۆتایی تەمەن لەکاردایە، دوای ڕوودانی ئەو پرۆسانەی سەرەوە لە یادگەی کورت خایەندا، ئەوانەیان، کە بەلای کەسەکەوە گرنگ و کاریگەر و شوێندانەرن، دێنە ئەم یادگەوە و گەنجدەکرێن[1]، واتە، ئەگەر بتوانیت شتێکت کە زیاتر لە چەند ساتێک لەمەوبەر ڕوویداوە، یان تەنها چەند کاتژمێرێک لەمەوبەر ڕوویداوە یان دەیان ساڵ پێشتر لەبیربێت،کۆمەڵێک هۆکار هەن کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە سەر ئەوەی زانیارییەکان چەندە لە یادگەی درێژخایەندا بمێننەوە:[2]

یەکەم: شێوازی کۆدکردنی یادگە لە پلەی یەکەمدا دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت. ئەگەر زۆر بەئاگاییەوە گرنگی پێبدرێت، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە یادەوەرییەکە زۆر زیندووتر دەمێنێتەوە.

دووەم: ژمارەی ئەو جارانەی کە دەچێتە ناو یادگەیەکەوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی لە بەهێزی و ماوەکەی لە یادگەکەدا هەبێت. سەیر نییە، ئەو یادگارییانەی کە زۆرجار بیرت دێتەوە، باسیان دەکەیت، زیاتر دەچەسپێن و زۆر بەهێزتر دەبن.

هەموو یادەوەرییە درێژخایەنەکان بە یەکسانی نامێننەوە، لە کاتێکدا هەندێک یادەوەری بە خێرایی دێتە بەرچاو، هەندێکی تر لاوازترن و لەوانەیە پێویستیان بە بیرخستنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر بچەسپێن. ئەوا یادەوەرییەکی درێژخایەنە .ئەمەیش دووجۆرە:[3]

أ- یادگەی ئاشکرا/ڕوون:

یادەوەرییە ڕوونەکان کە بە یادەوەرییە ڕاگەیاندنەکانیش ناسراون، هەموو ئەو یادەوەرییانە دەگرێتەوە، کە لە هۆشیاریدا بەردەستن، دەتوانرێت بیرەوەری ڕوون زیاتر بە سەر یادەوەری ئەپیسۆدی (ڕووداوی تایبەت) و یادەوەری واتادار (زانین دەربارەی جیهان) دابەشبکرێت.

ب- یادگەی نائاشکرا/ناڕوون:

یادگە نائاشکراکان ئەوانەن کە زۆربەیان بێ ئاگایین، ئەم جۆرە یادگانە بیرەوەرییەکانی جووڵەی جەستە و چۆنیەتی بەکارهێنانی شتەکان لە ژینگەدا دەگرێتەوە. چۆنیەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل یان بەکارهێنانی کۆمپیوتەر نموونەی یادگەی نائاشکران، لە ڕێگەی پرۆسەی

---

[1] عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٢٢).

[2] K. Cherry, on July 24, 2021, What Is Long-Term Memory? https://www.verywellmind.com/what-is-long-term-memory-2795347

[3] سەرچاوەی پێشوو.

پەیوەندیی و پرۆڤەوە ناوەڕۆکی بیرەوەری کورتخایەن دەتوانێت ببێتە یادەوەری درێژخایەن. یادەوەرییە درێژخایەنەکان دەتوان بۆ چەند ڕۆژێک یان دەیان ساڵ بمێننەوە.




هێڵکاریی ژ (٥)

مۆدێلی مۆداڵی ئاتکینسۆن و شیفرین، پرۆسەی گەنجکردن و پاراستن و بەکارهێنانەوەی زانیاری لە یادگەدا[١]

### ٣/١) جیهانگیریی زمانی و کاریگەرییەکانی لە سەر سیستەمی پەروەردەی زمان:

ئاشکرایە، جیهانگیری لەم سەردەمەدا لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەیسەندووە و سەرجەم بوارەکانی گرتووەتەوە، پەروەردە و پەروەردەی زمانیش لەم لێشاوە بەدەرنین، بۆیە دەبینین، هەندێک زمان بە شێوەیەکی بەربلاو لە ئاستی جیهانیدا بەکاردەهێنرێن، لە کاتێکدا زمانەکانی تر وردە وردە لە دیمەنی پەیوەندیی جیهانی تەنانەت وڵاتدا وندەبن، ئینگلیزی لە سەرەوەی ئەو زمانانەدایە، کەبەشێوەیەکی فراوان لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی ئەم زمانە وەکو زمانی بیانی یان زمانی دووەم نییە، بەڵکو وەکو زمانێکی ستانداردی نێودەوڵەتی و پەرەسەندنی بەرژەوەندی جیهانی بۆ فێربوونی ئەم زمانە ڕوو لە زیادبوون دەکات. بێگومان ئەمەش بێ هۆکار نییە، زۆر هۆکار لە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی، لەوانە هۆکاری ئابوری، سیاسی، ژینگەی و تەکنەلۆژیا بەشدارن.[٢] واتە ئاخاوتن لە سەر جیهانگیریی زمانی ئاخاوتنە لە سەر ستانداردکردنی (زمانی ئینگلیزی) و هاوکەلتووربوون لەگەڵ کەلتووری ئینگلیزیدا. دیارە، مەبەستیش لە ئاوڕدانەوە لە کەلتووره جیاواز و جۆر بە جۆرەکان لە

---

[1] E. C. Paniagua & F. Güell (2017:4).

[٢] محمد عباس نژاد و سیما احمد نژاد (١٣٩٥: ١).

جیهانگیریدا پاراستنی لۆکاڵیبوون نییە، هێندەی هەژموونی وەرگرتنی زمانێکە بەسەر زمانەکانی دیکەدا، چونکە جیهانگیری تەنها پرۆسەی ئابووریکردن نییە، بەڵکو پرۆسەی دەستگرتن و وەکیەکلێکردنی خەڵکی و کەلتوور و سیاسەتیشە[1].

هەر بۆیە دەبینین، کاتێک باس لە زمانی نێودەوڵەتی دەکرێت، ئاماژە بە ئینگلیزی دەکرێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئینگلیزی زمانی دووەمی زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوییە و ئاخێوەرێکی زۆری هەیە، زۆربەی هەرەزۆری دەقی زانستی، بازرگانی، ئابوری و بەشێکی گرنگ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەکرێنەوە، جگە لەمەش گەشەی زمانی ئینگلیزی بۆ دەرەوەی بریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتای سەدەی نۆزدەهەم، کە وردە وردە بە ناونیشانی زمانی سەرەکی و بنەڕەتی لە ئەمریکا و کەنەدا ناسرا، هەروەها گەشەی خێرای ئابووری ئەمریکا و کاریگەریی لە سەر وڵاتانی جیهان بەتایبەتی دوای دووەم جەنگی جیهانی دەرکەوت[2]. لەئێستادا زمانی ئینگلیزی زمانی یەکەمی (٣٧٥)ملیوێن کەسە، سێیەم زمانە لە جیهاندا لە دوای زمانی چینی ماندارین و ئیسپانی ڕیزبەندی یەکەم و دووەمی گرتووە[3].بەپێی هەر سێ دەزگای (حقایق العالم، انکارتا، انتلوج) ژمارەی ئەو کەسانەی کە زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم بەکاردەهێنن، مەزەندەدەکرێت، ژمارەیان(١ملیارو ٤٧٠ملیۆن)کەس بێت، بەزۆری لە وڵاتانی( ئەمریکا، بریتانیا، کەنەدا، ئوستورالیا، نیجیریا، نێجیریا، ئێرلەندا، ئەفریقای باشور و نیوزلەندا)ن[4].

سەبارەت بە پرۆسەی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لە سەردەمی جیهانگیریدا، تێکەڵبوونی بە سیستەمی زمانەوانی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی...تد، بووەتە جێگەی گفتوگۆی پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان، هەندێک لەوانە بۆ نموونە زمانەوانی بریتانی (ڕۆبەرت فلیپسۆن R.Phillipson) بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە ئەم بابەتە و وەک پلانگێریەک دەیبینت و بە پێچەوانەوە هەندێکی تر لەوانە (سپۆلسکی، دیویس، کریستاڵ) لە ڕووە ئەرێنەکەیەوە سەیری دەکەن و هیچ پیلانگێڕیەک لەم بابەتەدا نابینن، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەک لایەنێکی بەسوود تەماشایی دەکەن.

بە باوەڕی(فلیپسۆن) داگیرکاریی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا پەیوەندیی بە فراوانبوونی زمانی ئینگلیزییەوە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردە و سیاسەتدا هەیە، بە شێوەیەکی

---

[1] بەکر عومەر عەلی و ئەوانی تر (٢٠١١: ١٦).
[2] هاشم ئەمین (٢٠١٧: ١٨١).
[3] سەرچاوەی پێشوو (١٨١).
[4] http://widget.yodawork.com/book/viewer.aspx?190370461&bookshop

سەرەکی بەرهەمی سیاسەتی زمانی ئەمریکا و بریتانیایە بۆ بەناوەندکردنی جیهانی زمانی ئینگلیزی، لەو ڕێگەیەوە کاریگەریی خۆیان لە کۆمەڵگاکانی تر فراوان دەکەن و زمانەکانی تر پەراوێز دەخەن و ئەو هۆکارانەش دەدۆزنەوە، کە چۆن و بۆچی زمانەکە بڵاوبکەنەوە؟[١].

بە بڕوای (فلیبسۆن) لە ئەمڕۆدا بڵاوبونەوەی زمانی ئینگلیزی، وەک بڵاوبونەوەیەکی مەبەستدار و هۆشمەندانەیە لەپاڵ ئەو هەوڵ و سیاسەتانەی کە دەوڵەتانی ناوەندخواز(ئەمریکا و بریتانیا)، بۆ دابینکردنی (داخوازیی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ئایدۆلۆژییەکان) لە ژێر ناوی هاوئاهەنگی کەلتووریی جیهانیدا لە هەنگاوی یەکەم لاوازکردنی زمانی نەتەوەی و ناخۆیی و ناسنامەی نەتەوەی و کەلەپووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتییە، لە هەنگاوی دووەم پەیوەستکردنی وڵاتانی پەراوێزە بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوەندخواز.

فیلیپسون پێوایە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی لەم چەند دەیەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەنجامی داگیرکاریی زماندا بووە، هەروەها باس لەوەش دەکات، داگیرکاریی زمانیی بە شێکە لە داگیرکاریی کەلتووری و جێبەجێکردنی لە ڕێگەی میدیاوە( میدیای هەواڵی و جیهانیی پەیوەندیی و زانیاری)، داگیرکاریی پەروەردەیی(دەرکردنی پێوەر و پێوەری پەروەردەیی، ڕاهێنانی مامۆستایان و دابینکردنی سەرچاوە و کتێب و وانەکان و پشتیوانیکردنی دامەزراوە کەلتووری و سیاسی ئابوورییەکان وەک باڵوێزخانەکان، بانکی جیهانی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی...تد)، داگیرکاریی زانستی(بڵاوکردنەوەی شێواز و میتۆدەکانی ناوەند بەجۆرێک کۆنترۆڵی لێشاوی مەعریفە دەکات لەو وڵاتانەی لە پەراوێزن و لەگەڵ ئیرادەی وڵاتانی ناوەندادا هاودەمن[٢].

(دیویس) بیروڕاکانی (فلیپسۆن) بە خوێندنەوەیەکی پێکەنیناوی ناودەبات و ئەوەی کە فلیپسۆن ناوی ناوە داگیرکاریی زمانەوانیی ئینگلیزی(English Linguistic Imperialism) وەک دیدێکی سادە و بێ پشتوپەنای مێژووی و تەسکبینی دەبینێت و بیروڕاکانی (فلیپسۆن) بە ئەفسانە و وەهم ناودەبات. هەروەها (کریستاڵ) بەڕاشکاوانە پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی لەئەنجامی جۆرێک لە پێکەوەچوونی ئەم زمانە لە چوارچێوەی مێژوو ناودەبات، ئاماژە بەوە دەکات، هەرچەندە زمانی ئینگلیزی لە ڕابردوودا زمانی کۆلۆنیالی بووە، بەڵام ئێستا ئامرازێکی بێلایەنی بەسوودە بۆ ئەوانەی بەکاردەهێنن[٣]، واتە بە پێچەوانەی (فلیپسۆن) و هاوبیرەکانی،

---

[1] L .G. Barrantes-Montero (2017:1-17). https://dialnet.unirioja.es/descarga/articulo/6228631

[٢] فردوس اقاگل زاده و حسین داوری (١٣٩٣: ١٨٥).

[٣] بۆزانیاریی زیاتر،بڕوانە: a- B.Spolsky & F.M. Hult (2008:209).

b- D. Spichtinger (2000) https://www.reserchgate.net/publication/26709442

پ – فردوس اقاگل زاده و حسین داوری (١٣٩٣: ١٨٤–١٨٨).

لەو باوەڕەدایە زمانی ئینگلیزی نەبووەتە هەڕەشە لە سەر زمان و کەلتوورەکانی دیکە. بەهەمان شێوە (سپۆلسکی ٢٠٠٤) پێیوایە، هیچ سیاسەتێکی زمانەوانی لە پشت بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزیەوە نییە، داگیرکاریی زمانی ئینگلیزی بە وەهم و تۆمەت ناودەبات[١].

فێربوونی زمانی دووەم وەک لایەنکی ئەرێنی جیهانگیری ئەنجامی بەرچاوی هەبووە، وایکردووە، هەمووان لەیەکتر تێبگەن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیان بکەن، بێگومان ئامانجێکی تری بڵاوبوونەوەی پەروەردە بە زمانی ئینگلیزی لە سەرانسەری جیهان ئەوەیە، کە زمانی ئینگلیزی بکەنە زمانێکی نێودەوڵەتی و بچوکردنەوەی جیهان لە شێوەی گوندێکی بچوک، کە هەمووان بەیەک زمان ئاخاوتن بکەن و لەیەکتر تێبگەن، وەک دەبینین زمانی چەندین کۆڕی زانستی و کۆنفراسە نێودەوڵەتییەکانە، زمانی فەرمی نەتەوەیەکگرتووەکانە و دوو لە سەر سێی ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتە، ئەمەش وایکردووە، زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانێکی جیهانی، بە فێربوونی زمانیش دەرچەی سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی تواناکان زیاتر دەبن و هەلی کار بۆ فێرخواز زیاتر دەبێت، لەو گوندە بچوکەدا کلیلی ڕووبەڕووبوونەکان و تۆڕەکانی پەیوەندیی بەزۆری لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە ئەنجامدەدرێت[٢].

(بیرنارد کەمریَ) دەڵێت: فراوانبوونی میدیا وەک سەتەلایت و ئەنتەرنێت گەیشتنی بە هەموو پنتێکی سەر زەوی بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەند زمانێکی دیاریکراو، لە سەرتاسەری جیهاندا بابەتی زانیاری و کۆمەڵایەتی و...تد، زۆربەی ئەو بابەتانەش بەچەند زمانێک هەن، بۆیە ئەگەر ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان بیانەوێت سەبارەت بە جیهان شت وەربگرن، دەبێت فێری ئەو زمانانەبن، بۆ ئەوەی ناوبانگێکی باشتر و ئابوورییەکی باشتریان هەبێت، ئەمەش بە یەکێک لە ناوچوونی زمانی کەمینەکان دادەنرێت، بۆ نموونە پەنابەرەکانی وڵاتی ئەمریکا شانازی بەوەوە دەکەن، کە بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەن و بانگی منداڵەکانیان بکەن [٣].

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین مەترسییەکانی جیهانگیری بەم شێوەیە دیاریبکەین:

١- هەندێکجار جیهانگیری لە جیاتی ئەوەی زمانە کەمینە و لاوازەکان بەهێزبکات و وەکو بەشێک لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەشدارییان لە بڵاوبوونەوە و نزیککردنەوەی نێوان گەلان پێبکات، بە پێچەوانەوە بەرەو لەناوچوونیان دەبات[٤].

---

١ فردوس اقاگل زاده و حسین داوری (١٣٩٣: ١٨٤-١٨٨).
٢ محمد عباس نژاد و سیما احمدی نژاد، (١٣٩٥: ٣).
٣ بێرنارد کەمری و ئەوانی تر (٢٠٠٧: ١٠٥-١٠٦).
٤ مهاباد کامیل عەبدوڵا و پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠٢١: ١٠٩).

٢- زمانه گەورەکان بە پاڵپشتی هۆیەکانی جیهانگیری، خۆیان لە سەر هەژماری زمانە لاوازەکان لەڕووی ژمارەی قسەپێکەر و سنووری جوگرافیای بەکارهێنانی زمانەکە فراوانکردووە/ دەکەن.

٣- جیهانگیری کاریگەریی کردووەتە سەر زمانی ڕەسەن و شکۆی کەمکردووەتەوە، لەبەرانبەردا و ڕووکردنە زمانی بێگانە، ئەمش تەنها زیانی بۆ سەر زمان نییە، بەڵکو زیانی بۆ سەر نەتەوە و بیروباوەڕ و کەلتووریش هەیە.

٤- جیهانگیری باروودۆخێکی وەهای دروستکردووە لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و دەستکەوتنی هەلی کار و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و سەرچاوەیەکی زۆر بە زمانی بیانی، وایکردووە، فێربوونی زمانی بیانی و گۆڕینی خوێندن لە زمانی دایکییەوە بۆ زمانێکی تر ببێتە شتێکی ناچاری، ئەمەش بەواتای پشتکردنە زمان و کەلتوور و سوودوەرنەگرتنە لە میراتی باوباپیران و ئەزموونی پێشوویان.

٥- جیهانگیری بووەتە هۆی مردنی زمانە لاوازەکان و هەڕەشە بۆ زۆرێک لە زمانەکانی تر.

٦- وازهێنان لە کەلتووری نەتەوەیی و ڕووکردنە کەلتووری بیانی، ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵبوونەوە و نەمانی کەلتووری ڕەسەن.

## ١-٣/١) سیاسەت و پلانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە سەردەمی جیهانگیریدا.

ئامانجی گشتی پەروەردە لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەروەردەکردنی تاکەکانە لە سەر بنەمای بیروباوەڕ و بەها کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان، بەم پێیە هەموو کۆمەڵگایەک چەمکێکی تایبەتی بۆ مرۆڤ هەیە، و مانای تایبەتی بۆ پەروەردە هەیە و هەوڵدەدات مرۆڤەکانی خۆی لە سەر ئەم چەمک و مانایانە پەروەردە بکات، بۆیە دیاریکردنی ئامانجەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پرسە فەلسەفی و ئاینی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریی و کۆمەلایەتییەکانەوە، کەواتە بە گۆڕینی جیهانبینی و کەلتوور و باوەڕی مرۆڤ بە هۆی پرۆسەی جیاوازەوە لەوانە جیهانگیری، ئەوە گۆڕینی ئامانجەکانی پەروەردە زۆرگرنگ و پێویست دەبێت[١].

(دۆگلاس نۆرسD.Norrth) پەیوەندیی نێوان جیهانگیری و دامەزراوەکان بەتایبەت پەروەردە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاریدا دەبێت توانای کۆمەلایەتی و مرۆیی و دامەزراوەیی گونجاو دابینبکرێت، چونکە هیچ گۆڕانێکی خۆڕسکانە ڕوونادات، ئەم ئەرکەش تاڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە سەر پەروەردە و دامەزراوە پەیوەندییدارەکان بەپێی هەلومەرجە تازەکان پەروەردەدەکرێت، لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا بەشداربێت، باس

---

[١] علی شوکریی (١٣٨٩: ٧١).

لەوەشدەکات، پەیوەندیی جیهانگیری بە پەروەردەوە بە شێوەیەکی لە سەرخۆ و شاراوەیە، پەروەردە و فێربوون لە ماڵەوە دەستپێدەکات و لە ژینگەی گەورەتر بەردەوام دەبێت، ئەم گرنگییەش وادەکات، پێداویستیی پەروەردەیی تایبەت لە بواری پەروەردەدا دروستبکات، ئەم پێداویستیانە مەرج نییە، تەنها بۆ بازاڕ گرنگ و تایبەت بێت، بەڵکو گۆڕینی شێوازی زانینین و شارەزایی و تێگەیشتنەکان، کە بەردەوام لە ژێر کاریگەریی تەکنەلۆژیادان، زانیاری و پەیوەندیی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت. لەبەر ئەم هۆکارە ڕۆڵی پەروەردە لە گەشەپێدانی توانا جیهانییەکان لە بواری تواناسازی و گەشەپێدان و تێگەیشتن یان بوارەکانی تێگەیشتن و شارەزایی و مەعریفە و بنەما پەیوەندییدارەکاندا گرنگە وەک خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە نوێکاندا، لە ڕاستیدا ئەم گونجاندنە کە لە ژێر هەلومەرجی جیهانگیریدا ڕوودەدات[1].

پلانی فێربوون (وەرگرتن)ی زمان جۆرێکە لە پلاندانانی زمان، کە تێیدا سیستەمێکی نەتەوەیی، دەوڵەت یان حکومەتی خۆجێی مەبەستێتی کاریگەریی لە سەر لایەنەکانی زمان هەبێت، وەک دۆخی زمان، دابەشکردن و خوێندەواری لە ڕێگەی پەروەردەوە. بە واتایەکی تر پلانی فێربوون پلانێکی یەکخراوە بۆ پرۆسەیەکی پلاندانانی زمانی گەورەتر، کە تێیدا بارودۆخی زمانەکان هەڵدەسەنگێنرێت و پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، دواجار گۆڕانکارییەکان لە ئاستی نەتەوەیی، دەوڵەت، یان ناوچەیی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە دەکرێت، ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییانە دەتوانێت کۆمەڵێک گۆڕانکاریی تر لەخۆبگرێت، وەک: گۆڕانکاری لە تەواوی پەرتووکی قوتابیان و خوێندکاران، گۆڕانەکەش دەکرێت لە شێوازی فێرکردنی زمانی فەرمی یان پەرەسەندنی پرۆگرامی جووتزمانی. لەم ڕوانگەیەوە پلانی زمانی پەروەردەیی زیاتر بە واتای هەموارکردنەوە یان گۆڕینی شتێک بۆ ئەوەی باشتری بکات، یان زیاتر پەسەندی بکات، وەک گۆڕینی کتێبی خوێندن: ڕێکخستنێکی گشتی، پلان، دیزاین، ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن، شێوازی تایبەتی فێرکردنی زمانی فەرمی بە خوێندکاران[2].

بۆ نموونە ئەگەر حکومەتێک بڕیاربدات، ئاست و پێگەی زمانێکی دیاریکراو بەرزبکاتەوە، ئەوا دەتوانێت  یاسایەک دەربکات بەو زمانەی، کە مەبەستێتی دەبێت وانە بوترێتەوە، یان کتێبەکانی خوێندن تەنها بەو زمانە بنووسرێتەوە، ئەمە دەبێتە پشتگیری بۆ بەرزبونەوەی دۆخی زمانەکە، بەم شێوەیە پلانی فێربوونی زمان زۆرجار بۆ بەرزکردنەوە و بوژاندنەوەی زمان بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانێت دۆخی زمانێک بگۆڕێت بەرەو باشتر، یان گۆڕینی زمان پێچەوانە بکاتەوە، یان بۆ پاککردنەوەی زمان بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستە حکومەت چاوخشانەوە بە فەرهەنگ و کەرەستە پەروەردەییەکان لە قوتابخانەکاندا بکات و

[1] علی شوکریی (١٣٨٩: ٦٥-٦٨).

[2] **J. Gbafur (2018: 24).**

پێداچوونەوەی بۆ پاراستنی دەستکەوتی زمانیی کاریگەر بکات، وەزارەتی پەروەردە یان کەرتی پەروەردەی حکومەت بە شێوەیەکی ئاسایی بەرپرسە لە دەرکردنی بڕیاری فێربوونی زمانی نەتەوەیی لە سەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی دەوڵەت و ناوخۆ ئەرکی کەرتی پەروەردە بەپێی وڵات جیاوازە[1].

سیاسەتی زمان بابەتێکی گرنگە و پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەییەوە، لە هەندێک لە وڵاتان و هەرێمەکان، تەنانەت حزبەکانیش لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکان و پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی خۆیان سیاسەتی زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە یەکێتی ئەوروپا کە لە (٢٧) وڵات پێکدێت(٢٣)زمان تێیدا زمانی ڕەسمییە و سیاسەتی زمانی تێدا جێبەجێدەکرێت، بەشی سیاسەتی زمان لە ئەنجومەنی ئەورووپیدا هەیە، بۆ نموونە لە ئێرلەندا(حزبی سەوز) ئایریش سیاسەتی زمانی بۆ بیست ساڵ(٢٠٠٩-٢٠٢٩)داناوە.[2] باشترین نموونەش وڵاتی فەرەنسایە سەرەڕای ئەو پێگە گرنگەی کە زمانی فەرەنسی هەیەتی، دوای ئەوەی درکیان بە لاوازبوونی زمان و کەلتووری فەرەنسی کرد، دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، چەند ناوەندێکی ستراتیژی لێکۆڵینەوەیان لە هۆکاری ئەم کێشەیە پێکهێنا و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازبوونی کەلتوور و زمانی فەرەنسی و بڵاونەبوونەوەی لە جیهاندا زمانی ئینگلیزییە، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەی درێژخایەنیان بۆ بەهێزکردنی زمانی فەرەنسی و بڵاوکردنەوەی لە هەموو جیهان دامەزراند[3].

(ڕۆبیرت بی کاپلان و ڕیچارد بی بەلداف) باسی شەش ئامانجی کەرتەکان دەکەن:[4]

١- بۆ بڕیاردان لە سەرهەڵبژاردنی زمانێک لە ناو پرۆگرامی خوێندن.
٢- بۆ دیاریکردنی چەند و چۆنیەتی ڕاهێنانی مامۆستایان.
٣- بۆ تێوەگلانی(بەشداریی) کۆمەڵگا ناوخۆییەکان.
٤- بۆ بڕیاردان لە سەر ئەوەی چی جۆرە بابەتێک(مادەیەک) بەکاربهێنرێت و بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.
٥- بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی دەوڵەت بۆ چاودێریکردن و پێشکەوتنەکان.
٦- بۆ دیاریکردنی تێچوی دارایی.

---

[1] **J. Gbafur (2018: 24).**

[2] **تاريق جامباز (٢٠١٤: ٥).**

[3] **أحمد درويش (٢٠٠٩: ١٧)**

[4] **J. Gbafur (2018: 24).**

(فێرگسۆن) بواری پەروەردە(خوێندن) بەگرنگترین بوار دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی پلانی زمانی و هەندێکجار هەموو ئەرکەکە هەڵدەگرێت. لەبەر ئەم گرنگیانە:[1]

١- پەروەردە لە زۆربەی وڵاتان پشتگیری گەورە دەکرێت و لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

٢- قوتابخانەکان لە گرنگترین ئاژانسە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتیبوونن.

٣- قوتابیان لە قوتابخانەکاندا شوێنکەوتوو و وابەستەن، وابەستەی(سیاسەت و پلانی زمان)ن، ،پرۆگرامەکانی خوێندن ناتوانێت دەرفەت و دۆخی یەکسان بۆ شێوەی هەڵسوکەوتوو و ڕەفتاریان بۆ بڕەخسێنێت.

لە سەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە کە باسکران دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە وەرگرتن (فێربوون)ی زمان پەیوەندییەکی گرنگی بە سیاسەت و پلانی بەدەستهێنانی زمان لە لایەن قوتابیان وخوێندکارانەوە هەیە. بەتایبەت منداڵی دایەنگە و باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی خوێندن، چونکە تەمەنیان لە نێوان سفر بۆ نۆ ساڵدایە، ئەم تەمەنەش کاتی فێربوون و گەشەکردنی زمانە.

بەم نموونەیە و بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی بەردەستمان، ئەمانەوێت نیشانیبدەین، کۆمەڵگەی کەمایەتی (تۆروالی) [2] لە باکووری پاکستان چۆن سەرچاوە سنووردارەکان کۆدەکاتەوە بۆ ژیانەوەی بەردەوامی زمان و کەلتوورەکەی. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکان لە پاکستان دەکەونە ژێر مەترسی و جینۆسایدی زمانەوە، بەپێی ئەتڵەسی زمانەکانی جیهان یونسکۆ(٢٠١٩) لە کۆی گشتی زمانەکانی پاکستان (٢٦) زمان لە مەترسیدان، ئەوانە تەنها زمانی کەمینەکان نین، بەڵکو زۆرێک لە زمانە گەورەکانیش بەپێی ڕاپۆرتەکە لە مەترسیدان[3]، بەهۆی پەراوێزخستنیان بەهۆی سیاسەتی زمانی حکومەتی پاکستانەوە، چونکە هەمەجۆری زمانی وەک کێشەیەک سەیردەکات نەک سەرمایەیەک، لە ڕوانگەی سیاستەوە سەرکوتکردنی زمانە ڕەسەنەکان وەک چارەسەرێک بۆ یەکخستنی فرەجۆری دانیشتوان و کەلتووری و زمانی دەبینێت، ڕاگەیانی زمانی ئوردوو وەک تاکە زمانی نەتەوەیی بە شێک بوو لە هەمان سیاسەتی زمانی بۆ خۆ لادان لە هەر هەستێکی ناسیۆنالیزمی، هەروەها ئوردوو وەک هێزی کۆکرنەوە و یەکڕیزیی وەک تاکە دروشمی ناسنامەی پەکستانی پێشکەشکرا بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکخستنی دانشتوان لە فرەزمانی جۆراوجۆر. سەرەڕای ئەو ئاڵنگاریانەی کە

---

[1] J. Gbafur (2018: 25).

٢ تۆروالی زمانێکی بنەماڵەی هیندۆ ئارییایە، دەکەونە باکوری پاکستان یونسکۆ وەک یەکێک لە زمانە مەترسی لەسەرەکان دیاریکردووە، نزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ هەشت سەد هەزار قسەکەری هەیە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە.) (w.A. Lunsford 2001: 67)

[3] January 26, 2019, from UNESCO, (2019). http://www.unesco.org/culture/

باسمانکرد، کۆمەڵگا و چالاکوانانی زمانی تۆروالّی دەستیانکردووە بە بەرنامەکانی بوژاندنەوەی زمـان بـۆ هەنـدێک لە کەمینـە و زمـانە مەترسـیدارەکان، هەرچەنـدە سـەرچاوەکان بـاس لەوە دەکەن، هەوڵەکـان بە قەبـارەی مەترسـییەکە نیـیە، بەڵام توانیویـانە خێرایـی مەترسـییەکە کەم بکەنەوە.[١]

لێرەدا، ئەمانەوێت نیشانیبدەین، چالاکوانانی زمان و کەلتووری تۆروالّی چۆن لە پەرەپێدان و بوژاندنەوەی زمان نزیکبوونەوە؟ چ ڕێوشوێن و دەستپێشخەرییەکیان ئەنجامداوە/دەدەن بۆ پێکهێنـانی ژینگەیەکـی لەبـار بـۆ بوژانـدنەوەی زمـانی تـۆروالّی؟ بەرنـامە سـەرەکییەکانی تـری بۆژانەوەی زمانی تۆروالّی چین، کە بە شێوەیەکی شاراوە  بەشداربیان کردووە لە بوژانەوەی بەردەوامی زمانەکە؟

پاکسـتان وڵاتێکـی فرەزمـان و فـرەنەتەوەیە، ئـۆردوو زمـانی نەتەوەیـی تەنهـا (٧,٥٧٪)ی دانشتوانی پاکستانە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وڵاتدا بەکاردەهێنرێت،  کاتێکدا زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمییە، ئینگلیزی لەبواری دەسەڵاتدا بەکاردێت وەک حکومەت، پەروەردە، یاسا، کەرتی کۆمپانیا، لێکوڵینەوە و میدیا. ئینگلیـزی وەک زمـانێکی بەهێزتـر پلـەی یەکەمـی گرتـووە و زمـانی ئۆردوو بە پلەی دووەم دێت و باقی زمانە ڕەسەنەکانی تر لە نزمترین ئاستی زماندا دەوەستن، زمانی ئینگلیزی و ئۆردوو پشتگیرییەکی فراوانی دامەزراوەیی لە بواری دەسـەڵاتدا وەردەگرن بە تایبەت لە بواری پەروەردەدا، چونکە خزمەت بە سیاسەتەکانی حکومەتی پاکستان دەکەن[٢]. ئینگلیزی تا ئێستا بەهێزترین زمانی پاکستانە و لە هەموو بوارە گرنگەکانی دەسەڵاتدا بەکاردێت بـۆیە پەروەردە و لێهـاتوویی بە زمـانی ئینگلیـزی وەک پاسـپۆرت بـۆ جـوڵەی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و ئیمتیازاتـات و پێگەی بەرزی کـۆمەڵایەتی پاکسـتان سـەیردەکرێت، بـۆیە ئینگلیـزی زمـانی دەسـەڵات و پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتییە[٣]. لە پاکسـتان جگە لە زمـانی ئـوردوو بەهـیچ زمـانێکی تـری لۆکـاڵی لە قوتابخانەکـان ناخوێنرێـت، سیاسـەتی زمـانی ڕێگـرە لەوەی بـگەن بەسەرمایەی کەلتووری یان پەروەردەیی یان زمانی. (سـەید عەبدولمانان) باس لەوە دەکات، هەمەچەشنی کەلتووری و زمانی هەرگیز بابەتێکی دڵخواز نەبووە بۆ ئەوان، ئەوەش دەڵێت کە (٦٥) زمـان لە پاکسـتان هەیە، باسـی ئەوەش دەکـات، کە سیاسـەتی دەرخسـتنی تـاکە زمانێـک لەپێناو یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک ئاین،  سیاسەتی یەک زمان هەژموونی دەچەسپێنێت و لە ئەنجامدا کەلتورێکی نامۆ دروستدەبێت، چونکە زمان کاریگەرترین بەشی کەلتوورە[٤].

---

[1] S. Abdul Manan (2020:3). https://www.academia.edu/resource/work/45671089

[2] T. Rahman (2010: 21). https://www.academia.edu/resource/work/28526225

[٣] سەرچاوەی پێشوو(٢١)

[4] S. Abdul Manan (2020:5).

یەکێک لەو توێژەرانەی لە بارەی بوژاندنەوەی زمانی تۆراڵیەوە کراوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە(٢٠٠٧)ەوە، کۆمەڵی تۆراڵی ڕێگەی جۆراوجۆریان گرتووەتەبەر بۆ بوژاندنەوەی زمانەکە، لەوانە پرسی ناسنامە، تێکەڵکردنی گەشەسەندنی زمان لەگەڵ پرسی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووریی، پەروەردە[1]. هەروەها(سەید عەبدولمەنان و ئەوانی تر) باسە لەوە دەکەن، زۆربەی کەمینەکان لە کۆمەڵە ڕەسەنەکان بە کۆمەڵەی تۆرواڵیەوە هەستی بە کەمزانینی ناسنامە سەریهەڵداوە و متمانە بەخۆیان لەدەستداوە، ئەمەش پەیوەندیی بەکەمی بەشداریی سیاسی و خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرامۆشکردنی کۆمەڵگە کەمینەکان لە کتێبی خوێندن و ڕێکخستنە پەروەردەییەکاندا هەیە. لەبەرئەوەی نە کۆمەڵگەی سەرەکی کۆمەڵگە کەمینەکان دەناسێنێت و نە کۆمەڵگە کەمینەکانیش ناسنامە و کەلتووری بێهاوتای خۆیان دەسەپێنن[2].

---

[1] **S. Abdul Manan (2020:8).**
[2] **S. Abdul Manan. K. David & F. P. Dumaning (2017:27).**

## ٢) پێڕەوکردنی پەروەردەی جووتزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا:

پەروەردە و زمـان دووانەیەکـی لێکـدانەبڕاون، زمـان شـادەماری سیسـتەمی پەروەردەیە، کۆزانیاریی زمانی و کۆزانیاریی نێو پرۆگرامەکانی خوێندن لە ڕێگەی زمانەوە دەگاتە قوتابی، ئەگەر زمـان لە سیسـتەمی پەروەردە دەربکەیـن، ئەوا شـتێک نـامێنێتەوە بەنـاوی سیسـتەمی پەروەردەوە، واتە ئەگەر قوتـابی ئاشـنای ئەو زمـانە بێـت کە هەڵـدەبژێردرێت بـۆ پرۆسـەی فێربـوون و فێرکـردن و بە ئاسـانی لێـی تێبگـات، ئەوا پرۆسـەکە سـەرکەوتوودەبێت و ئەرکی قوتـابی و پەروەردەکاران ئاساندەکات، بەڵام ئەگەر قوتابی لە زمانەکە تێنەگات، ئەوا بێگومـان ئەرکـی قوتـابی و پەروەردەکـاران قـورس دەکـات و پرۆسـەی پەروەردە ئاریشـەی بـۆ دروسـتدەبێت. لەم بەشـەدا تیشـک دەخەینەسـەر جووتزمـانی و پێڕەوکردنـی لە سیسـتەمی پەروەردەدا، هەوڵـدەدەین، وەڵامـی کۆمەڵێـک پرسـیار بـدەینەوە لەوانە چییەتـی جووتزمـانی و پەروەردەی جووتزمـانی؟ ئایـا جووتزمـانبوون باشـە یـان خراپ؟بـۆچی مامۆسـتا و کەسـانی ئەکادیمی بەمەترسی دەزانن لە سـەر زمـانی کوردی؟ ئایا فێربوونی زمانی دووەم کاریگەریی دەکاتە سەر زمانی یەکەم؟ چ تەمەنێک شیاوە بۆ فێربوونی زمانێکی تـر؟ ئایا پێویستە منداڵی بچوک فێری زمـانی دووەم بکرێت؟ یاسا و ڕێسا نێوخۆی و نێودەوڵەتییەکان لە سـەر زمـانی پەروەردە چین؟ گرنگی زمانی دایک چییە و بۆچی گرنگە پەروەردە بەتایبەت( بازنەی یەکەم) بە زمـانی دایـک بێت؟لێکەوتەکـانی پەوەردەی جووتزمـانی لە سـەر زمـانی دایـک چییـە؟ ئەوگۆڕانکارییـانە کە بەسـەر زمـانی قوتابیـدا دێـت چـین؟ کاریگەرێکـانی جووتزمـانی لە سـەر نەتەوە و پەروەردەی نەتەوایەتـی و هەسـتی نەتەوایەتـی چییـە؟ پاڵنەرەکـانی پشـت خوێنـدنی جووتزمانی چین؟

### ٢-١)جووتزمان و جووتزمانی:

#### ٢/١-١) جووتزمانی وەک چەمک و زاراوە:

جووتزمانی ڕاستییەکی سەرەکی ژیانی ئەمڕۆی جیهان پێکدەهێنێت و دیاردەیەکی دەگمەن نییە، لە ڕاسـتیدا لە جیهانـدا زیـاتر لە تـاک زمانەکـان ئاخێوەرانی جووتزمـان و فرەزمـان هەن. (ئیتنۆلۆگEthnologue) لە ساڵی (٢٠٠٩) مەزەندە دەکات، زیاتر لە (٧,٠٠٠) زمان (٧,٣٥٨) لە (١٩٤) وڵاتی جیهان قسەیان پێدەکرێت، واتە نزیکەی (٣٨) زمان بۆ هەر وڵاتێک، بەپێی ئامـاری ئیتنۆلـۆگ (٩٤٪) ی دانیشـتوانی جیهـان نـزیکەی (٥٪) ی زمانەکـانی جیهـان بەکـاردەهێنن. جگە لەوەش زۆر زمـانی وەک ( هینـدی و چینـی و عەرەبـی و بەنگـالی و پەنجـابی و ئیسـپانی و پورتوگـالی و ئینگلیـزی) لە زۆرێـک لە وڵاتـانی جیهـان قسـەیان پێـدەکرێت، وەهـا دۆخێکـی

زمـانەوانی پێویسـتی بەوەیە، کە زۆر کەس لەگەڵ جووتزمانیـدا بـژین[1]. (کریسـتاڵ) لە سـاڵی (٢٠٠٣) مەزەندەدەکات، کە دوو لە سەر سێی منداڵانی جیهان لە ژینگەیەکی جووتزمـانی گەورە دەبن. ئەو ئامـارانەی، کە کریسـتاڵ کۆی کردووەتەوە، ئامـاژە بەوە دەکەن، کە لە نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن، زیاتر لە ٤١٪ یان ٢٣٥ ملیۆن جووتزمانن بە زمانی ئینگلیزی و هەندێک زمانی دیکە[2].

وەکـو زاراوەش جووتزمـانی لە وشـەی جووتزمـان (Bilingual) ەوە وەرگیـراوە، زاراوەیەکی لاتینییە، لە (Bi+lingual) پێشگری (Bi) پێکدێت بە واتـای (دوو) دێت، (Lingual) بە واتای (زمان) دێت. وەکو زاراوە ڕوونە، بەڵام درکپێکردن بەوەی، کە چ کەسێک جووتزمـانە و چ کەسـێک جووتزمـان نییە، کـارێکی ئاسـان نییە، زمانەوانـان تەواو هـاوڕانین و بۆچـوونی جیاوازیـان هەیە، هەنـدێک لە چوارچێـوەی لێهاتوویيەکانـدا پێناسـەیان کـردووە، دیـارە لێهاتووییەکانی زمان زۆرن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی باس لە چوار جۆر لێهاتوویی(کارامەیی) دەکەن، ئەوانیش بریتین لە لێهاتوویی( قسەکردن، تێگەیشتن، نووسـین و خوێندنەوە). ئەمەیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تـر دەگۆڕێت، ڕەنگە کەسێک بتوانێت بە زمانێک قسـەبکات، بەڵام نەتوانێت خوێندنەوە و نووسینی پێ بکات، یان بتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، بەڵام نەتوانێت قسـەی پـێ بکـات. لێـرەدا پرسـیارێک دروسـتدەبێت، تـا چەنـد کەسـێک شـارەزای لەو چـوار لێهاتووییەدا هەبێت، دەبێتە کەسێکی جووتزمـان؟ (ڤان ئوربیک) دەڵێت: بە کەسێک دەگوترێت جووتزمـان هەر چـوار لێهـاتووییەکەی هەبێـت[3]، واتە بۆنمـوونە ئەگەر کەسـێک لێهـاتوویی نووسنی نەبێت، نابێت بە کەسێکی جووتزمان!، بەڵام (بەیکەر) دەڵێت: تەنها ئەم چوار لێهاتووییە بەس نییە، بـۆ ئەوەی ڕادەی زمـانزانی کەسـێک بپێورێـت، بەڵکـو توانـای بەکارهێنـانی وشـە و ڕێزمانی دروست و بەکارهێنانی زاراوەی زیاتر و لێهاتووی کۆمەڵایەتی زمـان، ئەو زمـانەی بـۆ دەتـوانرێ وەک پێـوەری دەستنیشـانکردنی توانـای زمـانزانی کەسـێک دەستنیشـان بکرێـت، کە بەیکەر ئەو زمانەی بۆ بیرکردنەوەی ناوەکی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بە لێهاتوویی پێنجەم لە پاڵ چـوار لێهـاتوویەکەی تـر نـاوی دەهێنێت[4]. لە لایەکی تـرەوە سـەبارەت بەم بـابەتە (یوکـۆ و کینجی Yuko & kenji) دەڵێن: بە شـێوەیەکی گشـتی زاراوەی جووتزمـانی بـۆ کەسـێک یـان گرووپێـک بەکاردەهێنرێـت، کە توانـای زمانییـان بەتـایبەت لە ڕووی لێهـاتوویی قسـەکردنەوە لە ئاست قسەپێکەرانی ئەو دوو زمانەدا بێت[5]، واتە تەنها سـەرنجیان خستووەتە سـەر قسـەکردن!. هەروەهـا (محمـد نقـی) دەڵێـت: جووتزمـانی واتە زانـین و بەکارهێنـانی دووزمـانی جیـاواز، بە

[1] T. K. Bhatia and W. C. Ritchie (2013:xxi ).
[2] D. Crystal (2003:69).
[3] رضا کلانتری و ئەوانی تر (١٣٩٠: ٨).
[4] C. Baker (2001:6).
[5] Y. Butler & K. Hakuta (2006: 114).

شێوەیەک کە کەسەکە بتوانێت هەردوو زمانەکە بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی پەیوەندیگرتن [١]، لێرەدا زاراوەی پەیوەندیگرتنی بەکارهێناوە، بێگومان پەیوەندیگرتن بەبێ تێگەیشتن و قسەکردن دروست نابێت.

بەپێی بۆچوونەکانی (بلۆمفیلد) بە کەسێک دەگوترێت جووتزمان بەهەمان شێوەی ئاخێوەرانی هەردوو زمانەکە شارەزای لە زمانەکان هەبێت و بتوانێت بەکاریبهێنێت[٢]، (بلۆمفیلد) زیاتر جەخت  لە بەکارهێنان دەکاتەوە، بە شێوەیەک کەسی جووتزمان وەک ئاخێوەرانی زمانەکە بتوانێت قسە بکات، بێگومان ئەمەش کارێکی قورسە، بە هەمانشێوە (ڕۆبیرت و هارتسوکەر Robert J. Hartsuiker) پێیانوایە: جووتزمانی بەکارهێنانی دوو زمانە بێ کەموکورتی، لەڕاستیدا مەرج نییە بێکەموکورتی بێت، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی فێری زمانی دووەم دەبن، بەلای کەمەوە لەڕووی فۆنەتیکیی یان ڕێزمانی یان واتای گرفتیان بۆ دروستدەبێت و ناتوانن وەک زمانی یەکەمیان لێهاتووی تەواوی تێدا پەیدابکەن.(هاوگین Haugen) پێیوایە: کەسی جووتزمان دەبێت توانای تەواوی گەیاندنی چەمکەکانی بە زمانێکی تر هەبێت [٣]. (ڕەزا کەلەنتەری و ئەوانی تر) بەهەمان شێوە دەڵێن: زاراوەی جووتزمانی بۆ کەسێک یان کۆمەڵێک بەکاردەهێنرێت، کە زمانێک یان زیاتر بەکاردەهێنن[٤]، بەڵام ئەم زاراوەیە بەرانبەر بە دوو زمان بەکاردێت نەک زیاتر، لەبەرانبەر دوو زمان زیاتر زاراوەی(Multilingual) بەکاردێت. سەبارەت بە کەسانی جووتزمانیش دەڵێن: جووتزمانەکان کەسانێکن، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا لە ماڵ و قوتابخانە پێویستییان بەدوو زمان دەبێت و بەکاردەهێنن[٥]. ئەوەی لێرەدا بەدیدەکرێت، دەستەواژەی (بەکارهێنانی ڕۆژانە)یە، لەڕاستیدا مەرج نییە، ڕۆژانە هەردوو زمانەکە بەکاربهێنێت، چونکە کەسانێک هەن، جووتزمانن یان فرەزمانن و لەکاتی پێویستدا بەکاری دەهێنن، ڕەنگە یەکێک لە زمانەکان بەساڵ بەکارنەهێنن. هەروەها(بەیکەر) پێیوایە: کەسی جووتزمان کەسێکە دەتوانێت لە هەموو بارودوخ، شوێنکدا دووزمان بەکاربهێنێت، بەرانبەر کەسە جیاوازەکان بە ئامانجی جیاواز[٦]، ئەمەش بەو واتایە دێت، بەکەسێک دەوترێت جووتزمان شارەزایی و لێهاتوویی تەواوی لە هەردوو زمانەکەدا بە بێترس و دوودڵی و لە هەموو بارودۆخێکدا هەبێت.

هەرچی (شێرزاد صبری و عەبدولسلام نەجمەدین) پێیانوایە: جووتزمانی بریتییە لەوەی، کە تاکە کەس یان کۆمەڵ دوو زمان بزانێت، یان بتوانێت بەکاری بهێنێت، ئینجا بە ڕێگای هەر

---

١ **محمد نقی براهنی (١٣٨٤: ١٢).**

2 L. Bloomfield (1933:56).
3 E. Haugen (1953:12).

٤ **رضا کلانتری وئەوانی تر (٨:١٣٩٠).**
٥ **حمید حمادی (٤٥:١٣٩٨).**
٦ **سەرچاوەی پێشوو (٤٥).**

یەکێک لەم لێهاتووییانە (گوێگرتن، قسەکردن، نووسین، خوێندنەوە)[1]. (هیوا مەولود) سەبارەت بەم چەمکە دەڵێت: مەرج نییە ئاخێوەری هەردوو زمانەکە بە لێهاتوویی تەواو هەردوو زمانەکە بزانێت و بە هەمان شێوەی ئاخێوەری ڕەسەنی هەردوو زمانەکە، بەکاریانبهێنێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بتوانێت قسەکردن و نووسینیان پێبکات و بەرانبەرەکەی تێبگەیەنێت[2]. لێرەیشدا جەخت لە سەر هەردوو لێهاتوویی (قسەکردن و نووسین) کراوەتەوە!، لە ڕاستیدا نووسین مەرجێکی قورسە، چونکە زۆر کەس ناتوانن بە زمانی دایکی خۆشیان بنووسن. هەروەها (شهین واعضی و ئەوانی تر) پێیانوایە: جووتزمانی بە کەسێک دەوترێت، کە توانای لە هەردوو زمانەکە یەکسان بێت، ئەمە بەو واتایە نییە، لە هەردوو زمانەکە زۆر باڵا بێت، بەڵکو دەبێت یەکسانی بوونی هەبێت[3]. بێگومان نەیپێکاوە، چونکە بۆچوونێک هەیە، دەڵێت مرۆڤ هەرچەندە شارەزابێت لە زمانی دووەمیدا هێشتا ناگات بەئاستی زمانی یەکەم، مەگەر لە کۆمەڵگە و ژینگەی زمانی خۆی نەبێت. هەروەها (محمد علی الخولی) دەڵێت: جووتزمانی بریتییە لە بەکارهێنانی دوو زمان لە لایەن تاک یان کۆمەڵەوە، بە هەر پلەیەکی لێهاتوویی، بۆ هەر لێهاتووییەکی زمان، بۆ هەر ئامانجێک[4]. (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان) دەڵێت: جووتزمانی وەکو زاراوە بۆ مەبەستی بەکارهێنانی دوو سیستەمی جیاوازی زمان لەلایەن تاک یان کۆمەڵەوە بەکاردێت، دەشێت جووتزمانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان کەسی بێت[5]، واتە ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنرێت، بۆ لێکدانەوەی دیاردەی جووتزمانی بۆ ئەو کەس و کۆمەڵانەی دەتوانن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بە دوو زمان ئاڵوگۆڕی بیروڕاو بۆچوونەکان بکەن.

بەم پێیە زاراوەی جووتزمانی بۆ تاک یان کۆمەڵ بەکار دەهێنرێت. سەبارەت بە کەسی جووتزمان مەرج نییە، وەکو زمانی یەکەم شارەزابێت، بەڵام دەبێت بتوانێت بەباشی قسەی پێبکات و بە باشیش لێی تێبگات، واتە مەرجی سەرەکی جووتزمانی تێگەیشتن و قسەکردنە بە هەردوو زمانەکە.

وەکو مێژووی زاراوەکەش جووتزمانی وەک دیاردەیەکی زمانی لەوەتی مرۆڤەوە هەیە، بوونی هەیە، لەو کاتەوەی مرۆڤ بە گروپی جیاواز ژیاوە، لە گەڕان بە دوای پێداویستییەکانی ژیاندا، هەر گروپێک زمانی تایبەت بە خۆی هەبووە و جیاوازبووە لە گروپەکانی تر، ئەم گروپانە نەیانتوانیوە بەبێ گەشتکردن لە ناوچەکانی خۆیان بژین و بەتەواوی لەوانی تر دابڕاوبن، بۆیە تێکەڵبوونی لەگەڵ گروپەکانی تر جووتزمانی دروستبووە. هەروەها بە هۆی

---

**[1] شێرزاد صبری وعەبدولسلام نەجمەدین (٢٠١١:٥٩).**

**[2] هیوا مەولود (٢٠١٦:٤٤).**

**[3] شهین واعضی و ئەوانی تر (١٣٩١:١٢٠-١٢١).**

**[4] محمد علی الخولی (١٩٨٨:١٨).**

**[5] شیلان عوسمان عەبدالرحمان (٢٠١٧: ٣).**

زۆربوونی ئامرازەکانی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان وەک بازرگانی و کار و کۆچ و بەردەوامبووە لە گەشەکردن و فراوانبوون، لەم سەردەمەشدا بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە ڕویداوە بە تایبەت لەڕووی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی پەیوەندی، دیاردەی جووتزمانی زیاتربووە و گەشەی کردووە.

## ۲-۱/۲)هۆکارەکانی دروستبوونی جووتزمانی:

هەروەک لە(۲-۱)ئاماژەمان پێدا، جووتزمانی دەشێت بۆ تاک یان کۆمەڵ بەکاربهێنرێت، هۆکارەکانی دروستبوونی جووتزمانیی تاک و جووتزمانیی کۆمەڵ دەخەینە ڕوو:

### ۲/۱-۲-۱)هۆکارەکانی دروستبوونی جووتزمانیی کۆمەڵ:

ئەگەر بمانەوێت بنەچەی ئەم دیاردەیە دیاریبکەین و ئەو هۆکارانەی کە لە هەلومەرجی جیاوازدا بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی، ئەوە گرنگترینیان بریتییە لە:[1]

١- کۆچی بەکۆمەڵ، هۆکارەکانی کۆچی بەکۆمەڵ زۆرن و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. گرنگترین هۆکارەکان، هۆکاری ( ئابووری، بازرگانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، جەنگ، ئاینی)ە. ئەم کۆچکردنە تاوەکو ئێستاش لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین وڵاتی تر بەردەوامە، لە ئەنجامی ئەم کۆچکردنە دیاردەی جووتزمانی کۆمەڵ پەیدادەبێت.

٢- لەشکرکێشی و داگیرکاریی سەربازی، کاتێک وڵاتێک وڵاتێکی تر بە هۆکارێک داگیردەکات، داگیرکەر هەوڵدەدات بۆ سەپاندنی زمان و دەسەڵاتی خۆی بەسەر زمانی وڵاتی داگیرکراودا و بەمەش ململانێ دروستدەبێت و لە ئەنجامدا زمانێکیان زاڵدەبێت، بەڵام مەرج نییە، یەکێکیان بەتەواوەتی لەناوبچێت، ئەمەش وادەکات، دوو زمان لەو وڵاتەدا بوونی هەبێت و دیاردەی جووتزمانی سەرهەڵدەدات. وەک چۆن یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتانی باڵتیک (لیتوانیا، ئیستۆنیا ولاتیڤیا)ی خستەسەر دەسەڵاتەکەی و زمانی ڕووسی وەکو زمانێکی فەرمی سەپاند، لەگەڵ مانەوەی زمانە ڕەسەنەکان وەک زمانی نەتەوەیی، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی جووتزمانی لەو وڵاتانەدا.

٣- جیهانگیری، هۆکارێکی بەهێزی دروستبوونی جووتزمانییە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی پەیوەندی و ئاسانکاری گواستنەوە و گەیاندن، ئەمەش بووەتە هۆی پێکدادانی زمانەکان و زاڵبوون و سەپاندنی هەژموونی وڵاتانی خاوەن سەرمایە و تەکنەلۆژیا لە نێویشیاندا زمانی ئینگلیزی لە هەموویان زیاتر ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت.

٤- هەستی نەتەوایەتی، زۆرێک لە زمانەکان بە هۆکارێک لە هۆکارەکان وەک لە خاڵی (١، ٢، ٣) دا باسکراوە، دەکەونە بەر هەڕەشەی لەناوچوون، بەڵام بەهۆی بوونی هەستی

[1] بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: أ- هیوا مەولود عەبدوڵا (٢٠١٦: ٤٥-٤٨)، ب- ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢ :٧٦-٧٩)

نەتەوایەتی زمانەکەیان دەپارێزن، بەمەش جووتزمانی دروستدەبێت، باشترین نموونەش زمانی کوردییە، بەهۆی بوونی هەستی نەتەوایەتی توانیویەتی ڕووبەڕووی زۆرێک لەو ئاڵنگاریانە ببێتەوە، بۆیە دەبینین لە پاڵ زمانی کوردی زۆرێک لە کوردەکان زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی)یش دەزانن، بەمەش دیاردەی جووتزمانی یان فرەزمانی دروستبووە.

٥- یەکگرتنی ئارەزوومەندانە، یان زۆری نەتەوە و زمانە جیاوازەکان: هەندێکجار چەند نەتەوەیەک یەکدەگرن یان چەند دەوڵەتێک یەکدەگرن، و یەکێتیەک پێکدەهێنن، وەک دروستبوونی یەکێتی ئەورووپا بەمەش جووتزمانی یان فرەزمانی دروستدەبێت.

٦- ناوچە سنوورییەکانی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی دوو زمان بەمەش جووتزمانی دروستدەبێت.

٧- بیروباوەڕ و ئاینی، ئەگەر بیروباوەڕێک یان ئاینێک لە وڵاتێکدا بڵاوبێتەوە، زمانەکەی لەگەڵ خۆیدا دەگوازێتەوە بۆ ئەو وڵاتە، بۆنموونە بەهۆی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ زۆرێک لە وڵاتان لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا زمانی عەرەبیش بڵاوبوویەوە و بووە زمانی یەکەمی زۆرێک لە وڵاتان و زمانی نەتەوییان بووە زمانی دووەم، یان زمانی نەتەوەییان بووە زمانی یەکەم و زمانی عەرەبی بووە زمانی دووەم، بەمەش دیاردەی جووتزمانی لەو وڵاتانەدا سەریهەڵدا.

**٢-١-٢-٢)هۆکارەکانی دروستبوونی جووتزمانیی تاک:**

تاک لە ماوەی ژیانیدا بە شێوازی جیاواز و لە ڕێگەی بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسانەی بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی ڕەسەنی خۆی قسەدەکەن جووتزمانی بەدەستدەهێنێت، گرنگترین هۆکارەکان بریتین لە:

١- هاوسەرگیری، هاوسەرگیری نێوان کەسانێک کە لە نەتەوە جیاوازەکانن دەبێتە هۆی دروستبوونی جووتزمانی، هەندێکجار ڕێکدەکەوێت، دایک لە نەتەوە و زمانێکی ترە و جیاوازە لەگەڵ نەتەوە و زمانی باوکدا، بەمەش منداڵەکە فێری هەردوو زمانەکە دەبێت و دیارەی جووتزمانی دروستدەبێت، واتە ژینگەی خێزان، گرنگترین ڕێگایە فێربوونی زمانی دووەم لە منداڵیدا، ئەم فێربوونە هاوکاتە لەگەڵ فێربوونی زمانی یەکەم.

٢- لە ڕێگەی پەروەردەوە، فێربوونی زمانی یەکەم لە خێزانەکەیەوە وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ چوونە قوتابخانە ڕووبەڕووی زمانی دووەم دەبێتەوە، کە زمانی پەروەردەیە، زۆرجار دۆخێکی لەو شێوەیە بەسەر ئەو منداڵانەدا دێت، کە سەر بە کەمینە زمانییەکانن، یان خێزانە کۆچبەرەکان لە وڵاتێکەوە کە زمانێکی جیاوازیان هەیە، دیاردەیەکی ڕوونە بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاواز و ئەرکە جیاوازەکانی هەر یەکێک لە دوو زمانەکە، و

منداڵەکەش بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی زمانی یەکەم و لە هەمانکاتیشدا ناچارە فێری زمانی ئەو وڵاتەش ببێت، کە کۆچی بۆی کردووە. ئەم دیاردەیەش لە قوتابخانە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، زمانی یەکەمیان زمانیماڵەوەیە، بەڵام زمانی پەروەردەیان ئینگلیزییە.

٣- بەدەستهێنانی زمانی دووەم لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی یان لە ڕێگەی خول و سەنتەرەکان، یان بە دەستهێنانی بڕوانامەی خوێندن لە پسپۆڕییە جیاوازەکانی لە دەرەوەی وڵات.

٤- لە ڕێگەی ژینگەی دەوروبەرەوە، هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت، تاکێک لە کۆمەڵێکی جیاوازی زمانی هەڵسوکەوت دەکات، کە جیاوازە لە جڤاتە زمانییەکەی خۆی لەم ڕێگەیەوە فێریی زمانێکی تر دەبێت. بۆنموونە کەسێک لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کاردەکات، دەبینین پاش ماوەیەک فێری زمانی ئەو کۆمەڵەیە دەبێت.

٥- لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیا بە تایبەت تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان...تد.

**٢/١-٣) جۆرەکانی جووتزمانی:**

زمانەوانان باسیان لە جۆرە جیاوازەکانی جووتزمانی کردووە، سەرنجی سەرەکییان لە سەر تاک و کۆمەڵە، لە سەر بناغەی( پلەی شارەزایی، ئاستی بەکارهێنانی ئەم دووزمانە، شوێن، دابەشکردنی بەکارهێنان، و شێوازی بەکارهێنان، ئاستەکانی فێربوون، لێهاتوویی زمانی و کولتووری، دەستکەوتی زمانی، کاتی، هاوسەنگی و...تد)، ئەم جۆرانەی جووتزمانی دیاریکراون، گرنگترینیان بریتین لە:[1]

**٢/١-٣-١) جووتزمانیی تاکەکەسی:**

ئەم جۆرە جووتزمانییە بە تایبەتی پەیوەندیی بە تاکەوە هەیە، لە حاڵەتێکی وادا جووتزمانی وەک دیاردەیەکی تاک لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت، و پێی دەوترێت جووتزمانی تاکەکەسی، چونکە کەسێک کە ئەم جۆرە جووتزمانییەی هەیە، دوو حاڵەتی هەیە: یان خاوەنی زمانی یەکەم و دووەمە، و دەتوانێت هەردووکیان بە شێوەیەکی ڕەوان و ئاسان بەکاربهێنێت، واتە کاتێک بە زمانی یەکەم گوێی لە قسەیەک دەبێت، بە هەمان زمان وەڵامدەداتەوە، وەک چۆن بە زمانی دووەم گوێی لە قسەیەک دەبێت و بە هەمان زمان وەڵامدەداتەوە. یان شارەزایی لە زمانی دووەم کەمترە، بۆیە ئەگەر کەسێک بە زمانی دووەم قسەی لەگەڵ بکات، ناتوانێت ئەوەی بیستوویەتی بە هەمان زمان وەڵامبداتەوە، بەڵکو ئەوەی بیستوویەتی بۆ سەر زمانی یەکەمی

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أ- هیوا مەولود عەبدوڵا (٢٠١٦: ٤٥-٤٨)،ب- ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٨٣-٨٥).

خۆی وەریدەگێڕێت، پاشان بە زمانی یەکەم وەڵامدەداتەوە و ئەم وەڵامە بۆ زمانی دووەم وەردەگێڕێت، بۆیە توێژەران جیاوازییان لە نێوان دوو جۆر جووتزمانیی تاکە کەسیدا کردووە:

أ- جووتزمانی ئاوێتە.

ب-جووتزمانی هاوکات.

ئەم جیاوازییە سەرنجی ئۆسگود(Os good)ی لە ساڵی (١٩٦٥)ی زایینی ڕاکێشا بە پشتبەستن بەو بیرۆکانەی کە لەلایەن واینرایچ(Weinnreich)ەوە لە ساڵی(١٩٦٣)ی زایینیدا خرایە ڕوو، جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە بەم شێوەیە نیشاندەدات: ئەو کەسەی کە جووتزمانیی هاوکات بەکاردەهێنێت، لە ڕاستیدا دوو سیستەمی زمانی سەربەخۆ بەکاردەهێنێت، واتە لەو پەیامەی کە بە زمانی (A) وەریگرتووە تێدەگات، بە هەمان زمان وەڵامدەداتەوە، هەروەها لەو پەیامە تێدەگات کە بە زمانی (B) پێیگەیشتووە، و بە هەمان زمان وەڵامدەداتەوە، بەڵام سەبارەت بەو کەسەی کە جووتزمانی ئاوێتە بەکاردەهێنێت، لە زمانی (A)دا سیستمێکی زمانی زاڵە، بەجۆرێک، کاتێک پەیامەکە بە زمانی (A) وەردەگرێت، لێی تێدەگات و بە هەمان زمان وەڵام دەداتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە کاتێک پەیامەکە بە زمانی (B) دێتە لای، وەریدەگێڕێت بۆ زمانی (A) تا بتوانێت لێی تێدەگات، بە زمانی (A) وەڵامدەداتەوە و دواتر وەڵامەکە دەگۆڕێت بۆ زمانی (B) بۆ ئەوەی بیگەیەنێت[1]. کەواتە ئێمە ڕووبەڕووی دوو جۆر جووتزمانی دەبینەوە، بەڵام هەندێک لە زمانەوانان بڕوایان بەم دابەشکردنە نەبووە و پێیانوایە جووتزمان کەسێکە بە تەواوی شارەزایە لە هەردوو زمانەکە و لە هەموو بارودۆخێکدا بەکاریاندەهێنێت، بەڵام ئەگەر نەتوانێت بە هەمان پلەی لێهاتوویی ئەو دوو زمانە بەکاربهێنێت و دەبێت وەرگێڕان بکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا جووتزمان نییە.

### ٢/١-٣-٢)جووتزمانیی کۆمەڵایەتی:

جووتزمانیی کۆمەڵایەتی، ئەمە بەو واتایە دێت، لە کۆمەڵگایەکدا دوو زمان لەکاردا دەبن، لە بواری پەروەردە و میدیا بەهەموو جۆرەکانیەوە لە ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن...تد، بەو واتایە نییە، کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگاکە دەبێت هەردوو زمانە بەکاربهێنن. ئەمەیش چەند جۆرێکە:

### ٢/١-٣-٢-١)جووتزمایی ئاسۆیی:

ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگایەک دوو زمانی جیاواز بە شێوەیەکی یەکسان و بە هەمان پێگەی کۆمەڵایەتی و لە هەموو ئاستە فەرمی و جەماوەری و پەروەردەییەکاندا بەکاربهێنن، ئەمە بە

[1] میجل سیجوان و ولیم.ف مکای (١٤١٥ هـ: ٨-٩) .

واتای بوونی جووتزمانیی ئاسۆیی لەو کۆمەڵگایەدا دێت. ئەم ناوە لە ئەنجامی یەکسانی پێگەی ئەو دوو زمانە و لێکچوونیان لە بەکارهێناندا دێتەئاراوە.

### ٢-٢-٣-١/٢) جووتزمانیی ستوونی/ناهاوسەنگ:

ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵێک دوو زمان بە شێوەیەکی نا هاوسەنگ بەکاربهێنن، بۆ نموونە یەکێکیان لە بواری پەروەردە و میدیا و ئاستە فەرمییەکان...تد، ئەویتریان لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، ئەمە بەواتای بوونی جووتزمانیی ستوونی دێت، ئەمەش لە ئەنجامی نایەکسانی پێگەی ئەو دوو زمانە دێتە ئاراوە[١].

### ٣-٣-١/٢) جووتزمانیی نموونەیی/ئایدیاڵی:

جووتزمانیی نموونەیی بە واتای زاڵبوونی تەواوەتی هەردوو زمانەکە دێت، شارەزابوون فاکتەری گرنگە لەم جۆرەدا، واتە ئەگەر بە هەریەکێک لە دوو زمانەکەی قسەبکات، یان بنووسێت، ناتوانین کاریگەریی یەکێکیان لە سەر ئەوی دیکە ببینین و ئەم کەسە خاوەنی هەموو لێهاتوویی زمانی هەردوو زمانەکە دەبێت و دەتوانێت هەردوو زمانەکە لە هەموو بارودۆخێکدا و بۆ هەموو مەبەستەکان بەکاربهێنێت. ئەم جۆرە جووتزمانییە بە کەمی ئەگەری هەیە، چونکە زۆر دەگمەنە و ناتوانرێت لێهاتوویی مرۆڤ لە دوو زماندا بە تەواوی یەکسان بێت، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زمانێک لە زمانێکی دیکە باڵاترە و دەگمەنە مرۆڤ شارەزا بێت لە دوو زمان بە هەمان پلەی لێهاتوویی لە هەموو بوونە و لە هەموو بارودۆخێک و بۆ هەموو مەبەستێک، واتە مرۆڤ لە یەک کاتدا توانای شارەزابوون لە دوو زمان یان زیاتری هەیە، بەڵام ئەگەر واز لە زمانی یەکەمی بهێنێت، توانای لە زمانەکەی خۆیدا لاواز دەبێت و وزەکەی بۆ زمانی دووەم دەگوازرێتەوە، ئەمەش بەو واتایەیە زمانی یەکەم بە خشکەیی خۆی زاڵە بەسەر زمانەکانی دیکەدا، کە مرۆڤ قسەی پێدەکات [٢].

### ٤-٣-١/٢) جووتزمانیی هاوسەنگ:

جۆرێکە لە جووتزمانی لە سەر بنەمای شارەزایی، واتە ئەگەر تاک دەستبکات بە فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووەم، تا ڕادەیەکی زۆر بگاتە شارەزایی خۆی، بەبێ ئەوەی بگاتە ئاستی شارەزایی تەواو، ئەوا ئەم قۆناغەی جووتزمانی پێیدەوترێت جووتزمانیی هاوسەنگ، واتە لەم قۆناغەدا هیچ کام لە هەردوو زمانەکە زاڵ نابێت بەسەر ئەویتردا و هاوسەنگی ڕادەگرێت.

---

[١] **ئێمە پێمانوایە ئەمە دایگلۆسیایە و ناچێتە چوارچێوەی جووتزمانییەوە.وەک لە ( ٢/١-٦) ئاماژەمان پێکردووە.**

[٢] **ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٨٢).**

**٢/١-٣-٥) جووتزمانیی سروشتی:**

جووتزمانیی سروشتی، جۆرێکە لە جووتزمانی لە سەر بنەمای ژینگەی سروشتی زمانەکە، فێربوونی جیاوازە لە فێربوونی زمانی یەکەم، وەک چۆن هەندێک کەس بە شێوەیەکی سروشتی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیان و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، بەبێ پێویستی بە فێربوونی فەرمی فێردەبن.

**٢/١-٣-٦) جووتزمانیی پەروەردە/دەستکرد:**

لەئەنجامی ئەو سیستەمەی کە لەپرۆسەی پەروەدەدا دەگیرێتەبەر، ئەوە قوتابی لە قوتابخانە فێردەبێت بە جووتزمانیی پەروەردە ناودەبرێت، واتە جۆرێک لە ژینگەی فێربوون بۆ بەدەستهێنانی زمانی دووەم دروستدەکرێت، کە لە ڕێگەی پەروەردەی قوتابخانەوە قوتابی فێری زمانی دووەم دەبێت، ئاشکرایە فێربوونی سروشتی باشترە لە فێربوونی دەستکرد.

**٢/١-٣-٧) جووتزمانیی خێزانی:**

جووتزمانیی خێزانی جۆرێکە لە جووتزمانی بەهۆی شوێنی فێربوونەوە ڕوودەدات، هەندێکجار دایک و باوک سەر بە دوو زمانی جیاوازن، بۆ نموونە دایک عەرەب و باوک کوردە لە ئەنجامدا منداڵەکە دەتوانێت زمانی کوردی و عەرەبی فێرببێت، بەم جۆرە جووتزمانییە دەوترێت جووتزمانییماڵەوە.

**٢/١-٣-٨) جووتزمانیی زانیاری:**

ئەگەر دوو زمان لە میدیای گشتیدا بێت پێی دەوترێت جووتزمانیی زانیاری، لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا ڕۆژانە زانیارییەکان لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بە دوو زمان پەخشدەکرێت، واتە کات و جێگا بۆ هەر زمانێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنی تەرخاندەکرێت، بۆیە پێی دەڵێن جووتزمانیی زانیاری.

**٢/١-٣-٩) جووتزمانیی فەرمی:**

لەم جۆرەدا دوو زمان لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دانپێدانراو دەبێت. تاک لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا دەتوانێت زمانی یەکەم و دووەمی خۆی بەکاربهێنێت، بۆیە بە هەر زمانێک بیەوێت لە هەر شوێنێک، لە ماڵەوە، لە سەر شەقام، لە شوێنی کارەکەی، لەگەڵ هاوڕێکانی و خێزانەکەی و لەگەڵ خەڵکی گشتیدا بەکاری دەهێنێت، لە ژینگەی فەرمی و لە ژینگەی نافەرمی، هەر کاتێک بیەوێت و چۆن بیەوێت بەکاریان دەهێنێت.

**۲/۱-۳-۱۰) جووتزمانیی تەواوکاریی/پیشەیی:**

جۆرێکە لە جووتزمانی، دوو زمان لە کاردا دەبن، بەڵام ڕەنگە هەندێکیان نەتوانن لە هەموو بابەتەکاندا دوو زمانەکەیان بەکاربهێنن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر دابەشکردنی بەکارهێنان لە نێوانیاندا، هەر زمانێک بۆ ئەرکێکی تایبەت دیاریدەکەن، لەوانەیە زمانی یەکەم زمانی خۆی لە ماڵەوە و تەنها لەگەڵ ئەندامانی خێزان بەکاربهێنێت و زمانی دووەم لە دەرەوەی ماڵ و دەتوانێت زمانی دووەمی خۆی لە شوێنی کار بەکاربهێنێت، واتە تەواوکاری یەکترن.

**۲/۱-۳-۱۱) جووتزمانیی جێگیر:**

ئەگەر لە کۆمەڵگادا دوو گروپ پێگە و گرنگی یەکسانیان هەبێت، ئەوا زمانەکانیان بە هەمان شێوە پێگە و گرنگییەکی یەکسانیان هەیە و ئەم جۆرە جووتزمانییە پێی دەوترێت جووتزمانیی بەرانبەر، هاوسەنگی و هاوئاهەنگی نێوان ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە، ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە جووتزمانییەدا هەیە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا جووتزمانی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کە لە لایەن سەرجەم گروپەکانی کۆمەڵگاوە پەسەند کراوە و لە لایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاوە لە هەموو ئاستەکاندا قبووڵ دەکرێت، ئەم تێگەیشتن و قەناعەت لە نێوان تاکەکاندا پێکەوەژیانێکی زمانییە لە نێوان ئەو دوو زمانەدا، ئەمەش داوای بەهێزبوون و سەقامگیری هەردوو زمانەکە پێیدەوترێت جووتزمانەیی جێگیر.

**۲/۱-۳-۱۲) جووتزمانیی ناجێگیر:**

ئەم جۆرە جووتزمانییە ناجێگیرە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەندێکجار بەهۆی ئەوەی وڵاتێک پەنابەری زۆر ڕوویتێدەکات بەهۆی زۆری ژمارەی جووتزمانەکان لەگەڵ تاکزمانەکان بەردەوام لە گۆڕاندایە، واتە بە بەردەوامی دوو جۆر زمان لە وڵاتدا نییە و بەڵکو پەیوەندیی زمانی یەکەم لەگەڵ زمانی دووەم بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەر بۆیە بە جووتزمانی ناجێگیر ناوی دەبەن.

**۲/۱-٤) جووتزمانی و کاریگەریی لە سەر کەسێتی تاک:**

کەسێتی و زمان پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، (زمان ڕەنگدانەوەی کەسێتی تاکە و تایبەتییە بایۆلۆژی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاک لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، بە هەمان شێوە زمانیش کاریگەریی بەسەر کەسێتی مرۆڤەوە هەیە و لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێت کاریگەری لە سەر کەسێتی بکرێت و ئاراستەی بگۆڕدرێت بەرەو ئامانجێکی دیار[1]. کەسێتی کۆمەڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتە بەهۆیەوە مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە، مرۆڤ

[1] عبدولواحید موشیر دزەیی (۲۰۲۱: ۱۲۵).

توانای وەرگرتنی ئەو ڕەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتانە بە شێوەیەکی بۆماوەیی هەیە، لەو ژینگەیەی تێدا دەژی وەریدەگرێت. بەم پێیەش ئەرکی پەروەردەیە پەرە بەتوانا و وزە شاراوەکانی قوتابیان بدات، ئەم وزە شاراوەیەش لە ئەنجامی تێکردە و دەرکردەکانەوە چالاک و بەبەرهەم دەبێت و داهێنانی تێدا دەکرێت. کەواتە بەشێک لە ئەرکی پەروەردە بونیادنان و گەشە و بەهێزکردنی کەسێتی تاکە، کردەی بونیادنانی کەسێتی تاک، بریتییە لە کردە و پێواژۆی پەروەردە و فێربوون و فێرکردن و پێگەیاندنی هەموو لایەنەکانی کەسێتی تاک، یاخود بە کردەی پێکهێنانی دروستیی ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤ دەوترێت، کە مرۆڤ لە دایک دەبێت لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک لێهاتوویی و توانست و هێز و ماتەوزەی بۆماوەی پێیە، کە دەبێت بەرجەستەی بکات، جێبەجێکردنی ئەم ماتەوزە شاراوا و ناواخنکراوە، ئەرکی ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤی تێدایە، چۆنیەتی وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکان و تێرکردنی پێویستی و حەز و خولیاکان و کاردانەوەی کارەکان و پاڵنەرەکان تاوپۆی ڕایەڵەکانی کەسێتی لای مرۆڤ بونیاددەنێن، کەسێتی پەرە پێدەدرێت لەگەڵ ژینگە و دەوروبەریدا [1]. ئەم ئەرکەش تەنها بە زمانی دایک جێبەجێدەکرێت، چونکە بە زمانی دووەم ناتوانرێت پەی بە وزەی شاراوەی ناواخنی قوتابی ببرێت، بەمەش ناتوانرێت بوروژێنرێت و کاردانەوەی ئەوتۆی نابێت بۆ وروژێنەرەکان، کە بەمەبەستی فێربوون و فێرکردن لە لایەن مامۆستایانەوە ئاراستەیان دەکرێت.

هەرچەندە جووتزمانی بابەتێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە لەکۆنەوە وتویانە چەند زمان بزانیت ئەوەندە مرۆڤیت، یان وەکو گۆتە دەڵێت: مرۆڤ تا زمانێکی تر نەزانێت، ئەوە زمانەکەی خۆشی بەباشی نازانێت[2]. ئەمە جگە لەوەی جووتزمانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا لەگەڵ تاکدایە و لە هەموو کردارەکانیدا یاوەری دەکات، هەروەها لە ڕەفتار و هەستەکانیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەو پێیەی کاریگەرییەکی زۆری لە سەری دەبێت، تەنانەت کاریگەریی دەکاتە سەر کەسێتی تاک، ئەگەر ئەم تاکە لەناو کۆمەڵی زمانیدا، کە لەگەڵیاندا دەژی، هەست بە کەموکوورییەک بکات، هەوڵدەدات، بە هەر شێوەیەک بێت، قەرەبووی ئەو کەموکوڕییە بکاتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زمانێکی تر، پێیوایە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی خۆی لەناو گروپەکەیدا[3]، هەرچەندە ئەم جۆرە ڕەفتارانە تەنها لە تاکەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو لەوانەیە سەربکێشێت بۆ گروپێک، چونکە هەندێک گروپ مەیلیان هەیە زمان وەک ئامرازێک بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و بەهێزکردنی ڕێزگرتن لە خۆیان بەکاربهێنن[4]. بە هەمان شێوە ئەگەر مرۆڤ هەست بکات، کە لە پێگە و مەعریفەدا کەمترە و لە پێگەیەکی

---

[1] شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١أ:١٧).

[2] http://www.if id.de/New/index.php?option=com_content&task=view&id=289&Itemid=222

[3] هـ. دوجلاس براون (١٩٩٤: ٢٤٢).

[4] هدسن (١٩٨٧: ٣٣٠)

کۆمەڵایەتی نزمترە لە کەسانی دیکە لەناو کۆمەڵگاکەیدا، هەوڵدەدات لەوەی هەستی پێدەکات، ڕزگاری بێت و زمانێکی دیاریکراو بۆ قسەکردن هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەنێوان گوێگراندا بەرز بکاتەوە، بە تایبەت کاتێک ئەو زمانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان زانستییەوە بەناوبانگە[1]. ئەمەش لەناو میللەتی کورددا بەدیدەکرێت، کە هەوڵی زۆر دەدەن بۆ بەکارهێنانی ئینگلیزی،عەرەبی،...تد، پێیانوایە ئەم بەکارهێنانە پێگەی کۆمەڵایەتییان لە نێو خەڵکی ئاساییدا بەرز دەکاتەوە و وایان لێدەکات، لە زاناترین و خوێندەوارترین چینەکاندا هەژمار بکرێن. ئەمانە پاڵنەرەکانی فێربوونی زمانە بیانییەکانن لە نێوان زۆرێک لە تاکەکاندا. ئەمە وەک لایەنکی جووتزمانی دەکرێت تەماشا بکرێت، بەڵام لایەنێکی تری جووتزمانی وەک هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن، کە جووتزمانەیی زیان بە کەسێتی تاک دەگەیەنێت و وا دەکات، بنەما و بەهاکانی بگۆڕێت، هەروەک چۆن زمانەکەی بەپێی پێداویستی شوێنەکە و بارودۆخەکان دەگۆڕێت، ئاوەهاش لەگەڵ گۆڕانی زماندا لە ڕەفتاردا دەگۆڕێت. بۆنموونە هەندێکجار بەهۆی ڕوون نەبوونەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیەوێت دەریببڕێت، هەروەها نەبوونی یەکپارچەیی و ملکەچی زمانەکە بۆی، بۆیە ئـ ئـ ئـ ئـ یان بابەتی دیکە لە قسەکاندا بەکاردەهێنێت، ئەمەش بە عەیبەکانی بێژەکردن دادەنرێت، ئەمەش بە ئەنجامی دوودڵی و نەبوونی متمانە بەخۆیەوە سەرهەڵدەدەن[2]. هەروەها ئەم زیانەش تەنیا لە قسەکەردا سنووردار نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ئەو گوێگرەی کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی،توشی سەرسوڕمان دەبێت و هاوسەنگی لەدەستدەدات و تێگەیشتنی بۆ ماوەیەک دەوەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ ئەوەی پێی دەوترێت لەبارەی قسەکردن و تێگەیشتنەکەی[3].

## ٥-١/٢)جووتزمانی و بونیادنانی کۆزانیاریی زمانی:

کۆزانیاریی زمانی، بریتییە لە هەموو ئەو زانیارییانەی مرۆڤ لە لەدایکبوونەوە لە ڕێگەی کۆمەڵگا و تێڕامان و بیرکردنەوەی خودییەوە وەریدەگرێت، توانای بیرهاتنەوە و بەکارهێنانی هەیە، کە لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانەوە بەدەستدێت، واتە کۆزانیاری لە گردبوونەوەی چەپکە زانیارییەکان، کە لە ئەنجامی ئەزموونی خودی (تێڕامان و تاقیکردنەوە و فامکردنەوە) و ئەزموونی بابەتی( فێربوون و فێرکردنەوە) وەریاندەگرین، پێکهاتووە و مەبەست لێی توانستی بیرکردنەوەی ئەو شتانەیە، کە پێشتر فێریان بووین [4]. کەواتە لە بنەڕەتدا کۆزانیاری

[1] محمد علی الخولی (١٩٨٨: ١١٧).
[2] سەرچاوەی پێشوو (١١٩).
[3] سەرچاوەی پێشوو (١٨٠).
[4] شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١ب:١٨٨).

ئینسکلۆپیدییەکە، چوارچێوەی چەمکەکە دیاریدەکات، ئەم کۆزانیاریەش لە ئەنجامی ئەزموون و شارەزاییەکانی مرۆڤەوە دێتەکایەوە [1].

هەروەکو چۆن لە زمانەوانیی درکپێکردندا باوەڕیان وایە، کە سەرچاوەی کۆزانیاریی زمان بریتییە لە خودی بەکارهێنانی زمان خۆی، منداڵ بەهۆی فێربوونەوە فێری زمان دەبێت، وەک هەموو شتەکانی تر وایە، کە منداڵ بەپشتبەستن بە لاسایکردنەوە، ڕاهێنان، گوێگرتن، ناسینەوە، تاقیکردنەوە، ڕاستکردنەوە، بەکاربردنی شارەزایی فێریان دەبێت[2]، واتە کۆزانیاریی زمانی هۆکار و هاوکارێکی باشی پرۆسەی پەروەردە (فێربوون و فێرکردن)ە، ئەم دەستەبەریەش بە شێوەیەکی تەواو و سروشتی لە زمانی یەکەمی قوتابیدا ئامادەیە، بەڵام لە زمانی دووەمدا بە تایبەت لە پرۆسەی پەروەردە لە بازنەی یەکەم ئەم کۆزانیارییە بە زمانی دووەم دروست نەبووە، پێویستی بە کاتێکی زۆر دەبێت بۆ بونیادنانی، بێگومان ئەمەش لە پرۆسەی پەروەردە ئەنجامی باشی نابێت، ئەمە سەرەڕای بۆ قوتابی کۆمەڵێک ئاریشە دروستدەکات، چونکە فێرخواز لە ناوەندەکانی فێربووندا، بەهۆی ئەو ژینگە جیاوازەی تێدا تێکەڵدەبیت و کارلێکدەکات، بەبێ هاوسەنگی بیر و لێکدانەوە، بارودۆخێکی لاسایکردنەوەی لا دروستدەبێت و فێری زمانێکی نوێ دەبێت. لەم قۆناغەدا گرنگترین شت لای فێرخواز، بریتییە لە دەربڕین بێ ئەوەی لە نێوان زمانەکاندا هەوڵی جیاکردنەوەی سیستەمی بدات. لەم بارەدا شپرزەیی بیری لەگەڵ چەند دڵەراوکێیەکی دەروونی ڕوودەدات، دەبێتە هۆی ئەوەی فێرخواز بە دوای هاوسەنگکردنی زمانی لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بگەڕێت. کۆزانیاری بەبێ بەستنەوەی زانیاریی نوێ لەگەڵ کۆندا، کە ژیانە ڕاستەقینەکەی دەرەوەی قوتابخانەیە تەواونابێت. بۆ نموونە کاتێک مامۆستا لە قوتابخانە ئاماژە بە گوڵێک، یان ڕەنگێک، یاخود وێنەیەک دەکات بە ڕستەیەک دەریدەبڕێت، ئاماژەیە بۆ وێنەی ئەو شتەی لێی دەدوێت و بە شاراوەیی باس لە خەسڵەتەکانی دەکات و پشت بە زانیاری پێشووی منداڵ دەبەستێت، بەڵام ئەگەر هاتوو زمانی منداڵ جیاواز بوو لەگەڵ ئەو زمانەی فێری دەبێت، ئەوا هیچ کاریگەری لە سەر فێرخواز نابێت، چونکە کاتێک مامۆستا ئاماژە بە وێنەیەک، یان ڕەنگێک دەکات، ئەوا فێرخواز هیچ زانیاریەکی پێشەکی لە سەر ئەم کەرەستانە نییە، بۆیە کاریگەریی کۆزمانەوانی و دەروونی لە سەر دروست نابێت، ئەگەر هاتوو لە هەمان کاتدا ڕێگای وەرگێرانیشی بۆ بەکاربهێنێت[3]. بەشێک لە ئاریشەکانی پەوەردە بە زمانێکی تر پەیوەستە بە پرۆسەی بە چەمکبوونی کۆزانیارییەکان، چونکە کاتێک منداڵ بە زمانێکی تر دەخوێنێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەک(Leaf)ی گوێ لێ دەبێت، ئەوە هیچ

[1] شاخەوان جەلال حاجی فەرەج و ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٢: ٣).
[2] کاروان عومەر قادر و شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠١٩: ٢٣).
[3] شاخەوان جەلال حاجی فەرەج و و ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٢: ٣). لە ( ابراهیم القید و محمد مجاهد (١٩٨١ : ٩١))وەریانگرتووە.

پێشینەیەک و هیچ تۆڕێکی پەیوەندی چەمکی ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی تردا گرێنادات، بۆیە توانای تێگەیشتن قورس دەبێت و قوتابی ناچاردەبێت، بە لەبەرکردن کوێ پرۆسەکە وەربگرێت، بێگومان ئەگەر ئەم تۆڕ جاڵجاڵۆکەییە بە شێوەیەکی سروشتی دروست نەبێت، ئەوە بەئەگەرێکی زۆرەوە لە یادگەی درێژخایانیدا نامێنێتەوە، چونکە بەچەمکبوون بەرجەستەکردنی کۆزانیارییە کەڵکەبووەکانی مرۆڤە، دەربارەی جۆر و شێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو بوونانەی لە ژینگە و دەوروبەر و جیهاندا هەن. چەمکەکان توانای ناسینەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان بە هۆی ڕووداوە کۆنەکانەوە، بە مرۆڤ دەبەخشن، چونکە چەمکەکان خۆیان بە داڕشتەیەکی گەورەتری کۆزانیارییەکانی مرۆڤەوە لکێنراون [1]، واتە ناتوانرێت لە پڕێکدا تەنات بە چەندساڵێکیش کۆزانیارییەکی دەوڵەمەند لە چەمکەکان بۆ قوتابی دروستبکرێت، تەنانەت کاتێک باس لە پەروەردەی زمانیی زمانی دایک دەکەین، مەبەست دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری زمانییە. بە پێی ئەو توێژنەوانەی کە کراون، فێربوونی زمانی یەکەم هاوکارێکی باش دەبێت بۆ فێربوونی زمانی دووەم، کەواتە پەیوەندیی کۆزانیاریی زمانی یەکەم بە کۆزانیاریی زمانی دووەمەوە گرنگە، بوونی پەیوەندی نێوانیان جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە لە فێربوونی زمانی دووەمدا ئاسانکردنی بۆ پرۆسەی فێربوونی بەکارهێنانی زمان دروستدەکات، ئەگەر لەلای فێرخواز هەر دوو زمانەکە پەیوەندیی کۆزانیارییان لای دروستنەکرد و کاردانەوەی لە سەر فێرخواز نەبوو، ئەوا پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەم دژوار و ئەستەم دەکات. ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم گرفتە، گرنگیدانبێت بە چالاکی ئاوەزەیی فێرخواز[2].

## ٦-١/٢) جووتزمانی و دوودیویی زمانی:

لە پاڵ زاراوەی جووتزمانی زاراوەی دوودیویی زمانیش دەبینرێت، (چارلس فێرگسن ١٩٥٩) بۆیەکەمجار(Diglossia)بۆ دوو زاری هەمان زمان بەکارهێناوە[3]. پاشان (فیشمان ١٩٧٢،١٩٨٠) بۆ دوو زمانی جیاواز لە ناوچەیەکی جوگرافی لە تەنیشت یەک بەکارهێنا، لەنێوان زمانێکی بەرز و زمانێکی نزم، یان زمانی زۆرینە لە وڵاتێکدا لەگەڵ زمانێکی کەمینە لە هەمان وڵاتدا، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە بۆ دوو زمان، بەڵام دوو زمانەکە بۆ هەمان مەبەست بەکارناهێنرێت، بۆنموونە لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا بەکارهێنانی زمانێک لە دۆخێکی دیاریکراودا و بۆ هەندێک کردار، زمانەکەی تر بۆ هەندێک کرداری جیاواز، بۆنموونە زمان لەوانەیە زمانی کەمایەتی لە ماڵ و چالاکیی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت، بەڵام زمانەکەی تر لە

---

[1] کاروان عومەر قادر و شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠١٩: ٣٩ )

[2] شاخەوان جەلال حاجی فەرەج و ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٢: ٣).

[3] **Ch .Ferguson (1996:18).**

پەروەردە و لە میدیا و لە شوێنە فەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت[1]، واتە بەکارهێنانی دوو شێوازی جیاواز لە ئاخاوتن ( ستاندارد و زار و زارۆچکەکانی زمانەکە یان فەرمی و نافەرمی). هەروەها (کیس براون و جیم میلەر) بە بوونی دوو جۆری جیاوازی زمانێک لە کۆمەڵێکی ئاخاوتندا پێناسەی دەکەن[2]، واتە لە هەر کۆمەڵێکی ئاخاوتندا دوو جۆری جیاوازی زمانێک هەبوو، ئەوە بریتییە لە دوودیویی زمانی، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت، ئەکرێت لە نێوان دوو زاریشدا ئەم دیاردەیە ببینرێت.

(سەلام ناوخۆش) دوودیویی زمانی بە دۆخێکی نیمچە جێگری زمانی ناودەبات، کە دوو شێوەی جیاوازی زمان لە کاتی گفتوگۆکردنی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت، ئاماژە بە بوونی ڕەوشێکی زمانەوانی دەکات، کە دوو جۆری جیاوازی زمان لە میانی گفتوگۆ پێکەوە دەبینرێت، کە هەریەکەیان بۆ بوارێکی جیاواز و کاری کۆمەڵایەتی دەبێت[3]، واتە زیاتر شێوازە جیاوازەکانی یەک زمان دەگرێتەوە.

پێناسەکان ئەوە دەردەخەن، دوودیویی زمانی بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بە دوو شێوازی جیاواز، شێوازێکی نزمی(شێوەیەکی ئاسایی) شەرمەزارکەر زیاتر لەباری نافەرمی و تایبەتدا بەکاردێت، شێوازێکی بەرز یان زۆرینە زۆربەی کات زمانی زۆرینە وەک زمانێکی جوان و ناسکتر و پەروەردەکارتر و دەرگای سەرکەوتنی ئابوری و پەروەردەیی دەبینرێت. کەواتە؛ دوودیویی زمانی دوو جۆری زار یان زمان دەگرێتەوە، کە لە ناوچەیەکی جوگرافیدان، یەکێکیان زیاتر لەوی دیکە بەکاردێت و ئەوەکەی تر شەرم لە بەکارهێنانی دەکرێت، یان بە کەمتر سەیردەکرێت. (فیشمان) زاراوەی جووتزمانی و دودیویی زمانی بۆ وێناکردنی چوار دۆخی زمانی دابەشدەکات. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:[4]

١- دوودیویی زمانی و جووتزمانی پێکەوە.

٢- دوودیویی زمانی بەبێ جووتزمانی.

٣- جووتزمانی بەبێ دوودیوی زمانی.

٤- نە جووتزمانی و نە دوودیوی زمانی.

دۆخی یەکەم: بریتییە لە کۆمەڵگایەکی زمانی، کە هەردوو جۆری ئاخێوەر لەخۆدەگرێت، لە کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیەدا هەموو کەسێک دەتوانێت هەردوو جۆری زمان(بەرز و نزم) بەکاربهێنێت، بۆ نموونە زمانی بەرز لە پەروەردە و کاروباری حکومەت و زمانی نزمیش بۆ گەڕەک و کۆڵان و خێزان...تد،

---

1 C. Baker (2001:44).

2 K. Brown & J. Miller (2013:134).

3 سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٤٠).

4 C. Baker (2001:45).

دۆخـی دووەم: دوودیـویی زمـانی بەبێ جووتزمـانی، واتە دوو زمـان پـێکەوە لە سـنوورێکی جوگرافیـدان وەک وڵاتـی سویسـرا، کە تـاڕادەیەکی زۆر گـرووپە زمـانییە جیاوازەکـانی وەک (ئەڵمـانی، فەرەنسـی، ئیتـالی، ڕۆمـانی)ی تێـدایە. لەبـاری فەرمیـدا لەوانەیە لە ڕوی تیـۆرییەوە یەکسانبن، بەڵام زمانێکیان لەوانی تر زیاتر بەکاردەهێنرێت و بە چاوێکی بەرزتر تەماشدەکرێت، واتە دوودیویی زمانییەکە لە نێوان دوو زمان ڕوودەدات، نەک دوو زار.

دۆخی سـێیەم: جووتزمـانی بەبێ دوودیـویی زمـانی، لەم دۆخەدا زۆربەی خەڵکی جووتزمـان دەبـن، یەک جـۆر زمـان بەکارنـاهێن بـۆ بوارێـک، بـۆ نمـوونە وەکـو پەروەردە، بەڵکـو هەردوو زمانەکە لە پاڵ یەکتردا بەکاردەهێنرێن، (فیشمان) ئەم جۆرە بە حاڵەتێکی نـاجێگیر پەسـندەکات، باسـی ئەوە دەکـات، زمانێکیـان لای خەڵکـی کە زیـاتر لەگەشـە و بـرودایە، ئەگەری هەیە، هەژموونی خۆی بەسەر زمانەکەی تردا بسەپێنێت، بەتـایبەت زمـانی زۆرینە، واتە ئەوەی بەلای زۆرینەوە پەسەندە.

دۆخی چـوارەم: ئەوەیە نە جووتزمـانی و نە دوودیـوی زمـانی هەیە. بـۆ نمـوونە کۆمەڵگـایەکی هەمەجۆری زمانی بەزۆر گۆڕاوە بۆ کۆمەڵگایەکی تـاک زمـانی ڕێگە بە زمانەکـانی تـر نادرێت، بەمەیش یەکجـۆری زمـان لە کۆمەڵگای زمانیدا بوونی دەبێت وەک لە وڵاتـی کوبـا و کۆمـاری دۆمینیکان زمانە ڕەسەنەکان لەناوچوون، تەنها یەکجۆر زمان لەکۆمەڵگادا بوونی دەبێت[1].

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی ئینگلیزی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی، کە کۆمەڵگا بە شـێوەیەکی گشـتی بتـوانن بەکـاری بهێنن، بەڵام ئەو دۆخەی لەنێو ئەو قوتابخـانانەی، کە بە زمـانی ئینگلیـزی دەخـوێنن بە شـێوەیەکە، قسـەکردن بەزمـانی کـوردی تێدا بە چـاوێکی کەمتـر لەچاو زمانە ئینگلیـزییەکەدا سـەیردەکرێت، بـۆ نمـوونە لە زۆربەی ئەو قوتابخـانانەی تـوێژەر بە شـێوەیەکی مەیـدانی سـەردانی کـردوون، ئەم دیـاردەیە دەبینرێـت، ئەگەر قوتـابیەک نەتوانێـت گرفتەکـانی بە زمـانی ئینگلیـزی بگەیەنێـت بە مامۆسـتاکەی یـان دەسـتەی کـارگێڕی ئەوە بە قوتابیەکی لاواز(تەمەڵ) دادەنرێت و دەبێت لەگەڵ قوتابیاندا بە زمـانی ئینگلیـزی ئاخـاوتن بکەن، بە بیانووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی. دیارە ئەمەیش لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخـانەیەکی تـر ڕێژەکەی دەگۆڕێت. ئایـا ئەگەر زیـاتر ئەم قوتابخـانـانە پەرەبسـێنێت لە چەنـد سـاڵی ئاینـدە ئەو دۆخەی لەو قوتابخانانەدا هەیە ناگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگا؟[2]

## ٢/٢)جووتزمانی و مێشک:

بەشـێک لە پرسـەکانی ئێسـتای لێکـۆڵینەوەی بـواری زمـانەوانی و دەروونناسـی و زانسـتی دەمـار بـریتیین لە چـۆنیەتی ڕێکخسـتنی زمـان لە مێشـکدا، پرسـیارگەلێک دەوروژێنرێـت و

---

[1] C. Baker (2001:45-47).

[2] بۆزانیاریی زیاتر: بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

هەوڵدەدرێت، وەڵامیان بۆ بدۆزرێتەوە، لەوانە: چۆنیەتی کارکردنی زمان لە مێشکدا و چۆنیەتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی زمان و جێگەی زمان، گرنگترین پرسیار سەبارەت بە جووتزمانەکان و فرەزمانەکانە و جیاوازی یان وەکیەکی جێگەی هەریەک لە زمانەکانە لە مێشکدا؟چالاکی مێشک لە کەسی جووتزمان بە هەمانشێوەی کەسی تاکزمانە؟ چۆنیەتی گەنجکردنی زانیارییە زمانییەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چۆنە؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە بوونەتە جێسەرنجی توێژەرانی بوارەکانی زمانەوانی، دەروونناسی، زانستی دەمار...تد.

ئاشکرایە، زمان وەک پێرەوێکی هێمایی یەکێکە لەو تایبەمەندییانەی، کە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، پەیوەندیی بە مێشکەوە هەیە، مێشکیش بەرپرسە لە کارلێکە کیمیاییەکانی جەستەی مرۆڤ و گواستنەوەی زانیارییەکان بە هۆی پرۆسە کارەباییەکانەوە، کە پرۆسەیەکی خێرایە، پاشان لە ڕێگەی چەند ئۆرگانێکەوە (بیسن، ئاخاوتن) پرۆسە میکانیکییەکان بۆ دەربڕینی ئاخاوتن لە شێوەی شریتی دەنگیدا دەستپێدەکات[1]. بێگومان مێشکی مرۆڤ ئەندامێکی ئاڵۆزە و دەستگەیشتن بە چۆنیەتی کارکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکان کارێکی ئاسان نییە، لە چەند ڕێگەیەکەوە هەوڵدراوە، چۆنیەتی هەڵگرتنی زانیاری و بە کارهێنانەوەی بزانرێت، وەک: ئەو زانیارییانەی دەستکەوتوون لە ڕێگەی پشکنینی ئەو نەخۆشیانەیە کە توشی مێشکی مرۆڤ دەبێت، بە تایبەت دوای دۆزینەوەی هەردوو (ناوچەی برۆکا و وێرنیکا)، لە ئەنجامدا توانای بیستن و قسەکردن و گوێگرتنیان نەمابوو، یان لە ڕێگەی وێنەگرتنی مێشکەوە بە ئامێرەکانی پشکنینی تیشکدەرەوەی پۆسیترۆن (PET) و وێنەگرتنی دەنگدانەوەی موگناتیسی کرداری(FMRI) بۆ دیاریکردنی شە پۆلەکان لە کاتی چالاکییە زمانییەکاندا بە تایبەتی(چالاکی جووتزمانی)[2].

دیارە، ئەوەی تائێستا زانراوە، بەشێکی کەمە و واتای ئەوە نییە، کە هەموو ئەو شوێنانەی پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، بە تەواوی دیاریکراون، چونکە پرۆسەی هەڵگرتنی زمان و دیاریکردنی شوێنی هەڵگرتنی کۆد و چۆنیەتی ڕێکخستن و دواتر بەرهەمهێنانەوەی بەشێکی زۆر بە شاراوەیی ماوەتەوە، واتە ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە، بە شێوەیەکی ڕێژەیی و بەتەواوەتی نەزانراوە.

### ١-٢/٢) مێشک و بەشەکانی:

مێشک بەشێکە لە سیستەمی دەماریی ئەندامی مرۆڤ و دەکەوێتە کاسەی سەرەوە، جوڵەی ئەندامەکان، ئاخاوتن، برسیەتی، تونیێتی و چەندین ڕەفتاری تری زیندووی مرۆڤ لە کۆنترۆڵی مێشکدایە، هەموو هەستەکانی مرۆڤ لە خۆشەویستی و ڕقەوە بۆ ترس، توڕەیی،

---

[1] ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٩).

[2] https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S1053811912004703

سۆز و خەم، لە لایەن مێشکەوە دروست و کۆنترۆڵ دەکرێن. هەروەها وەرگرتنی ئەو نیشانانەی کە لەلایەن ئەندامەکانەوە وەرگیراون ( چاو، گوێ، پێست، زمان و ...تد) لە ئەستۆی مێشکدایە. پرۆسەکانی وەک هۆشیاری، زیرەکی و ژیری هەروەها ئەو سیفەتانەن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە کرداری مێشکی مرۆڤەوە هەیە. مێشکی مرۆڤ نزیکەی(١,٤)کگم و (١٠٠)ملیار دەماری(neuron) هەیە، بەهۆی دەزوولە دەمارەکان پێکەوە پەیوەندییان هەیە[١].

مێشکی مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، (بەشی لای ڕاست و بەشی لای چەپ) هەریەکە لەم بەشانەش بۆ چوار پل دابەشدەبن، ناوچاوانەپل، لاجانگە پل، قەدی مێشک، مێشکۆکە، پلی پشتەسەر، لاتەنیشتە پل. لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ( بەشی لای چەپ بەرپرسە لە کۆمەڵێک چالاکی زمانی بە بەشی شیکاری و هۆش ناودەبرێت، بەشی لای ڕاست بە نیوەگۆی هەستی دیاریکراوە، تایبەتە بە لۆژیک ( وشە، ژمێرەیی، خۆشنووسی، زنجیرەیی، شیکاریی، لیستکردن)، لای ڕاستیش لە بنەڕەتدا لە ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی وەک (ئەندێشە، سۆز، ڕەنگ، ئاوەز، شێوەکان، ئەندازیاری)بەرپرسە [٢].




وێنەی ژ (١)[٣] بەشی لای ڕاستی مێشک




وێنەی ژ (٢)[١]بەشی لای چەپی مێشک

---

[١] منصور فتح الهی ١٣٨٩
http://linguist1969.blofa.com/post/28

[٢] شیلان عومەر حسین (٢٠٢١ب: ٢٤٠-٢٤١).

[٣] بڕوانە: أ- عەبدولواحید مواحید موشیر دزەیی (٢٠٢١: ٥٥).
https://horofar.com/%D9%85%/D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8

## ٢-٢/٢) ناوچەکانی مێشک و بەشداریان لە پرۆسەی زماندا:

وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، مێشکی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو نیوەگۆ پێکدێت، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، نیوەی لای چەپ لە زۆربەی مرۆڤ تایبەتە بە زمان، بەڵام لەم دواییانەدا ئەوە ڕوونبووەتەوە، کە ئەو بۆچوونە زۆر تەسکە بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لە چۆنیەتی هەڵگرتنی زمان لە مێشکدا ئەم بۆچوونە نوێیانەش لە پێشکەوتنەکانی وێنەگرتنی دەمارەکانەوە دێن بە ئامێری وێنەگرتن وەک( (PETوFMRI) ئەوەیان سەلماندووە، کە نیوەی لای ڕاستیش تەواو بێلایەن نییە لە پرۆسەی ئاخاوتندا. لە لێکۆڵینەوەکانداباس لە چەند ناوچەیەکی مێشک کراوە لە پرۆسەی زماندا لەوانە:[٢]

**١- ناوچەی بینین:** دەکەوێتە پشتەوەی لۆچی گۆشە، لێرەوە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی ئاخاوتن دەستپێدەکات، شەپۆلەکان وەردەگرێت و بۆ لۆچی گۆشەی دەنێرێت. وشەی نووسراو وەردەگرێت، وەک وروژاندنی بینراو.

**٢- لۆچی گۆشە:** ئەم ناوچەیە دەکەوێتە دواوەی ناوچەی وێرنیکا، لەپلی پشتەسەر، بەرپرسە لە گۆڕینی وروژێنەرە بینینەکان بۆ شێوەی بیستن، گۆڕینی نووسین بۆ دەنگ، ئەم ناوچەیە ڕۆڵی گرنگی هەیە، بۆ بەستنەوەی شێوەی لاسایکردنەوەی زمانی و وێنە درکپێکراوەکان و ناونانی شتەکان و تێگەیشتنی شتی نووسراو هەیە، واتە ئەرکی گۆڕینی بینراو بۆ کۆدی بیستراو.

**٣- ناوچەی وێرنیکا**[٣]: دەکەوێتە پشتەگوێی چەپ و لەژێرناوچەی بیستندایە، ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە وەرگرتنی دەنگ و لێکدانەوەی قسە و ئامادەکردنی واتا و لێکدانەوەی وشەو هەڵبژاردنی بە ئامانجی دروستکردنی ڕستە.

**٤- ناوچەی برۆکا**[٤]: دەکەوێتە بەشی پێشەوەی لای چەپی مێشک، ڕۆڵی کاریگەریی لە بەرهەمهێنانی زمان هەیە و بە پرۆسەکردنی زمان، ئەویش لە ڕێکخستنی ڕستە و بەکارهێنانی یاسا و ڕێسای گونجاو و دروست و...تد.

---

1 https://horofar.com/%D9%85%/D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8

٢ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أ- دەرون عەبدولڕەحمان ساڵەح ( ٢٠١٤:٢٤-٤٢) ب- منصور فتح الهی ١٣٨٩
http://linguist1969.blofa.com/post/28

٣ لە ساڵی ١٨٧٦ Karl Wernicke پزیشکی ئەڵمانی بەشێکی دیکەی لە مێشک کە دوچاری زیان ببووەوە نەخۆشەکانی دوچاری ( ئەفاسیا) کردبوو ئاشکراکرد، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە لەبەشی لای چەپ لە ژێر ناوچەی بیستن، بەهۆی کۆمەڵێک لە ڕیشاڵی دەماریی کە بە Arcuate Fasciculus ناودەبرێت، لە پەیوەندیدان، لە کاتی زیان بەرکەوتن و پچڕانی ئەم ڕیشاڵانە مرۆڤ توشی نەخۆشی ئەفاسیا دەبێت. ئەوانەی دوچاری ئەم نەخۆشیە دەبنەوە بەباشی لە ئاخەوتنەکان تێدەگەن، بەڵام ناتوانن بیڵێنەوە. ئەم شوێنە لە مێشک بە ناوی پزیشکی نەشتەرگەر زانا ( وێرنیکا)ەوە ناونرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

٤ لە ساڵی ١٨٣٦ ( Marc Dax) دوای لێکۆڵینەوە لەسەر چەند نەخۆشێک کە توانای قسەکردنیان نەبوو،بۆی دەرکەوت کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو نەخۆشانە ئەوەیە کە بەشی لای چەپی مێشکیان دوچاری بەکەوتن بووەتەوە، چەند ساڵ دواتر Paul Broca پزیشکی نەشتەرگەری فەرەنسی یەکێک لە نەخۆشەکانی خستە ژێر

| کاتێک زیان بەناوچەی وێرنیکا دەکەوێت | کاتێک زیان بەر ناوچەی برۆکا دەکەوێت |
|---|---|
| ئەفاسیای وێرنیکا:<br>▪ نەخۆش توانای تێگەیشتن لەدەستدەدات<br>▪ نەخۆش بە ڕوونی قسەبکات، بەلاّم ڕیزی وشەکان کە بەکاریدەهێنێت تێکەلّدەکات، لەبەر ئەم هۆکارە ڕستەی بێواتا بەرهەمدێنێت. | ئەفاسیای برۆکا:<br>▪ نەخۆش توانای قسەکردن لەدەستدەدات.<br>▪ نەخۆش بە باشی تێدەگات.<br>▪ وشەکان بە باشی دەرنابڕێت.<br>▪ نەخۆش لە سەرخۆ و پچڕ پچڕ قەسەدەکات. |

خشتەی ژ(١)[1]زیان بەرکەوتنی هەریەک لە ناوچەی برۆکا و وێرنیکا

٥- **ناوچەی جوڵە:** ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ناوچاوانە پلەوە، سەرەڕای ئەوەی بەرپرسە لە جوڵەکان وەک جوڵەی لێوەکان، زمان، جوڵەی ماسولکەکانی تری دەم وچاو، ڕێڕەوی هەناسەیش ڕێکدەخات، بەرپرسە لە خوێندنەوەی وشەکان. بڕوانە وێنەی ژ (٤)

بەپێی مۆدێلی پێشنیازکراوی نۆرمان گێشویند(Norman Geschwind) زانای ئەمریکی بواری مێشک، کە لە سالاّنی ٦٠ و ٧٠ کاندا پێشکەشکراوە، ئەو وشەیەی کە دەیبیستێت، یەکەمجار لە ڕێگەی ناوچەی بینینەوە ناوچەی لۆچی گۆشە دەوروژێنرێت و تاقیدەکرێتەوە، دواتر ڕەوانەی ناوچەی وێرنیکا دەکات و پەیوەندیی مانادار دروستدەکات، لە نێوان داتای وەرگیراو و داتاکان کە پێشتر لە یادگەدا هەڵگیراون، ڕێگەت پێدەدات لە مانا ئاخاوتنی بەرانبەرت تێبگەیت و لە ڕێگەی ناوچەی جوڵە دەریببڕیت[2]، واتە پرۆسەی دروستبوونی ئاخاوتن لە مێشکدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ناوچەی بینین ← لۆچی گۆشە ← ناوچەی وێرنیکا ← ناوچەی برۆکا ← ناوچەی جوڵە |
|---|

هێلّکاریی ژ (١) پرۆسەی دروستبوونی ئاخاوتن

---

**چاودێری کە تەنها یەک وشەی دەزانی "tan" هەرلەبە ئەمە پۆل برۆکا ئەم نەخۆشە ی ناونا تەن ،دوای مردنی تەن لە سالّی١٨٦١ پۆل برۆکا توێکاری بۆ مێشکی ئەم نەخۆشەئەنجامدا، بۆی دەرکەوت کە ئەو ناوچەیی ئێستا بە برۆکا نراسراوە زیانی بەرکەوتووە.بڕوانە: منصور فتح الهی ١٣٨٩**

**http://linguist1969.blofa.com/post/28**

[1] **سەرچاوەی پێشوو.**

[2] **سەرچاوەی پێشوو.**




وێنەی ژ (٣)[1]پرۆسەی دروستبوونی ئاخاوتن

پێویستە لێردا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە زۆرێک لە لێکۆڵینەوە تازەکان و دۆزینەوەکان بە توندی پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە مۆدێلی کلاسیک پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، چونکە جگە لەو ناوچانەی کە لە سەرەوە دیاریکراون، زۆر ناوچەی تر بەشدارن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زمان[2]. تەکنیکەکانی مێشکناسی وێنەگرتنی چالاکی کارەبایی دەمارەکان موگناتیسی مێشک کە بە هۆی چالاکی دەمارەکانەوە دروستدەبێت، ئەم تەکنیکانە توانای وردبینی کاتییان هەیە، ئەمەیش ڕێگە بە توێژەران دەدات بزانن کەی پرۆسەی جیاواز ڕوودەدات[3].

### ٣-٢/٢) جووتزمانی و جێگەیان لە مێشکدا:

سەبارەت بە جێگای زمانی دووەم لە مێشکدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، لایەنگرانی ئەوانەی پێیانوایە، کە زمانی یەکەم و دووەم هەمان شوێنیان هەیە، وێنەگەلێکی زۆریان پیشانداوە، کاتێک کەسی جووتزمان بە هەر کام لە زمانەکان قسەدەکات، هەمان جێگە لە مێشکیان چالاک دەبێت، هەندێک لە توێژەرانی تر بە پێچەوانەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئەنجامی جیاوازتریان بەدەستهێناوە و جێگای جیاوازیان دیاریکردووە.[4]

بۆ ئەوەی بزانرێت پرۆسەی زمان لە هەر دوو زمانەکە لە کەسانی جووتزمان هەمان شوێن لە مێشکدا چالاکە، یان نا پێویستە لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا بەراوردبکرێت، هەندێک لە توێژەران پێیانوایە، ناوچەی برۆکا و وێرنیکا بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەکانی زمانی یەکەمدا هاوبەشن، دەرکەوتووە، هەمان ئەو ناوچانە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکانی زمانی دووەمیشدا چالاکن، بەم پێیە هەردوو پێڕەوی زمانەکە لە یەک ناوچەی مێشکدا کاردەکەن. تەنانەت جووتزمانی تەمەنەکانی دواتر(نەک منداڵ)ئەوە دەردەخات، کە لەگەڵ زمانی

---

[1] https://images.app.goo.gl/sH8Z6TJswxrgc3XJ9
[2] L. A. Stowe (2005: 1-46).
[3] بڕوانە: B.Spolsky & F.M. Hult (2008:27-38) .
[4] بڕوانە: شهین واعضی و ئەوانی تر (١٣٩١: ١٢٢).

ڕەسـەندا لە کۆمەڵێک شـوێنی مێشکدا کەوتـوونەتە سـەر یەک و لە کـاتی تێگەیشـتنی ئەرکە زمانییەکاندا چالاکن.[1]

بە بەکارهێنـانی تەکنیکەکـانی وێنەگرتنـی دەمـار لە ڕێـگەی(FMRI و PET)ەوە چـالاکی مێشک، لە کاتی پرۆسێسکردنی زمـان تۆمـاردەکەن، بەهـۆی گۆڕانکاری لە ڕۆیشـتنی خـوێن بـۆ بەشێک لە ناوچەی مێشک بەمەیش دەتوانین بزانین کەی؟ و لەکوێ؟ پرۆسەی زمان ڕوودەدات و تا ڕادەیەک نزیکماندەکاتەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە زمـان لە کوێی مێشـکدایە؟ و کـام دەمـارانە چـالاک دەبـن؟، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بـوارانەدا کـراون، تـاڕادەیەک جیـاوازی لە ئەنجامەکانیانـدا هەیە، نـاتوانین لەوە دڵنیـابین، کە ئەو کەسـانەی جووتزمـانن لە هەمـان ئەو دەمـارانە کەڵـک وەردەگرن.(لـۆر و هاوڕێکانی) هۆکـاری ئەم ناتەبـاییە لە ئەنجامەکـان بـۆ چەنـد هۆکارێک دەگێڕنەوە:[2]

١- جیاوازی ئاستی لێهاتوویی نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەم .

٢- شـێوازی فێربـوونی زمـانی دووەم ئایـا زمـانی دووەم بە شـێوەیەکی سروشـتی یـان لە پۆلێکدا فێربووە.

٣- جیاوازی تەمەن.

(لــوری و هاوڕێکــانی) پێیــانوایە نــاوچەی  برۆکــا و ڤێرنیکــا کە بــۆ زمــانی یەکەم بەکـاردەهێنرێن، هەمـان نـاوچەش بـۆ زمـانی دووەم بەکاردەهێنرێـت، بەڵام فێربـوونی زمـانی دووەم لە هەندێک کەسدا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دەبێتە هۆی چالاکبوونی زیـاتر[3]، واتە دیـاریکردنی جـێگەی  زمـان لە مێشـکی کەسـانی جووتزمـان یـان فرەزمـان لە هەمـان ناوچەدایە، بەڵام تا چەند زمانی دووەم دەزانێت یان چۆن فێربووە، هەروەهـا ئاسـتی تەمەنیش کاریگەریی لە سەر چالاکبوونی ناوچەکانی مێشک هەیە. (گرین Green) بـاس لەوە دەکـات، کە جیاوازی دەماریی لە مێشکی قسـەکەری جووتزمانـدا کەمـدەبێتەوە لەگەڵ زیـادبوونی لێهـاتوویی لە زمـانی دووەم، واتە ئەو جیـاوازییەی کە لە نـاوچەی مێشـکی قسـەکەری جووتزمانـدا هەیە لە سـەرەتاکانی فێربوونی زمانی دووەم دا، بەڵام لەگەڵ فێربوونی زمانی دووەم (بەهەمان شـێوەی زمـانی یەکەم) ئەوە جیاوازی چالاکی دەمارەکانیش کەمتر دەبنەوە[4]. لێکۆڵینەوەیەکی (PET) لەلایەن(Peraniet) لە نێوان زمانەکانی ئیسپانی - کەتەلۆنی  کراوە، کە لێهـاتووییەکی بەرزیـان هەیە، هەروەهـا لە نێـوان زمانەکـانی ئیتـالی – ئینگلیـزی، کە لێهاتووییـان لە زمـانی دووەمـدا کەمتـرە، بۆیــان دەرکەوت، کە ئەوانەی لێهــاتووییەکی بەرزیــان لە هەردوو زمــانەکەدا هەیە،

---

[1] عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥: ٨٦). لە ((MATTHEW J- TRAXLER-2012-P438 وەریگرتووە.
[2] بڕوانە: L. A. Stowe (2005: 1-46).
[3] **L. A. Stowe (2005: 1-46)**
[4] **J. Herschensohn & M. Young-Scholten (2013:408-409).**

جیاوازی لە نێوان چالاکی دەمارەکان کەمترە بە بەراورد بەو کەسانەی کە شارەزایان کەمترە لە زمانی دووەمدا[1].

لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنە پزیشکییەکاندا هاتوونەتەدی، هێشتا نەتوانراوە ئەوە بسەلمێنرێت، کە پرۆسەی زمان لە کەسانی تاکزمان و جووتزمان هەمان جێگایان لە مێشکدا هەیە یاخو نا.

**٤-٢/٢) پەیوەندیی فەرهەنگی ئاوەزی بە جووتزمانییەوە:**

لە (٢/١-٢) باسی یادگەمانکرد و باسی ئەوەشمانکرد کە چۆن زانیارییەکان گەنج دەکرێن، ئەوەمان خستەڕوو، زانیارییەکان دەبێت لە یادگەی درێژخایەندا بمێننەوە، بۆ ئەوەی بچێتە یادگەی درێژخایەنەوە پێویستی بەوەیە گرنگ (بوروژێت) بەلای مرۆڤەوە بێت و زۆرجار دووبارە بکرێتەوە، ئینجا مرۆڤ دەتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت. پرسیارێک لێرەدا سەرهەڵدەدات، ئایا ئەگەر قوتابییەکی بازنەی یەکەم زمانەکە فێرنەبووبێت، دەتوانێت:

١- زانیاری وەربگرێت؟٢- ئایا ئەگەر زانیاری وەرگرت دەتوانێت لە یادگەی درێژخایەن گەنجی بکات؟

هەموو زمانێک خاوەنی پێڕەوی تایبەت بەخۆیەتی، لە پێڕەوی(سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی) پێکهاتووە، ئاخێوەرانی هەر زمانێک بەبێ هیچ ماندووبونێک ئەم پێڕەوەیان وەرگرتووە و شارەزایی تەواویان لەم پێڕەودا هەیە. زمانێکی گونجاو و ئامادەیە بۆ پرۆسە پەروەردە بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانە، بەڵام کاتێک زمانێکی تر دەکرێتە زمانی پەروەردە واتە پێڕەوێکی زمانی جیاواز و نائاشنا بە قوتابی، لێرەشدا ئەرکی قوتابی چەند هێندە دەبێت، لەلایەک دەبێت فێری زمانەکە( سیمانتیکی ،سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژ)ی ببێت، ئەمە سەرەڕای دەبێت فێریی کەلتوور و دابونەریتی ئەو زمانە ببێت، لەلایەکی ترەوە دەبێت فێری زانستەکەش ببێت. تاوەکو فێریی زمانەکە نەبێت، گونجاو نابێت بۆ پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، دەبێت بە شێوازێک بێت لەکاتی بیستن و بەکارهێناندا ئاسان بێت، چونکە زمان پێڕەوێکی پەیوەندیگرتنە، بەهۆی وشەکان و بەکاربردنیانەوە دێتەکایەوە، لە ژیانی مرۆڤدا وشەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە، هەر تاکێکی ئاخێوەر بە نموونە وەربگیرێت بە بەردەوامی و بێوەستان شارەزایانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لێ بەکاردەهێنێت، ئەم وشانە دەبێت لە شوێنێکی ئاوەزییدا بە جۆرێک گەنجکرابن، کە بەکارهێنانیان ئاسان بێت و بەپێی پێویستی بەکارهێنانیان بێنەوە یاد و بەخێرایەکی زۆر و لە شێوەی تۆڕێکدا ئامادەبن، واتە وشەیەک لەگەڵ وشەکانی تر لە پەیوەندیی( سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)دان، بەپێی

---

[1] **J. Herschensohn & M. Young-Scholten (2013: 409).**

بارودۆخی بەکارهێنانیان کارا ببنەوە، دەتوانرێت بەمە بگوترێت فەرهەنگی ئاوەزی [1]. هەروەها پێڕەوی هەموو زمانێک هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناوەکی و دەرەکییە، کە قسەپێکەرانی خودی زمانەکە پێیان بەخشیووە و لە ئەنجامی تێڕوانینیان بۆ ژینگە و دەوروبەر لە لایەک و لە لایەکی تر قوڵبوونەوەیان بە ڕایەڵەکانی بیرکردنەوەیاندا گەیشتوونەتە ئەوەی چەشنێک لە زمان بۆ خۆیان دابڕێژن هەر خودی ئەم دارشتنە زمانییەش جارێکی تر دەبێتە هۆکاری ئەوەی هزر و ئاوەزداری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی لە ڕێگەوە پێ پەروەردەبکرێت و پێ بناسرێتەوە [2]، واتە (فەرهەنگی ئاوەزی) ئەو پێکهاتەیە، کە هەموو ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت – فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، واتاسازی و ڕستەسازی – کە قسەکەران لەبارەی تاکە وشە و مۆرفیمەکانەوە دەیزانن. فەرهەنگی ئاوەزی وەک فەرهەنگێکی دەروونی پێناسەدەکرێت، کە زانیاری لەبارەی وشەیەکەوە لەخۆدەگرێت، وەک واتا و بێژەکردن و تایبەتمەندییە ڕستەسازییەکانی. فەرهەنگی ئاوەزی لە فەرهەنگێک گشتگیترە، چونکە تەنیا کۆمەڵێک وشە نییە؛ لەبری ئەوە، باس لەوە دەکات، کە چۆن ئەو وشانە لەلایەن هەر قسەکەرێکەوە چالاک دەکرێن، هەڵدەگیرێن، بە کۆد دەکرێن و وەردەگیرێنەوە. هەرچەندە زۆرجار فەرهەنگی ئاوەزی بە "فەرهەنگ"ناودەبرێت، بەڵام لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ فەرهەنگدا هەیە. بۆ نموونە فەرهەنگی ئاوەزی وەک فەرهەنگێک بە شێوەی ئەلفوبێ ڕێک نەخراوە؛ بەڵکو پێدەچێت بە پەیوەندییەکانی نێوان بابەتە وشەییەکانی پەیوەست بە فۆنۆلۆژی و واتاسازی ڕێکخراو بێت[3].

زانیارییەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی، وەک کتێبخانە یان کۆمپیوتەر، هەمیشە نوێ دەکرێنەوە. وشەی نوێ زیاددەکرێت، پەیوەندیی نوێ بە وشەی هەبوو دروستدەکرێت، ڕەنگە وشەی بەکارنەهێنراو لەبیر بکرێت، ئەمە بۆ هەردوو فێرخوازانی زمانی دایکی و فێرخوازانی زمانی دووەم ڕاستە. پرسێکی دیکە، کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، پەیوەندیی نێوان فەرهەنگی ئاوەزی زمانی یەکەم و زمانی دووەمەوە هەیە. لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا ئەنجامی ناکۆکەکانیان بەرهەمهێناوە، لەگەڵ هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژەیان بە کۆگای وشەی جیا کردووەتەوە و هەندێکی تر بەڵگەیان دۆزیوەتەوە بۆ پشتگیریکردن لە یەک کۆگای وشە، بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن، کە پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان فەرهەنگی ئاوەزی زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا هەیە، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هیچ بەڵگەیەکی جەوهەرییان نەدۆزیوەوە، کە داتاکانی زمانی یەکەم و زمانی دووەم لە فەرهەنگی ئاوەزی بە

[1] شیلان رحیم ابراهیم (٢٠١٩: ٣).
[2] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٦:٢٨).
[3] https://en.wikipedia.org/wiki/Mental_lexicon#Theories_and_perspectives

هەمان شێوە ڕێکخرابن، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان نیشان دەدەن کە لە ڕاستیدا لە ڕووی پێکهاتەییەوە هاوشێوەن[١].

**٥-٢/٢)گریمانەکانی چۆنیەتی پاراستن، ڕێکخستن، بەرهەمهێنانی یەکە پێکهێنەرەکانی زمان لە مێشکی کەسانی جووتزماندا:[٢]**

**گریمانەی یەکەم**، بەگریمانەی تاک جێگایی ناسراوە، دوو جۆر لە گریمانەی تاک جێگەیی هەیە:

١- بەپێی ئەم گریمانەیە هەر زمانێک بە جیا و بەشیوەیەکی سەربەخۆ لە مێشکدا هەڵگیراون، کاتێک زمانێکیان لە کاردایە و زمانەکەی تر لە کاردەوەستێت، واتە هەر یەکێک لە زمانەکان سیستەمی خۆی هەیە و دەستێوەردان لە زمانەکەی تردا ناکات.

٢- بەپێی ئەم گریمانەیە یەک کۆگا بۆ هەڵگرتن و پاراستنی یەکە زمانییەکان هەیە، بەڵام بە شێوەی سەربەخۆ نین.( پارادایس) پێیوایە یەک کۆگا بۆ هەڵگرتن و بەرهەمهێنانی یەکە زمانییەکان لە مێشکی کەسانی جووتزماندا هەیە، بەڵگەی کاریگەریی فۆنەتیکی هەر دوو زمانەکە لە سەر یەکتر دەهێنێتەوە، کاتێک بە زمانی دووەم ئاخاوتن دەکرێت، کاریگەریی فۆنەتیکی زمانی یەکەم دەبیستین، بەپێچەوانەشەوە کاریگەریی زمانی دووەم لە سەر زمانی یەکەم دەبینرێت. دیارە کاریگەرییەکە تەنها لایەنی فۆنەتیکی نییە، بەڵکو کاریگەریی ڕێزمانی و تێکەڵکردنی وشەکان و چەندین کاریگەریی تریان لە سەر یەکتر هەیە، پارادایس گاریگەری فۆنەتیکی بە بەڵگەی هەڵگرتن و بەرهەمهێنانی هەردوو زمانەکە دەهێنێتەوە[٣].

**گریمانەی دووەم**،مۆدێلی شێوە تۆڕی: ئەم گریمانەیە پێچەوانەی بۆچوونەکەی پارادایسە، ئەویش ئەوەیە کە زانیارییەکانی هەر زمانێک بە شێوەی تۆڕێک و بەجیا پێکەوە بەستراونەتەوە، بەئەمیش بەڵگەی هەبوونی سیستەمی سەربەخۆی زمانی لە ناو مێشکدا دەردەخات[٤].

**گریمانەی سێیەم**، مۆدێلی دووانەیی:

أ-مۆدێلی تێکردە، (جۆهن) لە جێی ڕەتکردنەوەی مۆدێلی تاکجێگایی گریمانەی دوانەی پێشنیازدەکات، بەپێی بۆچوونەکانی (جۆهن) بۆ هەر زمانێک یەک هەڵبژاردە هەیە و لەژێر کۆنترۆڵی دا، بەڵام تەواو جیا نین و تاڕادەیەک پەیوەندیی لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش یارمەتی کەسی جووتزمان دەدات، لە ڕێگەی ئەو چەمکانەی کە لە زمانی یەکەم فێری بووە و زمانی

---

[1] https://www.academia.edu/4727633/How_learners_make_mental_links_with_words_Abstract

[٢] بڕوانە: شهین واعضی و ئەوانی تر (١٣٩١: -١٢٢-١٢٣).

[3] M. Paradis (2000: 22).

[٤] شهین واعضی و ئەوانی تر (١٣٩١: ١٢٢).

دووەمی لە سەر بینا بکات [1]، واتە ئەو کەسانەی زمانێکی تر فێردەبن سوود لەو چەمکانە وەردەگرێت، کە لە زمانی یەکەم فێریان بووە.

ب-مۆدێلی هەڵبژاردنی دەرکردە، بەپێی ئەم مۆدێلە کەسی جووتزمان بڕیاردەدات، بە کام زمان قسەبکات، بەپێی ئەم بڕیارە زمانەکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، تاڕادەیەک سەربەخۆی لە دروستبوون و دەرکردنی یەکە زمانییەکان و جێگای هەڵگرتنیان هەیە، واتە کاتێک کەسێک بڕیاردەدات بە زمانێکی تر قسەبکات، ئەوە دەچێتە سەر پێڕەوێکی تری زمانیی و پێڕەوەکی تر دادەخات.

## ٢/٢-٦) مۆدێلە هاوبەشەکانی جووتزمانی لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا:

دوای ئەوەی لە ڕوانگەی دەمارناسییەوە تیشکمان خستەسەر جێگەی جووتزمانی لە مێشکدا، لێرەش لەڕوانگەی زمانەوە پەیوەندیی هاوبەشیان دەخەینە ڕوو، زمانی یەکەم و دووەم لە چەندین پرۆسەدا پێکەوە کاردەکەن، هاوکار و یارمەتیدەری یەکترن، هەندێکجار دژی یەکترن و ململانێی یەکتر دەکەن، لەئاستی وشەدا پەیوەندی نێوان چەمک و وشە یان وشە و واتا دا ئەمەش بەسێ مۆدێل ڕووندەکەینەوە:

### ٢/٢-٦-١) مۆدێلی هاوبەشی وشە: [2]

بەپێی ئەم مۆدێلە وێنە و چەمکەکان لە زمانی یەکەمەوە سەرچاوەدەگرن، دواتر لە ئاستی وشەدا هاوبەش دەبن، واتە منداڵ لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بە هەمان پرۆسەی فێربوونی زمانی یەکەمدا تێناپەڕێت، بەڵکو چەمک و وێنە هۆشەکییەکان ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە وەردەگرێت، وشەی زمانی دووەم ڕاستەوخۆ پەیوەستدەکات بەو چەمک و وێنە هۆشەکییەی، کە لە زمانی یەکەمەوە وەریگرتووە، بۆ نموونە کەسێکی کوردزمان لەکاتی فێربوونی زمانی یەکەمیدا وشەی(دار) لە ئاوەزیدا بە چەمک و وێنەی هۆشەکییەوە چەسپیووە، لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم ناگەڕێت بۆ ئەوەی وێنە و چەمکی تازەی بۆ دابنێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە زمانە کوردییەکەوە وەریدەگرێت و تەنها لە زمانێکی وەکو ئینگلیزی هێمای زمانیی(tree)ی بۆ دادەنێت. بەهێڵکاریی ژ (٢) پیشاندراوە.

---

[1] J. Herschensohn & M. Young-Scholten (2013:59-77).

[2] بڕوانە: عەدنان عەبدوڵا عەبولوەهاب (٢٠١٥: ٩٠- ٩١).




هێڵکاریی ژ (٢)مۆدێلی هاوبەشی وشە

**٢/٢-٦-٢)مۆدێلی چەمکی نێوانگیر:** [(١)]

لە سەر بنەمای مۆدێلی پێشووتر، هەروەها ئەو ڕەخنانەی کە لە سەر مۆدێلی هاوبەشی وشە هەیانبوو لەلایەن (Potter et al) ەوە لە ساڵی (١٩٨٤) پەیوەندیی وشە و مۆدێلی نێوەندگیری چەمکیان پەرەپێدا، بە پێی ئەم تێڕوانینە قسەکەرانی جووتزمانی ئاستی چەمکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئاستی فەرهەنگدا جیاوازن. بە پێی ئەم مۆدێلە وشەکانی زمانی دووەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وشەکانی زمانی یەکەمەوە نییە، بەڵکو لە جیاتی ئەوە چەمکی هاوبەشیان هەیە، واتە بۆ چەمک و وێنە هۆشەکییەکان ناگەڕێنەوە بۆ زمانی یەکەم.

(Potter et al) دوو تاقیکردنەوەیان لە نێوان ئینگلیزی – فەرەنسی و ئینگلیزی- چینی ئەنجامدا، بۆیان دەرکەوت وەرگێڕان لە ئاستی وشە لە ز١ بۆ ز٢ هیواشتر بوو لە چاو ناولێنانی وێنە لە ز٢ ئەوان بۆیان دەرکەوت، گرووپەکانی جووتزمانی خێراتر وەڵامی وێنەکانیان دەدایەوە وەک لە وشەکان، ئەم ئەنجامەیش لەگەڵ مۆدێلی چەمکی نێوەندگیری گونجاوە. هەروەها بۆیان دەرکەوت، کە زمانەکان ڕەنگە لە ئاستی وشە و زاراوەکان هاوبەشیان نەبێت، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە هەمان شتن، بەڵام لە مۆدێلی پێشووتر پێیان وابوو کاتێک کەسێک فێری زمانی دووەم دەبێت هەموو چەمکەکان تەنها لە ڕێگەی زمانی یەکەمەوە وەردەگرێت و دواتر لە زمانی دووەمدا تەنها هێمای زمانی بۆ دادەنێت.

---

[1] **I. Hennecke (2013: 35-40).**




هێلکاریی ژ (٣)مۆدێلی چەمکی نێوانگیر

### ٢/٢-٦-٣)مۆدێلی هەموارکراوی هەرمی:[١]

ئەم مۆدێلە هەموارکردنەوەی مۆدێلی یەکەم و دووەمە، بەپێی ئەم مۆدێلە زمانی یەکەم و دووەم لە ڕووی چەمک و وشەوە هاوبەشن و بە ڕێژەی جیاواز کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە، بە شێوەیەک کە کاریگەریی زمانی یەکەم لە زمانی دووەم زیاتر کاریگەرترە، وەک لە هێلکاریی ژ (٤) ئاماژەی پێدراوە. مۆدێلەکانی پێشوتر هەریەکەیان جەختیان لە سەر یەک لای وشە دەکردەوە، بەڵام ئەم مۆدێلە بە تێکەڵکردن و سوودوەرگرتن لە دوو مۆدێلەکەی پێشوتر هاتووەتە بوون، بەڵام بەشێوازێکی نوێتر.

ئەم مۆدێلە لە لایەن (کرۆل و ستوارت Kroll & Stewart)ەوە لە ساڵی (١٩٩٤)دامەزرا، بەپێی ئەو تاقیکردنەوەیەی ئەنجامیاندا، بۆیان دەرکەوت، کە وەرگێڕان لە ز١ ەوە بۆ ز٢ لە ئاستی چەمک تێدەپەڕێت، لە کاتێکدا وەرگێڕان لە ز٢ وە بۆ ز١ تەنها لەئاستی وشەدا دەبێت و خێراترە، واتە وەرگێڕان لە ز١- ز٢ لە ئاستی چەمک نێوانگیر دەکرێت و پێویست ناکات، فێرخواز بیر لە چۆنیەتی یان چییەتی شتەکە بکاتەوە، بەڵکو بابەتەکە ڕوونە و تەنها پێویستی بە ناولێنان بە زمانی دووەم هەیە، کە ئەمەیش لە ئاستی وشەدا دەبێت، بەڵام وەرگێڕان لە ز٢- ز١ لە ئاستی وشە نێوانگیر دەکرێت.

ئەم مۆدێلە هەوڵدەدات، حساب بۆ ناتەواوەکان بکات لە وەرگێڕاندا، کە پێشنیازی پەیوەندیی دوو ئاراستەی بەهێزتر و لاوازتر دەکات لە نێوان دوو کۆگای وشە و لە کۆگاکانی وشەوە بۆ ئاستی چەمک، ڕایەڵەی نێوان ز١ بۆ ز٢ بەهێزترە، واتە پەیوەندیی وشە و هێما بە چەمکەوە لە زمانی دووەمدا لاوازترە، وەک لە هێلکارییەکە پیشاندراوە، بەڵام لە زمانی یەکەم پەیوەندیی وشە و هێما بە چەمکەوە بەهێزترە، هەر ئەمەشە وادەکات وەرگێڕان لە زمانی

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: I. Hennecke (2013: 35-40)

دووەمەوە بۆ زمانی یەکەم ئاسانتر بێت، لەوەی وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم بکەیت.




هێڵکاریی ژ (٤) مۆدێلی هەموارکراوی هەرەمی

ئەگەر تەماشای هەر سێ مۆدێلەکە بکەین، دەبینین پەیوەندیی زمانی یەکەم لە هەر سێ مۆدێلەکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان وشە و هێماکان لەگەڵ چەمک هەیە، بەڵام پەیوەندیی نێوان وشە و هێماکان لەگەڵ چەمکەکانیان جگە لە مۆدێلی چەمکی نێوانگیر پەیوەندیەکی بەهێز نییە، تەنانەت لە مۆدێلی هاوبەشی وشە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان زمانی یەکەم بە چەمکەوە دانانێت، لە مۆدێلی سێیەمیشدا پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ نییە و کاریگەریی زمانی یەکەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە( دی گروت و ڤان هێڵ Van Hell & De Groot ) لە نێوان زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزی ئەنجامیانداوە، بۆیان دەرکەوتووە، کە وشە کۆنکرێتەکان زیاتر لە وشە ئەبستراکتەکان لە یادگەدا چەسپیووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە کاتی وەرگێڕانی هەر دوو زمانەکە بۆ سەر یەکتری وشە کۆنکرێتەکان زووتر و ڕاستر وەڵامدراونەتەوە لە وشە ئەبستراکتەکان[1].

## ٣/٢)مۆدێلەکانی پەروەردەی زمانی و پەروەردەی جووتزمانی:

### ٣/٢-١) مۆدێلەکانی پەروەردەی زمانی:

١- پەروەردەی تاکزمانی.
٢- پەروەردەی جووتزمانی.
٣- پەروەردەی فرەزمانی لە بەرنامەی خوێندندا.

### ٣/٢-١-١) پەروەردەی تاکزمانی:

پەروەردەی تاکزمانی دوو جۆری پەروەردە دەگرێتەوە:

١- ئەو فێرخوازانەی تەنها بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن.
٢- ئەو فێرخوازانەی بە زمانی دایکی خۆیان ناخوێنن.

---

1 I. Hennecke (2013: 37).

سەبارەت بە خاڵی یەکەم لەم جۆرە پەروەردەیەدا، تەنها بە زمانی دایک دەخوێن، یان بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی دایک دەخوێنن، ئەم شێوازە پەسەندە و لە هیچ سەرچاوەیەکدا بە شێوەیەکی نەرێنی باس نەکراوە، بۆ نموونە پەروەردەکردنی منداڵێکی کورد بە زمانی کوردی یان پەروەردەکردنی منداڵێکی ئینگلیز بە زمانی ئینگلیزی بە پێچەوانەوە هەموو سەرچاوەکان باس لە گرنگی خوێندن بە زمانی دایک بە تایبەت پۆلەکانی سەرەتای خوێندن دەکەن. جۆری دووەم مەبەست لێی ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە، کە بە یەک زمان دەخوێنن، ئەویش زمانی دووەمە، واتە لەم قوتابخانەدا سیستەمی پەروەردەی تاکزمانییە، ،یان زمانی بیانییە و ڕێگە نادرێت بە زمانی دایک بخوێنرێت، ئەم شێوازە لە پەروەردە بە پەروەردەی تاک زمانی ناسراوە، بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان شێوازێکی ناپەسەندە و چەندین لێکەوتەی خراپی هەیە، کە لە بەشەکانی دواتردا باسی لێوەدەکەین.

واتە پەروەردەی تاکزمانی بەکارهێنانی یەک زمانە لە پرۆسەی پەروەردەدا، هەموو قوتابیان بە یەک زمان دەخوێنن، پێچەوانەی جووتزمانی و فرەزمانییە [1]. لەو وڵاتانەی، کە فرەکەلتوور و فرەزمانن یان لەو وڵاتانەی کە وڵاتێکی تریان داگیرکردووە، ڕێگەنادەن قوتابیان بە زمانی دایکیان بخوێنن و جووتزمانی و فرەزمانی بۆ سەر یەکپارچەیی وڵاتەکەیان بەمەترسی دەزانن، ئەم جۆرە لە پەروەردە زیاتر لە وڵاتە دیکتاتۆر و نەتەوەپەرستەکاندا باوە، واتە تەنیا زمانێک لە پرۆسەی پەروەردەدا بەکاردەهێنن، بۆ چەسپاندنی دەسەڵات بەسەر سەرجەم نەتەوە و زمانە جیاجیاکانی وڵات و لە خوێندن بە زمانی دایکیان بێبەشیاندەکەن، واتە لە چوارچێوەی داگیرکاریدا وڵاتانی داگیرکەر پەروەردە بە شێوەیەک نەخشەدەکێشن (دیزاندەکەن) و بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بەکاریدەهێنن، داگیرکەران بەمەبەست بۆ سەپاندنی زمانی خۆیان، کەلتوور و مێژوو و زمانی گەلی ژێردەستیان پشتگوێدەخەن، منداڵان بە شێوەیەک پەروەردەناکەن، بۆ ئەوەی ببنە ڕابەری کۆمەڵگا [2]، بێگومان ئەمەیش کاریگەریی نەرێنی لە سەر زۆربابەتی گرنگی پەیوەست زمان و نەتەوە و خودی پرۆسەی پەروەردە و...تد دەبێت، وەک لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەمان پێداوە. نموونەی ئەمەیش وەک وڵاتانی تورکیا و ئێران، کە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی تر دەکەن لە ناویشیاندا زمانی کوردی. پەروەردەیی تاکزمانی بابەتی باسەکەی ئێمە نییە بۆ ئەوەی لە بابەتەکە زۆر دوور نەکەوینەوە زۆر لە سەر ئەم بابەتە ناڕۆین.

---

**[1] K. Brown & J. Miller (2013:292).**
**[2] L. D. Soto (2006:21).**

### ٢-١-٣/٢) پەروەردەی جووتزمانی:

پەروەردەی جووتزمانی: بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە دوو سیستەمی زمانی جیاواز لە پرۆسەی پەروەردەدا، یەکەمیان زمانی دایکە، دووەمیان زمانێکی دیکەیە، کە قوتابی پێی ئاشنا نەبێت، واتە پەروەردەی جووتزمانی بە سیستەمێکی پەروەردەیی پێناسەدەکرێت، کە تێیدا زانیاری بە دوو زمان پێشکەش بە قوتابیان دەکرێت[١]. بەهۆی زۆری جۆرە جیاوازەکانی پەروەردەی جووتزمانییەوە، زمانەوانان لە سەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ پەروەردەی جووتزمانی هاوڕانیین، بۆ نموونە لە جێگایەک، کە ڕێگەدەدرێت منداڵ بە دوو زمان پەروەردە بکرێت، ئەوە بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت پەروەردەی جووتزمانی بریتییە لە فێرکردنی ئەکادیمی بە دوو زمان، بە زمانێکی ڕەسەن و زمانێکی تر، ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان بە دوو زمانی جیا دادەنرێت. پەروەردەی جووتزمانی لە لایەن پەروەردەکارانەوە وەک ڕێڕەوی دوو سایدی(pathway) تەماشادەکرێت، ڕێگە بە قوتابیان دەدرێت بە دوو زمان، زمانی دایک و زمانێکی تر شارەزای و خوێندەواری و لێهاتوویی پەرەپێبدەن [٢]، واتە جووتزمانی دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵگایەکی زمانەوانی فرە ئەتنیکی یاخود فرە پرۆگرامی خوێندن ڕوودەدات، لەو ڕەوشە زمانەوانییەدا تاکەکان یاخود ئەندامەکانی کۆمەڵگا زمانەوانییەکە کار لە سەر دوو زمان دەکەن، یەکێکیان زمانی دایکە، ئەویتر زمانی فەرمی یاخود زمانی گەلی سەردەستە بێت[٣].

جووتزمانی بەرهەمی بەرکەوتنی بەرفراوانی نێوان ئەو کەسانەیە، کە بە زمانە جیاوازەکان قسەدەکەن، لە ئاستی نیشتمانی و ئاستی کۆمەڵایەتی و هەم لە ئاستی تاکدا دەردەکەوێت، واتە جووتزمانی بەرهەمی بەرکەوتنی زمانیی بەرفراوانە (پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کەسانەی کە بە زمانی جیاواز قسەدەکەن). هۆکاری زۆرن، بۆ ئەوەی قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان پەیوەندی بە یەکترەوە بکەن. هەندێکیان بە ئارەزووی خۆیان ئەو کارە دەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر بەهۆی بارودۆخەوە ناچاردەبن. لە نێو ئەو هۆکارانەی، کە زۆرجار ئاماژەیان پێدەکرێت، کە بەشدارن لە بەرکەوتنی زمان،( پەروەردە، تەکنەلۆژیای مۆدێرن، ئابووری، ئایین و کولتوور، کردەی سیاسی یان سەربازی و کارەساتی سروشتی)، بەڵام لە ئێستادا مەرج نییە، مرۆڤ بچێتە شوێنێکی جیاوازەوە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی جیاواز قسەدەکەن. دەرفەتی زۆر هەیە بۆ پەیوەندیی زمان لە هەمان وڵات، هەمان کۆمەڵگە، هەمان گەڕەک، یان تەنانەت هەمان خێزان، بەڵام لە ئاستی کۆمەڵگا مەرجێکی بەرکەوتنی زمان پێویستە بۆ جووتزمانی، واتە لە سەر ئاستی تاک کەس لەخۆیەوە نابێتە جووتزمان.

---

[1] **B.Ozfidan & H. Aydin (2017: 25).**

[2] **https://www.wikipedia**

[٣] **سەلام ناوخۆش ( ٢٠١٠: ٤٠)**

سەبارەت بە وڵاتان و تێڕوانینیان بۆ پەروەردەی جووتزمانی، هەندێک وڵات بە ئاشکرا مافی خوێندن و پەروەردەکردنیان بە زمانی دایکیان لە دەستوور و یاساکانیاندا چەسپاندووە و ڕێگەیان بە جووتزمانی یان فرەزمانی داوە، بەڵام مەرج نییە، تاکەکانی ناو ئەو وڵاتانە هەموویان جووتزمانبن. بۆ نموونە (بەلجیکا، کەنەدا، فینلاند، هیندستان، لۆکسمبۆرگ، پاراگوای و سەنگافورە،...تد) چەند وڵاتێکی جووتزمان یان فرەزمانن، بەڵام ڕێژەی جووتزمانی لە نێوان دانیشتوانی ئەم وڵاتانەدا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. ژمارەیەکی زۆر کەسی جووتزمان یان فرەزمان لە لۆکسمبۆرگ، پاراگوای و سەنگافورە هەن، بەڵام لە وڵاتانی دیکەی جووتزمان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە [1].

ئێمە نامانەوێت لە نرخ و بەهای پەروەردەی جووتزمانی کەمبکەینەوە، چونکە پەروەردەیی جووتزمانی و فرەزمانی بۆ زۆرینەی دانیشتوانی جیهان پێویستییەکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەیە، ئەمڕۆ زیاتر لە پێشتر لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دیاردەی جووتزمانی دەبینرێت، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەی ئەو کەسانەی، کە بە زیاتر لە یەک زمان قسەدەکەن، زیاترە لەو کەسانەی کە بەیەک زمان قسەدەکەن [2]. بێگومان هۆکاری ئەم گەشەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانکردنی هۆیەکانی گواستنەوە و ئاسانکردنی گەشتی نێودەوڵەتی، تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و فراوانی پەیوەندی، کۆچکردن، ئابوری، ....تد، کە جیهانی وێنەی گوندێکی بچوک لێکردووەوە بووەتە هۆی گەشەی جووتزمانی و فرەزمانی [3]. ئەمەش بەو واتایە پەروەردەی جووتزمانی پێویستییەکی سەرەکی ئەمڕۆی جیهانە. زۆرێک لە منداڵان لە سەرانسەری جیهان لە تەمەنێکی بچووکەوە بە دوو زمان گەورە دەبن، زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەگەر هەموو ولاتان نەبێت، جووتزمان یان فرەزمانن، واتە زیاتر لە زمانێک لە هەموو وڵاتێکدا هەیە. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە (Ethnologue) وەرگیراون، کە بنکەیەکی زانیارییە لەلایەن(SILInternational) کۆکراوەتەوە، دابەشبوونی هەمەجۆری زمانی جیهاندا بە شێوەیەکی لە سەرنجڕاکێش نایەکسانە. تەنها پاپوای نیوگینیا(١٣.٢٪)ی زمانەکانی جیهان لەخۆدەگرێت، بەڵام تەنها(٠.١٪)ی دانیشتوانی جیهان و(٠.٤٪)ی ڕووبەری زەوی جیهان. ڕێژەی گشتی زمانەکان بە خەڵک تەنها نزیکەی (١)بۆ(٥٠٠٠). زیاتر لە (٧٠٪)ی هەموو زمانەکانی جیهان تەنها لە(٢٠)دەوڵەتی نەتەوەیدا دەبینرێن، لەنێویاندا هەندێک لە هەژارترین وڵاتانی جیهان. لەوانە پاپوای نیوگینیا (٨٢٣)، ئەندەنووسیا (٧٢٦)، نەیجیریا (٥٠٥)، هیندستان (٣٨٧)، مەکسیک (٢٩٥)، کامێرون (٢٧٩)، ئوستراليا (٢٣٥)، کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ (٢١٨)، بەرازیل ( ١٩٢)، ئەمریکا (١٧٥)، فلیپین

---

[1] **L. Wei , 2006 https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/bilingualism**

[2] **یحی مدرسی (١٣٦٨: ٣٤).**

[3] **جواد مصرأبادی و ئەوانی تر (١٣٩٣: ١٢٥)**

(١٦٩)، ماليزيا (١٣٩)، تانزانيا (١٣٥)، ڤانواتو (١٠٩)، ڕووسیا (١٠٠)، ڤیێتنام (٩٣)، لائۆس (٨٢)، کەناری عاج (٧٧)، غانا (٧٩)، و دوورگەکانی سلێمان (٦٩) [١].

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ شتێکی گرنگ بکەین، ئەویش پەروەردەیە بە شێوەیەکی گشتی، بێگومان پەروەردە و پرۆسەی پەروەردە فرە ڕەهەندە و پەیوەندی بە زۆر بوارەوە هەیە، تەنها پەروەردەی زمان و فێربوونی زمانێکی بیانی نییە، بەڵام هەموو ڕەهەندەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت. بۆیە دەبێت زمان وەک بابەتێکی گرنگ لە پرۆسەی پەروەردە تەماشابکرێت و هەموو بابەتەکانی دیکە نەکرێتە قوربان تەنها فێربوونی زمانێکی بیانی و ڕەهەندەکانی تری پەروەردە پشتگوێبخرێت. هەموو منداڵێک زمانی دایکی لە ماڵدا فێردەبێت، بەڵام کاتێک دەچێتە ژینگەی قوتابخانە زمانێکی جیاوازی گوێلێدەبێت بێگومان لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە ژیانی ئەکادیمی قوتابیدا گەورەدەبێت [٢]. زمان لە قوتابخانەی سەرەتایی و بەتایبەت بازنەی یەکەم بەتەواوی بەهای کرداری بۆ منداڵ هەیە، چونکە منداڵ حەزدەکات، تا ئەو ڕادەیەی بتوانێت بە ئارەزووی دڵی خۆی زمانەکەی بۆ پەیوندیکرن لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆل و مامۆستاکانیدا بەکاربهێنێت، بەڵام کاتێک ئەم زمانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لێ قەدەغەدەکرێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێی دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بکرێت.

### ٣-١-٣/٢) پەروەردەی فرەزمانی:

پەروەردەی فرەزمانی بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە چەند زمانێک، واتە قوتابی بە زیاد لە دوو زمان پەروەردە دەکرێت. ئەمەش بە هەمان شێوە دەکرێت سیستەمی وڵاتێک فرەزمانی بێت و قوتابیان ئازادبن بە کام زمان پیان باشبێت بخوێنن، هەروەرها دەکرێت بە واتایەکی تریش بێت، ئەویش ئەوەیە، قوتابی لە یەک کاتدا بە زیاد لە دوو زمان پەروەردە بکرێت، واتە پەروەردەی فرەزمان پێواژۆیەکی پەروەردەییەیە، کە جگە لە زمانی دایک زیاتر لە زمانێکی بیانی فێردەکات و یەکێک لە زمانە بیانییەکان دەکاتە زمانی فێرکردن بۆ بابەتەکانی تر[٣]. لە هەندێک سەرچاوە زاراوەی فرەزمان بەرانبەر بە جووتزمانیش بەکارهاتووە، بەڵام فرەزمان بۆ زیاتر لە دوو زمان بەکاردێت.

ئێستا، زۆربەی زۆری وڵاتان فرەکەلتوورو فرەزمانن، چەمکی فرەکەلتووری لەساڵانی (١٩٦٠)کاندا پاش کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر خەڵک بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سیستەمی پەروەردەدا دروستبووە [٤]. هەندێک لە وڵاتان فرەکەلتووری و فرەزمانی بە هەڕەشە دەبینن بۆ

---

[1] **S. Romaine, 2006 https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/bilingualism**

[٢] **شهرام واحدی (١٣٩٠: ٨).**

[٣] **إبراهيم بن أحمد مسلم الحارثي (٢٠١١: ٨٤).**

[4] **E. Hoominfar (2014: 9).**

یەکپارچەیی وڵاتاکانیان، بەڵام(بانک) لەم بارەیەوە دەڵێت: پەروەردەی فرەکەلتووری توانای قوتابیان لە ڕووی زانستی و ژیانی کۆمەڵایەتی باشتر دەکات، نابێتە هەڕەشە بۆ یەکپارچەیی وڵات [1]. دیارە لێردا مەبەستی سیستەمی پەروەردەی وڵات فرەییە، وەک چارەسەرێک بۆ ئەو وڵاتانەی ڕێگەنادەن، قوتابیان بە زمانی دایکییان بخوێنن، هەروەها (هومینفار Hoominfar) پێیوایە: پەروەردەی فرەکەلتووری و فرەزمانی یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ قبوڵکردنی ئەوانی تر بە شێوەیەکی ئاشتیانە، پێشخستنی بواری پەروەردە و دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری و هەستی نامۆبوون لە نێوان گروپە کەلتوورییە جیاوازەکان کەمدەکاتەوە[2].

(بەیکەر) سەبارەت بە فرەزمانی و ڕۆڵی لە هەمەچەشنکردنی زماندا دەڵێت: زمانی دایک لەبەر زۆر هۆکار شایەنی گرنگی پێدانە، بە تایبەت لە بواری پەروەردەدا، چونکە یەکەم، زمان گوزارشت لە ناسنامەدەکات و کۆگایەکی گەورە و مێژویی توخمە کەلتوورییەکانە، ئاشکرایە، کە خەڵکی بە زمانی دایکییان پێناسەی خۆیان دەکەن و بەم زمانە توخمە کەلتوورییەکان دەگوازنەوە، سەرەڕایی ئەوەش خەڵکی بەگشتی بە زمانی یەکەم هەست و بیرەکانی خۆیان باشتر دەردەبڕن. دووەم، هەرزمانێک هەڵگری کۆزانیارییەکی ناوازەیە بە لەدەستدانی هەر زمانێک، لە ڕاستیدا لەدەستدانی ئەم کۆزانیارییەیە. سێیەم، زمانەکان سەرنجڕاکێشن بۆ خوێندن؛ ئەو کۆزانیارییە مێژوی و کەلتووریەیی کە لە زمان(زمانی دایک)دا هەیە، سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی قوتابی. چوارەم، ئیکۆلۆژیای کەلتووری هەمەجۆر ئیکۆسیستەمەکان بەهێز دەکات، هەمەچەشنی زمانی دەتوانێت گەرەنتی توانا و بەردەوامی کۆمەڵگاکان بکات[3].

## ٢-٣/٢)جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی:

جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی زۆرن، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لەناو وڵاتێکدا هەندێکجار چەند جۆرێک لە پەروەردەی جووتزمانی هەن، لە ڕاستیدا قورسە هەموو جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی دەستنیشانبکرێت، بۆ نموونە (ماکی ١٩٦٩) پەروەردەی جووتزمانی لە (٩٠) جۆردا پۆلێنکردووە[4]، چونکە بە گوێرەی ئامانجەکان جۆرەکەشی دەگۆڕێت، بێگومان ئامانجەکانی پشت پەروەردەی جووتزمانی زۆرن، واتە دیاردەکە تەنها کێشەیەکی زمانی نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...تد یە، لە هەندێک حاڵەتدا پەروەردەی جووتزمانی ئامادەکردن و ڕێگاخۆشکردنە بۆ ناو کەلتووری زمانی زاڵ، دیارە ئەمەش پێچەوانەی فرەکەلتوورییە، لە هەندێک کۆمەڵگا پەروەردەی

---

[1] J. A. Banks (1993:23).

[2] E. Hoominfar (2014: 10)

[3] سەرچاوەی پێشوو (١٢).

[4] A. P. M. Piketh (2006: 18).

جووتزمانیان هەیە بۆ ڕێگریکردن لە پەروەردەی فرەزمانی، لە هەندێک کۆمەڵگا جووتزمانی بە ڕێگایەک بۆ پاراستنی زمانی دایک و نەتەوە و ئاین و مێژوو، لە هەندێک کۆمەڵگای تر جووتزمانی وەک کرانەوە بەڕووی دونیای دەرەوە و هۆکاری ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی...تد.

سەبارەت بە جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی دەتوانین چەند جۆرێکیان بخەینە ڕوو:[١]

١- پەروەردەی جووتزمانیی ژێردەستە: لەم جۆرە پەروەردەیەدا پرۆگرامی خوێندن بە زمانێکی ترە، واتە زمانی یەکەمی قوتابی نییە، ئەمەیش هەندێکجار بە خوایشت و هەندێکجاریش بە زۆرەملێیە. ئامانج لێی فێربوونی زمانێکی ترە، جگە لە زمانە ڕەسەنەکە.

٢- پەروەردەی جووتزمانیی نوقومبوون: لەم جۆرەدا زیاتر ئامانج لێی فێربوونی زمانی بیانییە، منداڵ بە سیستەمێک دەخوێنێت، کە هەموو پرۆگرامەکە و مامۆستایان و قوتابخەنە بە شێوەیەکی گشتی بە زمانی بیانییە، واتە زمانی یەکەمی بەهیچ شێوەیەک تێدا بەکارنایەت، (گارسیا) ڕەخنە لەم جۆرە پەروەردەیە دەگرێت و بە نمونەی کەسێک دەیچوێنێت کە مەلەوانی نەزانێت و فڕێبدرێتە ناو دەریایەکی قوڵ، کە بێگومان نقوم دەبێت[٢].

٣- پەروەردەی جووتزمانیی گوێزەرەوە(ئنتقالی):

لەم جۆرەدا سەرەتا منداڵ دەچێتە قوتابخانە بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی یەکەم دەخوێنێت، لە پاڵ زمانی یەکەم، زمانی دووەم دەخوێنێت، پاش فێربوونی زمانی یەکەم و بەدەستهێنانی لێهاتووییەکان، دواتر دەستدەکرێت بە خوێندنی زمانی دووەم، واتە زمانی یەکەم وەک پردێک بۆ گواستنەوە بۆ زمانی دووەم بەکاردەهێنرێت، بەڵام پاش ئەوەی دەستدەکرێت بە خوێندن بە زمانی دووەم، چیتر زمانی یەکەم ناخوێنرێت.

٤- پەروەردە بە زمانی دایک و زمانی دووەم: ئەم جۆرە لە پەروەردە بەوە لە پەروەردەی گوێزەرەوە جیاوازە، دوای دەستکردن بە پەروەردەکردن بە زمانی دووەم واز لە زمانی یەکەم ناهێنرێت و بەڵکو بەردەوام دەبێت و پێکەوە لە پرۆسەی پەروەردەدا بەکار دەهێنرێت.

٥- پەروەردەی جووتزمانیی ئاوێتە:

جۆرێکە لە پەروەردەی جووتزمانی کە تێدا قوتابی بە دوو زمانەکە پەروەردەدەکرێن و هەردوو زمانەکە لە پرۆگرامی خوێندندا هەن، لەم جۆرەدا قوتابییانی سەر بە دوو زمانی

---

[١] بڕوانە:

a- E. Hoominfar (2014: 14-17).
b - www.wikipedia

پ- عەدنان عەبدوڵا عەبولوەهاب (٢٠١٥: ٨٣)
ت- رضا کلانتری و ئەوانی تر (١٣٩٠: ١-٢١)

[2] O. Garcia (2009:56).

جیاواز لە ڕووی زمانەوە لە پۆلدا تێکەڵدەکرێن، بۆئەوەی زمانی یەکتر فێرببن، لەم جۆرە پەروەردەیەدا زیاتر گرنگی بە فێربوونی زمانی دووەم دەدرێت، واتە بەشێک لە قوتابیان بە زمانی ڕەسەن قسەدەکەن، کە دەکاتە زمانی دووەمی ئەو قوتابیانەی کە ئامانجیان فێربوونی ئەو زمانەیە، بەشەکەی تری قوتابیانی هەمان پۆل بە زمانی یەکەمیان دەخوێنن و زمانی دووەم لەبەشەکەی تری قوتابیانەوە فێردەبن، لەم جۆرەدا قوتابیان هاندەدرێن بەزمانی یەکتری قسەبکەن.

٦- جووتڕێگایی تێکەڵ:

لەم جۆرە پەروەردەیەدا خوێندن بە دوو زمانە، بە جۆرێک هەردوو زمانە پارێزراو دەبن، واتە نیوەی وانەکان بە زمانی دایک دەبێت و نیوەکەی تر بە زمانێکی تر. بیرۆکەی پەروەردەی جووتڕێگایی تێکەڵ لە (زانکۆی کەمبرج١٩٨٦) پێشنیازکرا، (لیندهۆلم١٩٩٩) ئامانجەکانی ئەم جۆرە پەروەردەیەی لە چەند ڕوویەکەوە باسکردووە:[١]

أ- بەدەستهێنانی لێهاتوویی زانستی لە هەردوو زمانەکەدا.

ب-ڕەخساندنی دەرفەتی پەروەردەیی یەکسان.

پ- شارەزابوون لە دوو فەرهەنگ و کەلتووردا.

٧- مۆدێلی(١٠/٩٠)-(٥٠/٥٠) لەم جۆرەدا سەرەتا منداڵی پۆلی یەک بە ڕێژەی(١٠٪)بە زمانی دووەم(٩٠٪)بە زمانی یەکەم دەخوێنێت و وردە وردە بە تێپەڕاندنی قۆناغەکان ئەم ڕێژەیە(١٠٪) زیاددەکرێت، تاوەکو پۆلی پێنجەم ڕێژەکەی دەکرێتە(٥٠/٥٠)و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.واتە لە پۆلی پێنجەم تا کۆتا قۆناغی خوێندنی قوتابخانە نیوەی وانەکان بە زمانی یەکەمی دەبن و نیوەکەی تری بە زمانی دووەم.بەم شێوەیە:

أ- پۆلی یەکەم (١٠٪) بە زمانی دووەم و (٩٠٪) بە زمانی یەکەم.

ب-پۆلی دووەم (٢٠٪) بە زمانی دووەم و (٨٠٪) بە زمانی یەکەم.

پ- پۆلی سێیەم (٣٠٪) بە زمانی دوەەم و (٧٠٪) بە زمانی یەکەم.

ت-پۆلی چوارەم (٤٠٪) بە زمانی دووەم و (٦٠٪) بە زمانی یەکەم.

ج-پۆلی پێنجەم (٥٠٪) بە زمانی دووەم و (٥٠٪) بە زمانی یەکەم.

٨- جووتزمانیی هاوکاتیی(جووتزمانی ساوایی):

ئەم جۆرەیان پەروەردەیەکی سروشتییە، واتە تایبەت نییە بە قوتابخانە لە ژینگەی خێزاندا، منداڵ دوو جۆری جیاوازی زمان لە کاردا دەبێت، بۆ نموونە هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت، دایک سەر بە نەتەوەیەکە و باوکیش سەر بە نەتەوەیەکی تر، کە ئەمە لە ئەمڕۆدا بە هۆی تێکەڵاوی شارستانیەتەکان و جیهانگیرییەوە دیاردەیەکی بڵاوە، بەڵام هەردوو زمانەکە بە

---

[1] K. J. Lindhomlm -Leary & H. H. Faichild (1990:126-136) .

شێوەیەکی یەکسان بەکارنایەت یەکێکیان زیاتر بەکاردێت، بۆیە منداڵ ئەو زمانە زووتر وەردەگرێت، بەزۆریش زمانی دایکەکە وەردەگرێت، چونکە دایک یەکەمین کەسە، کە لە منداڵەوە نزیکە و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ منداڵ هەیە، لە هەمان کاتدا هەر لە خێزانەکەیەوە دەتوانێت فێری زمانەکەی تر ببێت. ئەم جۆرە لای ئەو خێزانانەی کە خۆیان منداڵەکانیان بەخێودەکەن، ڕوودەدات، بەڵام لای ئەوانەی منداڵەکانیان دەبەنە دایەنگە، سەرەتا زمانی ئەو(دایەن)انە وەردەگرن و فێردەبن، کە ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆ دەگرن و کاتێکی زۆر لەگەڵیاندان.

٩- جووتزمانی پەروەردەیی: ئەم جۆرە جووتزمانییە بۆ هەموو فێرخوازان تەواو ڕەها نییە، بەڵکو تەنها چەند پرۆگرامێکی پەروەردەییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی و لێهاتوویی بەکارهێنانی دوو زمان لە نێوان فێرخوازاندا. ئەمە زۆرجار لە شێوەی خول بۆ بەهێزکردنی زمانی بیانییە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پەروەردەی جووتزمانی پەیوەستە بە سیاسەتی زمانەوە، واتە ئەوە سیاسەتی زمانە دیاریدەکات کام مۆدێل لە مۆدێلەکانی پەروەردەی جووتزمانی گونجاوە لەگەڵ سیاسەتی وڵاتدا، بۆ ئەمەش فەلسەفە و ئایدیای ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بڕیاری هەڵبژاردنەکە دەدات. سەرکەوتنی پەروەردەی جووتزمانی پەیوەستە بە پشتیوانی حکومەت و خێزان و مامۆستایان، بۆ ئەم جۆرە پەروەردەییە زۆرگرنگە مامۆستایان و بەڕێوەبەران ڕاهێنانیان پێبکرێت.

لە زۆرێک لەو مۆدێلانەی سەرەوە زمانی دایک و زمانی بیانی/دووەم پلەوپایەی یەکسانیان نییە، زمانە یەکەمەکە لە پەراوێزی زمانی دووەمدا دەخوێنرێت، ئامانجی سەرەکی دایکان و باوکان و ئەو قوتابخانانەیش فێربوونی زمانی بیانییە، واتە فێربوونی زانست و زانیاری و پەروەردەی زمانی دایک کەمتر ئامانجیانە.

دەتوانین بڵێین باشترین و پەسەندترین مۆدێلی جووتزمانی ئەو مۆدێلانەن کە تێدا گرنگی بە زمانی دایک دەدرێت.

### ٣-٣/٢) تێڕوانینە ئەرێنی و نەرێنییەکان بۆ پەروەردەی جووتزمانی:

لە ڕوانگەی ئەرێنییەوە فراوانبوونی شارەزای زمان و پەرەپێدانی توانا زمانییەکان ئەگەر لە سەر حسابی زمانی یەکەم نەبێت، شتێکی باش و ئەرێنییە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتەئاراوە، ئایا جووتزمانی تواناکان زیاد دەکات؟ ئەوانەی بۆچوونێکی ئەرێنییان هەیە، پێیانوایە، کەسی جووتزمان لە کەسانی تاکزمان زیرەکتر و بەتواناترن، لە پرۆسەی پەروەردەدا دەستکەوتی ئەکادیمی گەورەتر بەدەستدەهێنن، واتە فێربوونی زمانێکی تر توانای زیرەکی زیاد دەکات.

سەبارەت بە سوود و زیانەکانی جووتزمانی زۆربەی زمانەوانان جووتزمانی بە شتێکی سوودبەخش دەزانن، چونکە زانینی زمانێکی تر وا لە مرۆڤ دەکات، ببێت بە ئامرازێک بۆ پێشخستنی هاوکاری و لێکتێگەیشتن لە نێوان گەلان و بە زمانی خۆیان پەیوەندیی بکات، هەروەها زانینی زمانێکی تر لە ناو ئەو وڵاتانەدا گرنگە، کە زیاتر لە زمانێکی فەرمی تێدایە، وەک عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا کە چەندین زمانی تێدایە، یان سویسرا چوار زمانی فەرمی تێدایە:(ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی، ڕۆمانی)، یان کەنەدا دوو زمانی فەرمی(ئینگلیزی و فەرەنسی) تێدایە، لە ئاستی کەسیدا چێژ و سوودە کەلتوورییەکانی جووتزمانی دیارە، کێ حەزناکات، بتوانێت بە جیهاندا گەشت بکات و بتوانێت بە زمانی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ئەوێ قسە بکات، ئەمە سەرەڕای تێگەیشتن لە شانۆ و فلیم و...تد، بەم پێیە ئەی کەواتە مشتومڕەکە لە کوێیە؟:[1]

یەکەم: ئەو بەڵگانەی دژی جووتزمانی پێشکەشدەکرێن، بە شێوەیەکی گشتی لە منداڵانی بچووکدا سنووردار دەبن، چونکە هەندێک کەس پێیانوایە، ئەگەر زمانی دووەم لە تەمەنێکی بچوکدا فێربکرێت، ئەوە لە دوو لاوە زیانبەخش دەبێت:

١- فێربوونی زمانی دووەم دەبێتە دواکەوتن یان کاریگەریی نەرێنی لە سەر فێربوونی زمانی یەکەم.

٢- لە ڕووی گەشەی فیکرییەوە گەشەکردنی بیرکردنەوە وکۆزانین و تواناکانی دوادەخات.

زۆرێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا لە دوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە فێرکردنی زمانی بیانیان قەدەغەکرد، چونکە زانینی زمانێکی تریان بە زیان بۆ بەها کەلتوورییەکانی منداڵانی بچوک سەیر دەکرا.

دووەم: دەبێت بگوترێت، سەرەتا ئەو ڕەخنانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە جووتزمانی گیراوە، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەگەڵ هاتنی بزوتنەوەی شانازی نەتەوەیی لە شەستەکاندا، چ لە ئەمریکا و چ لە ئەوروپا،هەروەها لەگەڵ زیادبوونی سامان و زیادبوونی گەشتەکان، هەڵوێستەکان بەرانبەر بە زمانی بیانی گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هات.

لە ڕابردوودا هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان وای بۆچوون، کە کەسی جووتزمان لە چاو کەسی تاکزمان توانا و زیرەکی کەمتریان هەیە، (ئیدواردز Edwards) باس لەوە دەکات، زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانە لە ئەمریکا ئەنجامدراوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهۆی نیگەرانایان بووە لە لێشاوی کۆچبەران ئەو کارەیان لە نێوان ساڵانی(١٩٢٠) و (١٩٣٠) دا باوبوون، لایەنگری کەلتووریان پێوە دیاربووە، ئەوانەی کە ڕەشپێست بوون یان ئینگلیز نەبوون نمرەی کەمتریان بەدەستهێناوە[2]. هەروەها( گودینۆف Goodenough) دەڵێت: دەرکەوتووە ئەو کۆچبەرانەی لە

---

[1] **D. D. Steinberg & N. V. Sciarini (2006:162).**
[2] **J. Edwards (2006:15).**

ماڵەوە زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، کە پێی دەخوێنن، نمرەی بەرزتریان بەدەستهێناوە، بۆیە بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە کەمـــی نمـــرە یـــان بەرزی نمـــرە لە تاقکردنەوەکـــان پەیوەنـــدی بە بەکارهێنـــانی ئەو زمـــانەوەیە، کە پێـــی دەخـــوێنن[1]. لەلایەکـــی تـــرەوە (ســـایر Saer) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە سەر منداڵانی گوند کە بە دوو زمان قسەیان دەکرد و منداڵانی شار کە بە یەک زمان قسەیان دەکرد لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە و بۆی دەرکەوتووە، ئەو منداڵانەی کە جووتزمـــانن نمـــرەی کەمتریـــان بە بەراورد بە منـــداڵانی تاکزمـــان بەدەســـتهێناوە[2]، هەروەهـــا (تسوشیما و هۆگان Tsushima & Hogan) لێکۆڵینەوەکەیان لە نێوان منداڵانی ئەمریکی – ژاپـۆنی ئەنجامـدا، کە لە تەمەنـی ١٠ و ١١ ســاڵانیدا بـوون، بۆیـان دەرکەوتـووە، کە منـداڵانی جووتزمـــان توانـــای زیرەکـــی و نمرەکانیـــان کەمتـــرە بە بەراورد بە منـــداڵانی تاکزمـــان[3]. ئەو ئەنجامـانەی لەو تـاقیکردنەوانەدا بەدەسـتهاتوون، ڕەنـگە بەشـێکی پەیوەنـدیی بەوەوە هەبێـت، کەسی جووتزمـان لێهـاتووی تەواوی لە زمـانی دووەمیدا پەیدا نەکردبێت، یـان بەهـۆی زمـانی دووەمەوە بەشێک لە زمانی دایکی لەدەستدابێت، تـاوەکو لێهـاتووی لە هەردوو زمـانەکە زیـاتر بکـات، ئەو ئەنجامـانە بە ئاراسـتەی یەکسـانبوون دەچـن. زۆرجـار بەدەسـتهێنانی نمـرەی بەرز پێوەرێکی گونجـاو نییە بۆ سـەلماندنی ئاسـتی سـەرکەوتووی زمانێک لە پرۆسـەی پەروەردەو خوێندنـدا هێنـدەی پەیوەسـتە بە سیاسـەتی زمـان و هۆکـارە لۆجسـتییەکانی وەک قوتابخـانە و مامۆستا و پرۆگرامی خوێندن و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست...هتد، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون.

### ٤-٣/٢) ئامانجە پەروەردەییەکانی پەروەردەی جووتزمانی:

ئامانجە پەروەردەییەکانی جووتزمانی دەکرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت لەچەند خاڵێکدا کۆبکرێنەوە:[4]

١- بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئەکادیمی.

٢- یارمەتیدانی کۆچبەران بۆ ڕاهاتن و تێکەڵاوبوونیان بە کۆمەڵگەیەکی نوێ.

٣- لە وڵاتـــانەی کە بە زمـــانی دایـــک ناخوێنرێـــت، دەکرێـــت لە ڕێـــگەی پەیڕەوکردنـــی جووتزمانییەوە پەرە بە زمانی دایک بدرێت، بۆ پاراستنی میراتی زمانەوانی و کەلتووری گروپە کەمینەکان.

---

[1] F. L. Goodenough (1926 :185-211).

[2] D. J. Sear (1923 :25-38) .

[3] W.T. Tsushima & T. P. Hogan ( 1975 :344-353 ).

[4] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

a- B. Ozfidan & H. Aydin (2017: 25).

b- J .Cummins (2001:3).

٤- خوێندنی جووتزمانی گرنگە بۆ بڕوا بەخۆبوونی قوتابیان و برەودان بە فەرهەنگ و کەلتوورو زمانی قوتابیان، واتە قوتابیان نابێت هەستێکی خراپ یان جیاوازیان هەبێت سەبارەت بە ڕەچەڵەک و ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن، یان ئەو نەریتەی کە هەیانە.

٥- جووتزمانی پشتیوانی لە توانای قوتابیان دەکات بۆ فێربوونی کەلتوورێکی تر، جگە لە کەلتووری خۆیان.

٦- قوتابی سوود لە لە فێربوونی چۆنیەتی بەکارهێنانی تێگەیشتنی قووڵ بە شێوەیەکی کاریگەر وەردەگرێت.

٧- مندالان دەتوانن جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان دوو زمان دیاری بکەن و بە هەردوو زمانەکە پەرە بە خوێندەواری بدەن.

## ٥-٣/٢) پەروەردەی جووتزمانی و کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن:

لە پرۆسەی پەروەردە بە زمانی دووەم، بە تایبەت لەبازنەی یەکەمی خوێندندا، مامۆستا و قوتابی زۆرجار لە کاتی وانەکاندا ناچاردەبن، پرۆسەی کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدەن، چونکە قوتابیان بە باشی ئەو زمانە فێرنەبوون، مامۆستایان ناچاردەبن، بە مەبەستی تێگەیاندنی قوتابیان دیاردەی کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدەن، بە هەمان شێوە قوتابیان بەهۆی ئەوەی بە باشی زمانەکە فێرنەبوون لە کاتی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی پۆلدا، هەردوو دیاردەکە ئەنجامدەدەن.

ئەمە کاردەکاتە سەر زمانی دایکییان و لە دەرەوە و لە ماڵ و لە کۆلان ئەم دیاردەیە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بەڵام کاتێک زمانی یەکەم زمانی پەروەردەیە، مامۆستا لە پۆلدا زمانی ستاندارد بە باشترین ڕێگا بەکاردەهێنێت، بۆ بەرەوپێشبردنی توانای قوتابی لە وەرگرتنی زمانی ستاندارددا، کۆدگۆرینەوە لە پۆلدا یارمەتی فێربوون و فێرکردن دەدات، کە بۆ وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی کۆدە بەکارهاتووەکانی زمانی ستاندارد بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی و هەستکردن بە ئارامی و تێگەیشتنی زمانی ستاندارد، وەک ڕێگایەک، کە قوتابی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بە شێوەیەکی سروشتی هەڵبگرێت و مامۆستا ڕاهێنانی فەرمی پێبدات [1]، واتە کۆدگۆرینەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتری پرۆگرامەکانی خوێندن، بەتایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی شارەزایی تەواویان لە زمانی ستاندارددا نییە، کە زمانی پرۆگرامی خوێندنە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر فێربوون و شارەزابوون لە زمانە ستانداردەکە.

کۆدگۆڕینەوە* لە سەر ئاستی ستونی ڕستەکان ڕوودەدات و کاریگەریی لە سەر بونیادی ڕستە و شێوازی ڕیزبوونی پێکهاتە سینتاکسییەکان لە فرێز و مۆرفێمە سینتاکسییە

---

[1] هەوارعومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥: ٨٦).

دەسەڵاتدارەکان دادەنێت [١]. لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی کۆمەڵی و کۆمەڵایەتییە، سنووردارە، بەکارهێنانی جووتزمانی، کە لە هەمان هەڵوێست و بارودۆخ و ڕوونکردنەوەدا بەشداریدەکەن، واتە ڕوودانی کارلێکردنی جووتزمانی، کە هیچ کەس هەموو کات جۆرێک/شێوازێک زمان لە هەموو حاڵەتێکدا بەکارناهێنێت، بەپێی بوار و بابەت و حاڵەت و کۆمەڵ جۆری جیاواز دەگۆڕێت و زمانی جیاواز دەردەکەوێت، کە قسەکەری دوو زمان یان دوو شێوەزار و ئەکسێنتی جیاواز بە پێی واتای کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی کۆدگۆڕینەوە بەکاردیدەهێنێت [٢].

بۆ نموونە:

- سوپاس - Thank you - شکرا
- خێرت بنووسێ - جزاک الله

بەڵام کۆدتێکەڵکردن لە سەر ئاستی ئاسۆیی ڕستەکان ڕوودەدات و کار لە بونیادی ڕستە و ڕیزبوونی پێکهاتەکانی مۆرفیمە سینتاکسییە دەسەڵاتدارەکانیش دەکات، هەروەها لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا کۆد و ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکانی دوو زمانەکە تێکەڵدەکات [٣]، یاخود بریتییە لە تێکەڵکردن و بازدان لە نێو کۆدەکانی چەند زمانێکدا، یاخود تێکەڵکردن و بازدانە لە نێو جۆراوجۆریەتی شێواز و کۆدەکانی زمانێکی دیاریکراودا [٤].

بۆ نموونە:

- وێنەکە دیلەیت بکە.
- پۆستەکە شێر بکە.

---

[١] هیوا مەولود عەبدوڵا (٢٠١٦: ٧٦).

* جۆرێکی تر کۆدگۆڕین هەیە ئەویش گۆڕینی کۆد: (**Code shifting**) گۆڕینی کۆد :زاراوەیەکە لە زمانەوانیدا ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێک یان جۆراوجۆری لە گفتوگۆدا، هەندێک جار جووتزمانەکان تووشی کێشە دەبن کاتێک، کە گفتوگۆ لەگەڵ جووتزمانێکی تر دەکەن، بۆیە زمانەکەیان لە کۆدێکەوە دەگۆڕن بۆ کۆدێکی تر لە.بونیادنانی ڕستە بۆ ئەوەی قسەکەر تێبگات. ( **A. M. Waris https://media.neliti.com/media/publications/77106-EN-code-switching-and-mixing-communication.pdf**)، واتە بریتییە لە گۆڕینی کۆدی زمانێک بە زمانێکی تر، بەبێ گەڕانەوە بۆ زمانی یەکەم، لە هەمان ساتەوەختی گۆڕینەوەدا، ئەم جۆرە زیاتر لە ناو تاکەکاندا دروستدەبێت،کە ئاخاوتنی سەرەکیان بە زمانی دووەمە یان بەکارهێنانی زمانی دووەم لە ناو خێزاندا ڕوودەدات وەک Bey, have a nice day ( ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢: ١٥).).

[٢] هەوارعومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥: ٨٥-٨٦).

[٣] هیوا مەولود عەبدوڵا (٢٠١٦: ٧٦).

[٤] ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢: ١٥).

کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن تەواوکەری یەکترن، بەجۆرێک هەموو کۆدتێکەڵکردنێک، کۆدگۆڕینەوەیە، بەڵام هەموو کۆدگۆڕینەوەیەک، کۆدتێکەڵکردن نییە، بەوەیش کۆدگۆرینەوە وەک شازاراوەیەک هەردوو دیاردەکە لەخۆدەگرێت [1].

قسەکەری جووتزمانی زۆرجار بە مەبەستبێت یان بێ مەبەست، کۆدی زمانی جیاواز لە هەردوو زمانە بە جیا و بە تێکەڵ بەکاردەهێنن بە هۆکار و پاڵنەری زمانی و نازمانی:[2]

**٣/٢-٥-١) هۆکار و پاڵنەرە زمانییەکان:**

١- ململانێی زمانی و پێڕەوە زمانییەکانی جووتزمانەکان.

٢- بوونی هەڵبژاردنی ئاسان لە وشە و فرێز و یەکسانی پاڵنەرەکان و یەکە فەرهەنگییەکان.

٣- نزیکی بوونیاد و پێکهاتەی دوو زمان لە ڕووی دەنگ و مۆرفۆلۆژی و وشە و ڕستەوە و نزیکی خێزان و ڕەچەڵەکی دوو زمانەکە، یان مێژووی درێژ لە پەیوەندیی نێوان دوو زمان.

٤- بۆ پڕکردنەوەی بۆشای و پێویستییە زمانییەکان، یان بۆ ناونانەوەی کەس و شتەکان و ڕووداوەکان و کارەکان و دیاردەکان.

٥- گۆڕینی شێوازی قسەکردن لە لای جووتزمانەکان لە شێوازی فەرمییەوە، بە پێچەوانەشەوە، چونکە لە شێوازە نافەرمییەکاندا کۆدتێکەڵکردن زیاتر ڕوودەدات.

٦- فێربوونی زمانی سێیەم، وەک ئەوەی (ثمیدیت) و (فرۆنا) پێیگەیشتوون، کە فێرخوازێکی ئینگلیزی زمانی عەرەبی بزانێت، لە کاتی فێربوونی پرتوگالیدا، ناتوانێت پارێزگاری لە سەربەخۆی زمانە عەرەبییەکەی بکات و لەگەڵ پرتوگالییەکەیدا تێکەڵیان دەکات.

**٣/٢-٥-٢)هۆکار و پاڵنەرە نازمانییەکان:**[3]

١- پەوەردەی جووتزمانی: هەندێکجار بەهۆی ئەوەی زمانی قوتابخانە جیاوازە لە زمانی ماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ماڵەوەش دیاردەی کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن دەبینرێت.

٢- جووتزمانی: فێربوونی دوو زمان هەر لە منداڵییەوە، وادەکات، منداڵ هەر دوو زمانەکە بەهی خۆی بزانێت، یان بە هۆی کاڵبوونەوەی ناسنامەوە وادەکات، هیچ زمانێکیان بە هی خۆی نەزانێت، ئەمەش زیاتر ئەگەری کۆدگۆڕینی و کۆدتێکەڵکردنی لە نێوان زمانەکان زیاتر دەبێت.

٣- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

أ- بەهۆی لاوازی ئاستی زانینی یەکێک لە زمانەکان.

ب- بەهۆی خۆلادان لە هەڵە تێگەیشتنی بەرانبەر.

---

[1] **هیوا مەولود عەبدوڵا (٢٠١٦: ٧٦).**

[2] **سەرچاوەی پێشوو (٧٧-٧٨).**

[3] **سەرچاوەی پێشوو (٧٨-٧٩).**

پ- بەهۆی وشە و ڕستە تابووەکان.

١- هۆکاری دەروونی:

أ- بۆ شانازیکردن و خۆدەرخستن و نیشاندانی ئاستی ڕۆشنبیری و خۆ وادەرخستن، کە زمانێکی تر دەزانێت.

ب-بەهۆی بارودۆخی دەروونی، وەک کاتی شەڕکردن، یان بارێکی لەناکاوی قسەکەر ئەگەر ئەو زمانە بە باشی نەزانێت، ئەوا ناچار وشەو دەستەواژەکان لە زمانەکەی ترەوە کە بە باشی دەیزانێت وەردەگرێت، یان لەو کاتەدا تەنها قالبی ڕێزمانییەکەی یەکێک لە زمانەکانە وشەو فریز و ڕستەکە لە زمانەکەی ترەوە وەردەگرێت.

٢- هۆکاری سیاسی: بەهۆی ئەوەی لە وڵاتێکدا زمانێک قەدەغەیە قسەی پێبکرێت، بۆیە قسەکەران بەهۆی ئەوەی زمانەکەی تر بە باشی نازانن، بۆیە ناچاردەبن، دیاردەی کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدەن.

٣- کۆچکردن: بەهۆی کۆچکردن و تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگەی نوێ، کۆچبەر بەهۆی ناشارەزای زمانی و خۆگونجان لەگەڵ کۆمەڵگە نوێیەکەی ناچاردەبێت، کۆدگۆڕین و کۆدتکەڵکردن ئەنجامبدات.

٤- بۆ تێگەیشتنی زیاتر:

أ- هەندێکجار بۆ نەپچڕاندنی پەیوەندیی لێکترگەیشتن.

ب-یارمەتیدرە بۆ گەیاندن و ڕوونکردنەوەی زیاتری بیرەکە.

٥- بازرگانی و ئابووری: تێکەڵاوی بازرگانی و بازاڕە ئابووریەکان، هۆکارێکی تری ئەم دیاردەیەن.

٦- تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: هۆکاری سەرەکین، بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم دیاردەیەن.

### ٦-٣/٢) پەروەردەی جووتزمانی و داخورانی زمان:

لە خوێندنی جووتزمانی، کە تێیدا زمانی بیانی وەکو زمانی یەکەم و زمانی دایک وەکو زمانی دووەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، زمانی دایک توشی داخوران و بێهێزبوو دەبێتەوە. بۆیە خوێندنی جووتزمانی لە پرۆسەی خوێندندا بە یەکێک لە بنەماکانی داخورانی زمانی دایک دانراوە، زمانی دایک لە قوتابخانەی جووتزمان بەرەو لەناوچوون دەچێت، یاخود وەک زمانی دووەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش خۆی کێشە و کرۆکی بابەتەکەیە[١].

دیارە، لەدەستدانی شکۆ و پێگەی زمانی دایک لە خۆڕا نییە، پەروەردەی جووتزمانی هۆکاری سەرەکی پشت نەهێشتنی شانازیکردن بە زمان و نەتەوە و نیشتمانەوەیە، چونکە

---

[١] **شیلان عومەر حسێن (٢٠١٦: ٥٧).**

وەرگرتنی پێگەی زمان پەیوەستە بە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ زمانەکە، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمان لە ژینگە زمانییەکانی وەک قوتابخانە و دامودەزگا فەرمییەکان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە دروستدەبێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ژینگەی بەکارهێنای زمانی دایک کەمکرایەوە، لە بەرانبەردا بواری بەکارهێنانی زمانی بیانی زیاتر کرا، ئەوە زمانی دایک توشی داخوران دەبێت، چونکە منداڵان بە خێرایی درک بەوە دەکەن، کە کام زمان زیاتر هاوکاریانە، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگا وەربگیرێن، ئەمەیش زیاتر لە منداڵانی کۆچبەر و ئەو منداڵانەی، کە کەمینەن لە کۆمەڵگا بەدیدەکرێت، کە بە زمانی دایک ناخوێنن و لە ماڵەوەیش هەوڵدەدرێت، زیاتر بە زمانی قوتابخانەی قسەیان لەگەڵ بکرێت، ئەوا زیاتر ئەگەری لەدەستدانی زمانی دایکی یان داخورانی زمانی دایکی هەیە، ئاشکرایە، ئەمە ڕەخنە نییە لە جووتزمانی، بەڵکو هۆشدارییە لەوەی، کە زمانی دایکی پێویستی بە بایەخ و سەرنج و پلەوپایە و بەکارهێنانی زۆر هەیە، چونکە گەشەی منداڵ پێویستی بە پەروەردەکردنی تایبەت هەیە، لەو هەلومەرجانەی، کە زمانی دووەم زاڵە بەسەر زمانی یەکەمدا، بۆ نموونە کاتێک منداڵێک زۆربەی کاتەکانی لە ژینگەی زمانی دووەمدایە و کەمتر لە بەریەککەوتنی لەگەڵ زمانی یەکەم هەیە، ڕەنگە زمانی دووەم جێگەی زمانی دایکی بگرێتەوە. لەدەستدانی زمان دەرئەنجامی خراپی کۆمەڵایەتی و سۆزداریی و مەعریفی و پەروەردەیی لێدەکەوێتەوە[١]،هەروەکو (وۆنگ فلیمۆر) باس لەوە دەکات، کاتێک دایکان و باوکان ناتوانن قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، ئەوا واتای ئەوەیە، ناتوانن بە ئاسانی بەها و باوەڕ و تێگەیشتن و داناییان فێربکەن، باس لەوەشدەکات، ئەوەی لە نێوان دایکان و باوکان و ئەندامانی خێزاندا ڕوودەدات، هاوبەشێکی گرنگە بۆ گەشەی کۆزانیاریی منداڵەکە بە تایبەتی بە بنەماکانی (سینتاکس و واتاسازی) زمانەکە ئاشنادەکرێت، هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە کاتێک منداڵ زمانی ماڵەوە لەدەستدەدات، دایکان و باوکان ناتوانن چیتر ئەم زمانە پێشکەش بە منداڵەکە بکەن[٢]. کەواتە لەدەستدانی زمانی دایک کێشەیەکە نەک تەنها بۆ مەترسیی نەتەوایەتی و جوگرافی کۆمەڵگاکانی زمان، بەڵکو بۆ خودی منداڵەکە لە ڕووی گەشەی کۆزانیاری ولایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵەکەیش، هەر بۆیە پلانی زمانی و داڕێژەرانی پلانی زمانی و دایکان و باوکانیش دەبێت لەپاڵ فێرکردنی زمانی دووەم ئاگاداری زمانی یەکەمیش بن.

(دەیڤد کریستاڵ) باس لە پێنج هۆکاری بنەڕەتی بۆ پاراستنی زمان دەکات:[٣]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: C. Baker (2001:92)

[2] **L. Wongfillmor (1991:323-346).**

[3] **C. Baker (2001: 51-52).**

١- هەمەچەشنی ژینگەیی/ئیکۆسیستەم: چەمکی ئیکۆسیستەم ئەوەیە هەموو زیندەوەران، ڕووەکەکان، گیانلەبەران، بەکتریا و مرۆڤ لە ڕێگەی تۆڕبەندێکی ئاڵۆزەوە زیندودەبن و گەشەدەکەن، زیانگەیاندن بە یەکێک لە لە توخمەکانی ناو سیستەمی ئیکۆسیستەم، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرفت بۆ تەواوی سیستەمەکە. (دانیال و سوزان)باس لەوە دەکەن، کە هەمەچەشنی کەلتووریی لە هەمەچەشنی بایۆلۆژی جیاناکرێتەوە، واتە لەو شوێنەی کە هەمەچەشنی بایۆلۆژی و ئیکۆسیستەمی دەوڵەمەند هەیە، هەمەجۆریی زمانی و کەلتووریش هەیە، یەکجۆریی و یەکژینگەیی هەمەچەشنی دەخاتە مەترسییەوە. (کۆلین بەیکەر) دەڵێت: بەهێزترین ئیکۆسیستەمەکان ئەوانەن، کە هەمەجۆرترینن[1]، واتە هەتا زەمینەی لەبار و بواری بەکارهێنانی زمان فراوانتر بێت، ئەوە پارێزراوتر دەبێت، بە پێچەوانەوە بەکارنەهێنان و پشتکردنە زمان لە بوارێکی گرنگی وەک پەروەردە، ئەوا دابڕانی زمانە لە ژینگەیەکی گرنگی گەشەکردن، بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی باشی نابێت.

٢- زمانەکان گوزارشت لە ناسنامەکان دەکەن، ناسنامە گرنگی بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی گرووپێک، کۆمەڵێک یان هەرێمێک دەدات، ناسنامە ئاسایش و دۆخی هەبوونی هاوبەش دابیندەکات. هەندێکجار ناسنامە لە ڕێگەی جلوبەرگ و بیروباوەڕی ئاینی و نەریتە،بەڵام زمان بەنزیکەیی هەمیشە هێما و نیشاندەری ناسنامەیە.

٣- زمانەکان خەزێنەی مێژوون، ڕایەڵەیەکن بۆ ڕابردوو، ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە ئەرشیفی مەعریفە و بیر و باوەڕەکانی ڕابردوو، زمانەکان مۆزەخانەیەکی زیندوون، مۆنۆمێنتێکن بۆ هەموو کەلتوورێک[2].

٤- زمانەکان بەشداری کۆی مەعریفەی مرۆڤ دەکەن، زمانەکان بینینێکن بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، کاتێک زمانێک دەمرێت، بینینەکانی بۆ جیهان لەگەڵیدا دەمرێت، زمان نەک تەنها بینینەکانی ڕابردوو دەگوازێتەوە، بەڵکو کێشمەکێشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆستایەتی تاکەکەسی لەگەڵ دیمەنە ناوخۆیی و دەوڵەمەندیی بە ڕێکخستنی ئەزموونەکان و ڕێساکان سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بیرۆکە دەربارەی هونەر، زانست، شیعر، گۆرانی، ژیان و مردن، زمان دەکەوێتە چەقی پەروەردەی مرۆڤ و ناسنامە و کەلتوورەوە.ئەگەر(٦٠٠٠)زمانی زیندوو هەبێت ئەوا(٦٠٠٠)ڕێگا هەیە بۆ باسکردنی جیهان.

٥-زمانەکان سەرنجڕاکێشن، (دەیڤد کریستاڵ) باس لەوە دەکات، کە زمان خۆی گرنگە، چونکە هەر زمانێک دەنگی جیاواز و ڕێزمان و وشەسازیی جیاوازی هەیە، ئەو زمانانەی کە لەبواری خوێندندا هەن، ئەو زمانانە زیاتر گەشەدەکەن.

هەروەها دەیڤد کریستاڵ چەند ڕێگایەک بۆ پاراستنی زمان دیاریدەکات[1]:

---

[1] **D. Nettle & S. Roman (2000:14).**
[2] **C. Baker (2001:51).**

دەیڤد کریستاڵ(٢٠٠٠) چەند ڕێگایەک بۆ پاراستنی زمان دیاریدەکات:

١- زیادکردنی شکۆی زمان لە ناو کۆمەڵدا.

٢- زیادکردنی لایەنی ئابووری، تێکەڵکردنی زمان لەگەڵ بواری ئابووریدا.

٣- زیادکردنی هێزی زمانی مەترسی لە سەر لە بەرانبەر زمانی زاڵ.

٤- زیادکردنی ژینگەی زمان.

٥- هەبوونی جەماوەری ڕەخنەیی.

٦- ئامادەبوونێکی بەهێز لە سیستەمی خوێندندا.

٧- بەکارهێنانی لە بواری تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی.

٨- هەستێکی بەهێزی ناسنامەی ڕەگەزیی (نەتەوەیی).

٩- بەرگەی کەلتووری زاڵ بگرێت و بە فەرمی لەلایەن کەلتووره زاڵەکەوە بناسرێت.

کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی داخورانی زمانی دایک، ئەمانەن:[٢]

١- هۆکاری سیاسی: هەندێک لە وڵاتان فرەجۆری زمانی بە هەڕەشە دەزانن، یان لە ئەنجامی داگیرکاری ڕێگەنادەن، گەلی ژێردەستە بە زمانی دایکی خۆیان قسەبکەن و بخوێنن و ڕێگریی لێدەکەن، بەمەیش زمانی سەردەست زاڵدەبێت بەسەر زمانی دایکدا و وشە و زاراوە و کەلتوور و تێکەڵ بە زمانی دایک دەبێت، نزیکترین نموونەیش بۆ ئەم حاڵەتە (تعریبکردن و بە تورککردن و بە فارسکردنە)، بەڵام هەندێکجار بە پێچەوانەوە بەکارهێنەرانی زمانی ژێردەست گیانی بەرگری لا دروستدەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی زیندوو ڕاگرتنی زمانەکە.

٢- هۆکاری کۆچکردن: لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی چوونەدەرەوەی تاکەکانە بۆ دەرەوەی مەنزڵگەی زمانی دایک لەگەڵ خۆیاندا زمانەکەیان دەبەنە دەرەوە، لەو ڕێگایەوە هەم تووشی پەشۆکاوی بەکارنەهێنان و بیرچوونەوە و کاڵبوونەوەی زمان دەبن چ لە سەر ئاستی خۆیان یان لە سەر ئاستی نەوەکانیان، واتە لە ئەنجامی دەرچوون لە ژینگەی زمانی، زمانەکە سەرەتا لەگەشە دەوەستێت پاشان وردە وردە بەرەو داخوران و ڕەنگە تا ئاستی مردنی زمانەکەیش بچێت بەتایبەت لای نەوەکان.

٣- تێڕوانینی و هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە: گرنگترین بنەماکانی مانەوەی زمانێک بە پاکی و دوور لە خەوشی زمانەکانی تر و خۆڕاگرتنی ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و لە ڕیشە دەرکێشانەکان بریتییە لە هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێزو شوێنی زمانەکەیان لە نێو زمانەکانی تردا و توانای بەرگریکردنیان لە زمانەکەیان دەردەخات.

---

[1] **C. Baker (2001:52).**

[٢] **بڕوانە: ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٦: ٣٤-٤٢).**

٤- لایەنـی کـۆمەڵایەتی: بە بەرزڕوانـین لە زمـانی بیـانی و بە کەمزانینـی زمـانی دایـک بـۆ بەرزکـــردنەوەی پلەوپـــایەیی کۆمەڵایەتی،هۆکـــارێکە بـــۆ زیـــاتر ئەوەی وشـــەی بیـــانی بەکاربهێنرێت.

٥- خوێنـدن بە زمـانی بیـانی و پشـتکردنە زمـانی دایـک: بەهـۆی جیهـانگیری و زاڵبـوونی هەژموونی زمانی بیانی بەسـەر زۆرێک لە زمانەکانی جیهان و بەکارهێنانی لە زۆربواردا، هەروەها بە هۆکارەکانی تری وەک: کۆمەڵایەتی، سیاسی، کۆچ، ئابووری ...تد، منداڵان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشدەکەن و دەخرێنە ئەو قوتابخانانەی خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و دورکەوتنەوە لە زمانی دایکیان، واتە ئەو ماوەیەی کە لە ژینگەی زمـانە بیـانییەکەدان زۆرتـرە لەو کـاتەی، کە لەژینـگەی زمـانی دایکـدان، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی زۆرێک لەو قوتابیـانە لە مـاڵەوەیش بە هۆکـاری تەکنەلۆژیـا ئەو کـاتەیش هەر تێکەڵدەبن لەگەڵ زمانە بیانییەکە و هۆکارێکی سەرەکی لە داخورانی زمانی دایک.

٦- شکاندنی شکۆ(غرور)ی زمـان: یەکێکە لە هۆکارەکانی داخـوران و نەمـانی شـکۆی زمـانییە لای قسەپێکەران، بە شـێوەیەک ئەو بۆچوونەیـان لا دروسـتدەبێت، کە زمـانی دووەم باشـترە بـۆ قسـەکردن و خوێنـدن، هەنـدێکجار دەگـاتە ئەو ڕادەیەی شـەرمدەکەن بە زمـانی دایکیـان قسەبکەن و منداڵەکانیان بەو زمانە بخوێنن. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی دووەم (ئینگلیـزی) چـووەتە پرۆسـەی پیرۆزڕاگـرتن و دانـانی زمـانی دووەم بە زمـانی پێشـکەوتن و زانست، لە کاتێکدا زمانی دایک هیچ ڕێگر نییە لە  بە زانست بیرکردنەوە باشترین نموونەیش زمانەکـانی (یابـانی، چینـی، کـۆری، ئەڵمانی،...تـد)، کە سـەرەڕای بـوونی زمـانی دایـک وەک ناسـنامەی کەلتـووری و نەتەوەییـان بـووەتە زمـانی زانسـت، زمـانی دایـک خـراوەتە پێنـاو بە زانستبوونەکە و لە هەمان کاتدا گەشەی گەشەی زمانە دایکەکە زەنگین و بەردەوامبووە، لە هەرێمـی کوردسـتاندا زمـانی کـوردی تـاوەکو ئێسـتا نەگەیشـتووە بەو ڕادەیەی، کە خەڵـک شەرمبکات بە زمانی کوردی قسەبکات، هێشتا زمـانی ڕاگەیاندن و بەشێک لە قوتابخانەکانە هەرچەنـدە ژمـارەی ئەو قوتابخانـانەی، کە بە زمـانی بیـانی دەخـوێنن، لە زیادبوونـدایە، بە چاوێکی بە بایەختر و گرنگتر لە و قوتابخانانەی بە زمانی کوردی دەخوێنن تەماشـادەکرێت، تەنـانەت زۆر لە مامۆسـتایانی بەشـی کـوردی زانکۆکـانیش لە ئێسـتادا منـداڵەکانیان لەو قوتابخـانـانە دەخـــوێنن، بەڵام هێشـــتا زمـــانی ڕاگەیانـــدن و زۆرێـــک لە قوتابخانەکـــانە. بەرزبوونەوەی شکۆی زمانی بیانی و دابەزینی شکۆی زمانی کوردی ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕووی لە زیـادبوون کـردووە  ڕۆژان گوێمـان لە چەنـدین دیـاردەی کـۆدتێکەڵکردن و کۆدگـۆڕین دەبێـت، وەکـو نیشـانەی پێشـکەوتن و پـلەو پـایەی بەرز تەماشـا دەکرێـت بـۆ نمـوونە وشەکانی(چەینج کەلەر، هۆلیود سمایل، بێست فرێند ...تد)  تێکەڵ بە زمان دەکرێت.

## ٢-٤)فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردەدا:

فێربوونی زمانی دووەم و زۆربوونی قوتابخانە ناحکومی یەکان، کە خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، بە شێوەیەکی خێرا لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوون دەکات، فێربوونی زمانی دووەم، لەم سەردەمەدا گرنگە و بایەخی تایبەتی هەیە و بە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بازرگانی و...تد، تێکەڵبووە، بێگومان ناکرێت گرنگییەکەی نادیدە بیگیرێت، و زۆربەی وڵاتان گرنگی تایبەتی پێدەدەن، چونکە زمان لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و پەروەردەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت[١]. لە پرۆسەی پەروەردەدا کردەی فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم لە ڕێگەی پرۆگرام و ستراتیژەکانی فێربوونەوە دەکرێت، چونکە فێربوونی زمانی دووەم بەبێ ستراتیژی فێربوون بەدینایەت، باشترین ستراتیژ ژینگەی قوتابخانە و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، دەبێت جۆرێک لە ئازادی و ئارەزوومەندانە بەفێرخواز بدرێت، تاوەکو ئارەزووی بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەبێت، دەبێت شارەزابکرێت لە کەلتوور و فەرهەنگی زمانی دووەمدا[٢].

پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم جیاوازەترە لە فێربوونی زمانی یەکەم، چونکە ئارەزووی فێربوون بۆ زمانی دووەم پێویستە لەگەڵ سەرنجدان و بەدواداچوونی، بەڵام زمانی یەکەم بە ئارەزووبێت یان بەبێ ئارەزوو، هەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەکی خۆکار فێری دەبین و منداڵ و فێربووانی زمانی یەکەم هەموو شتێک دەربارەی دونیا لە زمانەکەیانەوە وەردەگرن، لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بالانسی نێوان کۆدەکانی زمانی دووەم و ئەو چەمکە پێشینیانەی پێشتر فێریانبووین، ڕێک نییە، بە تایبەت لە بواری لێهاتووییەکان و چارەسەری گرفتەکاندا [٣]. فێربوونی زمانی دووەم بابەتێکی فراوان و ئاڵۆزە، تەنها لەبەرکردنی لیستێک وشە و دەستەواژە و چەمکی نوێ نییە، کە دەشێت هاوتای زمانی یەکەمی بێت [٤]، بەڵکو فێربوونی زمان سەرەڕای ئەوانە کەسی فێربوو دەبێت دەسەڵاتی بشکێت بەسەر لایەنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و واتا سیمانتیکی و پراگماتیکییەکانی وشەکان، خستنەتەکیەکیان و دروستبەکارهێنانیاندا[٥]. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئامرازی زمانی و دەزگاکەی لە مرۆڤدا تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، کە تەنها فێری یەک زمان ببین و دواتر نەتوانین فێری زمانێکی دیکە ببین، بەڵکو دەزگای زمانی لای مرۆڤ کراوەیە و توانستی فێربوونی چەندین

---

١ **هیوا مەولود (٢٠١٦: ٣٤).**

٢ **بۆ زیازتر بڕوانە: ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩).**

٣ **شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٣: ٨١).**

٤ **هیوا مەولود (٢٠١٦: ٣٤).**

٥ **سەرچاوەی پێشوو (٣٤).**

زمـان لەخۆدەگرێـت، هەرچەنـدە هێـزی بەکارهێنـانی ئەم زمانـانە لەیەکتـر جیـاوازیش بـن [1]، سەرەڕای ئەو سوودانەی فێربوونی زمانی دووەم بە تایبەتی لە هەمەجۆرکردنی زمان هەیەتی، بەڵام دەبێت بە وریاییەوە لەم بابەتە بڕوانین، بۆ ئەوەی زیانەکانی زیاتر نەبن لە سوودەکانی و زمانی دووەم هەژمـوونی خـۆی بەسـەر زمـانی یەکەمـدا نەسـەپێنێت، چـونکە فێربـوونی زمـانی دووەم ڕووبەرێکی فراوانی داتا زمانییەکان دەگرێتەوە لە پاڵ ئەو گەنجینە زمانی و ڕێزمانییەی، کە مرۆڤ لە زیگماکیدا زمانی پڕاوە، کەرەستە فەرهەنگییەکان و تەرزە سینتاکسییەکانی زمـانی دووەم منداڵ یان گەورە فێردەبێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جۆراوجۆریی زمانیدا هەیە، بەتایبەت ئەگەر هـاتوو فێربوونی زمـانەکە لە سـەر ئاسـتێکی فراوانی جڤاتە کۆمەڵایەتییەکـان بێت، بەڵام لەگەڵ هێنانی جۆراوجۆری زمانیشدا پێویستدەکات، پلان و سیاسەتی زمانی زگمـاکیش تەریب بێـت، بـۆ ئەوەی پرۆسـەی جۆراوجـۆرەکە نەگۆڕێـت بـۆ هەژمـوون وەرگرتنـی زمـانی دووەم بەسـەر زمـانی یەکەمـدا[2]، واتە زمـانی یەکەم دەبێـت باشـترین بێـت و هـیچ کەس گلەیـی لەوە نەبێت، کە زمانی دایکی بە باشی نازانێت، ئەگەر حاڵەتی لەم جۆرە هەبوو، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی یەکەم وەک پێویست دانەمەزراوە و گرنگی پێنەدراوە[3]. هەر لەم ڕوانگەیەشـەوە زۆربەی سەرچاوەکان ئامـاژە بۆ ئەوە دەکەن، دەبێت قوتـابی بە تـایبەت لە قۆنـاغی سـەرەتایی لێهاتوویی تەواو لە زمانی دایکی بەدەستبهێنێت، ئینجا زمانێکی تری فێربکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەرەو پێش بچن[4].

**١-٤/٢) پاڵنەرەکانی فێربوونی زمانی دووەم:**

لەو لێکـۆڵینەوانەی کە لە سـەر فێربـوونی زمـانی دووەم کـراون بەگشـتی دوو جـۆر پـاڵنەر دەستنیشاندەکرێت:

پاڵنەری یەکەم: پەیوەندیی بە ئاگایی فێرخوازەوە لە سوودەکانی زانین و شارەزابوونی زمانێک هەیە، ئەم جـۆرە سـوودەکانی لە پێویسـتییەوە سـەرچاوەی گرتـووە، فێربـوونی زمـان وەک ئـامرازێکی پراکتیکی بۆ پەیوەندیگرتن و تێگەیشـتن بـۆ شـارەزابوون لێی بۆ دەسـتەبەرکردنی داهـاتوویەکی باشـتری پیشـەیی و بژێـوی ژیـان، بەدەسـتهێنانی زانیـاری و سـوودوەرگرتن لە سەرچاوە بۆ دەوڵەمەندکردی کۆزانیاری و...تد .

پاڵنەری دووەم: پاڵنەرەکـان بۆ فێربـوونی زمانێک ڕەنگە لە خواستی فێرخـوازەوە سـەرچاوە بگـرن بـۆ هاوئـاهەنگی لەگەڵ ئەو گـرووپەی، کە بەو زمـانە قسـەدەکەن، یـان لە سەرسـامی و ڕێزگرتنـی ئەو بـۆ ئەو گـرووپە و خواسـتی نیشـاندانی پەیوەنـدیی خـۆی لەگەڵیـدا، تەنـانەت

[1] **شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٣: ٨١).**
[2] **ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢).**
[3] **شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٣: ٨٤).**
[4] **رضا کلانتری وئەوانی تر (١٣٩٠: ١٠).**

هەندێکجار لە پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژی وایلێدەکات خۆی فێری زمانێکی تر دەکات بۆ قسەکردن لە جیاتی زمانی دایکی، یاخود ئەگەر بەتەواویش ئەو زمانە بەکارنەهێنێت، ئەوە وشەی ئەو زمانە تێکەڵ بە قسەکانی دەکات لە کاتی قسەکردندا. نموونەی ئەمەش زۆرجار لە کوردستاندا دەبینرێت، بۆ نموونە مەلاکان زۆرجار وشەی عەرەبی تێکەڵ بە قسەکردنیان دەکەن، یان ئەوانەی کاریگەرن بە بیرو ئایدیای ڕۆژئاوا، دەبینین زۆرجار وشەی ئنگلیزی تێکەڵ بە قسەکانیان دەکەن.

### ٢-٤-٢) مەرجەکانی خوێندن بە زمانی دووەم:

خوێندن و فێرکردنی زمانی دووەم وابەستەی ئەم مەرجانەیە:[١]

١- تەمەن: لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە، کە نابێت پێش تەمەنی(١٠)ساڵی منداڵ پێڕەوی زمانەکەی بە خوێندنی زمانی دووەم بشێوێنێت.

٢- کات ( ڕۆژانە چەند کات دیاریکراوە بۆ ئەو زمانە بخوێنرێت)، ئەگەر دوای تەمەنی (١٠) ساڵیش، زمانی دووەم لە کردەی پەیوەندیی و فێرکردندا پیادەکرا، دەبێت کاتی دیاریکراوی بۆ دابینبکرێت، هەڕەمەکی نەبێت و بە پلان بێت و لە چ کاتێکی دەوامدا بێت، دەستنیشانبکرێت.

٣- ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن، بەهیچ جۆرێک نابێت لە باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی(١، ٢، ٣) جووتزمانی پیادە بکرێت.

٤- سەرنجڕاکێشان و هاندان و بەکارهێنانی زمانی دووەم.

٥- دووبارەکردنەوە و بڕ و چۆنیەتی و بەرجەستەکردنی زمانی دووەم وەلانانی زمانی دایک.

٦- پەیوەندیی زمانی دووەم لەگەڵ زمانی یەکەمدا و لە کاردا بوونیان.

### ٣-٤/٢)فێربوونی زمانی دووەم و بەدەستهێنانی لێهاتووییەکان:

لێهاتوویی یاخود کارامەیی یان توانا کۆمەڵێک وشەن، بەرانبەر بە شتێک یاخود کردەیەک بەکاردەهێنرێن، کە کەسێک فێربووبێت، یان توانای ئەنجامدانی هەبێت، بەشێکی زگماکییە و بەشەکەی تری لە ئەنجامی ڕاهێنان و پرۆسەیەک بە دەستدەهێنرێت. بۆ نموونە توانای ڕێکردن هەموو مرۆڤێکی لەش ساغ بە زیگماک لە تەمەنێکدا توانای ڕێکردنی دەبێت، بەڵام بازدان و مەلەکردن و لێخوڕینی ئۆتۆمبێل پێویستی بە ڕاهێنان و فێربوونە. سەبارەت بە زمان لێهاتووییەکانی زمانیش زۆرن، (لیڤاندۆڤسکی) لە پێناسەی لێهاتوویی زمانیدا دەڵێت: سیستەمی یاسا و ڕێساکان دەگرێتەوە، نوێنەرایەتی ئاوەز دەکات، وا لە قسەکەر دەکات، لە ڕستەکان تێبگات و بیرۆکەکانی بە توانا بکات[٢]. لێهاتوویی زمانی بە لێهاتوویی پەیوەندیگرتن ناودەبرێت،

[١] شیلان عومەر حسین (٢٠٢١ب: ٢٥٣).
[٢] نورالدین دریم بن محمد (٢٠١٥: ١٢٣).

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە لایەن(دیل هایمز)ەوە بەکارهێنرا، پێوایە کە چەمکی"توانا" کە (چۆمسکی) بەکاریهێناوە، گشتگیر نییە، بۆ هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی، (دیل هایمز) بەم شێوەیە پێناسەی لێهاتوویی زمان دەکات. بریتییە لە کۆمەڵە توانایەک بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمان لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندیی و توانا زمانییەکانەوە پەرەی سەندووە، پەرەپێدانی پەیوەندیی و تواناسازیی زمان و ئاخاوتن و نووسین لە بوارەکانی لێهاتوویی پەیوندین. لەناو دامەزراوەی فێرکردندا، پەیوەندیکردن پێویستی بە زانینی ڕێسای پێکهاتەی زمانیی(دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی)، باری کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر هەیە. ئەم توانا زمانییە بەشێکە لە کۆزانیاریی زمانی بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە دیاردە زمانی تێیدا ڕوودەدات، بەکاردێت(مایکل کانال) و (میرل سوین) چوار جۆر لێهاتوویی زمانیان جیاکردووەتەوە:[1]

١- لێهاتوویی ڕێزمانی: واتە زانینی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان و بەکارهێنانی لە جێگای خۆیدا.

٢- لێهاتوویی ئاخاوتن: واتە توانای بەستنەوەی ڕستەکان بۆ پێکهێنانی گوتارێک و پێکهێنانی پێکهاتە واتادارەکان لە زنجیریەکدا.

٣- لێهاتوویی زمانی کۆمەڵایەتی: ناسینی ڕێسا کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی زمان و ئاخاوتنە، پێویستی بە تێگەیشتنی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە هەیە، کە زمان تێیدا بەکاردێت.

٤- لێهاتوویی ستراتیژ: بە بڕبڕەی پشت بۆ تێگەیشتن و پرۆسەی پەیوەندیکردن وەسفیان کردووە.

### ٤-٤/٢) لێهاتووییەکان و سیستەمی پەروەردە:

لە فێربوونی زمانی دووەم و لە پرۆسەی پەروەردەدا، هەشت لێهاتوویی زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوانیش (گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نووسین، نمایشکردن، پێکهێنان، بینین، بزواوی ) دەکرێتەوە[2]:

١- لێهاتوویی گوێگرتن: تێگەیشتن و هەڵهێنجاندن لە کردە زارەکییەکان، لە ڕێگەی خوێندنەوە و ئاخاوتن لەسەر بابەت و وشە و دەق و وێنەکان.

٢- لێهاتوویی ئاخاوتن/قسەکردن: بونیادنانی دەربڕاو و دەرکردەی واتادار، وەک گفتۆگۆکردن و ئاخاوتن لەسەر بابەت و وشەو دەق و وێنەکان.

٣- لێهاتوویی خوێندنەوە: تێگەیشتن لە دەقی نوسراو، لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەق و چیرۆک.

---

[1] هـ .دوجلاس براون (١٩٩٤: ٢٤٥-٢٤٦).

[2] هەوارعومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥: ١٢٧) لە(H. J. Vollmer2003: 183)وەریگرتووە.

٤- لێهاتوویی نووسین: بەرهەمهێنانی دەقی/ئاخاوتنی/نووسراو، نوسینی پیت و هێما و پیشاندانیان.
٥- لێهاتوویی نمایشکردن: ئامادەبوونی هێما بینراوەکان/زانیاری، پیشاندانی هێماکان و دەرخستنیان.
٦- لێهاتوویی پێکهێنان: بەکارهێنانی مەبەستی بینراوی دەربڕین، ڕێکخستنی هێماکان بەشێوەی یاری هێلکاری.
٧- لێهاتوویی بینین: ئامادەیی بزواو و جوڵاوی، پیشاندانی ڤیدیۆ.
٨- لێهاتوویی بزواوی: بەکارهێنانی هەموو جەستە، زمانی جەستە، لاسایکردنەوە و چالاکی.

**٥-٤/٢) پێوەرکانی ڕێکخراوی یونسکۆ تایبەت بە فێرکردنی زمانی یەکەم و زمانی دووەم:**

لە ئێستادا زمان لە هەرشتێکی تر زیاتر بووەتە ناسنامەی نەتەوە و قەڵغان بۆ پاراستنی نەتەوە و کەلەپوور و فەرهەنگ و مێژوو و شارستانەیەتەکەی، هەوڵدان بۆ پاراستنی زمان واتە پاراستنی هەموو ئەوانە لە لەناوچوون، هەر لەبەر ئەمەشە ڕێکخراوی یونسکۆ هەوڵی پاراستنی زمان دەدات.

یونسکۆ لە مێژە دانی بەوە داناوە، کە زمانی فێرکردن و زانینی زمانەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردەدا دەگێڕن، لە ڕاپۆرتی چاودێری جیهانی یونسکۆ (٢٠٠٨) جەخت لە سەر گرنگی فێربوون/فێرکردن بە زمانی دایک لە منداڵانی بچوک و ساڵانی سەرەتای خوێندن دەکاتەوە، جگە لە ئامانجی دەستڕاگەیشتن بە دەستکەوتی پەروەردەیی بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان، یونسکۆ داکۆکی لەوە دەکات، کە ئامانجی پاراستنی زمانی یەکەمی منداڵان و پاراستنی هەمەجۆریی زمانی جیهان پێویستی بە هەوڵی چڕ هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵان مافی فێربوونیان بە زمانی دایکییان دەستەبەر ببێت، لەو وڵاتانەی کە تاکزمانن و ڕێگەنادەن منداڵان بە زمانی دایکییان بخوێنن، یونسکۆ پێشنیازی پەوەردەی جووتزمانییان بۆ دەکات بۆ ئەوەی منداڵان بێبەش نەبن لە فێربوون بە زمانی دایکییان[1].

یونسکۆ جەخت لە چەند خاڵێک دەکاتەوە:[٢]

١- خوێندن بە زمانی دایک گرنگە بۆ گەشەی زمان بەگشتی و گەشەی کۆزانیاریی منداڵ.
٢- ئەو منداڵانەی بە یەک زمان (زمانی دووەم) گەورە دەبن، پێویستە بڕگەکانی پەروەردە پشتگیریان بکات بۆ ئەوەی شارازابن لەو زمانەدا، پێش ئەوەی بە زمانی دووەم بەشداری لە کاری ئەکادیمیدا بکەن.

---

[1] **J. Ball, for UNESCO, p57**

[٢] **سەرچاوەی پێشوو (٥٧).**

٣- بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی شەش بۆ هەشت ساڵی دەوێت، واتە بە لایەنی کەمەوە نابێت لە قۆناغی سەرەتای دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکرێت بە زمانێکی تر.

یونسکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، باشترین زمان بۆ پەروەردە، زمانی دایکە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم مافە بە منداڵ نەدرا، ئەوا پێشنیازی جووتزمانی دەکات، لە سەر بنەمای زمانی دایک، چونکە زمانی دایک دەستکەوتی ئەکادیمی گشتی بە منداڵان دەگەیەنێت، لەگەڵ متمانە بەخۆبوون و شانازی کەلتوورییان. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە قۆناغی سەرەتایی دەبێت بەو زمانە بخوێنێت، کە بە باشی دەیزانن، پاشان دەکرێت بە زمانێکی نێودەوڵەتی یان زمانێکی تر بخوێنێت، یونسکۆ ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، دەستکەوتەکانی خوێندن زیاترە، کاتێک منداڵان بە زمانی دایکییان پەروەردەدەکرێن، چونکە بە درێژایی خوێندنی سەرەتایی بە زمانی دایکیان لە کاتی خوێندنی سەرەتاییدا ئاشنادەکرێن، لە پەرەپێدانی توانای پەیوەندیگرتن و فێربوون بە هەردوو زمانەکە بە درێژای قوناغی ناوەندی بەردەوامدەبن[1].

یونسکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بە دەستهێنانی زمانێک بریتییە لە فێربوونی ئەو کەلتوورەی کە لە ڕێگەی زمانەکەوە دەردەبڕێت، بە بەکارهێنانی زمانیماڵەوە لە پرۆسەی پەروەردەدا ناسنامەی کەلتووری دەپارێزێت، لە هەمانکاتدا بەدەستهێنانی زمانێکی زیادە پەیوەندیی و تێگەیشتنی نێوان کەلتوورەکان بەرەوپێش دەبات، ئەو کاتەی کۆمەڵگایەک لە خەباتدایە بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی زمانێکی ڕەسەن ئەوە پەروەردە دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لە پاراستن و بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو زمانەدا هەبێت[2].

یونسکۆ لە راپۆرتەکەی (٢٠٠٨) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پەروەردەی جووتزمان/فرەزمان کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، لە لایەن پەروەردەکارانی لێهاتوو و مامۆستایانی منداڵانی سەرەتاییەوە دەستیان بە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زمانی یەکەم بگات، لەوانەش سەرچاوەی نووسراو و هەوەها دەبێت پاڵنەریان هەبێت بۆ فێربوونی زمانی یەکەم و زۆرێک لەو شوێنانە پێویستی بە ڕوونکرنەوە و تێگەیاندنی دایکان و باوکان و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا هەیە سەبارەت بە گرنگی و نرخ و بەهای زمانی دایک و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان لە سەر پەروەردە بە زمانی دایکییان بە درێژای قۆناغی سەرەتایی، فێربوونی زمان لە ماڵەوە و سەنتەری خێزان، بناغەی سەرکەوتنی منداڵانە لە قۆناغی سەرەتایی و خوێندنی فەرمیدا.

بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان(٢٥٤٢)(د٢٤٠)لە (١١)ی کانونی یەکەمی (١٩٦٩)دا، هەموو نەتەوەو کەسێک بەبێ هیچ جیاوازییەک بە ئەگەرەکانی( ڕەگەز، توخم، ڕەنگ، زمان،ئاین، ڕەگەزنامە، بنەچە، مەڵبەندی خێزانی و کۆمەلایەتی، قەناعەتی سیاسی و غەیرە

---

[1] **J. Ball, for UNESCO, p58**

[2] **سەرچاوەی پێشوو (٥٨).**

سیاسی) مافی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەند و بەکەرامەتیان هەیە[1]، واتە خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکان، ڕێگریلێکردن و قەدەغەکردنی پێشێلکردنی مافەکانیەتی، چونکە خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لە مافە گرنگ و ڕپبایەخەکان و پێویستە هەموو تاکێک ئەو مافەی هەبێت.

لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و پۆلەتیکییەکان بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان(٢٢٠٠) ئەلیف لە(١٦)ی کانوی یەکەمی(١٩٦٦)دا هاتووە، ئەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی ئاینی و زمانیان تێدایە، نابێت کەسانی سەربەو کەمایەتییانە کەلتوور و ئاینی خۆیان و بەکارهێنانی زمانەکەیان قەدەغە بکرێت[2]. بۆ نموونە خوێندنی زمانی بیانی لە یەکێتی ئەوروپا لە کۆتاییەکانی قۆناغی سەرەتایی یان لە سەرەتای قۆناغی ناوەندیی دەستپێدەکات، جگە لە وڵاتی مالتا، کەپەروەردەی زمانی بیانی لە تەمەنی شەش ساڵیەوە و فینلاند لە تەمەنی(١٠)ساڵییەوە دەستپێدەکات، (٩٪) قوتابیانی یەکێتی ئەوروپا ئینگلیزی فێردەبن،(٣٣٪) قوتابیان زمانی فەرەنسی فێردەبن. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە ئوسترالیا سیاسەتی زمانی خۆی لە بەرچاوگرتووە و ڕێگەی بە فێرکردنی زمانی بیانی داوە لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە چەندین زمانی بیانی چونە ناو قوتابخانەی ناوەندییەوە. لە ئەمریکا زۆربەی قوتابخانەکانی سیستەمی پەروەردەیی ئەمریکا لە قۆناغی ئامادەییدا زمانی بیان فێردەکەن و لە هەندێک لە قوتابخانەش لە قۆناغی ناوەندیدا زمانی بیانیان فێردەکەن، ئامارێکی ساڵی (٢٠٠٩) لە لایەن سەنتەری زمانی جێبەجێکارییەوە ئاشکرایکرد، ئیسپانی بەناوبانگترین زمانی بیانییە لە قوتابخانەکانی ئەمریکا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی کۆچبەرانی ئیسپانییەوە[3].

ئەم ڕاستیانە دەریدەخەن، فێرکردنی زمانی بیانی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆرجار لە قۆناغی ناوەندی بەزۆری لە پۆلی حەوتەم یان لە قۆناغی ئامادەییەوە دەستپێدەکات، ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات، بۆیە دەبینین زۆرێک لەو وڵاتانەشی کە پەروەردەیان بە زمانی بیانی بوو پاش دەرکەوتنی لێکەوتە خراپەکانی گەڕانەوە سەر پەروەردە بە زمانی دایک، بۆنموونە وڵاتی فلیپین دوای(٣٧)ساڵ لە خوێندنی جووتزمانی کشایەوە گەڕایەوە سەر پەروەدە بە زمانی دایک[4].

**٦-٤/٢) دەستوورەکانی عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا:**

دوای ئەوەی کە لە (١٩٢٥)دا کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا، باشوری کوردستان بخرێتە سەر عێراق، لە (٢١/ئاداری/١٩٢٥)دا یەکەم دەستووری عێراق بەناوی (قانون ئەساسی عێراق)

---

[1] هەژار عەزیز سورمێ (٢٠٠٩: ١٣٩-١٤٠).

[2] سەرچاوەی پێشوو (٩٠).

[3] إبراهيم بن أحمد مسلم الحارثي (٢٠١١: ٤).

[4] **P. Tubeza (2010: 27 )**

هەمواركرا، دەستوورەكەش لە (١٢٣) مادە پێكهاتبوو، لە مادەی (١٦) یەمدا هاتبوو(( هەمو تایەفەیەک حەقی ئەوەی هەیە، کە بۆ فێرکردنی ئەفرادی خۆی بە زمانی خۆی مەکتەب دانێ، مەحافەزەی زمانەکەی بکات، بەشەرتێ کە موافق ئەو پرۆگرامی عمومیە بێ، کە قانون دایدەنێت)).[1] واتە سەرجەم نەتەوەکان مافی خۆیانە بە زمانی نەتەوەی خۆیان بخوێنن و پارێزگاری لە زمانەکەیان بکەن.

دواتر لە دەستووری کاتی(١٩٥٨) و دەستووری (١٩٦٣) و (١٩٦٤) ئاماژە بە بوونی نەتەوەی کورد لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا کراوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ زمانێک بکات، بەڵام زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە پارێزگای سلێمانی دوو زمانی فەرمی بوون[2]. لە بەیاننامەی (٢٩ی حوزەیران١٩٦٦) لەبەندی سێیەمدا هاتووە، حکومەت بەفەرمی دان بە زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبیدا دەنێت[3].

پاش ڕێککەوتنی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)ی نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە دەستووری عێراق ژمارە (٧٠٩٢) بەندی (٥/ب) لە (١٩٧٠/٧/١٦)دا هاتووە، گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی تەواوی کەمایەتییەکاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا[4]، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٤) لەم ڕێککەوتنامەیە پاشگەزبوویەوە و حکومەتی عێراقی دەستیدایە پەلاماردان و ڕاماڵین و بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە لە کوردستاندا و زیاتر لە (٥٠٠٠)گوند وێرانکرد و زیاتر لە (٢٨)هەزار خێزانی کوردی لە ناوچەکانی سەر سنوور ڕاگواست[5].

پاش پرۆسەی ئەنفال بە فەرمانی حزبی بەعس و نووسینگەی تەنزیمی شیمالی بە ژمارە (٧١) لە (١٩٨٩/٣/١٨) کە ئاراستەی پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی کراوە، بەناونیشانی(الدراسة الكردية) و تێیدا ئاماژە بەوە دەدات، پاش کۆتاییهێنان بە پرۆسەی ئەنفال، پێویستە سەرلەنوێ چاو بەسیستەمی خوێندن بخشێنرێتەوە و بۆساڵی خوێندنی(١٩٨٩-١٩٩٠) خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بە زمانی عەرەبی بێت[6].

لە دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) لە مادەی (٤) هاتووە، کە ((هەر دوو زمانی عەربی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی

---

[1] **تاریق جامباز (٢٠٠٥: ٥-٩).**
[2] **ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٤).**
[3] **تاریق جامباز (٢٠١٤: ١٨).**
[4] **هەژار عەزیز سورمێ (٢٠٠٩: ١٣٩-١٤٠).**
[5] **میدل ویست ۆچ (٢٠٠٤: ٨١-٨٣).**
[6] **ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٤).**

ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان، وەک تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات بەپێی یاسا پەروەردەییەکان یان هەر زمانێکی دیکە لە دەزگای فێرکردنی تایبەتدا))[1]. بێگومان ئەم هەنگاوە بۆ کورد و چەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەنگاوێکی گەورە و مێژووییە.

هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا نەیتوانیووە، ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، بەڵام لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) پرۆژە دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە، پاڵپشت بە مادەی(٤)ی دەستووری عێراق و لە مادەی(١٤)ی پرۆژە دەستوورەکەدا هاتووە(( زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە هەرێمی کوردستان، زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبی، لەو یەکە کارگێڕیانەدا، کە ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن زۆربەی دانیشتوان پێکدەهێنن ئەمەیش بەیاسا ڕێکدەخرێت))[2]، بەڵام لە هیچکام لەو دوو دەستوورە ئاماژە نەکراوە بەوەی کە کام دیالێکت زمانی ستانداردە، تەنها ئاماژە بە زمانی کوردی کراوە.

وەک لە سەرەوە خستمانەڕوو، لەو دەستوورانەی کە لە سەرەتای دروستبوونی هەر ڕژێمێک، کە دەسەڵاتی گرتووەتەدەست، دانی بە مافەکانی کورد بە تایبەت زمانی کوردی دا ناوە، بەڵام زۆر زوو پەشیمان بوونەتەوە و تەنها وەکو مرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە و جێبەجێ نەکراوە و بگرە بە توندیش دژایەتی کراوە و هەوڵی لەناوبردنی دراوە، ڕێگەیاننەداوە، مندالانی کورد بە زمانی دایکییان بخوێنن، مندالانی کورد بەزۆر فێری زمانی عەرەبی کراون، بەڵام گیانی بەرگری نەتەوەی کورد هەمیشە هەوڵی پاراستنیداوە و پاراستوویەتی، چونکە هەندێکجار دژایەتیکردنی نەتەوە و زمانەکەی گیانی بەرگری لا پەیدادەکات و دەبێتەهۆی زیندوڕاگرتنی زمانەکە. لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هەمیشە خوێندن بە زمانی کوردی یەکێک بووە لەو مەرجانەی لە سەر مێزی گفتوگۆ بووە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) بەشێک لە خاکی کوردستان ئازادکرا، لەو کاتەوە مندالانی ئەم بەشە بە زمانی کوردی دەخوێنن، زمانی کوردی لە دامودەزگا حکومییەکان بەکاردەهێنرێت. لەدوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و دانانی دەستووری هەمیشەی عێراق دۆخی زمانی کوردی لە کوردستان بەتایبەت (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) باشتر بووەو مندالان دەتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن.

---

[1] دەستوری کۆماری عێراق (٢٠٠٥).

[2] پرۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩) .

## ٣)ئاریشەکانی پەروەردەی جووتزمانی و لایەنی مەیدانی:

لەم بەشەدا باس لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەکەین، تێیدا جۆرەکانی خوێندن و گرنگی خوێندن بە زمانی دایک و سیاسەت و پلانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی و ئاریشەکانی پەروەردەی جووتزمانی و ئاریشە زمانی و نازمانییەکان باسدەکەین، پاشان لایەنی مەیدانی لێکوڵینەوەکە و بە شێوەیەکی کارەکی ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەخەینەڕوو.

### ١/٣) سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی و زمانەکانی تر لە هەرێمی کوردستاندا:

سیستەمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی–عێراق، سیستەمێکی ئازادە، واتە هیچ کۆسپێک لە ڕێی هیچ زمانێکدا نییە، بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی ناحکومی بیەوێت بەو زمانە قوتابییەکان پەروەردەبکات، کەمەنەتەوەییەکان دەتوانن بە زمانی خۆیان لە قوتابخانە حکومییەکاندا بخوێنن، واتە ڕێگە بە هەموو زمانێک دەدرێت، بکرێتە زمانی پەروەردە، بە مەرجێک وانەی زمانی کوردی بخوێنرێت. سەرەتا پۆلبەندیەک بۆ خوێندن لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا دیاریدەکەین، کە دابەشبووە بەسەر:

یەکەم- خوێندن بە زمانی کوردی و کەمەنەتەوەییەکان لە قوتابخانە حکومییەکان.

دووەم- خوێندن بە زمانی بیانی بە تایبەت ئینگلیزی لە قوتابخانە ناحکومییەکان.

### ٣/١-١)خوێندن بە زمانی کوردی و کەمەنەتەوەییەکان لە خوێندنگا حکومییەکان:

لە قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا، هەر نەتەوەیەک ئازادە لەوەی بە زمانی دایکی بخوێنێت، زۆربەی دانشتوانی هەرێمی کوردستان کوردن، هەر بۆیە زۆربەی قوتابخانەکان لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو پۆلی دوازدەیش بە زمانی کوردی دەخوێنن، بەڵام لە پاڵ زمانی کوردی هەر لە پۆلی یەکەمەوە وانەی ئینگلیزی دەخوێنن، هەروەها لە پۆلی چوارەمەوە وانەی عەرەبی دەخوێنن، لەم قوتابخانانەدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە. ئەم چەشنە لە خوێندن کە دەکاتە زمانی یەکەمی قوتابییەکان لەڕووی زمانەوانیی پەروەردەیی، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زمانەوانیی دەروونییەوە و پێوەرەکانی یونسکۆوە گونجاوە.

هەرچەندە تاوەکو ئێستا ئەم جۆرە قوتابخانانە زۆرینەی ڕەهای قوتابخانەکان پێکدەهێنن، بەڵام ئەم جۆرە قوتابخانانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواست لە سەریان کەمتر دەبێت، لە ئەنجامی لێکوڵینەوەی مەیدانی توێژەر و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر ئەو دایک و باوکانەی، منداڵەکانیان دەخەنە قوتابخانە ناحکومییەکان، هۆکارەکان بریتیبوون لە:

١- هۆکاری زۆری ڕێژەی قوتابی لە قوتابخانە حکومییەکان و کەمی قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان، قوتابخانە ناحکومییەکان ژمارەی قوتابیان کەمترە، هەر پۆلێک نزیکەی(١٥-

٢٠) قوتـابی لە پۆلێکدان، لە کاتێکـدا قوتابخـانە حکومییەکـان نـزیکەی (٤٠-٥٠) قوتـابی لە پۆلێکدان.

٢- لە قوتابخـانە حکومییەکـان کەمتـر کـات بـۆ قوتـابی دابینـدەکرێت، بە پێچەوانەوە قوتابخـانە ناحکومییەکـان کـاتێکی زۆریـان بـۆ تەرخانـدەکرێت، زۆربەی قوتابخـانە حکومییەکـان لە ڕۆژێکدا دوو دەوام یان سێ دەوامیان تێدا دەکرێت، لە باشترین بارودۆخدا دوو دەوامییە و قوتابیـان نـزیکەی(٤) کـاژێر لە قوتابخـانە دەبـن، بەڵام لە قوتابخـانە ناحکومییەکـان نزیکەی(٦) کاتژێر لە قوتابخانە دەبن.

٣- ژینگەی لەبـار، لە قوتابخـانە ناحکومییەکـان زیـاتر لە قوتابخـانە حکومییەکـان گرنگـی بە قوتابیـان دەدرێـت، ژینگەیەکـی لەبارتریـان بـۆ قوتابیـان ڕەخسـاندووە، هەر لە خـواردن و هـونەر و وەرزش و گەشـت و سـەیران و سـەردانی شـوێنە گرنگەکـان، قوتـابی هەرچەنـد زیاتر لە قوتابخانەیە، بەڵام بەهـۆی ئەوەی گرنگـی زیاتریـان پێدەدرێت، کەمتر هەسـت بە بێزاری دەکەن، بە پێچەوانەوە قوتابخـانە حکومییەکان قوتـابی کەمتر ژینگەی لە بـاری بـۆ ڕەخساوە.

٤- بەهـۆی ئەوەی قوتابخـانە ناحکومییەکـان بە زمـانی ئینگلیـزییە دەخـوێنن، بـۆیە زۆربەی دایکان و باوکان منداڵەکانیان دەخەنە ئەو قوتابخانـانە، ئەیانەوێت هەر لە تەمەنێکی زووەوە منداڵەکانیان فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، وەک لە چارتی ژ (٢٩)دا دەردەکەوێت، زۆربەی دایک و باوکان زمانی ئینگلیزی لە زمانی کوردی بە گرنگتر دەزانن، پێیانوایە، ئەگەر زمانی ئینگلیزی فێرببن، ئەوا داهاتووی منداڵەکانیان باشتر دەبێت.

٥- دەسـتکەوتنی هەلـی کـار، زۆربەی دایکـان و باوکـان منـداڵەکانیان دەخەنە قوتابخـانە ناحکومییەکان و ئەیانەوێت لە داهـاتوودا کاریـان دەسـتبکەوێت، چونکە لە ئێسـتادا زۆربەی ئەو شـوێنانەی، کە دەسـتی کاریـان پێویسـتە، یەکێـک لە مەرجەکانیـان زانینـی زمـانی ئینگلیـزییە. هەرچەنـدە لە قوتابخـانە حکومییەکـان لە پۆلی یەکەمەوە وانەیەکیـان بە زمـانی ئینگلیزی هەیە، بەڵام زۆر بەکەمی قوتابی فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت.

٦- پێداویسـتی خوێنـدن، زۆربەی دایکـان و باوکـان ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن، لە ڕووی پێداویستییەکانی خوێندنەوە قوتابخانە حکومییەکان لە چاو قوتابخانە ناحکومییەکان کەمتر گرنگیان پێدەدرێت. زۆرێک لە دایکان وباوکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەڕووی دابینکردنی ئامێرەکانی گەرمکەرەوە و ئامێرەکانی فێنککەرە و ئامێرەکـانی فێرکردنەوە زیـاتر گرنگیـان پێدەدرێت. هەرچەندە لە سەردانی مەیدانی توێژەر دەرکەوت، لە ڕووی بینـای خوێندنەوە، هەنـدێک لە قوتابخـانە ناحکومییەکـان بە بەراورد بە قوتابخـانە حکومییەکـان لە ئاسـتێکی خراپـدابوون، چـونکە هەنـدێک لە قوتابخانـانە لە نـاو کـابینەدا بـوون، پۆلەکـان و هۆکـانی

فێرکردنی وەکو پێویست نەبوو، بەڵام هێشتا دایکان و باوکان قوتابخانە ناحکومییەکان بە گونجاوتر دەزانن.

٧- زۆربەی دایکان و باوکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئاستی زانستی قوتابخانە ناحکومییەکان لە قوتابخانە حکومییەکان باشترە.

ئەمەی سەرەوە بەشێکە لەو هۆکارانەی، کە دایکان و باوکان منداڵەکانیان دەخەنە ئەو قوتابخانانەی، کە ناحکومین و خوێندن تێیاندا بە زمانی ئینگلیزییە.

دەکرێت لە ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دایکان و باوکان ئاماژەیان پێداوە، دۆخی قوتابخانە حکومییەکان باشتر بکرێت و جۆریەتی(کوالیتی) خوێندن و قوتابخانەکان باشتر بکرێت، بەمەش منداڵان ناچارنابن، بچنە ئەو قوتابخانانەی، کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، هەم کوالیتی ئاستی زانستی قوتابیان بەرزتر دەبێتەوە. چارەسەرەکان بریتین لە:

١- دابینکردن و دروستکرنی قوتابخانەی نوێ، بە شێوەیەک کە (١٥-٢٠) قوتابی زیاتر لە پۆلێکدا نەبێت.

٢- زیادکردنی کاتی دەوام، بە شێوەیەک قوتابخانەکان بکرێنە یەک دەوام.

٣- دابینکردنی پێداویستییەکان وەک ئامێرەکانی فێرکردن و ئامێرەکانی فێنکەرەوە و گەرمکەرەوە.

٤- ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ قوتابی، بە شێوەیەک قوتابی هەست بە ئاسودەیی و دڵخۆشی بکات.

٥- باشترکردنی جۆرییەتی (کوالیتی) خوێندن، بە شێوەیەک لە پاش تەمەنی (١٠) ساڵییەوە، قوتابی بتوانێت فێری زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی ببێت، بەمەش هەم زمانی دایک پارێزرا و دەبێت و هەم ئەو بیانووەش نامێنێت، کە قوتابیان لە قوتابخانەی حکومی فێری زمانی ئینگلیزی نابن.

٦- پاڵپشتیکردنی زمانی دایک و بەرزکردنەوەی شکۆی زمانی دایک، ئەویش دەرکرێت لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار و باوەڕهێنان بە گرنگی زمانی دایک لەلای دایکان و باوکان ئەنجامبدرێت.

ئەم جۆرە قوتابخانانە، کە بە زمانی دایک دەخوێنن، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە زمانی دایک لە پرۆسەی پەروەردەدا یارمەتی قوتابی دەدات، باشتر لە وانەکان تێبگەن، بەمەیش کردەی فێربوون و فێرکردنەکە بە باشی بە ئەنجامدەگات، هەروەها باشتر لە یادگەی درێژخایەنیاندا دەمێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی گەشەی زمان لای قوتابیان و فەرهەنگی وشە و زاراوەیان دەوڵەمەنددەبێت، واتە ئەو کۆدە زمانیانەی کە لە زمانی دایکەوە و لە دەرەوەی قوتابخانە وەریانگرتووە، دەیخەنە خزمەت پرۆسەی فێربوونەوە، بە هەمان شێوە

ئەو کۆدە زمانیانەی کە لە قوتابخانە فێردەبن/فێردەکرێن، یارمەتی زمانە گشتییەکە دەدات و تۆکمەتر دەبێت و یارمەتی پاراستنی دەدات و بەزیندووی دەیهێڵێتەوە، چونکە خوێندن بە زمانی کوردی دەبێتە هۆی پتەوکردنی کۆدی گشتی و تایبەتی قوتابیان، لە پرۆسەی تەواوکاریدا کۆدی زانستەکان کۆدە گشتییەکانی قوتابیان پڕدەکەن و گەنجی وشەکانیان دەوڵەمەنددەکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی مامۆستا و قوتابیان خۆشیان لەناو خۆیاندا لە ڕووی زمانییەوە کارلێکدەبن [1].

هەروەها بەپێی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە تیۆرەکۆمەڵایەتییەکان دا دەبینێتەوە لە(٢/١-١-١) ئاماژەمان پێداوە، گرنگی بەڕەفتار دەدات. سەبارەت بە فێربوونیش پێیانوایە، فێربوون لە ئەنجامی وروژێنەر و کاردانەوە و سیستەمی دەماری مرۆڤی دەزانن، واتە بابەتێک سەرنجی فێرخواز ڕادەکێشێت و پرسیاری لا دروستدەکات، لە ئەنجامی وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکەی کرداری فێربوون بە ئەنجام دەگەیەنرێت،  هەروەها لە ڕوانگەی ئەم زانستەوە زمان لە ڕێگەی لاسایکردنەوەوە فێردەبن، واتە لاسایکردنەوەی کەسانی چواردەور و دابونەریت و کەلتوور، بەهەمان شێوە لە لایەکی ترەوە لە سەر هەوڵدان و هەڵەکردنەوە جەختدەکەنەوە. بەم پێیەش منداڵانی بازنەی یەکەم بە تایبەت ئەو منداڵانی کە باخچەی ساوایانیش بە زمانی کوردی خوێندوویانە، بە ئاسانی دەتوانرێت، کە لە ڕێگەی زمانەوە بوروژێنرێن، بەمەیش توانای وەرگرتنی زانستەکەیان باشتر دەبێت، لەوەی بە زمانێک بخوێنن، بە ئاسانی لێی تێنەگەن، واتە خوێندن بە زمانی دایک دەتوانێت وەڵامدەرەوەیەکی باشی وروژێنەرەکان بێت. هەروەها لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی هاوپۆل و مامۆستا و کەسانی دەوروبەر، کە هەموویان بە زمانی کوردی ئاخاوتندەکەن، بەمەش گەنجی وشەکانی دەوڵەمەندتر دەبێت، کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری فێردەبن، لە هەمان کاتدا ئەگەر هەڵەیەکی زمانی بکات لەلایەن کەسانی چواردەوریەوە، بۆی ڕاست دەکرێتەوە، بێگومان ئەمەیش توانای زمانی باشتر دەکات.

هەروەها لەڕوانگەی تیوری عەقڵگەراییەوە کە لە(٢/١-١-٢) ئاماژەمان پێداوە، مرۆڤ خاوەنی سیستەمێکە لە مێشکیدا بە ناوی (LAD) ئەم سیستەمە یارمەتی منداڵ دەدات، ئەو ڕێزمانە هەڵبژێرێت، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، لە ئیستادا جگە لە قوتابخانەکان دایەنگا و باخچەی ساوایانیش لە کوردستاندا هەن، کە پەروەردە تیایاندا بە زمانی بیانییە، کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر سیستەمی (LAD) و توشی گرفتی دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ زمانێکیان بە باشی وەرنەگرێت و توشی چەندین نەخۆشی زمانی دەکات، لەوانە دواکەوتنی

[1] **ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢).**

زمانپژاندن(قسەکردن)[1]. ئەمەیش بە هەمـوو پێوەرەکـان لە سـەر گەشـەی زمـانی و فێربـوونی زمـانی دایک کاریگەریی نەرێنی دەبێت، واتە وەرگرتنی زمانی یەکەم و پڕکردنەوەی ڕێزمـانە تـایبەتەکەیەتی، لە سـەر ڕێزمـانە گشـتیەکەی (UG) گەشـەکە دوای زمـانوەرگرتن دێـت و لە وەرگرتنی زانیاری زمانییەوە دەستپێدەکات، تادەگاتە گەشـەکردنی کۆزانیـاریی، کۆزانیـارییەکەی دەربارەی وەرگرتنی زمانی یەکەم لە داتاکانی دەوروبەرییەوە وەردەگرێت، بۆیە زانیارییەکان دەبـن بە کۆزانیـاری، واتە دەبێـت منـداڵ سـەرەتا کۆزانیـاری پێویسـتی لە زمـانی یەکەم بەدەستهێنابێت، ئینجا دەست بە فێربوونی زمانی دووەم بکات.

بەپێی تیـۆری درکپێکردن کە لە (٢/١-١-٣) ئاماژەمـان پێکردووە، وەرگرتنی زمـان بـۆ گەشەکردنی کۆزانیاریی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، واتە منداڵ لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی لە ژینگەوە وەریدەگرێت، زمان بەدەستدەهێنێت، لەم ڕوانگەیەوە زمان و درککردن دوانەیەکی دانەبڕاون لە یەکتر، زمانوەرگرتن بریتییە لە گەشەکردنی توانستی زمانیی[2]، واتە زمـان لە ئەنجامی کارلێک و کاریگەریی نێوان توانست، ئامادەیی منداڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت. بەمەیش ئەوە دەردەکەوێـت، کە گەشـەکردنی توانسـتی زمـانی لەو قوتابخـانـانەی بە زمـانی دایـک دەخـوێنن، یـارمەتی گەشـەی توانسـتی زمـانی دەدات، چونکە پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردییە و مامۆستا و قوتابیان هەموویان، کە بە زمانی دایک ئاخاوتندەکەن، ژینگەیەکی لەبـار بـۆ گەشـەی توانستی زمانی دەڕەخسێنێت.زمانی دایک لە پرۆسەی پەروەردەدا نرخ و بەهای تایبەت بەخۆی هەیە، لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەدەین:[3]

١- زمانی دایک، هۆکاری سـەرەکییە بۆ گەیشتن بە ناواخنی ژیریی و ئاوەزی مرۆڤەکان، تاکە هۆکارە پێیەکی لە مێشک و ئاوەزی مرۆڤدایە و پێیەکی تریشـی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەز و جیهانی دەرەوەیە بە یەکترەوە، زمانی دایک بە سـەرچاوەی بنەڕەتی و کرۆکی بە دەستهێنانی بیر و بەها و کۆزانین و فێربوون و پەیوەندیگرتن...تد، دانراوە.

٢- زمـانی دایـک گـوێزەرەوەی کەلتـوور و بەهـا و کۆزانیـاری و هەسـت و بیروبۆچوون...تد، لەمەشـــەوە زمـــانی دایـــک ڕایەڵەی بەســـتنەوەی نەوەکـــانە بەیەکتـــرەوە و هۆکـــاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵەکەیەوە و کۆکەرەوە و هەڵگر و خەزێنە و دەربڕی هەموو لایەنەکانی تاک و کۆمەڵەکەیەتی.

---

[1] بڕوانە: https://fb.watch/bHzXSDaMzf

[2] بڕوانە: أ- شیلان عومەر حسێن (٢٠١٧ : ٣٦) ب- ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ٣٩)

[3] بڕوانە:شیلان عومەر حسێن (٢٠١٦: ١١-١٢)،

٣- زمانی دایک کەرەستە و ئامرازی سەرەکییە، کە مرۆڤ بیری پێدەکاتەوە و پێی فێردەبێت (فێری ژیان) و تەنانەت فێری چۆنیەتی بیرکردنەوە دەبێت.

٤- کامڵبوونی زمانی دایک سەرچاوەی سەرەکی زوو فێربوون و دروست فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و...تد، واتە زمانی دایک توانا و توانستی فێربوون باڵاتر دەکات.

٥- زمانی دایک هۆکاری مانەوە و پاراستن و بەردەوامبوونی فەرهەنگ و ڕەسەنایەتییە، بەهێزترین پێکهێنەری ناسنامەی نەتەوەیمانە، زمانی دایک بەرپرسە لە یەکگرتوویی ڕەگەزی و پاراستنی.

٦- زمانی دایک بۆ پاراستنی توندوتۆڵی و پتەوی خێزانە، ناسنامەی تاک و کۆمەڵە و نیشانە و مارکەیەکی بەهێزی ناسنامەی کەلتووریی و کۆمەڵایەتییە.

٧- خوێندن بە زمانی دایک هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆزانیاری و گەنجی وشەی دەوڵەمەند دەکات، دواتر دەبێتە هۆی دەوڵەمەندنبوونی فەرهەنگی گشتی زمان/ ستانداردی زمان.

٨- خوێندن بە زمانی دایک زمانی منداڵ لە دیاردەکانی داخوران (کۆدگۆڕین ،کۆد تێکەڵکردن ،...تد) دەپارێزێت.

٩- ئەو کۆزانیارەیی، کە قوتابی لە زمانی دایکی بەدەستیهێناوە، دەیخاتە خزمەت پرۆسەی پەروەردە و بەهەمان شێوە کۆزانیاری دەوڵەمەندتر دەبێت.

١٠- خوێندن بە زمانی دایک شانازی زمانی و هەستی نەتەوەی و نیشتیمانی بەهێزدەکات.

١١- ئەو بنەمایانەی لە پرۆگرامی خوێندندا دانراوە،کە لە هەمان کاتدا بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیشە، وەک لە(١/١-١-٢-٢) ئاماژەمان پێداوە، جگە لە زمانی دایک بە هیچ زمانێکی تر نایەتەدی.

### ٢-١/٣)خوێندن بە زمانی بیانی(ئینگلیزی)لە قوتابخانە ناحکومییەکان:

لەم قوتابخانانەدا، زمانی یەکەمی پەروەردە و هەڵسوکەتی ڕۆژانەی قوتابخانە بە زمانی ئینگلیزی، تەنها وانەی کوردی و ئاین بە زمانی کوردییە، سەرجەم وانەکانی تر بە زمانی ئینگلیزییە، بەڵام پرۆگرامەکانی خوێندن، کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمەوە دادەنرێت، هەمان ئەو پرۆگرامانەیە کە لە قوتابخانە حکومییەکان دەخوێنرێت، بەڵام لێرە ئەو پرگرامانە ئینگلیزین و بە ئینگلیزی دەخوێنرێت و لە ژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردەدان.

پێش ئەوەی بەوردی باس لەم قوتابخانە ناحکومیانە بکەین، کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، ئەمانەوێت ئەوە بڵێین، کە مەبەستی ئێمە کەمکردنەوەی بایەخ و گرنگی فێربوونی زمانێک یان چەند زمانێک نییە، چونکە فێربوونی زمان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. ئەی کەواتە

مەترسیی ئەم قوتابخانانە کە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە لە کوێدایە؟ بۆچی نابێت منداڵ بخرێتە ئەم قوتابخانانە؟

مەترسییەکە لەوێوە دەستپێکردووە، زمانی دووەم(زمانی ئینگلیزی)یە، تەنگ بە زمانی کوردی هەڵچنیووە، وەک لە چارتی ژ (٢٨، ٢٩)دا دەردەکەوێت، کاریکردووەتە سەر کەمکردنەوەی شکۆی زمانی کوردی، ئەگەر پێشی پێنەگیرێت، ئەوا کاریگەرییەکەی بە خودی زمانەکەوە دەردەکەوێت و مەترسی داخوران و لەدەستدانی زمان و نەخۆشییەکانی گوتن و کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، چونکە زمانی خوێندن لەو قوتابخانانەی کە بە زمانی ئینگلیزییە، زمانی کوردی وەکو زمانی دووەمی ئەو قوتابخانانە دەخوێنرێن، تەنها وانەی کوردی و وانەی ئاین بە زمانی کوردی دەخوێنرێت، سەرجەم وانەکانی تر بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی و تەنانەت لە پۆل و دەرەوەی پۆل و لە کاتی پشوو و یاریکردندا قوتابیان دەبێت بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ یەک ئاخاوتن بکەن، وەک لە چارتەکانی ژ (١٤، ١٥)دا دەردەکەوێت، ڕێژەی بەشداری زمانی کوردی لە پۆلدا زۆر بەکەمی ڕێگەی پێدەدرێت، لە بەرانبەردا بە ڕێژەیەکی زۆر بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت، تەنانەت لە هەندێک لەو قوتابخانانەی، کە توێژەر سەردانی کردوون، ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغەیە، ئەگەر قوتابییەک بە زمانی کوردی قسەبکات، سزایەکی پەروەردەیی دەدرێت، ئەمەیش لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی نەرێنی لە پرۆسەی پەروەردە دەبێت. بۆیە ئەو قوتابخانانەی لەم چەشنەن فەرهەنگی زمانی و گەنجی وشەی قوتابییەکانیان زۆر لاواز دەبێت و متمانەیان بە توانا و پلەی زمانە زگماکەکەیان نامێنێت و گەنجی زمانەکەیان بە تایبەت لە بوارە زانستییەکاندا بە وشەی بیانی پڕدەبێتەوە لە بری پرۆسەی کۆدگۆڕینەوە بە ئەنجام بگەیەنن، وەک جڤاتێکی دیگلوسیا ڕەفتاردەکەن، تێڕوانینیان بۆ زمانی ئینگلیزی تێڕوانینێکی ستاندارد و ڕێزلێنراوە و بەکارهێنانی زمانی کوردیش لە سەر ئاستی ڕۆژانەیە و لە پلەدا ناگات بە زمانە ستانداردەکە، بەمەش زمانی کوردی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوەیش لەدەستدەدات [1]. هەروەها دەبێت هاوسەنگیەک لە نێوان هەردوو زمانەکە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا ڕابگرێت، بۆ ئەمەیش پێویستی بەکۆمەڵێک پێویستی لە دەرەوەی فەرهەنگی ئاوەزی هەیە، چونکە خودی هاوسەنگی ڕاگرتنەکە کاریگەریی لە سەر بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان دەبێت، بە واتایەکی تر ئەم پێڕەوە کاردانەوەی بۆ هەموو گۆڕانکارییەک هەیە، کە لەدەوروبەر ڕوودەدات، ئەمەیش لەپێناو هاوسەنگی ناوەکی پێڕەوەکە[2]، ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە قوتابخانە ناحکومییەکان پێڕەودەکرێت، چونکە هیچ هاوسەنگیەک لە نێوان زمانی

[1] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢).
[2] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٦: ٣٢).

کوردی و زمانی ئینگلیزیدا نییه. کۆمەڵێک بیانوو هەن بۆ خوێندن بە زمانی بیانی، کە ئەمانەن[1]:

١- زۆرکەس لەو باوەڕەدان، کە منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵی لەکاتی چوون بۆ قوتابخانە زمانی یەکەمی خۆی تەواو فێربووە، بۆیە پێویستە زمانێکی تر فێربکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئێستا ئەوە دەردەخەن، بە لایەنی کەمەوە(١٠-١٢)ساڵ پێویستە بۆ فێربوونی زمانی یەکەم، لە ڕاستیدا منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵی هێشتا فێری هەموو بوارەکانی زمان لە وشەکان، لایەنی کۆمەڵایەتیەکانی زمان، لێهاتوویی پراگماتیکی و ...تد نەبووە. لە لەدایکبوونەوە تا تەمەنی شەش ساڵی منداڵان بنەماکانی فۆنۆلۆجی و بڕێکی زۆر لە وشە و ڕێزمان و وشەسازی و پراگماتیک پەیدادەکەن، ئەوان لە(٨٠٠٠ - ١٢٠٠٠) وشە فێردەبن، دەتوانن ئەو وشانە بەکاربهێنن، منداڵان لە تەمەنی (٦ - ١٢) فێربوونی وشەکان خێراتردەکەن، لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا نزیکەی (٧٠) هەزار یان نزیکەی (٢٠) هەزار خێزانی وشە دەزانن، بەوەیش فێردەبن، کە چۆن باس لە بابەتە ئاڵۆزەکان بکەن و چۆن بیرۆکەکان بە یەکترەوە ببەستنەوە و چۆن زمان بە شێوەیەکی میتافۆری بەکاربهێنن، بەشی زۆری گەشەسەندنیان بە دەستکەوتنی شارەزاییە ئاڵۆزەکانی خوێندنەوە و نووسین و بە دەستهێنانی زانیاری و ڕوانبێژی زمان و بیرکاری و زانست و خوێندنی کۆمەڵایەتییەوە یارمەتیدەدرێت، ئەم فێربوونانە یارمەتیدەرە بۆ پەرەسەندنی کۆزانیاری و توانای پلاندانان، بیرهێنانەوە، پۆلێنکردن، فێربوونی زیاتر، وەرگرتنی تێڕوانینیەنەکان، تێگەیشتن لە دیاردە ئاڵۆزەکان، شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان...تد.

٢- منداڵان بەخێرایی و ئاسانتر لە گەورەکان فێری زمان دووەم دەبن، زۆرکەس لەو باوەڕەدان، کە منداڵان بەخێرایی و بەبێ ڕەنج زمان فێردەبن، ئەمەیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شێوازی منداڵانەی زمان ئاسانە بۆ فێربوون، لەبەرئەوەی منداڵانیش تەمەنیان هاوڕێکە لەگەڵ شێوازی مناڵانە، بۆیە زوو فێردەبن، یان دەگوترێت منداڵان مێشکیان لە چاو گەورەکان نەرمترە، بۆیە زووتر فێری زمانی دووەم دەبن. توێژەران پرسیاریان لە ڕوایەتی ئەو گریمانانە لا دروستبووە و بەشێکی زۆریان هۆکارەکەی بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی نەک لایەنی بایۆلۆژی دەگەڕێننەوە، چونکە ڕەنگە منداڵ لە بارودۆخێکی زیاتردا دابنرێت، کە بە فێربوونی زمانی دووەم ناچاردەکرێن، یان ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە دەتوانن فێربن، کەچی گونجاوە بۆ تەمەنیان، یان لەم تەمەنەدا ڕستەکان کورتر و سادەترە و وشەکانی کەمترە بۆ منداڵان کارێکی ئاسانترە، لە چاو لێهاتوویی کەسێکی پێگەیشتوو. سەرەڕای ئەوانەیش لێکۆڵینەوەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە فێرخوازانی پێگەیشتوو

**[1] N. Dutcher (1995:2-4).**

(هەرزەکـــار)باشـــتر لە منـــدالآن و بەتەمەنەکـــان دەتـــوانن زمـــان فێـــربن، بە شـــێوەیەک ڕووبەڕووی زمانەکە ببنەوە و پشتگیری هەوڵەکانی فێربوونیان بکەن، چونکە کۆزانیاریی ژیانی خۆیان دەخەنە خزمەتی فێربوونەکەوە.

٣- منداڵ باشتر لەوانی تر فێری زمانی دووەم دەبن، زۆرێک لە خەڵکی لەو باوەڕەدان، کە منداڵان باشتر لەوانی تر فێری زمانی دووەم دەبن، بەڵام لێکۆڵینەوەکان پێچەوانەی ئەمە دەردەخەن. لێکـــۆڵینەوەیەک لە بریتانیـــا لەگەڵ(١٧)هەزار منداڵـــدا لە قوتابخانەکـــان کـــراوە ئەوانەی کە لە تەمەنـــی(١١)ســـاڵیەوە دەســـتیان بە فێربـــوونی فەرەنســـی کـــردوو، ئەنجـــامی باشـــتری هەبـــووە، لەوانەی کە لە تەمەنـــی(٨)ســـاڵییەوە دەســـتیان بە فێربـــوونی فەرەنســـی کردووە.

٤- زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی ئەکادیمی و زانستی باشترە و زمانی دایک ناتوانێت ببێت بە زمـــانی زانســـت. زمـــان بە بەکارهێنـــان و کردنـــی بە زمـــانی زانســـت، وشـــە و زاراوەکـــانی دەوڵەمەند و فراواندەبێت و بەرەوپێشدەچێت و لە نوێبوونەوەدا دەبێت، هەر بۆچوونێک پێی وابێت، کە زمانەکەی ناتوانێت ببێت بە زمانی زاست، ئەمە هەڵەیەتێگەیشتنە لە زمان، چونکە لە کۆندا هەمان بیروبۆچوون هەبووە بەرانبەر بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی[1]، دەبینین، ئێستا بە ناوبانگترین زمانی زانست دادەنرێن.

### ٣-١/٣ )سیاسەت و پلانی وەزارەتی پەروەردە لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و زمانەکانی تر:

ژینگەی زمان، وێنەی باخچەیەکە ئەگەر خزمەت نەکرێت، ئەوە گژوگیا و ڕووەکە بەهێزەکان تەواوی باخچەکە دادەپۆشن و ڕەنگە چەند جۆرە گوڵێک لە گەشە بوەستن، یان بەتەواوەتی لەناوبچن، بۆیە پاراستنی باخچەکە پێویستی بە خزمەت و بژارکردن و پارێزگاریلێکردن هەیە، هەروەها باخەوانەکە دیاریدەکات، چی جۆرە ڕووەکێکی تێدا بڕوێنێت، بۆ ئەمەیش هەم پلان دادەنێت و هەمیش چاودێر و پارێزگاری بەردەوامی دەبێت. زمانیش بەهەمانشێوەیە پێویستی بە پارێزگـــاریلێکردن و سیاســـەت و پلانـــی گونجـــاو هەیە، سیاســـییەکان بڕیـــاردەدەن، کـــام زمان/زمانانە گەشە پێبدەن و ڕێگری لە کام زمانیش بکریت، بۆ ئەوەی ژینگەی ئەو زمانەی ئامـــانجە پەروەردەیـــی و نەتەوەیـــی و ئـــابوری و سیاســـیانەی کە هەیـــانە، تێکنەچێـــت، بـــۆ ئەم مەبەستەیش لە ڕێگەی سیاسەت و پلانی زمانیی گونجاوەوە کار بۆ ئامانجەکانیان دەکەن. لەم بـــارەیەوە ( کـــارول بەیـــکەر ) دەڵێـــت: سیاســـییەکان بـــۆ فراوانکردنـــی دەســـەڵاتەکانیان ژیـــنگەی کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردە و کەلتوور بەکاردەهێنن و زمـــان وەک ئـــامرازێکی ســـەرەکی بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی بەکاردەهێنن، بۆ نموونە لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی قوتابخانەوە بڕیاردەدەن،

[1] ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠١٣: ١٠٤).

که زمانێک گەشەبکات، یان بەپێچەوانەوە لاوازی بکات، بۆ نموونە لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتمەداران تاکزمانی بە پەسەندتر دەزانن، وەک لە جووتزمانی و فرەزمانی [1].

بە شێوەیەکی گشتی سیاسەت و پلانی زمان دوو پێویستی گرنگی زمانن، هۆکارێکی سەرەکی پاراستن و بەهێزکردنی زمانن، سیاسەت و پلانی تۆکمەی زمان توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵسکاری بە زمان دەبەخشێت و لە لەناوچوون دەیپارێزێت[2]، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی سیاسەت و پلانی پەروەردەیی لەناو ئەمەیشدا سیاسەت و پلانی پەروەردەی زمانی هەیە، ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگەی زمانەوە ئامانجە پەروەردەییەکان باشتر بەدەستبێن، واتە زمان چۆن کاربکات بۆ باشترکردنی ئاستی زانستی و تێگەیشتن لەوانەکان؟ چۆن زمان وەک ئامرازێک بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری و فراوانکردنی فەرهەنگی ئاوەزی بەکاربێت؟ بە هەمان شێوە چۆن وانەکان دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی قوتابی، بۆ ئەمەیش زمانی دایک هاوکار و هۆکارە و لەگەڵ ئامانجەکانی زمانەوانیی پەروەردەیدا یەکانگیرە.

زمان پێویستی بە چاودێریکردن و پاراستنە، ئەگەر نەپارێزرێت و چاودێری نەکرێت، بە تایبەت لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و جیهانگیرییە، ئەوە بێگومان زمانەکان بەزووی لەلایەن زمانە باڵادەستەکانی وەکو ئینگلیزی و زمانەکانی ترەوە ژینگەکەی داگیردەکرێت و بەرەو فەوتان و لەناوچوون دەچێت. یەکێک لە ژینگەکانی زمان بواری پەروەردەیە، کێڵگەیەکی باشە بۆ چاندن، بۆ ئەوەی دەتەوێت لە داهاتوودا چ جۆرە بەروبومێکت دەستبکەوێت، جوتیاری ئەم کێڵگەیە لایەنی بەرپرس لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم وەزارەتی پەروەردەیە، دواتریش ڕۆڵی پەرلەمان لەم بابەتدا گرنگە، ئەویش بەدەرکردنی یاسای پاراستنی زمانی نەتەوەیی، چونکە یاسای زمان میکانیزمی بەفەرمیکردنی سیاسەت و پلانی زمانە، لە کایەی یاسای زماندا وردەکارییەکانی یاسای زمان و پلانی زمان دەخرێتە قۆناغی جێبەجێکردن و کارەکیکردنەوە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسای پاراستنی زمان دەربکات، بەتایبەت خوێندن بە زمانی کوردی لە سەراتاکانی تەمەنی منداڵدا بەتایبەت لە باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی خوێندنا و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە جێبەجێبکرێت، چونکە ئەمڕۆ لە هەرکات زیاتر زمانی کوردی لەبەر هەڕەشەی لاوازبوون و بگرە مەترسیشدایە، هۆکاری ئەمەیش بۆ نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمە و پلانێکی وردی زمان دەگەڕێتەوە، کە بەرپرسی سەرەکی پاراستنی زمانن[3]، دیارە ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی وەکو لە سەرەوە ڕوونمانکردەوە، کاری پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە پشکی شێر بەر وەزارەتی

---

1 C. Baker (2001:53).

٢ دارا حەمید محەمەد ( ٢٠١٦: ٥٥).

٣ سەرچاوەی پێشوو (٥٥).

پلاندانان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەوێت. لە پاڵ ئەمانەشدا لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراو و دەزگا ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانە، کە تاوەکو ئێستا هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەناوە بۆ چەسپاندنی یاسای زمان و هیچ سیاسەت و پلانێکی دیاریکراویشیان نییە. سەبارەت بە زیانەکانی ئەم بێپلانی و بێسیاسەتییە، (ئاڤێستا کەمال مەحمود ) دەڵێت: بێپلانی سیاسەتی زمانی کوردی دروستیکردووە و قسەپێکەرانی زمانی کوردی گەیاندووەتە خاڵێک، تێیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەستکردن بە ئینتیما بۆ زمانەکەی و دواتریش بۆ نەتەوەکەی خاڵی بێتەوە[1].

کاتێک زمانێک دەکرێتە زمانی خوێندن، بێگومان دەبێت هۆکاری بەکارهێنانی زمانەکە و سوود و زیانی بزانرێت، بەتایبەتی دەبێت، ئاگاداری پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بێت، بەتایبەت تر بۆ ئەو نەتەوەیەی، کە هەڕەشە لە سەر زمان و خاک و نەتەوەیان هەیە، پێویستی سیاسەت و پلانی زمانی لە سەر ئەو بنەمایانەی باسمانکرد، دەبێتە بابەتێکی گرنگ و ناچاری، چونکە زمان شوناسی نەتەوەیە، هەر هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر زمان، هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپرێزی و ناسنامەی ئەو نەتەوەیە، بەمەیش ئاسایشی زمانی و نەتەوەیی دەکەوێتە بەردەم ململانێی زمانەکانی ترەوە، بۆیە لەپێناو ئاسایشی زمانەکەمان پێویستە سیاسەت و پلانێکی تۆکمە بۆ زمانەکەمان دابنێین، چونکە پلانی زمانی گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەموو نەتەوەیەک هەیە، کە ڕووبەڕووی کێشەی فێرکردن یان گەشەکردن یان ئەوانەی پەیوەستن بە زمانەوە دەبنەوە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە فرەزمان و فرە نەتەوەن [2].

لە دوای ڕاپەڕینی (٥ی ئاداری ١٩٩١) و دوای کۆڕەوەکەی (١٩٩٢) دروستبوونی دەسەڵاتێکی خۆجێی کوردی لە هەر سێ پارێزگای هەولێر،سلێمانی و دهۆک دروستبوونی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکان خوێندن بە زمانی کوردی دەستپێکرد، منداڵان بە ئازادی دەتوانن، بە زمانی کوردی بخوێنن، ئەمەیش ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەکردنی زمانی کوردی بینی، بە تایبەت دوای ئەوەی چەندین قوتابخانە و زانکۆ و کەناڵی بیستراو بینراو خوێندراو کرانەوە. هەروەها دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق ئەو ناوچە کوردیانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدابوون، ئازاد بوون و تاوەکو ئێستا بە ئازادی دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن، واتە لە قۆناغی پاش ڕاپەڕینی(١٩٩١)وە بە دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی بەردەوام هەوڵیداوە، لە ململانێ و هەڕەشەی زمانی عەرەبی باڵادەست دەربازببێت لەپێناو پاراستنی شوناسی زمانی کوردی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، بەڵام لە سایەی نەبوونی سیاسەت و پلانێکی تۆکمەی زمانی لە پێڕەونەکردنی یاسا

[1] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٦: ٢٧).

[2] ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٨)، لە (مصطفى عوض بنى ذياب ٢٠١٢: ١١١)ەوە وەریگرتووە.

سینتاکسییەکانی زمانی کوردی لە کوردستاندا بە تایبەتی لە تابلۆو نووسراوی دەزگا فەرمی و کەرتە تایبەتییەکـان و نووسـینی مانشـێت و هەواڵەکـانی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و لافیـتەی پرسـەکان و لێکۆڵینەوەکـان و تـابلۆی سـەر دوکـان و کتێبـی مەنهەجـی و...تـد ڕووبەڕووی مەترسـییەکی گەورەی هەڕەشـەی زمانەکـانی تـری وەک زمـانی عەرەبـی و ئێسـتایش زمـانی ئینگلیزی بووەتەوە[1].

هەروەهـا لە زۆربەی زۆری وڵاتـان بەپێی بارودۆخی زمـانەکە و وڵاتەکانیـان سیاسـەت و پلانـی گونجاویـان هەیە، تەنـانەت هەنـدێکجار حزبە سیاسـییەکانیش سیاسـەت و پلانـی زمـانی چەنـدین سـاڵەیان هەیە، بەڵام نە حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و نە لایەنە سیاسـییەکان هـیچ کامیان تاوەکو ئەمڕۆش بەرنامەیەکی تایبەتیـان بۆ سیاسـەتی زمـان دانەنـاوە، دەبووایە بەرەی سیاسی کوردستانی هەردوای جاڕدانی فیدراڵی لە (١٩٩٢/١٠/٤)، بڕیاری زمـانی فەرمـی دابوایە و یاسای زمانی فەرمیش لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووبایە[2]، بەڵام دەبینین  زمانی کوردی لە نێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا لە دۆخێکدایە، کە نەک تەنها نالەبار و فەرامۆشکراوە، بەڵکو دۆخێکی پڕمەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر زمانەکەمان، چونکە لەڕووی سیاسەت و پلانی سـتراتیجییەوە کـورد لە سـایەی دەسـەڵاتی کوردیـدا هـیچ هەنگـاوێکی بـۆ خزمەتکردنـی زمـانی کوردی نەناوە [3]. لەم بارەیەوە چەند سەرنجێک دەخەینە ڕوو:[4]

١- لە زمانی کوردیدا لە سایەی نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمەی زمان و پێڕەونەکردنی یاسـای زمـان بەپێی پلانـی زمـان لە سەرتاسـەری کوردسـتاندا، بەکارهێنـانی زمـان بە شـێوەیەکی هەڕەمەکی و ناوچەگەریەتی سیفەتی زمانی نـاوچەیی بە زمـانی کـوردی دەبەخشـێت، نەک زمانێکی تۆکمەی نەتەوەیی لە هەموو وڵاتدا بەکاربهێنرێت.

٢- سەربارى بەفەرمی ناساندنی یاسای زمان لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی دانیشتنی ژمارە(٩) لە(٢٠١٤/١٠/٢٩)و پەسەندکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بەپێی بڕیاری ژمارە(١٦) لە ساڵی (٢٠١٤)، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە بەفەرمـی نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا کاری پێناکرێت، ئەمەیش لەبەرئەوەی یاسـاکە ئـاڵۆزە و ئەو زمـانە فەرمـیە کـوردیەی دەسـتنیشـان نەکـردووە کە پێویستە زمانی فەرمی هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت.

٣- هانـدانی بەرچـاوی زار و تەنـانەت شـێوەزارەکانی زمـانەکەش، زمانەکەمـان لە کەنـاری دابەشبوون نزیکدەکاتەوە، دابەشبوونی نەتەوەکەمانیشی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

---

[1] ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٦: ١٩).
[2] تاریق جامباز (٢٠١٤: ٥).
[3] بڕوانە: دارا حەمید محەمەد ( ٢٠١٦: ٥٣-٥٤) و ئەوسەرچاوانەی لەوێ بەکارهاتوون.
[4] سەرچاوەی پێشوو (٥٣-٥٤).

٤- هاندانی بێ بەرنامە و هەڕەمەکی و بێسنوور لە بنەمای زانستی زارەکانی زمانی کوردی بووە بە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورەی سەر زمانەکەمان، ئەم هەنگاوەش لەو بەکارهێنانەی پلانی زمانمان نزیکدەکاتەوە، کە دەبێتە مایەی بەربەست دروستکردن لەڕێی گەشەکردنی زمان و دواتریش لاوازبوون و لە ناوچوون.

٥- ململانێی نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی لەلایەک و ململانێی نێوان زارەکانی زمانی کوردی لەلایەکیترەوە، جۆری ململانێی و دەرهاویشتەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن، کە زمانی کوردی هیچ سیاسەت و پلانێکی بۆ دانەڕێژراوە، کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێببەخشێت بەرانبەر بە زمانی دی، لە بەرانبەریشدا زمانانی دەوروبەری زمانی کوردی زۆر بەوردی سیاسەتی زمان پەیڕەودەکەن بەمەبەستی بەهێزکردنی زمانەکەیان و لاوازکردنی زمانی کوردی، بەڵام خۆشبەختانە پتەوی زمانی کوردی ڕۆڵی کوردان لە پابەندبوون بە زمانەکەیانەوە ململانێی زمانی کوردی و زمانانی تری لە بەرژەوەندیی زمانی کوردی یەکلاکردووەتەوە و زمانانی عەرەبی و تورکی و فارسی نەیانتوانیووە جێ بە زمانی کوردی لەقبکەن، یان جێگرەوەبن لای کوردان.

٦- نەبوونی پلان و سوودوەرنەگرتن لەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەی، کە جیهانگیری هێناویەتییە ناو کۆمەڵگاکەمانەوە، زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی ئەو تەکنەلۆژیایە، لەگەڵ ئەوەیشدا لەناو زۆر لە میللەتاندا شانبەشانی زمانی ئینگلیزی تاکەکانی ئەو میللەتانە زمانی نەتەوەیی خۆشیان بەکاردەهێنن، بەڵام لە زۆر میللەتاندا شوێنی بە زمانی نەتەوەیی لەقکردووە، ئەمەیش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر زمان، ئەم ڕاستییە پێویستی بە ڕێگەچارەی زانستی هەیە، کە خۆی لە سیاسەتی زمان و پلانی زماندا دەبینێتەوە.

٧- بێباکی پارت و لایەن و ڕێکخراوە کوردییەکان لە پرسی سیاسەت و یاسای زماندا لە ئاستێکدایە، کە مایەی سەرسوڕمانە، لە کاتێکدا لە زۆرێک لە میللەتان پارتەکان، ڕیکخراوەکان پرۆژە یاسای زمانییان هەیە، وەک پلانی پارتی سەوزی ئێرلەندی، کە بەوردی سیاسەتی زمانی داڕشتووە.

بۆ زانین و دیاریکردنی سیاسەت و پلانی زمانی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە ڕێگەی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانی-عێراق کە لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، یان لە ڕێگەی بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردەوە دیارییبکەین، هەر چەندە سیاسەتی زمانیی زۆرجار لە دەستووردا دیاریدەکرێت، یان بە یاسا ڕێکدەخرێت، هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا جگە لە پرۆژەدەستوور نەبووەتە خاوەنی دەستوور، بەمەیش هیچ بابەتێکی

یاسایی پاڵپشت نییه بۆ سیاسەتی زمانی، لەو پرۆژه دەستوورەی که له (٢٠٠٩/٦/٢٤) له پەرلەمانی کوردستانی پەسەندکراوه، له مادەی(١٤)دا هاتووه:[١]

**مادەی(١٤)**

**یەکەم:** کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستووره مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەردەکات، له فێرکردنی منداڵەکانیان له دام و دەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا به پێی مەرج و ڕێکارەکانی پەروەردەیی به زمانی زیگماکی خۆیان، ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوه.

**دووەم:**زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی ڕەسمین لەتەک زمانی کوردی و عەرەبییەوه لەو یەکه کارگێڕیانەدا، که ئەوانەی بەو زمانه دەدوێن، زۆرینەی دانشتوان پێکدەهێنن، ئەمەیش به یاسایەک ڕێکدەخرێت.

**سێیەم:**له هەرێمی کوردستان کار به حوکمەکانی ماددەی (٤) ی دەستووری فیدراڵی دەکرێت، له بارەی زمانی فەرمییەوه له هەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردن.

هەروەها سەبارەت به پلان و سیاسەتی پەرەوەردە، وەزارەتی پەروەردە له (٢٠٠٩/١/٢١) پاڵپشت به یاسای وەزارەتی پەروەردە سیستەمی قوتابخانه بنەڕەتی و خوێندنگا ئامادەییەکانی دەرکردووه و کارییپێدەکات و تێدا هاتووه:[٢]

**بەندی ١**

یەکەم: وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیاره له داڕشتنی سیاسەتی فێرکاری و پەروەردەیی قۆناغی بنەڕەتی له کوردستاندا و ئەرکی ئامادەکردنی پلانەکانی خوێندن و دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و پەرتووکی قوتابخانەکان و پەرتووکه هاوکارەکانی دیکەی له ئەستۆدایه.

**بەندی ٦٤**

زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنه له گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەردوو بابەتی زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی له پاڵ زمانی کوردیدا دەخوێنرێن.

## ٢/٣) جۆرەکانی ئاریشەی پەروەردەی جووتزمانی:

پەرەسەندن و زۆربوونی قوتابخانەکان، که به زمانی بیانین، به باشی بەسەر زمانی کوردیدا ناشکێتەوه، چونکه به ئامانجی فێربوونی زمانێکی تر دایکان و باوکان منداڵەکانیان له ماڵ و له قوتابخانه له نێو زمانی ئینگلیزیدا نقومدەکەن، بەمەیش زمانی کوردی له ژیانی قوتابی دەبەنه دەرەوه، ئەرکەکانی له زمانه ڕەسەنەکه وەردەگرنەوه و دەیدەن به زمانی بێگانه، بەم شێوەیه ڕۆڵی زمانی کوردی له ژیانی ڕۆژانەی قوتابیدا کەمدەبێتەوه و قوتابی هەست به

[١] **پرۆژه دەستووری هەرێمی کوردستانی – عێراق (٢٠٠٩).**
[٢] **سیستەمی قوتابخانه بنەڕەتییەکان (٢٠٠٩).**

گرنگـی زمـانەکەی ناکـات و بە کەمتـر لەو زمـانەی، کە پێـی دەخوێنێـت، سـەیریدەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە چەندین بواری تردا ڕۆڵی زمانی کوردی کەمکردووەتەوە، وەک زۆربەی دوکـان و کۆمپانیـا و فرۆشـگا گەورەکـان دەبینیـن نـاوی دوکـان و بەرهەمەکانیـان بە نـاوی ئینگلیزی تۆماردەکەن، تەنانەت ناوی گەڕەکەکانی شاریش خەریکە هەمووی دەبێتە ئینگلیزی، بێگومـان ئەمەش کـاریگەریی خراپی لە سـەر زمـانی کوردی دەبێت، ڕەنگە لە سـاڵانی یەکەمی خوێنـدنی جووتزمانیـدا هەسـت بە نقومبـوونی زمـانی یەکەم و خراپبـوونی نـاکەین، چـونکە کاریگەریی پەروەردەیی زمانی پێویستی بە ساڵانێک هەیە، کە لە دە تا پانزە ساڵ کەمتر نەبێت، کاتێـک ئەنجامەکـانی بە ڕوونـی لە کۆمەڵگـادا دیـاردەبن، چـونکە منـداڵ لە سـەرەتای سـاڵانی یەکەمدا هەوڵدەدات، زمـانی دووەم بخـاتە ژێر یاسـاکانی زمـانی دایکەوە، دواتـر هەر زوو ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەر زمانێـک ڕێسـای تـایبەتی خۆی هەیە، بۆیە هەوڵدەدات، ڕێسـاکانی هەر زمانێک بە جیا بهێڵێتەوە، بەڵام بەردەوامی پەروەردە بە زمانی بیانی و بەکارهێنانی زۆری لە قوتابخـانە و کۆمەڵگـا و میـدیادا، وا لە منـداڵ دەکـات، ملکەچـی زمـانی دووەم ببێـت و بەمەش زمانی دووەم بەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکەی زاڵدەبێت و زمـانی یەکەم بۆ هەتاهەتـایە ملکەچی زمانی بێگانە دەبێت و ئەمەش مردنی زمانی یەکەمە[1]. لەلایەکی ترەوە تێکدانی پێڕەوی زمـانی (فۆنۆلـۆژی، مۆرفۆلـۆژی، سـینتاکس، واتـا) ی زمـانی دایـک دەبێـتە هـۆی تێکـدانی ڕیزبەنـدی چەمکەکـان، بەمەیـش بیرکردنەوەکـان کەسـێتی خۆیـان لەدەسـتدەدەن، واتە خوێنـدن بە زمـانی بیـانی دەبێتە هـۆی تێکدانی پێڕەوی زمـانی دایک، ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی کە بیرەکـان بە باشـی نەگەن[2]. بـۆیە هەنـدێک لە تـوێژەران ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن، کە زمـانی دووەم دەبێـتە ژاوەژاوێـک (تشـویش) و تێکەڵکردنـی بیرەکـان لای منـداڵان، کە لە سـەرەتادا تەنهـا یاسـاکان تێکدەشـکێن و دواتـر زاراوە و دەسـتەواژەکانیش تێکـدەچن، سـەرەڕای ئەوەی ئەم دیـاردەیە دەبێتە هۆی داخورانی زمانی دایک، لەوانەشە لە کۆتاییدا بیمرێنێت[3].

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، هەموو جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی وەکو یەک نین و کـاریگەریی ئەرێنـی و نەرێنییەکانیشـیان جیـاوازە، واتە دەکرێت، جۆرێکیـان لە جـۆرێکی تریـان کـاریگەریی نەرێنـی کەمتـر بێت، یـان بە پێچەوانەوە کـاریگەریی نەرێنـی زیـاتر بێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەروەردەی جووتزمانی لە قۆناغی سەرەتایی و بە تایبەت لە بازنەی یەکەمی خوێندندا، بە پێی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان زیانەکانی زیاترە لە سودەکانی و کۆمەڵێک ئاریشەی کـۆمەڵایەتی و دەروونـی و پەروەردەیـی ...تـد لێـدەکەوێتەوە، لێـرەدا گرنگتـرین ئاریشـەکانی پەروەردەی جووتزمانی دەخەینەڕوو، کە ئەمانەن:

[1] إبراهيم بن أحمد مسلم الحارثي (٢٠١١: ٨٠).
[2] ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠١٦: ٣٢).
[3] مهاباد کامل عەبدوڵا (٢٠١٥: ١٨١).

### ١-٢/٣) بەرتەسککردنەوەی ژینگەی زمان:

ژینگەی زمان[١]بریتییە لەو بوارانەی زمانی تێدا بەکاردێت، لەئەنجامی بەرفراوانکردنی ژینگەی بەکارهێنان، زمان تێیدا گەشەدەکات، لە ئەنجامی ڕێگرلێکردن و بەکارنەهێنان و بەرتەسککردنەوەی سنووری بەکارهێنان، زمان تێیدا لاواز دەبێت، یاخود لەناودەچێت. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرکی بنەڕەتی سیاسەت و پلانی زمانە، کە سنوور و ژینگەی بەکارهێنانی زمان فراوانبکات. بواری پەروەردە گرنگترین ژینگەی زمانە بۆ گەشەکردنی زمان لەو قوتابخانانەی، کە خوێندن تێیاندا بە زمانی دووەمە، زمانی دایک بە شێوەیەکی لاوەکی و وەکو بابەتێکی لاوەکی سەیردەکرێت، ژینگەیەکی بەرتەسک بۆ زمانی دایک دروستدەبێت، بەمەش زمانی دایک لەلایەن زمانی دووەمەوە، تەنگپێهەڵدەچنرێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئاریشەی زمانی دروستدەبێت، بەجۆرێک، کە زمانی دووەم دەبێتە زمانی یەکەمی قوتابی و زمانی یەکەمی قوتابی دەبێتە زمانی دووەم، وەک لە چارتی ژ (١٥، ١٦)دا دەردەکەوێت، زۆر بەکەمی ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی دایک دەدرێت، واتە کاتێک منداڵ بە زمانی دایکی ناخوێنێت، ئەوە دەرهێنانە لە ژینگەی سروشتی زمانی خۆی و خستنە ژینگەیەکی نامۆ، بەمەش کارلێکردن لە نێوان قوتابی و زمانەکە کەمدەبێتەوە و زمانی دایکی بەرەو لەناوچون دەچێت. پاراستنی هەمەجۆری بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە هەموو بوارەکاندا گرنگە، هەروەکو چۆن گرنگی بە پاراستنی جۆرەکانی ئاژەڵ و ڕووەک و ...تد دەدرێت، بەهەمان شێوە هەمەجۆری زمانیش گرنگە و هاوسەنگی ڕادەگرێت، بە لەناوچوونی زمانەکان و بەرەو تاکزمان ڕۆیشتن تێکدانی هاوسەنگییە. سیستەمی هەسارەی زەوی پێویستی بە فرەجۆری هەیە و تاکجۆری سیستەمی ژینگەیی (ئیکۆ سیستەمی) هەسارەی زەوی دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە خوێندن بە زمانی دایک هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی زمانەکان و هەمەجۆرکردنی زمانەکان و ژینگەیەکی لەبار بۆ زمان دەڕەخسێنێت، بە پێچەوانەوە دوورخستنەوەی زمان لە سیستەمی پەروەردە، واتە لەناوبردنی ژینگەیەکی گرنگی زمان و بێگومان کاریگەریی گەورەی لە سەر لەناوبردن، یاخود لاوازکردنی زمانی دایک لای قوتابیان دەبێت.

### ٢-٢/٣) ئاریشەی ململانێی کەلتووری:

پەروەردەی جووتزمانی زیان بە کەلتوور دەگەیەنێت، چونکە زمان دەفری بیرکردنەوەیە و کەلتوور بە بەشێکی دانەبڕاوە لە کارلێکی نێوان زمان و بیرکردنەوە، چونکە زمان گوزارشتە

[١] لە زمانەوانیدا ژینگەی زمان لقێکی تایبەتی هەیە بە ناوی ئیکۆلۆژیای زمان ((ecology of language، لەکارەکانی ئینار هۆگن دا (E.Haugen ) لە ساڵی(١٩٧١) باسی لێوەکراوە، ئیکۆلۆژیای زمان لە کارلێکردنی نێوان زمان بە ژینگەکەیەوە دەکۆڵێتەوە. (-https://www.jbe-platform.com/content/journals/24522147)

لە نەخشە کەلتوورییەکان، نەریت و شێوازەکانی ژیان، تێڕوانینی خەڵکی بۆ گەردوون لە کەلتوور و زمانەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە[1]، واتە پەیوەندییەکی زۆر نزیک و بەهێز لە نێوان زمان و کولتووردا هەیە، وەک لە (١/١-٣-٣-١) باسمانکردووە، بەڵام پەیوەندیی نێوان خوێندن بە زمانی بیانی و کەلتوور ڕوویەکی ئەرێنی نییە، چونکە خوێندن بە زمانی بیانی توانای گواستنەوەی کەلتوور و بەها و کۆزانیاری و هەست و بیروبۆچوونەکان و ...تد نییە، بەمەیش ڕایەڵەی بەستنەوەی نەوەکان بەیەکترەوە و پەیوەستکردنی تاک بە کۆمەڵەوە دەپچڕێنێت. لەلایەکی تریشەوە جووتزمانەکان ناتوانن لە نێوان کەلتووری هەردوو زمانەکە هاوسەنگی ڕابگرن، دەبنە خاوەنی دوو کەسێتی، کەسێتی یەکەم، کە تێکەڵ بە گرووپی زمانی یەکەمە، شێوازی ژیان و ڕەفتار و خووی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و هەموو دەستکەوتە شارستانیەکانی دەیپارێزێت، کەسێتی دووەم بە هەموو بەها و چەمک و شێوازەکانی سەیرکردنی جیهان و دەستکەوتە زانستی و شارستانییەکانی بە هەموو فۆرم و لقەکانیەوە تێکەڵ بە گرووپی زمانی دووەم دەبێت[2]، بێگومان ئەمانەش لە ئەنجامی خوێندن بە زمانی دووەمەوە ڕوودەدات، چونکە فێربوونی زمانێکی تر تەنها نابێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی بە زمانێکی ترەوە بکات، بەڵکو دەبێتە مرۆڤێکی سەر بەو کەلتوورە و بەشێک لە کەلتووری ڕەسەنی خۆیشی لەدەستدەدات[3]، واتە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ کەلتوور و نەتەوە و شارستانیەتی ئەو زمانەی، کە پێدەخوێنێت، بەهێزبێت و دڵسۆزی بۆ هەموو ئەو شتانە نەمێنێت، کە هی خۆی و نەتەوەکەی خۆین. هەروەها دەبێتە هۆی دووبەرەکییەکی کەلتووری، کە خاوەنەکەی لە ململانێیەکی دەروونی توندا دەژی، لە ئەنجامی تێکدانی بەها و دابونەریت و بیر و باوەڕەکانەوە دێتە ئاراوە، بۆیە ناتوانێت دیاریبکات، کە چی دروستە و نادروستە، چی لای ڕای گشتی قبوڵکراوە، چی قبوڵناکرێت و چی ستایشدەکرێت، و چی ڕەتدەکرێتەوە ...تد، بە دوو پێوەر دەژی، کە ناتوانێت دیاریبکات، کامیان لێرە گونجاوە و کامیان لەوێ گونجاوە، لە کەلتوورێکی پڕ لە گێژاودا دەژی، کە سیما و ڕەهەندەکانی ناڕوونە، ئەوە تێکەڵەیەکی ناڕوونە لە بیرۆکە و بیروباوەڕەکان، کە مرۆڤێکی بێ شوناس لێدروستدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت پەیوەندییە کەلتوورییەکانی دیاریبکات[4]، چونکە قوتابییەکە تێکەڵەیەکی ناڕوون لە کەلتووری زمانی یەکەم و کەلتووری زمانی دووەم وەردەگرێت، بۆیە هەندێکجار مەیلی بەرەو کەلتووری زمانی یەکەم و هەندێکجاریش مەیلی بەرەو کەلتووری زمانی دووەم دەبێت،

---

[1] هـ . دوجلاس براون (١٩٩٤: ٢٤١).

[2] ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٩٢).

[3] سەرچاوەی پێشوو (٩٢).

[4] سەرچاوەی پێشوو (٩٤).

ئەم حاڵەتە پێی دەوترێت ململانێی کولتووری[1].ئەمە  سەرەڕای ئەوەی لە پرۆسەی پەروەردەدا وەک لە چارتی ژ (٢٣)دا دەردەکەوێت، ئاریشـەی تێنەگەیشتن یان هەڵە تێگەیشتن ڕوودەدات، دەبێتە هـۆی ئەوەی گرفـت بـۆ مامۆسـتایان دروسـتببێت، نەتـوانن وەکـو پێویسـت قوتابیـان تێبگەیەنن و کاتی زیاتری پێویستدەبێت، بەتایبەت ئەگەر پرۆگرامی خوێندن سـەر بە کەلتووری زمانەکەی خۆی  نەبێت.

**٣-٢/٣) ئاریشەی لەدەستدانی متمانە بە(زمان، کۆمەڵگا، خۆبوون):**

جووتزمـانی هۆکـارێکی سـەرەکییە بـۆ لەدەسـتدانی متمـانە بە زمـان، متمـانە بە کۆمەڵگـا و متمانە بەخۆبوون، واتە کاتێک قوتابی بە زمانێکی تر دەخوێنێت، جگە لە زمـانەکەی خـۆی ئەوە هەسـت بە دابەزینـی پلـەی کـۆمەڵایەتی کۆمەڵگـاکەی خـۆی دەکـات و هەسـتدەکات، لە چینێکـی کۆمەڵایەتی خـوارەوەیە لە چینەکـانی تـری کۆمەڵگـا، یـان هەسـتدەکات، کە زمـانەکەی خـۆی کە قسـەی پێدەکات، لە ڕیـزی چینـە کۆمەڵایەتییەکـانی دیـکەدا نییە و لە خـوار زمانەکـانی دیـکەی گەلانـی تـرەوەیە و بەناوبانـگ و گونجـاو نییە و لەگەڵ سـەردەمدا ناگونجێت، ناچـار مەیلـی بـۆ فێربـوونی زمـانێکی تـر دەچێـت، بـۆ ئەوەی لە ژیانیـدا بەکاریبهێنێـت، پێیـوایە ئەو زمـانەی هەڵبژاردووە، پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز دەکاتەوە، چونکە بە زمانەکەی خۆی ناتوانێت لە ڕووی مەدەنی و کولتوورییەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوسەنگبن[2]، چونکە بەشی سـەرەکی تێڕوانینی تـاک بـۆ خـۆی لە تێڕوانینـی کـۆمەڵەکەیەوە وەرگیـراوە و ڕێزگـرتن لە خـۆی بە شـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەستە بە ڕێزگرتنی ئەو بۆ کۆمەڵەکەی[3]، بۆیە کاتێک کەسێک هەستدەکات هەموو تێڕوانینی کۆمەڵ پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە، کۆمەڵگاکەی زمانی یەکەمی خۆی لا کەمبایەخە و زمانەکەی خۆی بە کەڵکی خوێندن و کاروکەسابەت نایەت و لە هاوسەنگی لەگەڵ شارسـتانیەت و پێشکەوتنەکانی سـەردەمدا دایدەبڕێت، هەروەهـا زمـانەکەی خـۆی بە زمـانێکی چەقبەسـتوو و دواکەوتوو دەبینێت، هەر بۆیە پەنادەباتە بەر فێربوونی زمانێکی تر، بێگومان جگە لە وەرگرتنی دابونەریتەکانی، شێوازەکانی قسەکردن و دەربڕینی ئەو زمانە دەگرێتەبەر و دڵسۆزی خۆی بـۆ تەرخاندەکات، ئەمەش بەواتـای بێبەهـاکردنی زمـان و کۆمەڵگاکەی دێت. ئەگەر زمـانی کـوردی بەنمـوونە وەربگـرین، وەک لە چارتەکـانی ژمـارە(٢٨، ٢٩، ٣٠) دەردەکەوێت، متمـانە بە زمـانی کوردی لای دایک و باوکی قوتابیان زۆر کەمبووەتەوە، هەر بۆیە دەبینین، ئەمڕۆ زمانی کوردی لە دیاردەی نائاسایشی زمانیدا دەژی، تێڕوانینەکانی زۆرینەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکە، کە زمانی کـوردی بە ئـامرازێکی دواکەوتـوویی و داڕمـان دەبیـنن و بە بێتوانـای لە هاوئـاهەنگی لەگەڵ

[1] محمد علی الخولی (١٩٨٨: ٣٩).
[2] ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٩٦).
[3] سەرچاوەی پێشوو (٩٧).

زانست و هونەرەکانی سەردەمدا دەزانن. بە شێوەیەک دەبینن، ئەوان کەمتر لە کەسانی تر زانا و شارستانییان هەیە، بۆیە وا بیردەکەنەوە، زانینی زمانی بیانی دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگادا جیاوازبن، تاکی ئەم گروپە لە قسەی ئاسایی خۆیاندا هەندێک وشە یان دەستەواژەی بێگانە بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا ئەو وشانە لە کوردیدا بەرانبەرەکانیان هەیە، ئەمەش تەنها یەک هۆکار لە پشتێوەیەتی، ئەویش ئەوەیە دەیەوێت وادەربکەوێت، لە کەسانی دیکە پلەی بەرزترە، یان لە چینی بالآی خوێندەوارە، هەروەها هەندێکجار ئەم چینە لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی ناحکومی پەلەدەکەن، کە بە زمانە بیانییەکان دەخوێنن و هەوڵدەدەن، کە فێری زمانێکی بیانی یان زیاتریان بکەن، فێری ڕەفتار و دابونەریتی ئەو کۆمەڵگانەیان بکەن، فێریان بکەن، کە بە شێوازی ئەوان بیربکەنەوە، بۆیە ئەم منداڵانە بە زمانێکی تر جگە لە کوردی پەروەردە دەبن و گەورە دەبن، باوەڕیان بە دابونەریتی کوردەواری نامێنێت، تەنها باوەڕیان بەو دابونەریتانە هەیە، کە بە نەتەوەی کورد نامۆن، بێگومان ئەمەیش لە سەر حیسابی شارەزابوون لە زمانی کوردی دێت، کە پاڵی پێوەدەنێت بۆ پلەی دووەم و دەیکاتە زمانێکی نەخوازراو، هەروەها دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەسێتی منداڵەکە و کوشتنی هەر پێشکەوتنێکی زانستی، کە هەیبێت.

## ٤-٢/٣) ئارێشە پەروەردەییەکان:

وەک لە (١/١-١-٢) ئاماژەمان پێداوە، پەروەردە پرۆسەیەکی چڕ و هەمەلایەن و فرەبوار و گشتگیرە بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی توانا شاراوە و ئاشکراکان، واتە پەروەردە تەنها فێربوون یان فێرکردنی زمانێکی بیانی نییە، بەڵکو بەشێکی بچوکە لە ئامانجی پرۆسەکە. کەواتە ئەم پرۆسە چڕ و فرەڕەهەندە، بەبێ ئەوەی زمانێک بە باشی لێی تێبگات، جێبەجێ نابێت، چونکە زمان دیاریکەری مەعریفە و دنیابینی و ئەزموون و تێکۆشان و کەسێتی جیهانی ئاخێوەرانێتی، کەواتە زمان لە لایەک سەرچاوەی دەرخستن و گەیاندنی بیرە و لەلایەکی تریشەوە نێوانگیرە لە نێوان بیر و زانستی پەرەپێدانی مرۆیدا [1]، لەبەرئەوە هەر کەموکورتییەک لە زماندا (زمانی ئاخاوتن، زمانی نووسین، ...تد) گرفت بۆ کۆزانین و بیر و چۆنیەتی بیرکردنەوە و فێربوون و پەیوەندیی لەیەکگەیشتنی منداڵان دروستدەکات، لەلایەکی تریشەوە گوفتار و ڕەفتار و ئاکارەکانیش، کە لێکەوتەی ئەمن پێکدەهێنێت. ژیری وابەستەی زمانە و ئەم ئاراستە و ڕێبەرایەتی دەکات، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی دەوروبەر (مرۆڤ، بابەت، کەلوپەل،...تد) و دیاریکردنی بژاردەکان لە بووندا بە هۆی ئەمەوەیە، بۆیە بە ڕێکخەری پەیوەندیی کۆمەلایەتی و هۆکاری مامەڵە و هاریکاریکردنی و کۆمەڵ و ئامرازی پارێزەری

---

[1] شیلان عومەر حسێن (٢٠١٤: ٧٥).

بونیـــادی مرۆڤـــایەتی دانـــراوە[1]. منـــداڵ لەم قۆنـــاغەی ژیانیـــدا پێویســـتی بە دەربـــڕین و بیرکردنەوەکـانی بە زمـانی دایکـی هەیە، پێویسـتە پشـت بە توانـا زمانییەکـانی خـۆی لە هەمـوو دەربڕینەکانیدا ببەستێت، بیرکـردنەوە و هەسـت و سـۆزەکانی بگەیەنێتە کەسـانی دیکە، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی زمانی دایکەوە دەبێت و بە ئاسانی ناتوانێت بە زمـانی بیـانی بە هەمـان شـێوەی زمانی دایکی دەربڕین و هەست و سۆزەکانی بگەیەنێت. وەک لە چارت و خشتەکانی(٣/٣-٢-٤) دەردەکەوێـت، کۆزانیـاری زمـانی قوتابیـان لە زمـانی ئینگلیـزی بە شـێوەیەک نیـیە، بتـوانن بیرکـردنەوە و هەسـت و سـۆزەکانیان بگەیەنـنە کەسـانی دیـکە، وەک لە چـارتی ژ (١٤، ١٥) دەردەکەوێت، ڕێگەنادەن، قوتابیان بە زمانی کوردی قسەبکەن، لێرەدا پرسیارێک دروستدەبێت، ئایا ئەگەر قوتابی لە زمانێک تێنەگات و نەتوانێت بە باشی ئاخاوتنی پێبکات، دەتوانرێت خوێندن و پرۆسەی پەروەردەی پێ ئەنجام بدرێت؟!، بۆیە لە ئەنجامی ناشارەزایی و نەزانینی زماندا کۆمەڵێک ئارێشەی پەروەردەیی دروستدەبێت:

أ- ناتوانرێت وەکو پێویست گرنگی بە بەها باڵاکان بدرێت، بەهاکان ئەو سیستەم و یاسا و ڕێسایانەی چۆنیەتی پەیوەندیکردن و مامەڵکردنی مرۆڤ، لەگەڵ دەوروبەریدا، گەردوون، ئاژەڵ...تـــد دیاریـــدەکات،بە بەهاکـــان نـــاوبراون [2]، هەروەهـــا پەروەردەی ڕەوشـــتی، پەروەردەی نیشـــتمانی، پەروەردەی مرۆڤـــایەتی، پەروەردەی کەلتـــووری، پەروەردەی ئاینی...تد،دەگرێتەوە.

ب-بەهـۆی شـارەزانەبوونی قوتابیـانی بـازنەی یەکەم لە زمـانی دووەمـدا، ناتوانرێـت کـاری زانسـتی بە ئەنجامبگەیەنێت، واتە ناتوانرێـت وەکـو پێویسـت قوتـابی لەنـاواخنی زانسـتی مادەکانی پرۆگرامی خوێندن تێبگەیەنرێت.

پ- ناتوانرێـت بیـری ڕەخـنەی لای قوتـابی دروسـتبکات، چـونکە پرۆسـەی بیرکـردنەوە و گوماندروستکردن و بیرورۆژاندن و پرسیارکردن هەر بە زمان دەکرێن.

ت-دەبێتە هۆی دواکەتنی گەشەی کۆزانیاری، زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان هۆشداری لە خوێندن بە زمـانی بیـانی دەدەن، کە زیـان بە کۆزانیـاریی قوتابیـان دەگەیەنێـت،بۆ نمـوونە لە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی(دی کرۆلی) ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە: لە دە ساڵی یەکەمدا منداڵ نابێت ڕووبەڕووی هیچ زمانێکی تر جگە لە زمانی دایکی بکرێتەوە. ئەم کاتەش بەسـە بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆزانیـاریی منـداڵ [3]. واتە فرەیی زمانەکـان پێش ئەو کـاتە ڕێگرە لە گەشەکردنی کۆزانیاری بەشێکی زۆری منداڵ. کەواتە باشترە چاوەڕێبکرێت، تا

---

[1] شیلان عومەر حسێن (٢٠١٤: ٧٥).

[2] سەرچاوەی پێشوو لە (Derek Bickerton, 1995:63) وەریگرتووە.

[3] کمال یوسف الحاج (١٩٧٨: ١٤٣).

منداڵ زمانی دایکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدەستبهێنێت، پێش ئەوەی دەست بە خوێندن بە زمانی دووەم بکات.

ج- دەبێتە هۆی لاوازی نووسین و خوێندنەوەی زمانی دایک.

**٥-٢/٣) ئاریشە زمانییەکان:**

**١-٥-٢/٣) ئاریشەی ئاستە زمانییەکان:**

هەندێک لە توێژەران پێیانوایە لە پەروەردەی جووتزمانیدا زمانی دایک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی دووەم، کاتێک منداڵ سیستەمێکی نوێ لە زمانی دووەم بونیاددەنێت، سیستەمەکانی زمانی یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە و بە شێوازی خۆی ڕێکیان دەخاتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ململانێی زمانەوانی لە نێوان دوو زمانەکەدایە [1]، واتە لە ئەنجامی ئەو سیستەمە نوێیە کە فێربووە، دەستێوەردان لە سیستەمی زمانی یەکەمدا دەکات، ئەم بۆچوونە لە نێو توێژەراندا بەهۆی ئەو بەڵگە پراکتیکییانەی کە لە لێکۆڵینەوەی مەیدانی زمانەوانیدا دۆزیویانەتەوە، دروستبووە، چونکە هەر زمانێک سیستەمی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و لە سیستەمی زمانی زمانێکی تر جیاوازە، منداڵ ناتوانێت دوو سیستەمی جیاوازی بە شێوەیەکی یەکسان پێکەوە بەدەستبهێنێت، یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێت، یان سیستەمێکی تێکەڵاو و جیاواز بۆ هەریەکەیان بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر سیستەمی زمانی بیانی پێشبکەوێت و ببێتە زمانی سەرەکی منداڵ، ئەوا ناچاردەبێت، سیستەمی زمانی دایک کە هێشتا تەواونەبووە، هەڵبوەشێنێتەوە و لە ژێر کاریگەریی سیستەمی زمانی باڵادەستەکەدا[٢]. لێرەدا بەنموونەوە باس لە ئاریشەی هەندێ سیستەمی زمانی دەکەین:

أ- ئاریشەی فۆنۆلۆژی: بەهۆی ئەوەی هەندێک دەنگی زمانی ئینگلیزی جیاوازە لەگەڵ زمانی کوردی قوتابیان ئاریشەی درکپێکردنی ئەو دەنگانەیان بۆ دروستدەبێت و ناتوانن وەکو ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە بیدرکێنن. بۆ نموونە پیتی /th/ لە زمانی ئینگلیزی کە بە دەنگی [ذ] دەخوێنرێتەوە، بەڵام کاتێک، قوتابی کوردزمان ئەمە دەخوێنێتەوە، ئەوە بەدەنگی [ز] دەیخوێننەوە، وەک وشەی /the/، یان پیتی/th/ کە بە دەنگی [ث] دەخوێنرێتەوە، ئەوە قوتابیان بە دەنگی[س] دەیخوێننەوە، وەک وشەی /thank/.[٣] بێگومان ئەمەش یەکێکە لە ئاریشەکان کە ڕووبەڕووی قوتابیان دەبێتەوە، وەک لە چارتی ژ(٢٧) دەردەکەوێت (٢٢٪) مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان، کە قوتابیان توشی هەڵەی

---

[1] J. Maher (1991: 67).

[٢] إبراهيم بن أحمد مسلم الحارثي (٢٠١١: ٧٣).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ١- ئاسۆ عبدالرحمن كريم (٢٠١٩: ٨٧-٨٨).

٢- شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠١٣: ٩٠-٩١).

درکاندنی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی دەبن، بێگومـان جگە لە دەنگە جیاوازەکان لە هەردوو زماندا تەنانەت زمانێک لەگەڵ زمانێکی تردا پلەی دەنگدا جیاوازن، هەندێک زمـان ئەم پلە دەنگییەی جیاوازترە لە هەندێک زمان [1].

ب-ئاریشـەی مۆرفۆلـۆژی: لـەم ئاسـتەدا کەرەسـتە و یەکەپێکهێنـەرەکانی، کاریگـەریی زمـانی یەکـەم لەسـەر زمـانی دووەم تیایانـدا دەردەکـەوێت، واتـە کاتێـک قوتـابی لـە پرۆسـەی وەرگرتنی زمانی دووەم دایە، هەندێک جار لەسەر بنەمای پێشینەی زمانی دایک مامەڵە لەگەڵ وشە و مۆرفیمەکانی زمانە نوێیەکەدا دەکات، ئەم کاریگەریی و چونەناویەکەش لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا بەرچاودەکەوێت، وەکو مۆرفیمەکانی ( کات , کەس , ژمارە , ناسراوی , نەناسراوی...تد.[2]

بۆ نموونە:

- یەک کوڕ دەخوێنێت. - One boy is studying.
- دوو کوڕ دەخوێنن . -Two boys are studying.

بەڵام قوتابیان لە ڕستەی دووەمدا بە کاریگەریی زمانی کوردی دەڵێت ( two boy are studying )، چونکە لە سیستەمی زمانی کوردیدا دوو جار نیشانەی کۆکردەوە دانانرێت، واتە ناوترێت ( دوو کوڕەکان دەخوێنن ) بۆیە/is / دەگۆڕێت بۆ / are/ بەڵام /s/ کۆ نابەخشێتە وشەی (boy)، لە ئەنجامدا قوتابی هەڵە دەکات.

یەکێکی تـر لە گرفتەکـان دیـاردەی کـۆدتێکەڵکردنە، وەک لە چارتەکـانی ژمـارە(٢٢، ٣٤)دا دەردەکەوێت قوتابیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەم دیاردەیەیان تێدا بەدیدەکرێت، بۆیە دەبینین جووتزمانەکـان بە بەراورد بە کەسـی تاکزمـان لە وشەسـازیدا مەیلـی تێکەڵکردنـی وشـەکانیان هەیە، بەهۆی مەیلی گۆڕانکاری و قەرزکردنیان لە زمانێکی ترەوە، حەزدەکەن، ڕستەی کورتتر بەکاربهێنن [3].

بۆ نموونە:

- مس تارا ماثەکەم ونکردووە. ⟵ - مامۆستا تارا بیرکارییەکەم ونکردووە.
- مام ڕەبتێکم بۆ بکڕە. ⟵ - دایە کەروێشکێکم بۆ بکڕە.

---

[1] ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠١٦: ٣٢).

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩: ٩٣-٩٤).

[3] محمد علی الخولی (١٩٨٨: ٢١٤).

پ- ئاریشەی ڕێزمانی: هەر زمانێک پێڕەوێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە قوتابیان لە کاتێک ئەیانەوێ پێڕەوی زمانێکی تر بکەن، توشی هەڵە دەبن، بە تێڕوانین لە چارتی ژ (٢٧) تێدەگەین، کاتێک قوتابیان بە زمانی دووەم قسەدەکەن، بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەڵەی ڕێزمانی دەکەن و بە قاڵبی ڕێزمانی تێکشکاو و سیستەمی وشەی سەیر و هەڵەکانی دەرئەنجامی دەستێوەردانی زمانیین. کەسی جووتزمان لە کردار و ناو و جێناو و دەربڕینی ئیدیۆمەکاندا زیاتر لە کەسی تاکزمان هەڵەدەکەن [١]. بەشێکی ئەم هەلانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕێزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، بۆ نموونە قاڵبی ڕێزمانی زمانی کوردی لە (بکەر + تەواوکەر+ کردار) دروستبووە، بەڵام قاڵبی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی لە ( بکەر+ کردار+ تەواوکەر) دروستبووە، بۆیە زۆرجار شوێنی بەرکار و کار ئاڵوگۆڕ پێدەکەن.[٢]، بۆ نموونە:

- من بۆ قوتابخانە دەچم. – I to School go.
- من نامە دەنووسم. – I the letter write.

ت-ئاریشەی فەرهەنگی:

یەکێک لە ئامانجەکانی خوێندنی هەموو وانەکان لە پاڵ فێربوونی لایەنە زانستەکەی، دەوڵەمەندکردنی گەنجی وشەی زمانی دایکە لە ئاوەزی قوتابیدا، بەڵام بە تێڕوانین لە (٣/٣-٢-٤) تێدەگەین، خوێندن بە زمانی بیانی ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنیدا نییە، ئەمەیش دواجار بە زەرەر بۆ لاوازبوونی گەنجی وشەی زمانی کوردییە لای قوتابی، چونکە فەرهەنگی ئاوەزی هاوسەنگی خۆی بە جۆری ئەو تێکردانە دەپارێزێت، کە قسەکەر بایەخیان پێدەدات، بەهای زانیارییەکانیان بەرزڕادەگرێت، بەواتای ئەوەی ئەوەی هەرکات نرخی زانیاریی زمانی زمانێک کەمبوویەوە، سەرجەمی ئەو زانیاریانەی دیکەش کەمدەکاتەوە، کە لەناو فەرهەنگەکە پێکەوە لە پەیوەندیدان[٣]. کاتێک قوتابی بە زمانی دووەم دەخوێنێت، ناتوانێت پارێزگاری لە زانیارییەکانی لە یادگەی درێژخایەندا بکات. چەند گرفتێکی لێدەکەوێتەوە لەوانەش:[٤]

أ-گرفت لە پرۆسەکردنی زانیاری لە زمانی دووەمدا و نەبوونی دەسەڵات لە بەستنەوەیدا بە زمانی یەکەمەوە.

ب-گرفت لە ڕێکخستن و درکپێکردنی یادگەکاندا و هەڵگرتنی هەڵەی کۆدەکان.

پ- گرفت لە بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان.

---

١ محمد علی الخولی (١٩٨٨: ٢١٤).

٢ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩: ٨٨-٩٢).

٣ ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠١٦: ٣٨).

٤ سەرچاوەی پێشوو (٤٠).

ت-گرفت له ڕێكنەكەوتن و دڵنیانەبوون له هەڵبژاردنی زانیارییەكاندا.

له ئەنجامی ئەمەیشدا له بەكارهێنانی وشه له زمانی یەكەمەوه بۆ زمانی دووەم یان بەپێچەوانەوه توشی هەڵەدەبن، واته وەرگێڕانی نادروسته له زمانی یەكەمەوه بۆ زمانی دووەم، یان بەكارهێنانی وشەیەكه بەرانبەر وشەیەك، كه هاوواتا نیین، قوتابی وشەیەك هەڵدەبژێرێت و بەكاریدەهێنێت، بەرانبەر وشەیەك لەگەڵ واتای مەبەستدا هاوواتا نییه [1].

بۆ نمونه:

- ئازاد وەك شێره.

وشەی شێر لەم ڕستەیەدا به واتای ئازا و قارەمان دێت، له كاتی بەكارهێنانی ئەم وشه بۆ زمانی دووەم قوتابی توشی هەڵەدەبێت، چونكه هەمان واتا ناگەیەنێت.[2]

- پیاوەكه مرد.
- سەگەكه تۆپی.

لەزمانی كوردیدا وشەكانی ( مرد، تۆپی) بۆ دوو كرداری جیاواز بەكاردێت، به مەبەستی دیاریكراو نەبێت، له شوێنی یەكتر بەكار ناهێنرێن، بەڵام له زمانی ئینگلیزیدا بۆ هەردووكیان(died) بەكاردەهێنرێت.

- The man died.
- The dog died.

ج-ئاریشەی واتاسازی:

له ئاستی واتاسازیدا ئەم كاریگەرییه دەردەكەوێت، كاتێك فێرخواز دەیەوێت له هەندێك بارودۆخ دروستكردنی دەربڕیندا دووچاری هەڵوێستك دەبێتەوه و وشەیەكی گونجاو له زمانی دووەم نادۆزێتەوه، كه پڕ واتا بێت، یان واتادار بێت، ئەوا به ناچاری پەنا دەباته بەر زمانی یەكەم و وشەیەكی گونجاو بەكاردەهێنێت [3].

بۆ نموونه:

- بزنەكه به شاخەكا هەڵدەگەڕێت — The goat climbs the mountain.

---

[1] ئاسۆ عبدالرحمن كریم (٢٠١٩: ٩٣) له ((Maurice van overbackel, 1976: 107ەوه وەریگرتووه.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانه: سەرچاوەی پێشوو (٩٤-٩٧).

[3] سەرچاوەی پێشوو (٩٧).

کاتێک فێرخوازێکی کورد دەیەوێت ئەو ڕستەیە بەرهەمبهێنێت ئەگەر کەموکرتی لە زانیاریدا هەبێت ئەو کات لەبری وشەی(goat) ، وشەی (sheep) بەکار دەهێنێت و دەڵێت :

- مەڕەکە بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت. - The sheep climbs the mountain.

چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی مەڕ واتایەکی گشتی تری هەیە لە وشەی بزن، لە ئەنجامدا فێرخواز تووشی هەڵە و ئاستەنگی زمانی دەبێت، کە سەرچاوەکەی کەم و کوڕی و لاوازییە لە زمانی دووەمدا .

### ٢-٥-٢/٣) ئاریشەی دواکەتنی گەشەی زمانی:

هەر زمانێک سیستمی تایبەت بە خۆی هەیە، لە سیستەمی زمانەکانی دیکە جیاوازە، کاتێک منداڵ بە زمانی بیانی دەخوێنێت، واتە دەخرێتە ناو سیستەمێکی زمانی جیاواز، ئەمە لە کاتێکدایە سیستەمی زمانەکەی خۆی پێویستی بە دامەزراندن و تۆکمەکردنی زیاتر هەیە، ناتوانێت ئەو دوو سیستمە نایەکسانە پێکەوە بەدەستبهێنێت و یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێت، یان تێکەڵاودەبێت و سیستەمێکی جیاواز بۆ هەریەکەیان بەرهەمدەهێنێت. ئەگەر سیستمی زمانی بیانی پێشبکەوێت و ببێتە جێگرەوەی زمانی دایک، ئەوا ناچار دەبێت، سیستەمی زمانی دایک کە هێشتا تەواو نەبووە، هەڵبوەشێنێتەوە و لە ژێر ڕۆشنایی سیستەمی زمانی باڵادەستدا، کە سیستەمی زمانی (ئینگلیزی)ە [١]. هەروەها ناتوانن، وەک پێویست لە هەردوو زمانەکەدا شارەزابن، فەرهەنگی زمانییان زۆر دەوڵەمەند نابێت، ئەمەش وادەکات، نەتوانن زمانەکە بە باشی بەکاربهێنن، هەروەها نەتوانن ڕستەکان بە باشی بونیادبنێن، چونکە جووتزمانەکان بە تەواوی لە هیچ کام لەو دوو زمانە شارەزا نابن و ناتوانن زمانەکە کۆنترۆڵبکەن، لە بونیادنانی ڕستە و دەستەواژەکاندا هەڵەدەکەن و ناتوانن ڕستەی درێژ دروستبکەن، لەلایەکی ترەوە جووتزمانەکان لە زمانەکانیاندا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبنەوە، تەنانەت هەندێک پێیانوایە، کۆی ژمارەی وشەکانی هەردوو زمانەکە لە وشەکانی هاوتای تاکزمانێک کەمترە، چونکە تاکزمانەکان لە زمانێکدا زۆر وردەبنەوە لەکاتێکدا جووتزمانەکان لە ململانێدان لەگەڵ دوو زمان و ناتوانن لە هیچ کامێکیاندا وردببنە، بەمەش گەشەی هەردوو زمانەکە دوادەکەوێت[٢]، (شلایخەر Shlaykher) پێیوایە فێربوونی زمانی دووەم منداڵان لە بیرکردنەوە و داهێنان دوادەخات، دەبێتە هۆی خنکاندنی زمانی دایک [٣]، چونکە هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە زمانێک لە زمانێکی تر جیای دەکاتەوە و هەر لەبەرئەوە منداڵ وشەو دەربڕینەکان تێکەڵدەکات و گەشەکردنی هەردوو زمانەکە دوادەخات، ئەم دواکەوتنەش

[١] ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٥٣).

[٢] کمال یوسف الحاج (١٩٧٨: ١٤٥).

[٣] مهاباد کامل عەبدوڵا (٢٠١٥: ١٨١).

بەهۆی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەوەیە، کە فێربوونی زمانێک لە سەر فێربوونی زمانێکی تر بەجێیدەهێڵێت[1]. هەروەها خوێندن بە زمانی دووەم کە منداڵ لە سالانی سەرەتای ژیانیدا فێریدەبێت، زمانی دایکی قەرەباڵغ دەکات و ڕێگری لە شارەزابوون دەکات [2]. ئەمەیش وادەکات فێربوونی زمانی یەکەمی منداڵەکە ئەزموونی پێویستی پێدەبەخشێت لە فێربوونی زمانەکە بەگشتی، هەروەها بۆ فێربوونی زمانی دووەم یارمەتیدەدات، بەڵام کاتێک منداڵ بە زمانێک دەخوێنێت، زمانی ڕەسەنی خۆی نییە، بەگشتی دەبێتە هۆی ئامادەنەبوونی بۆ تێگەیشتن، بێتوانایی لە خوێندنەوە، جگە لە سستبوونی هزری، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی بارگرانی لە سەری و جۆرێک لە لاوازی و شەرمنی تێدا دروستبکات، کە لە ئەنجامدا نامۆبوونی لە قوتابخانە و ناچاردەبێت بچێتە ئەوێ، ئامادە نابێت، بە تەواوی بخوێنێت و ئەمەش لە بەرانبەردا، دەبێتە هۆی وازهێنانی[3]. بێگومان ئەمەش لە گەشەی زمانی دووری دەخاتەوە، هەندێک لێکۆڵینەوە دەریانخستووە، خوێندن جووتزمانی زیان بە مەیلی منداڵ و ئامادەیی فێربوونی زمان دەگەیەنێت و ڕێگری لە خوێندنەوە و خوێندن بەگشتی و لە ڕێنووس و مێژوو و جوگرافیادا بە تایبەتی دەکات، بە بۆچوونی هەندێک کەس، لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازی مەیلی دەستپێشخەری و وەڵامدانەوە لەپۆلدا، هەروەها ڕەنگە منداڵەکە هەست بە ڕق لە قوتابخانە دروستبکات [4]، بەڵام بەپێچەوانەوە خوێندن بە زمانی دایک سوودی زۆری دەروونی، کۆمەڵایەتی،...تد هەیە، (چۆمسکی) ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامی باشی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە دەبێت، چونکە کەمتر ڕووبەڕووی تەنگەشەی ڕۆشنبیری دەبێتەوە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خۆی و هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی[5]. بەمجۆرە بەبێ ئەوەی خۆمان ئاگاداربین، منداڵ لە دەریای زمانی دووەمدا نوقم دەبێت و دواجار چارەسەرکردنی کارێکی ئەستەمە، نابێت ئەم کێشەیە هەروا بە سادە و ساکاری وەربگرین، چونکە هیچ نەتەوەیەک گەشەناکات و پێشناکەوێت، ئەگەر زمانی دایکی نەبێت، فێربوون بە زمانی دایک کلیلی سەرکەوتنی منداڵە، بەپێچەوانەشەوە زمانی دووەم کەلێن و بۆشایی لە منداڵدا دروستدەکات و تاکەکان لەیەکتری دووردەخاتەوە [6].

---

[1] عبدالمجيد سيد احمد منصور (١٩٨٢: ١٥٢)

[2] ابراهيم كايد محمود (٢٠٠٢: ٩٢).

[3] سەرچاوەی پێشوو (٩١).

[4] محمد علي الخولي (١٩٨٨: ٢١٧).

[5] مهاباد کامل عەبدوڵا (٢٠١٥: ١٧٧)

[6] سەرچاوەی پێشوو (١٨١)

### ٣-٥-٢/٣) ئارێشەی کۆدە زمانییەکان لە نێوان زمانی کۆمەڵگا و زمانی قوتابخانەدا:

زمانی کۆمەڵگا و زمانی قوتابخانە تەواوکەری یەکترن، واتە پرۆسەی خوێندن پەیوەندیی بە بونیادی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە، بەواتایەکی تر قوتابی ئەو زانیارییە زمانیانەی لە قوتابخانەوە وەریدەگرێت، وەک کۆمەڵە کۆدێک لە جڤاتە ئاخاوتنییەکەی دەرەوەی خوێندنیشدا بەشداری پێدەکاتەو[1]. وەک لە هێڵکاریی ژ (١) دا دەدردەکەوێت، بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانە بە شێوەیەکی پاراو و ستاندارد دەبێتە هۆی پەخشکردنی کۆدە دروست و ستانداردەکان بۆناو کۆمەڵگا، لەم ڕێگەیەشەوە کۆدە گشتییەکان دروستدەبێت، بەمەرجێک قوتابی بەهەمان زمانی کۆمەڵگاکەی بخوێنێت. لە هەمان کاتدا قوتابی ئەو کۆزانیارییەی، کە لە ڕێگەی زمانەکەیەوە لە کۆمەڵگا بەدەستیهێناوە، یارمەتیدەری دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵام هێڵکاریی ژ (٢) ئەوە پیشاندەدات، ئەگەر قوتابی بە زمانی بیانی بخوێنێت، ئەوا ناتوانێت ئەو زانیارییە زمانیانەی، کە لە قوتابخانە بەدەستیهێناوە، لە کۆمەڵگا ئاخاوتنیەکەی بەشداری پێبکاتەوە، بەمەیش کاریگەریی باشی بۆ سەر زمانی کۆمەڵگا نابێت، بە هەمان شێوە کۆدە زمانییەکانی کۆمەڵگایش تاڕادەیەک کاریگەریی ئەرێنی لە پرۆسەی پەروەردەکردنەکەی نابێت. ئەگەر نموونەی کوردستان وەربگرین، دەبینین لە ساڵی (٢٠٠٣) ەوە جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا زیاتر بووە، سێ چین دروستبووە بە ناوی (چینی باڵا، چینی مامناوەند، چینی هەژار)، چینی باڵا بەتایبەتی و هەندێک لە چینی مامناوەند زیاتر منداڵەکانیان دەخەنە ئەو قوتابخانانە و زانکۆ تایبەتانەی خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە[2]، وەک لە خشتە و چارتەکانی(٣/٣-٢-٤) دەردەکەوێت، ئەم قوتابخانانە نەبوونەتە هۆی باشترکردنی کۆدە زمانییەکانیان بەپێچەوانەوە کۆدە زمانییەکانیان لاواز بووە.




هێڵکاریی ژ (١) خوێندن بە زمانی یەکەم




هێڵکاریی ژ (٢)خوێندن بە زمانی بیانی

---

١ ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢).

٢ سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٢).

## ٦-٢/٣) ئاریشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی:

تەمەنی منداڵی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت و زۆر جەختی لە سەر دەکرێتەوە، چونکە ئەم قۆناغە کاریگەریی لە سەر قۆناغەکانی تر دادەنێت. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، خوێندن بە زمانی دووەم، قوتابی ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بەتایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا، لەوانە:

أ- لاوازبوونی کەسێتیی منداڵ[١]:

خوێندن بە زمانی دووەم لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندن کاریگەریی خراپی بۆ سەر کەسێتی منداڵ دەبێت، بە پێچەوانەوە خوێندن بە زمانی دایک لە بونیادنانی کەسێتی و سەرکەوتنی لە پرۆسەی خوێندندا یارمەتیدەدات، چونکە بونیادنانی کەسێتی لە تیۆری شیکاری دەروونیدا(Psychoanalysis) جەخت لە هەستەکان و درکپێکردن و فێربوون دەکاتەوە، ئەمانە لە دەروونناسیدا بابەتی سەرەکین، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە سەر کەسێتی مرۆڤ، زۆر شێلگیرانە سەرنجیان لە سەر خاڵێکی کرۆکی چڕکردووەتەوە ئەویش تەمەنی منداڵیی مرۆڤە، لێهاتووی و ئەزموون و هەڵچوونی سەرەتای منداڵی کاریگەریی و تانوپۆی لە بونیادنانی کەسێتی تاکدا دەنەخشێنێت، لەمەشەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە تۆوی کەسێتی و دیاریکردنی پایەکانی و ڕەنگڕێژتنی لە پێنجساڵی سەرەتای تەمەنی تاکدا دەچێنرێت[٢]، بە بۆچوونی (فرۆید) کەسێتی بریتییە لە ڕێکخستنی دەروونی بە چۆنیەتی دروستکردنی باڵەخانە چواندوییەتی و دەڵێت: چۆن هەموو باڵەخانەیەک بە دانانی چین بەچین بونیاددەنرێت و هەموو چینێک دەوەستێتەوە سەر چینی خوارخۆی، بونیادنانی کەسێتی تاکیش بە هەمان شێوەیە[٣]، واتە لە ڕوانگەی دەروونناسانەوە تەمەنی منداڵی گرنگە و کاریگەریی لە سەر قۆناغەکانی داهاتووی

---

[١]. فرۆید یەکە پێکهێنەرەکانی کەسێتی دیاریدەکات بە ( id, Ego, Superego )، id (ئەو)، یەکێکە لە پێکهاتەکانی کەسێتی کە بنەمای سەرەکی حەزوو ئارەزووەکانمان پێکدەهێنێت، بەتەواوی بێئاگایانەیە، بنەماکانی چێژ دەجوڵێنێت، دوای دەستبەجێی تێرکردنی پاڵنەرە سێکسی و شەڕەنگێزییەکانمان دەکات، وەکو ئەوەی ئێمە جگەرە دەکێشین، کحول دەخۆینەوە،...تد، سوپەر ئیگۆ (Superego)ئەوی باڵا، بە پێچەوانەی (id) ەوە، نوێنەرایەتی ڕەوشت (ئەخلاق) دەکات، هەموو ئەو شتانەمان پێدەڵێت نابێت بیکەین، سۆپەر ئیگۆ لەسەر بنەمای ئاگاییە.سۆپەر ئیگۆ هەوڵدەدات بۆ کامڵبوون و کاتێک شکستدەهێنین لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی هەست بە تاوان دەکەین. بەڵام ئیگۆ (Ego)من،بە پێچەوانەی (id) کە لەسەر بنەمای چێژە،ئەرکی ئیگۆ لەسەر بنەمای واقع دامەزراوە، لەسەر ئەو بیرۆکەیەی،کە دەبێت ڕازیکردنی پاڵنەرە بنەڕەتییەکانمان دوابخەین،تا کاتێکی گونجاو، ئیگۆی بڕیاردەری کەسێتییە، وەک ناوەندێکە لە نێوان خواستەکان و ئەو سنووردارکردنانەی کۆمەڵگا کە لە سۆپەر ئیگۆدا هەیە، بۆنموونە بمانەوێت کارێکی هەڵە بکەین، ئیگۆ پێمان دەڵێت بیربکەینەوە و شتێکی گونجاوتر هەڵبژێرین. ( (Ch. Stangor & J. Walinga (2014:543-545 ).

[٢] شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١ب:١٧).

[٣] سەرچاوەی پێشوو (١٧).

ژیانی مرۆڤ دادەنێت. بێگومان لە پرۆسەی پەروەردەدا کارکردن لە کەسێتی قوتابی گرنگە، بەتایبەت بازنەی یەکەمی خوێندن، چونکە لە قۆناغێکی گرنگی تەمەندان.

لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، ئایا قوتابی بازنەی یەکەم کە سەرەتای چوونە قوتابخانەیەتی، دەرکرێت بە زمانێکی تر کار لە کەسێتی بکرێت و گۆڕنکاری تێدا دروستبکرێت؟ بە تێڕوانین لە خشتە و چارتەکانی(٣/٣-٢-٤) تێدەگەین هێشتا زمانی ئینگلزی قوتابیان لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدایە و نەکرێت و ناتوانرێت بە زمانی بیانی کار لە سەر کەسێتیان بکرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت پەروەردەی جووتزمانی بەلایەنی کەمەوە بۆ بازنەی یەکەم گونجاو نییە و ناتوانێت قوتابی بکاتە خاوەن کەسێتییەکی سەرکەوتوو، واتە قوتابیانەی کە بە زمانی دایکیان ناخوێن کەسێتییەکی بێدەسەلات و بیری مات و کەم زیرەک و دڵەڕاوکێ و پڕ لە کێشەی لێ دروستدەکات، لە بیرکردنەوەی دروست بێتوانا دەبێت[١].

ب-هەستی خۆبەکەمزانین:

پەروەردەی جووتزمانی هەستی خۆبەکەمزانین لای منداڵ دروستدەکات، منداڵ بە زووی هەست بەو کەموکورتیانە دەکات، کە توشی دەبێت، چونکە کاتێک منداڵ بە زمانی دووەم دەخوێنێت، لە بیرکردنەوە، زیرەکی، ڕوانین و ژیری تێدەگات، توانای هاوتەمەنەکانی نییە و هەستدەکات لەوان کەمترە، زمانی دووەم سنووردارکردنێکە، دەستپێکردن و دەربڕینی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی سنووردار دەکات، چونکە کاتێک قوتابی زانست بە زمانی یەکەمی خۆی وەردەگرێت، گوێڕایەڵی کۆد و داتاکانی بیرکردنەوەکەیەتی، بە بەراورد لەگەڵ قوتابییەک، کە بە زمانی خۆی ناخوێنێت و لە باپیرانییەوە وەریناگرێت، زمانی دووەم ئاوەزی ناچاردەکات بەزۆر بەکاریبهێنێت، ئەمەش دەبێتە کۆت و بەندێک بۆ بیرکردنەوەکانی، بۆ فەزایەکی فراوانی ئازاد کە دەچێتە ناوەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بوونی گرێی دەروونی و هەستی شانازیکردن بە خۆیی و زمانەکەیەوە لەناودەبات.[٢]

پ- لایەنی زیرەکی و دەروونی:

لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، منداڵانی پەروەردەی جووتزمانی لە ڕووی زیرەکی و لایەنی دەروونییەوە بە بەراورد بە منداڵانی تاکزمان توانایان کەمترە، چونکە خوێندنی جووتزمانی بارگرانییە لە سەر منداڵ، وادەکات، تووشی ماندووبوونی دەروونی ببێت و تواناکانی لە نێوان دوو زماندا دابەشببێت[٣]، واتە فێربوون بە زمانی دووەم دەبێتە هۆی

---

[١] ابراهيم كايد محمود (٢٠٠٢: ٩٢).

[٢] كمال يوسف الحاج (١٩٧٨: ١٤١).

[٣] محمد على الخولى (١٩٨٨: ٢١٢).

دارمـانی توانـای قوتـابی و دەرکەوتنـی بـاری دەروونـی خـراپ و کەمتوانـایی لە فێربوونـدا[1]. هەروەها باس لەوە دەکەن، کە منداڵ لە ساڵانی سەرەتای ژیانیدا پێویستی بە بڕێکی سنووردار لە خۆراکی هزری هەیە، کە دەتوانرێت لە زمانی دایکەوە بەدەستبهێنرێت، لەم قۆناغەی تەمەنیدا بۆ ئەوەی توانا دەروونییەکانی پەرەپێبدات، جگە لە زمـانی دایکی پێویسـتی بە زمـانی تر نییە، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی زمانێکی تریان دەکەینەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی گەشـەی هزریان وەکو پێویسـت نەبێـت، یـان گەشـەیەکی شـێواوی هـزری دروسـتبکات، لە تواناکانیـدا کەم و کـوڕی هەبێت[2]. بۆیە توێژەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی جووتزمـانی داهێنـان لەنـاو دەبـات، مرۆڤـی جووتزمـان بیر بە زمانێک دەکاتەوە و بە زمـانێکی تـر قسـەدەکات، ئەمەش وادەکات لە ڕووی دەروونییەوە دوودڵ و سەرلێشێواوبێت[3].

ت- دەبێتە هۆی نەمانی ئارەزووی خوێندن، چونکە منداڵ لە تەمەنی شـەش سـاڵیدا لە مـاڵەوە و لە کـۆڵان و گەڕەک بە زمـانی دایکـی قســەدەکات، کاتێـک دەچێـتە قوتابخــانە بەڕێــوەبەر و مامۆسـتایانی بە زمـانێکی جیـاواز دەدوێـن، لێیـان تێناگـات، ئەمەش وادەکـات، هەمـوو شـتێکی قوتابخانە لە لای نوێ و نامۆبێت، بۆیە لەم ژینگە نوێیە دەترسێت و لەبەرچاوی دەبێزێت[4]، هەروەها بەهۆی ئەوەی لە زمانەکە تێناگات، وانەکانی لە لا قورسدەبێت و بەمەش بێزاردەبێت و ئارەزووی خوێندنی نامێنێت.

## ٧-٢/٣) ئارێشەی گەشەی زانستی و توانای داهێنان:

پەروەردەی جووتزمانی کاریگەریی دەکاتە سەر گەشـەی زانستی و توانـای داهێنـان، چـونکە لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە ئەو منداڵانەی بە زمانی دایک دەخوێنن، ڕادە و ئاسـتی فێربوون و داهێنانیان زۆر زیاترە لەو منداڵانەی بە زمـانی دووەم دەخـوێنن[5]، کاتێـک قوتابیـانی کوردزمان لە قوتابخانە ناحکومییەکان بە زمـانی بیـانی دەخـوێنن، گریمـانەی ئەوە دەکەن زیـاتر کاریگەریی نەرێنی لە سـەر ئاسـتی زانسـتییان هەبێـت، چـونکە کەمتـر تێدەگـات و کەمتـر توانـای دەربڕینـی دەبێـت لە چـاو هاوتـاکەی کە بە زمـانی کـوردی دەخوێنێت، لەبەرئەوەی خوێنـدن بە زمـانی دایـک کاردەکـاتە سـەر دروسـتکردنی ئینتیمـا و سـۆز و هاوئـاهەنگی لە نێوان ئەنـدامانی میللەتدا، هەروەها دەتوانێت بناغەی لێکتێگەیشتنی ڕۆحی و دەروونی لە نێوان چین و توێژەکانی میللەتدا دابنێت، بە هەمان شێوە باشـترین شـێوازە بۆ دروسـتکردنی توانـا و پـاڵاوتنی بەهـرە و ئازادکردنی وزە و...تد، بەکارهێنانی هەموویان لەپێنـاو دروسـتکردن و داهێنـان و بەرهەمهێنـانی

---

[1] مهاباد کامل عەبدوڵا (٢٠١٥: ١٨١).
[2] ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٩٠).
[3] محمد علی الخولی (١٩٨٨: ٢١٢).
[4] قادر فەتاح ئەحمەد (٦٦:٢٠١٠).
[5] تارق جامباز (٢٠١٤: ١٠٥).

زانستییە، لەم بارەیەوە (ئەلخولی) دەڵێت: خوێندن بە زمانی بیانی دەستکەوتی خوێندن و داهێنان دەکوژێت و بیرکردنەوەی دروست لەناودەبات، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی، بێتوانایی لە بیرکردنەوەی دروست و تێگەیشتن لە ڕاستییەکان، ئەو پرسانەی دەخرێنەڕوو، هەستدەکات، ناتوانێت بەوردی دیارییکات و مەبەست لێی چی بووە و ناتوانێت چارەسەری گونجاو بۆ ئەو پرس و کێشانە بدۆزێتەوە، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چونکە متمانەی بە خۆی نییە و لە بڕیارەکەیدا جێگیر نییە و لە بیرکردنەوەی زانستی و شیکاری ورد و لێبڕینی دروستدا بێتوانایە. بۆیە داهێنەر نابێت، چونکە داهێنان تەنها بە شارەزابوون لە زمانەکە بە تەواوی بەبێ هیچ شڵەژانێک و نەبوونی ڕوونکردنەوەیەک بەدەستدێت، کە ئەمەش لەبەردەستی ئەو کەسەدا نییە، ناتوانێت بە تەواوی شارەزایی لە زمانەکەدا هەبێت[1]. لەبەر ئەم هۆکارە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوانەی زمانێکی بیانی دەسەپێنن، وەک ئامرازێک بۆ وانەوتنەوە لە سەر قوتابی خوار تەمەنی (١٠) ساڵ، وەک ئەوەی ناچاری دەکەن، سەر بە مێژووی خۆی و باوباپیران نەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ جەستەی خۆیدا پێچەوانەی لۆژیکی خۆبەخۆیی مامەڵە بکات، ئەم جۆرە هەوڵانە بەرهەمی بەسوود ناهێنێت، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی نەوەیەک، کە بە دەوروبەرەکەیەوە و بە ئەزموونەکانی پێش خۆیەوە نابەستێتەوە[2]. هەروەها هەندێ لە زمانەوانان پێیانوایە جووتزمانەکان لە بەرهەمهێنانی زانستی و داهێنانی بیری (فیکری) بێ توانان، چونکە بە لەرزین لە نێوان دوو زماندا دەژی و ئەمەش ڕێگری لە شارەزابوون لە زمانە ڕەسەنەکەی دەکات، وادەکات، نەتوانێت فێرببێت و بەتەواوی شارەزاببێت، هەروەها شارەزای لە یەکەزمانییەکاندا نابێت و نازانێت چۆن ئەم یەکە زمانیانە بگونجێنێت و بەکاریانبهێنێت، واتە ناتوانێت یەکە زمانییە گونجاوەکان بۆ ئەو دەستەواژەیە و بیرە بهێنێتەوە، کە دەیەوێت بیڵێت، یان ئەو بیرۆکەیەی، کە دەیەوێت دەریببڕێت[3]، لەبەرئەوە بوونی زمانێکی بیانی کێبڕکێ لەگەڵ زمانی دایکدا بکات، جۆرێک لە هەڵچوون و سەرلێشێواوی دروستدەکات، لێوردبوونەوە(ترکیز) و گرنگیدان بە زمانی ڕەسەن و شارەزابوون ڕێگری دەکات، هەوڵ و کاتەکانی قوتابی لە نێوان دوو زماندا دابەشدەبێت، ئەمەش چانسی فێربوونی زمانی یەکەمی کەمدەکاتەوە، هەروەها چانسی وەرگرتن توخمە زارەکی و ڕەوشتییەکان و بەکارهێنانی ئەم توخمانە کەمدەکاتەوە و توشی چەقبەستوویی و سەختی هاتنەوە بەرچاویان لە کاتی پێویستیدا دەکات و نەبوونی هیچ کاریگەرییەک بۆیان لە بوارە جیاوازەکانی دەربڕیندا، لە ئەنجامدا بەگشتی دەبێتە هۆی لاوازی لە ئاستی ئەم بوارانەدا[4]. کەواتە ئەگەر جووتزمانی هۆکارێک بێت بۆ ڕێگریکردن لە زیرەکی و

---

[1] محمد على الخولى (١٩٨٨: ٢١٢).

[2] كمال يوسف الحاج (١٩٧٨: ١٤٠-١٤١).

[3] ابراهيم كايد محمود (٢٠٠٢: ٩٦).

[4] احمد محمد المعتوق (١٩٩٦: ١٦٢)

کوشتنی داهێنان لە گەورەکاندا، ئەوا بۆ منداڵانی بچووک زیاتر نەرێنیترە و کاریگەریی وێرانکەری لە سەریان دەبێت [1].

### ٨-٢/٣) ئارێشەی ئاسایشی نەتەوەیی:

نەتەوە و زمان توند بەیەکەوە پەیوەستن، زمان وەک پێناسەی نەتەوەش پێناسە دەکرێت، پەروەردە بە زمانی نەتەوە لە هەمان کاتدا پەروەردەی نەتەوایەتیشە، بە پێچەوانەوە دوورکەوتنەوە لە زمانی نەتەوە، دوورکەوتنەوەیە لە هەستی نەتەوایەتی، واتە تێکشکانی پیرۆزی و سەربەخۆی زمانی دایک بیرکردنەوەی نەتەوایەتیانەش لەدەستدەچێت [2]، لەبەرئەوە هەڕەشە بۆ سەر زمان، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە ئەو پرنسیپانەی کە لە بۆتەی زماندا دەبینرێت، بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێکدەهێنن، بێگومان هەڕەشە بۆ سەر بنەما و پرنسیپەکانی ئاسایشی نەتەوەش، کاریگەریی و بەرەو هەڵدێربردنی بە دوادا دێت [3]، هەر بۆیە (ئیسماعیل بیشکچی) دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت سەر بە نەتەوەیەک دانەوێنین و بە کۆیلەی بکەین و ناسنامەی لێ زەوتبکەین، پێویستە ئەلفوبێی ئەو نەتەوەیە لەناوبەرین، پێویستە نەهێڵین ئەو گەلە یان ئەو نەتەوەیە بەزمانی خۆی ئاخاوتن بکات، تاوەکو بەربەستێک لە نێوان خۆی و کەلتوورەکەی دروستبکەین[4]، چونکە زمان ئاوێنەی ڕاستەقینە و وێنەی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە تێیدا قسەی پێدەکرێت، گرنگترین ئامرازە بۆ پەیوەندیکردن، هەروەها نیشانەی سەروەری و هێمای ڕزگاری و سەربەخۆیی...تد،گەلانە[5]، بەمەش دەردەکەوێت ئاسایشی زمان بەشێکی گرنگە لە ئاسایشی نەتەوەیی.

### ٩-٢/٣) ڕێگەخۆشکردن بۆ جیهانگیریی زمانی:

وەک لە(١/٣-٥-١)ئاماژەمان پێکردووە، پەروەردە بە زمانی بیانی ئامرازێکی سەرەکی سەرجەم جۆرەکانی جیهانگیرییە، بە تایبەت جیهانگیریی زمانی، لەئەنجامی ئەمەشدا زمانی نەتەوەیی دەکەوێتە بەر لێشاوی جیهانگیریی و دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵ زمانەکانی تر و لە ئەنجامی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بەهێز و ئابوورییەکی بەهێز...تد، ئەوە زمانی نەتەوەیی زیانی پێدەگات و نرخ و بەهای کەمدەبێتەوە، چونکە قوتابی بەهۆی ئەو زمانەی فێربووە تێکەڵی شارستانیەت و کۆمەڵگاکانی تر دەبێت و لە ڕەسەنایەتی و شارستانیەت و کەلتووری خۆی دادەپچڕێت و زیان بە زمانی دایکی دەگەیەنێت و کەلێنێکی گەورە لە نێوان قوتابی و زمانی دایکیدا دروستدەبێت.

---

[1] کمال یوسف الحاج (١٩٧٨: ١٣٩).

[2] ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠١٦: ٣٢).

[3] دارا حەمید و فاروق محەمەد ڕەزا (٢٠١٣: ١١٨).

[4] حوسین محمەد عزیز (٢٠٠٥: ١٤٠).

[5] کمال یوسف الحاج (١٩٧٨: ١٦٩).

### ١٠-٢/٣) بەفیڕۆدانی کات لە فێرکردنی زمانی دووەم:

کاتێک قوتابی بە زمانی بیانی دەخوێنێت، لەلایەک ئەرکی فێربوونی ناواخنی بابەتەکان و لەلایەکی تر ئەرکی فێربوونی زمانی دووەم دەکەوێتە ئەستۆ، بەمەیش کاتی زیاتری پێویستە و لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاریدەهێنێت. هەروەها مامۆستاییش ئەو کاتەی بۆی تەرخانکراوە، ناتوانیت، وەکو پێویست بگات بە ناوەخنی ژیری و ئاوەزی قوتابی، بەمەیش وەک لە چارتی ژ (٢٠) دەردەکەوێت، پرۆسەی تێگەیشتن و تێگەیاندن لە سەر مامۆستا قورستر دەبێت، کاتی زیاتری دەوێت. بەتایبەت بازنەی یەکەمی خوێندن، چونکە سەرەتای چوونیانە بۆ قوتابخانە و وەکو پێویست زمانە بیانییەکە فێرنەبوون. ئەمەش وادەکات کاتێک قوتابی بە زمانی دووەم دەخوێنێت، ئەوەندە بۆ فێربوونی زمانەکە هەوڵدەدات، ئەوەندە بۆ بیرکردنەوە هەوڵنادەدات، ئەمەش جگە لەوەی بۆ ئەوەی شارەزابێت، کات بەفیڕۆدەدات، لە ململانێیەکی دەروونی تاڵدا دەبێت و نازانێت بە کام زمان قسەبکات، مێشکی ماندوودەکات و بیرکردنەوەی ئیفلیجدەکات و وای لێدەکات، نەتوانێت وردبێتەوە(تەرکیز بکات) [1].

### ١١-٢/٣) زیادکردنی ئەرکی مامۆستایان و دایک و باوکان:

ئەو منداڵانەی بە زمانی بیانی دەخوێنن، زۆرجار ئەرکیان زیاترە، لەو منداڵانەی بە زمانی کوردی دەخوێنن، بۆ ئەم مەبەستەیش دەبێت دایک و باوکان هاوکاریان بن، وەک لە چارتەکانی(٢٠، ٣٥، ٣٦) دەردەکەوێت، هەندێک لە دایک و باوکان شارەزایی تەواویان لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، بەمەیش ئاریشە بۆ قوتابی و دایک و باوکان دروستدەبێت، کاتێک منداڵ بە زمانی دایکی ناخوێنێت، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر دایک و باوک لە ڕوانگەی مادی و مەعنەوییەوە، لە ڕووی مادی تێچووی ئەو قوتابخانانە و کرێی خوێندن زۆرە، هەروەها وانەپێوتنەوە لە ماڵەوە ئەرکێکی ترە و دایک و باوکان پەلکێشدەکات بۆ یارمەتیدانی لە کێشەکەیدا و ئەوانیش هەوڵی فێربوونی زمانی بیانی بدەن، زۆرجار تەلەفزیۆن و ئامێری ئەلکترۆنی و یارییەکانیش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەکاردەهێنن. هەروەها ئەرکێکی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی مامۆستایان، چونکە جگە لە ئەرکی پەروەردە، تێگەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکە، بۆنموونە لەبابەتی بیرکاری، زانست، هونەر، وەرزش....تد، ئەرکێکی تر لەم جۆرە قوتابخانانەدا زیاد دەبێت، ئەویش فێرکردنی زمانی دووەمە، واتە مامۆستای ئەم بابەتانە کە لە بنەڕتدا پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە فێرکردنی زمانی دووەمەوە نییە، ناچاردەبن، بە زمانی ئینگلیزی وانە بڵێنەوە، ئامانجی ئەم کارەش فێربوونی زمانی دووەمە، لە پاڵ ئەم کارەشدا دەبێت ناوەڕۆکی بابەتەکەش بە قوتابی بگەیەنێت.

---

[1] **کمال یوسف الحاج (١٩٧٨:١٤٠-١٤١).**

### ١٢-٢/٣) ململانێی زمانی و مردنی زمانی دایک:

زمانیش وەک هەموو زیندەوەر و تەنە بایۆلۆژییەکانی تر لەدایکدەبێت و دەژی و دەمرێت، لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆنموونە فەڕەنسی کۆن، عەرەبی پەتی کۆن، هەروەها توانەوەی زمانێک لەناو زمانێکی تردا، فەرەنسییەکان ئەمڕۆ بە لاتینی قسەدەکەن، بەڵام لاتینی(٢٠)سەدەیە و شێوازی ئەڵمانی کۆنی هەیە و دەچێتەوە سەر زمانی میللەتی گۆل(Gaulois) ، هەروەها دەبینین ( فەرەنسی و ساکۆنی) لە نێو یەکدا تواونەتەوە و ئینگلیزی لێ پەیدابووە، هەروەها هەندێک زمان بەیەکجاری سڕاونەتەوە و نەماون، یان هەندێکی دیکە بەرەو نەمان و لە ناوچوون دەچن [١].

مردنی زمان بەوە پێناسەکراوە، کە زمانەکە هیچ ئاخێوەرێکی نامێنێت، قسەی پێبکات، واتە ئەگەر تەنها دوو ئاخێوەریش هەبێت، قسەی پێبکات، هێشتا ئەو زمانە بە زمانێکی زیندوو دادەنرێت، وەک (زمانی ئایاپانکۆ) کە لە گوندێکی نزیک لە شاری مەکسکۆسیتی بە زمانێکی زیندوو دادەنرێت [٢].

(گریمس١٩٩٦) (٦٧٠٣) زمانی زیندوو لە جیهاندا دیاریدەکات، لە کاتێکدا (ماکی١٩٩١) (٦١٧٠) زمانی زیندوو دیاریدەکات، (مۆسلی وئاشێر١٩٩٤)نزیکەی (٥٩٠٠) زمانی جیاجیا دیاری دەکەن، هەروەها (برایت١٩٩٢) (٦٣٠٠) زمانی زیندووی ڕیزکردووە، (یونسکۆ١٩٩٦) مەزندەدەکات، (٥٠٠٠-٦٠٠٠) زمانی زیندووی جیهان هەبێت، جیاوازی لە خەملاندنەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەختی پێناسەکردنی زمان لەگەڵ زار و کێشەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی دروست. بەمشێوەیە دەتوانیین بڵێین نزیکەی (٦٠٠٠) زمان لە جیهاندا هەیە، نزیکەی (٢٠٠) ئاخاوتنیان پێدەکریت، زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی و عەرەبی) لە نزیکەی (١٢٠) دەوڵەت زمانی فەرمین. (ماکی ١٩٩١) باس لەوە دەکات، لەو زمانانە تەنها (٤٥) زمانیان پێگەی زمانی فەرمیان هەیە لە جیهاندا، دەکاتە نزیکەی (١،٥٪) تەواوی زمانەکانی جیهان واتە بە شێوەیەکی زۆر دراماتیکیانە (٩٨،٥٪) زمانەکانی جیهان پێگەی زمانی فەرمییان نییە[٣].(کراوس ١٩٩٢) لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕەسەنی ئالاسکا لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا، باس لەوە دەکات، کە لە سەد ساڵی ئایندە (٢٠٪) بۆ (٥٠٪) زمانەکان بە شێوەیەکی مەترسیدار لە مردن نزیکدەبنەوە، باس لەوەش دەکات، لە ئایندەیەکی دوورتردا ئەگەری لەناوچوونی زمانەکان بە (٩٠٪) دادەنێت، واتا تەنها (١٠٪) زمانەکان پارێزراو دەبن[٤]. پەیمانگای زمانەوانیی هاوینەی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩٩) ئامارێکی خستووەتە ڕوو، کە (٥١) زمان لە جیهاندا تەنها یەک

---

[١] لویس جان کافلی (٢٠١١: ٩).

[٢] هاشم ئەمین (٢٠١٧: ١٨١).

[٣] C. Willims (1996:47).
M.Krauss (1995:4)

[٤] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

ئاخێوەریـان هەیە، (٥٠٠) زمـان کەمتـر لە (١٠٠) ئاخێوەریـان هەبـووە[١]. بەپێـی پێوەرەکـانی ڕێکخراوی یونسکۆ، کە بۆ ڕێژەی زیندووییەتی و لەناوچوونی زمان دانراون، زمانی کوردی لە کۆی (٤٥)خاڵ (٤١)خاڵ بەدەستدەهێناوە، واتە بە زیندوو دادەنرێت و هەڕەشەی لەناوچوونی لە سەر نییە[٢]،بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە، کە تا کۆتای لەو پلەیەدا دەمێنێتەوە و هەڕەشـەکان بە تەواوی لە سـەری نەمـاون و بە دەسـتی خۆمـان زمانەکەمـان بەرەو لەنـاوچوون و کەم بـایەخکردنی بەریـن و لە ژیـانی قوتـابی دەریبهێنـین. بە بـڕوای ئـێمە ئەگەر سیاسـەت و پلانـی گونجاوی بۆ دانەنرێت، بەتایبەت لەم سـەردەمی جیهـانگیری و سـەردەمی تەکنەلۆژیـادا ئەوە بە ئەگەرێکـی زۆرەوە توشـی داخـوران و بێهێزبـوون دەبێـت. لە ئێسـتادا زمـانی کـوردی بەهـۆی زمـانی ئینگلیـزی و زمانەکـانی تـرەوە ڕووبەڕووی ململانـێ بـووەتەوە، بەرەو پشتگوێخسـتن و پیرۆزکردنـی زمـانی ئینگلیـزی دەچێـت. (ئاڤێسـتا کەمـال) ئەم دۆخە بە دۆخـی پەنـابەرێتی ناودەبـات و دەڵێـت: زمـانی کـوردی بەهـۆی هەژمـوونی زمـانی دووەمەوە لە کوردسـتان ڕووبەڕووی دیاردەی پەنابەرێتی بووەتەوە، پەنابەرێتی هەنگاوی یەکەمی مردنی زمانە [٣]، وەک لە هێڵکـاریی ژ (٣)دا دەردەکەوێـت، خوێنـدن بە زمـانی بیـانی سـەرچاوەی یەکەم و گرنگتـرین هۆکارە بۆ لەدەستدانی کارایی زمانی دایک، بێگومان لەدەستدانی کارایی هەر زمانێک هۆکارێکی سـەرەکییە بـۆ ونبـوونی زمـان، لە ئەنجـامی ونبـوونی زمانیشـدا ئەو زمـانە دەپـوکێتەوە، ئینجـا مردنی زمانی بە دوادادێت. کاتێک زمانی قوتابخانەکان دەکرێتە زمانی بیانی، ئەوە زمـانی دایک دەکەوێتە بارودۆخی پەنابەرێتییەوە. کەواتە پەروەردە ئەرکێکی گرنگی دەکەوێتە سـەر ئەویش پاراستنی زمانی دایکە، چونکە کاتێک زمانێک لە ناو ماڵەکەیدا لەگەڵ زمانێکی ڕکابەر دەکەوێتە ململانێوە، بێگومان ئەمە لاوازیدەکات و دەستدەکات بە پاشەکشە و خۆڕادەستکردن، بە تایبەت کاتێـک لە پرۆسـەی پەروەردە و دامەزراوەکـانی تـر پشـتگوێدەخرێت، ئەوە پرۆسـەکە خێراتردەکات، چونکە زمـان کۆگـای بیرکـردنەوە و کـۆزانین و کەلتـوورە، وەک چـۆن ئـامرازی هەموو داهێنانێکە و سەرچاوەی هەموو زانستێکە، بەهەمـان شـێوە زمـان کەلتووری لەگەڵێـدایە، ئەمەش بە واتای ململانێی نێوان دوو زمان و دوو کەلتوور دێت، چونکە ململانێی نێوان زمان و کەلتوورەکان کۆتایی نایەت، مەگەر بە بێبەشکردنی لە کەلتووری زمانی دایک[٤]، بێگومان کاتێک منـداڵ بە زمـانی دووەم پەروەردە دەکرێـت، واتە لە کەلتـوور و زمـانی خـۆی بێبەشـدەکرێت، بەمەش دابڕانێکی گەورە لە نێوان زمـان و کەلتـوور و کۆمەڵگاکەیدا زیـاتر دەبێت، تـا زیـاتر لە

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: http://www.sil.org/ethnologue/ethnologue.html

[٢] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: بدرخان سلێمان عەلی (٢٠١٦: ١-٢٠).

[٣] ئاڤێستا کەمال (٢٠١٦: ٤٠).

[٤] ابراهیم کاید محمود (٢٠٠٢: ٩٥).

زمانی دووەمیدا قوڵتربێتەوە، درزی نێوان خۆی و زمانەکەی زیاتر دەبێت، بەمەش دەتوانین بڵێین لەدەستدانی زمانی بە دوادا دێت.

| |
|---|
| پەنابەرێتی ⟵ لەدەستدانی کارایی ⟵ ونبوون ⟵ پوکانەوە ⟵ مردن |

هێڵکاریی ژ (٣) پەنابەرێتی زمان وەک یەکەم هەنگاوی مردنی زمان[١]

بێگومان مردنی زمانی دایک ماوەیەکی زۆری دەوێت و بە چەند قۆناغێک دەبێت:[٢]

قۆناغی یەکەم: لەم قۆناغەدا وشەکانی زمانی زاڵ سنوور دەبەزێنن و هێدی هێدی شوێنی وشەکانی زمانی ژێرکەوتوو دەگرنەوە، ئەو وشانەش بە پێی ئەو بەرگرییەی کەوا زمانە بەزیوەکە دەیکات، بە دیاریدەخات زۆرن یاخود کەمن، لەم قۆناغەدا ململانێی نێوان هەردوو زمانەکە بەهێز و ماوە درێژ دەبێت، لەبەرئەوەی زمانی ژێرکەوتوو ئەندازەیەکی بەرفراوانی دەبێت، بۆ ئەوەی وشەکانی زمانی سەرکەوتووی بخزێنە ناو و لەو کاتەدا ململانێکە بێهێز دەبێت، چونکە زمانە ژێرکەوتووەکە هیچ بەرگرییەک لە بەرانبەر زمانە سەرکەوتووەکەدا ناکات.

قۆناغی دووەم: لەم قۆناغەدا دەنگەکانی زمانی سەرکەوتوو دزەدەکەن بۆ ناو دەنگەکانی زمانە بەزیوەکە، لە ڕووی گۆکردنیان و ئاوازە و دەرەچەکانیانەوە، زمانی بەزیو کاتێک وشەی بێگانە دەخوازێت بۆ نێو زمانەکەی، ئەوا هەمان دەرەچە و گۆکردن دەگرنەبەر، کەوا زمانە زاڵبووەکە لە سەری دەڕوات، واتە زمانە بەزیوەکە دەرچەی دەنگەکانی دەگۆڕێت و وردە وردە نزیکی زمانە سەرکەوتووەکەی دەکاتەوە، ئەمەش بە مەترسیدارترین قۆناغەکانی ململانێی زمانی دادەنرێت، چونکە لەو قۆناغەدا مەترسی هەڵمژینی زمانە ژێرکەوتووەکە دەستپێدەکات.

قۆناغی سێیەم: لەم قۆناغەدا زمانە بەزیوەکە توانای بەرهەڵستی لاوازدەبێت، بەمەش زمانەکە سەرکەوتووەکە، ڕێزمان و یاسا زمانەوانییەکانی تایبەت بە ڕستە و ڕیزکردنی وشەکانی خۆی وردە وردە خۆی بەسەر ڕێزمانە بەزیوەکەدا دەسەپێنێت، دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە، کە قۆناغی ڕێزمانە، وەک قەڵایەک خۆی دەنوێنێت، بەگرتنی ئەم قەڵایە، مەشخەڵی زمانی بەزیو نامێنێت و لەناودەچێت.

## ٣/٣)لایەنی مەیدانی لێکۆڵینەوە:

لەم پارەدا بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی لە سەر ئاریشەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە بەشی یەکەم و بەشی دووەم، پاری دووەمی بەشی سێیەمدا خستمانەڕوو، ئەوە ڕوون بوویەوە کە پەروەردەی جووتزمانی، پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە و کاریگەریی و ڕەهەندی پەروەردەیی و زمانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ....تد هەیە، لەم پارەدا بە

---

[١] ئاڤێستا کەمال (٢٠١٦ :٤٠).

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئازاد عزیز سلێمان (٢٠١٤ :٥٧-٥٩).

شێوەیەکی کارەکی و بە پشتبەستن بە داتای وەرگیراو، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی مەیدانی تــویژەر وەریگرتـــووە، بە شــێوەیەکی کـــارەکی ئەو ئاریشـــانەی لە ئەنجـــامی پەروەردەی جووتزمانییەوە بۆ قوتابی و مامۆستا و دایکوباوکی قوتابی دروستبوون، پاساودان بکەین.

### ۱-۳/۳) میتۆدی کارکردن:

میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی وادەخوازێت، سەرەتا چوارچێوەیەکی گشتی دیاری بکرێت، بــۆ ڕوونکــردنەوەی چــۆنێتی کــارکردن و ئەو شــێواز و ڕێگــا زانســتییانەی بــۆ زانــین و هەڵســـەنگاندنی نـــاوەڕۆکی لێکـــۆڵینەوەکە دەگیـــرێتەبەر، ئەم لێکـــۆڵینەوەیە لە بنەڕەتـــدا لێکـۆڵینەوەیەکی کـارەکی مەیـدانییە و بە پـلەی یەکەم پشـتی بە وەڵامـدانەوەی بەشـداربووانی ڕاپرسـییەکە بەسـتووە، لەم پـارەدا هەوڵـدەدەین چـۆنێتی کـارکردن و دیـاریکردنی ئامـانج و شێوازی کۆکردنەوەی فۆرمەکانی ڕاپرسی و دواتر شیکردنەوەی بخەینەڕوو.

### ۲-۳/۳)کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە:

دەتوانین بەو شێوەیە پێناسەی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە بکەین، بریتییە لە: کۆی یەکەکانی دیاردەکە، کە توێژەر لێیان دەکۆڵێتەوە، یان کۆی تاکەکان یاخود کەسەکان، یاخود شتەکان کە کێشەی لێکۆڵینەوەکە پێکدەهێنن[1]. کۆمەڵگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شاری کەلارە، لە ئیدارەی گەرمیان سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، توێژەر سێ جۆر فۆرمی بەسەر بەشداربوانی لێکۆڵینەوەکەدا دابەشکردووە، کە لە (قوتابیان، مامۆستایان، دایک و باوکان ) پێکهاتبوون لە قوتابخانە ناحکومییەکانی ( ئانا، دواڕۆژ، ناوازە، خۆر، گۆڵدن گەیت، وانۆ).

#### ۱-۲-۳/۳) نموونەی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە:

نموونەی لێکۆڵینەوە وەها پێناسـەدەکرێت، کە بـریتییە لە بەشـێک لە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە، ئەو بەشـەش دەبێتە بـابەتی لێکۆڵینەوە[2]. نمـوونەی لێکۆڵینەوەکەمـان بە شـێوەی هەڕەمەکی بۆ هەر پێـنج فـۆرم نموونەکـان وەرگیـراون، وەک لە پاشـکۆی ژ (۲، ۳، ٤، ٥، ٦) دەردەکەوێـت، فۆرمی یەکەم تایبەتبوو بە قوتابیـانی پۆلی یەکەم و فۆرمی ژمـارە دوو تـایبەتبوو بە قوتابیـانی پـۆلی دووەم و فـۆرمی ژمـارە سـێ تـایبەتبوو بە قوتابیـانی پـۆلی سـێیەمی بـازنەی یەکەمـی خوێندن، لە هەر سێ بابەتی( زانست، بیرکاری، کوردی)، پاش دابەشکردنی (۹۰) فۆرم، (۸٥) فـۆرمی بە دروســتی گەڕایەوە. بە ســەرنجدان لە خشــتەی ژ (۱) دەردەکەوێـت کـۆی گشــتی قوتابیـانی بەشـداربوو (۸٥)پێکهـاتووە،(٤۳) قوتـابی نێـر و (٤۲) قوتـابی مـێ، لەو ژمـارەیە (۲۹) قوتابی پۆلی یەک، (۲۸) قوتابی پۆلی دوو، (۲۸) قوتابی پۆلی سێ بەشداری ڕاپرسییەکە بوون.

---

[1] رجاء وحيد دويدری (۲۰۰۰: ۳۰٥).
[2] عبدالحميد عبدالمجيد البلداوی (۲۰۰۷: ٦۰).

| قوتابخانەکان | پۆلی یەک | | پۆلی دوو | | پۆلی سێ | | کۆی گشتی | ڕێژەی٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ئانا | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ٣ | ١٥ | ١٧,٦ |
| دواڕۆژ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ١٥ | ١٧,٦ |
| ناوازە | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ١٤ | ١٦,٥ |
| خۆر | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ١ | ١١ | ١٢,٩ |
| گۆلدن گەیت | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ٣ | ١٥ | ١٧,٦ |
| وانۆ | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ٣ | ٢ | ١٥ | ١٧,٦ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٤ | ١٤ | ١٤ | ١٤ | ١٤ | ٨٥ | ١٠٠,٠ |

خشتەی ژ (١) زانیارییە دیمۆگرافییەکانی فۆرمی قوتابی

**فۆرمی دووەم** بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لەو مامۆستایانە پێکهاتبوو، کە وانە بە قوتابیانی پۆلی یەک و دوو و سێ دەڵێنەوە، وەک لە چارتی ژ (١)دا دەردەکەوێت، پسپۆڕی بەشدارابووان بەم شێوەیە بوو: لە کۆی دابەشکردنی(٣٠)فۆرم (٢٧)فۆرمی گەڕایەوە،(١٠) پسپۆڕی زانست، (١٠)پسپۆڕی بیرکاری،(٤) پسپۆڕی وەرزش(٢)پسپۆڕی هونەر(١) پسپۆڕی ئینگلیزی.




چارتی ژ (١) ڕێژەی بەشداریی پسپۆڕییە جیاوازەکان

**فۆرمی سێیەم** تایبەتبوو بە دایک و باوکی ئەو قوتابیانەی کە لە بازنەی یەکەمی خوێندنن، پاش دابەشکردنی (٥٠) فۆرم، (٤٢) فۆرمیان بە دروستی گەڕایەوە، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ(٢) دەردەکەوێت، پیشەی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو، (٧,١٤) پیشەوەر، (٤,٧٦)ژنی ماڵەوە، (١٤,٢٩)فەرمانبەر، (٣٠,٩٦) مامۆستا، (١١,٩) مامۆستای زانکۆ، (٧,١٤)یاریدەدەری پزیشک،(٤,٧٦)پزیشک، (١٩,٠٥)هی تر. کۆی گشتی پرسیارەکان بۆ یەک بەشداربوو(٩) پرسیاربوو، بۆ سەرجەم بەشداربووان (٣٧٨)پرسیار.

| پیشەی بەشداربوو | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| پیشەوەر | ٣ | ٧,١٤ |
| ژنی ماڵەوە | ٢ | ٤,٧٦ |
| فەرمانبەر | ٦ | ١٤,٢٩ |
| مامۆستا | ١٣ | ٣٠,٩٦ |
| مامۆستای زانکۆ | ٥ | ١١,٩ |
| یاریدەردەری پزیشک | ٣ | ٧,١٤ |
| پزیشک | ٢ | ٤,٧٦ |
| هی تر | ٨ | ١٩,٠٥ |
| کۆی گشتی | ٤٢ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژ (٢) زانیاری لە سەر بەشداربووانی ڕاپرسی دایک و باوکان لە ڕووی پیشەوە

**٣/٣-٢-٢)ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە:**

أ/ فۆرمی ڕاپرسی:

فۆرمی ڕاپرسی بەو شێوەیە پێناسەکراوە، کە بریتییە لە پەڕەیەک یاخود چەند پەڕەیەک کۆمەڵە پرسیارێکی تایبەت بە ڕاپرسی لەخۆدەگرێت، دەربارەی هەر دیاردەیەک پەیوەست بە چالاکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاخود هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی...تد[١]، فۆرمەکانی ڕاپرسی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ فۆرم پێکدێت. فۆرمی یەکەم تایبەتبوو بە قوتابیان، تاقیکردنەوەکە لە هەر سێ بابەتی (زانست، بیرکاری، کوردی)بوو، پرسیارەکان بە شێوەی پیشاندانی وێنە بوو، وێنەکان لە کتێبەکانی زانست و بیرکاری و کوردیی پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم دەرهێنرابوون و پرسیار لە سەر وێنەکان لە قوتابییەکان کراون، بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لێمان پرسیوونەتەوە، وەک لە پاشکۆی ژ (٢، ٣، ٤) دانراون، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەمیان بۆ زانیارییەکانی وەک (ڕەگەز، پۆل، قوتابخانە) تەرخانکراوە، تەوەری دووەم بۆ پرسیارەکان، کۆی پرسیار بۆ یەک قوتابی بۆهەر بابەتێک (٥) وێنەپرسیار بوو، بابەتی زانست (٥) وێنەپرسیار، بۆ بابەتی بیرکاری (٥) وێنەپرسیار، بابەتی کوردی (٥) پرسیار بەم شێوەیە سێ وێنەپرسیار لەگەڵ تاقیکردنەوەی لێهاتوویی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی. کۆی گشتی پرسیارەکان جگە لە خوێندنەوە و نووسین (١٣) پرسیارە، فۆرمی دووەم تایبەت بوو بە مامۆستایان لە دوو تەوەر پێکهاتبوو، تەوەری یەکەم زانیاری پسپۆڕی، ئەو پۆلەی وانەی پێدەڵێتەوە، ناوی قوتابخانە، فۆرمی سێیەم تایبەتە بە دایک و باوکان، دوو تەوەر بوو، تەوەری یەکەم زانیارییەکانی ( پسپۆڕی، قوتابخانە، پۆل)، تەوەری دووەم لە (١٤) پرسیار پێکهاتبوو. فۆرمی سێیەم تایبەتبوو بە دایک و باوکان دیسان لە دوو

---

١ رحيم يونس كرو العزاوي (٢٠٠٨: ٣١).

تەوەر پێکهـــاتبوو، تەوەری یەکەم تـــایبەت بـــوو بە زانیـــاری لە سەر(پیشـــە،پۆلی منداڵەکەی،پرسیارێک)تەوەری دووەمی لە (٩) پرسیار پێکهاتبوو.

ب/ ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی:

ڕاســتی لێکــۆڵینەوە بە مەرجــی پێویســت، دەبێــت بەرجەســتەکرابێت لەو ئــامرازەدا، کە لێکۆڵینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی دوو هۆکاری سەرەکی دەگرێتەوە، بریتین لە مەبەست لەو کارەی ئامارازەکە پێی هەڵدەستێت، لەگەڵ ئەو گروپ و کۆمەڵەیەی ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، دادەنرێت[1]. بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی فۆرمی ڕاپرسی لێکۆڵینەوەکە، تـوێژەر هەسـتاوە لێکۆڵینەوەکەی خستۆتە بەردەم (سێ) شـارەزا و پسـپۆڕی بـواری زمـان*. چۆنێتی داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەیەکی ئەکادیمی، هەروەها داوای لێکردون، تێبینی خۆیـان لەڕووی ڕادەی ڕوونـی و دروسـتی داڕشـتنی زمـانەوانی بڕگەکـانی ڕاپرسـییەکە بخەنەڕوو، لەبەر ڕۆشنایی پێشنیاری هەڵسەنگێنەرەکان توێژەر هەستاوە بە هەموارکردنی بڕگە و بابەتەکانی فۆرمەکە لەڕووی لابردن یان زیادکردن یاخود تێکەڵاوکردنی بڕگەکان، لەکۆتایدا فۆرمی ڕاپرسییەکە دوا شێوەی خۆی وەرگرتووە.

### ٣/٣-٢-٣)کۆکردنەوەی داتا و شیکارکردنیان:

١- کۆکردنەوەی داتاکان

ماوەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بە شێوەیەکی گشتی یەک مانگی تەواوی خایاند، کە لە (٢٠٢٢/٤/٥) بـۆ (٢٠٢٢/٥/٥) خایانـد، بـۆ کـۆکردنەوەی داتاکـان تـوێژەر بە شـێوەیەکی مەیـدانی سـەردانی ئەو قوتابخانـانەی کـردووە، کە فـۆرمی تێـدا دابەشـکردوە، کە سـەرجەم قوتابخانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەن، لەکۆی (١٧٠) فۆڕم (١٥٤) فۆرمی ڕاپرسی بە دروستی گەڕایەوە، (٣٠) فۆڕم بەسەر مامۆستایاندا دابەشکرد، (٢٧) فۆڕمی گەڕایەوە، (٥٠) فۆڕم بەسـەر دایک و باوکاندا دابەشکرد، (٤٢) فۆڕمی گەڕایەوە، (٩٠) فۆڕم بەسەر قوتابیاندا دابەشکرد، (٨٥) فۆڕم گەڕایەوە.

**٢- میتۆدی کارکردن**

بۆ شیکردنەوەی ئامارسازی بۆ داتا و زانیارییەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسییەکە پشت بە دوو ڕێگای سەرەکی بەستراوە، ئەوانیش:

---

[1] **سعد ابولبدة (١٩٧٩: ٢٣٥).**

***ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان پیشاندراوە:**

**١- پ.د. عبدالواحد مشیر محمود دزەیی، بەشی کوردی- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.**

**٢- پ. د . شیلان عمر حسین، بە شی کوردی – کولێژی زمان – زانکوی سلیمانی.**

**٣- د.ئاسۆعبدالرحمان کریم، بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.**

أ/ڕێگەی ئاماریی پەسنی:

لە ڕێگەی بەرکارهێنانی خشتە و شێوەی داتاییەوە ئەنجامدراوە، ئەم ڕێگەیە بە ڕێگەیەکی گرنگی بواری شیکردنەوەی داتا و زانیاری دادەنرێت، بەوەی کە وێنەیەکی گشتی لە سەر تایبەتمەندییە کەسییەکانی بەشداربووان، پاشان ڕاو بۆچوونیان دەربارەی ئەو پرسیارانەی پەیوەندی بە ئاریشەکانی پێڕەوی جووتزمانییەوە هەیە، دەخاتە ڕوو.

ب/ ڕێگەی ئاماریی شیکاری:

لەم ڕێگەیەوە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان گرنگترین گۆڕاوەکانی ناوفۆرمی ڕاپرسییەکە دەکرێت و پەیوەندییەکانی نێوانیان بە شێوەیەکی ئاماری بە بەکارهێنانی خشتە و وێنەی داتایی دەخاتەڕوو، بەپشتبەستن بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS)[1] بۆ شیکردنەوەی هەموو داتاکان، پرۆگرامەکە وەک پرۆگرامێکی نوێ و یارمەتیدەرێکی باش ئاسانکاری تەواودەکات، بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو ڕێژانەی بە ئاریشەکانی پێڕەوی جووتزمانییەوە پەیوەندیدارن.

### ٣/٢-٢-٤)شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی قوتابی:

ئامانج لە فۆڕمی قوتابی پشکنینی کۆزانیاریی قوتابیانە، بۆ دەرخستنی کاریگەرییەکانی پەروەردەی جووتزمانی و پاساودانی ئەو گریمانانەی لەبەشی یەکەم و دووەم و پاری دووەمی بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو.

### ٣/٢-٢-٤-١)شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی قوتابی پۆلی یەک:

١- شیکارکردنی بابەتی زانستی پۆلی یەک:

پرسیارەکانی بابەتی زانست بریتیبوون لە (٥)وێنەپرسیار لە وێنەکانی( گەڵای دار، تاوێر، مار، شاخ، بیابان)پێکهاتبوو، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ(٣) و لە چارتی ژ (٢)دا دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوون: وێنەپرسیاری گەڵای دار (٣٧,٩٪)، تاوێر

[1] بەرنامەی(SPSS)بەرنامەیەکی ئامارییە ناوەکەی لە کورتکراوەی ( Statistical Package for the Social Sciences)وەرگیراوە، بە واتای چەپکە ئامارییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، مێژووی ئەم بەرنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ز لەسەردەستی هەرسێ خوێندکار (Nie , Bent , Hull) کە پرۆژەی قۆناغی چوارەمی زانکۆیان بوو، دواتر گەشەی پێدرا و گۆڕانکاری بەسەردا هات،بەرنامەکە بریتییە لە کۆمەڵە لیست و ئامرازێک، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت، داتاو زانیاری پێبدرێت و لە پاشاندا شیکردنەوەی ئامارییانەیان بۆ ئەنجام بدرێت. (شیلان رحیم ابراهیم (٢٠١٩: ١٦٤)

هۆکاری هەڵبژاردنی ( (SPSSدەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بەرنامەکە، کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

١- ئەم بەرنامەیە لەگەڵ زۆربەی بەرنامەکانی ((office دەگونجێت.
٢- ئەم بەرنامەیە خاوەنی توانایەکی زۆرە لە دەرهێنانی ڕاپۆرتی ئاماری لە دوای چارەسەرکردنی داتای تێکراو.
٣- ئەم بەرنامەیە لە بەرنامەی لێکۆڵینەوەی زانستیدا خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانە و زۆرتر بۆ شیکردنەوەی داتا ژمارەییەکان ناو لێکۆڵینەوەی زانستی بەکاردەهێنرێت.

(٢٧,٦)، مار (٨٩,٧٪)، شاخ (٣٤,٥٪)، بیابان (٢٧,٦٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر پێنج پرسیارەکە (٤٣,٤٪) وەڵامی ڕاست و (٥٦,٦٪ ) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون، گەڵا (٨٦,٢٪)، تاوێر ( ٦,٩٪)، مار (١٠٠٪)، شاخ (٨٩,٧٪)، بیابان (٢٧,٦٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە (٦٢,١٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامی هەڵە دەکاتە (٣٧,٩٪)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەرچەندە بابەتی زانست بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، بەڵام کۆزانیاریی زمانی ئینگلیزیان بەباشی گەشەی نەکردووە، هێشتا کۆزانیاریی زمانیان لە زمانی کوردیدا دەوڵەمەندترە، بەڵام ڕێژەکە هێشتا بۆ زمانی دایکی کەمە، ئەمەش دەرخەری ئەو کاریگەرییە نەرێنییە کە قوتابیان بە زمانی دایکیان ناخوێنن.

| زانست | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەلامەکان بە ئنگلیزیی | | | | | | وەلامەکان بە کوردیی | | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەلام | % | ژ.وەلام | % | | | ژ.وەلام | % | ژ.وەلام | % | | |
| ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 11 | 37.9 | 18 | 62.1 | 1.62 | .493 | 25 | 86.2 | 4 | 13.8 | 1.13 - | .350 |
| ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 8 | 27.6 | 21 | 72.4 | 1.72 | .454 | 2 | 6.9 | 27 | 93.1 | 1.93 | .257 |
| ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 26 | 89.7 | 3 | 10.3 | 1.10 | .309 | 29 | 100. 0 | 0 | 0 | 1.00 | . 0 |
| ٤ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 10 | 34.5 | 19 | 65.5 | 1.65 | .483 | 26 | 89.7 | 3 | 10.3 | 1.10 | .309 |
| ٥ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 8 | 27.6 | 21 | 72.4 | 1.72 | .454 | 8 | 27.6 | 21 | 72.4 | 1.72 | .454 |
| کۆی وەلامەکان | | | 63 | 43.4 | 82 | 56.6 | 1.56 | .497 | 90 | 62.1 | 55 | 37.9 | 1.37 | .486 |

خشتەی ژ (٣) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی یەک




چارتی ژ (٢) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی یەک

## ٢- شیکارکردنی کارەکیانەی بابەتی بیرکاریی پۆلی یەک:

پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری بریتیبوون لە (٥) پرسیار و قوتابیان تەنها بە زمانی ئینگلیزی و کوردی وەڵامیاندایەوە. پرسیارەکان بریتیبوون لە (سێگۆشە،3-2=1 ,2+1=3 , 19 , 9 )، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ(٤) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوون: پرسیاری یەک (ژمارە9) (٨٢.٨٪)، پرسیاری دوو ژمارە (19) (٧٢.٤٪)، پرسیاری سێ(3=1+2) (٧٥.٩٪)، پرسیاری چوار(1=2-3) (٧٩.٣٪)، پرسیاری پێنج (٥٨.٦٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر پێنج پرسیارەکە(٧٣.٨٪) وەڵامی ڕاست و (٢٦.٢٪ ) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: پرسیاری یەک (ژمارە9) (٩٣.١٪)، پرسیاری دوو ژمارە(19) (٦٢.١٪)، پرسیاری سێ(3=1+2) (٢٤.١٪)، پرسیاری چوار(1=2-3) (٣٧.٩٪)، پرسیاری پێنج (٦٥.٥٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە(٥٦.٦٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامی هەڵە دەکاتە(٤٣.٤٪)، وەک لە چارتی ژ (٣) دەردەکەوێت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، بە پێچەوانەی گریمانەکانی ئێمە کۆزانیاریی زمانیان بە زمانی ئینگلیزی لە بابەتی بیرکاری تاڕادەیەک گەشەی کردووە، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە وشە و زاراوەکانی بیرکاری کەمن لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەیان لە یادگەی درێژخایەنیاندا بەباشی دەمێنێتەوە، کۆزانیاریی زمانیانی کوردیان بە بەراورد بە زمانی ئینگلیزیان کەمتر گەشەی کردووە.

| بیرکاری | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئینگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەڵام | % | ژ.وەڵام | % | | | ژ.وەڵام | % | ژ.وەڵام | % | | |
| ٦ | ئەم ژمارە بە زمانی ئینگلیزی و کوردی چەندە؟ | 9 | 24 | 82.8 | 5 | 17.2 | 1.1 | .384 | 27 | 93.1 | 2 | 6.9 | 1.07 | .25 |
| ٧ | ئەم ژمارە بە زمانی ئینگلیزی و کوردی چەندە؟ | 19 | 21 | 72.4 | 8 | 27.6 | 1.2 | .455 | 18 | 62.1 | 11 | 37.9 | 1.3 | .49 |
| ٨ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بیخوێنەوە | 2+1=3 | 22 | 75.9 | 7 | 24.1 | 1.2 | .435 | 7 | 24.1 | 22 | 75.9 | 1.7 | .43 |
| ٩ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بیخوێنەوە | 3 -1=2 | 23 | 79.3 | 6 | 20.7 | 1.2 | .412 | 11 | 37.9 | 18 | 62.1 | 1.6 | .49 |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بیخوێنەوە | | 17 | 58.6 | 12 | 41.4 | 1.4 | .501 | 19 | 65.5 | 10 | 34.5 | 1.3 | 48 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 107 | 73.8 | 38 | 26.2 | 1.2 | .441 | 82 | 56.6 | 63 | 43.4 | 1.4 | .49 |

خشتەی ژ(٤) سەرجەم وەڵامەکانی بابەتی بیرکاریی پۆلی یەک




چارتی ژ (٣) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاریی پۆلی یەک

## ٣- شیکارکردنی کارەکیانەی بابەتی کوردیی پۆلی یەک:

پرسیارەکانی بابەتی کوردی بریتیبوو لە (٣) وێنەپرسیار و لە وێنەکانی (مۆم، کەو، مەڕ) پێکهاتبوو، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (٥) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوون: وێنەپرسیاری مۆم (٣.٤٪)، کەو (٦.٩٪)، مەڕ (٥٨.٦٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر سێ پرسیارەکە (٢٣٪) وەڵامی ڕاست و (٧٧٪) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: وێنەپرسیاری مۆم (٩٣.١٪)، کەو(٣٤.٥٪)، مەڕ(٨٦.٢٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە(٧١.٣٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامی هەڵە دەکاتە(٢٨.٧٪)، وەک لە چارتی ژ (٤)دەردەکەوێت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، هەرچەندە بابەتی کوردی کە بە زمانی کوردی دەیخوێنن بە بەراورد بە بابەتی زانست و بیرکاری، کۆزانیاریی زمانی کوردیان تارادەیەک گەشەی کردووە، بەڵام ئەگەر گرنگی زیاتر بە بابەتی کوردی بدرێت، ئەکرێت کۆزانیاریی زمانیان باشتر بکرێت. هەروەها ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە خوێندن بە زمانی دایک کاریگەریی گەورەی لە سەر دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری هەیە.

| کوردی | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئنگلیزیی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردیی | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | |
| ١١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 1 | 3.4 | 28 | 96.6 | 1.9 | .18 | 27 | 93.1 | 2 | 6.9 | 1.0 | .25 |
| ١٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 2 | 6.9 | 27 | 93.1 | 1.9 | .25 | 10 | 34.5 | 19 | 65.5 | 1.66 | 1.66 |
| ١٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 17 | 58.6 | 12 | 41.4 | 1.41 | 1.41 | 25 | 86.2 | 4 | 13.8 | 1.14 | 1.14 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 20 | 23.0 | 67 | 77.0 | 1.2 | .45 | 62 | 71.3 | 25 | 28.7 | 1.7 | .42 |

خشتەی ژ(٥)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردیی پۆلی یەک




چارتی ژ (٤) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردیی پۆلی یەک

### ٣/٢-٢-٤-٢) شیکارکردنی کارەکیانەی فۆرمی قوتابی پۆلی دوو:

١- شیکارکردنی کارەکیانەی بابەتی زانستی پۆلی دوو:

پرسیارەکانی بابەتی زانست بریتیبوون لە (٥) وێنەپرسیار لە وێنەکانی (سەرەمێکوتە، بەهەڵمبوون، کرمۆکە، خاک، هەوا) پێکهاتبوو، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (٦) دەردەکەوێت،

وەڵامەکـان بە زمـانی ئینگلیـزی بەم شـێوەیە بـوون: وێنەپرسـیاری سـەرەمێکوتە (٢٥٪)، بەهەڵمبوون (١٠.٧٪)، کرمۆکە (٢٨.٦٪)، خاک(٤٢.٩٪)، هەوا (٥٠٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کـۆی گشـتی هەر پێـنج پرسـیارەکە (٣١.٤٪) وەڵامـی ڕاسـت و (٦٨.٦٪ ) بە هەڵە وەڵامیـان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: سەرەمێکوتە (٠٪)، بەهەڵمبوون (٤٦.٤٪)، کرمۆکە (٤٢.٩٪)، خاک (٨٢.١٪)، هەوا (٨٩.٣٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاسـتەکان دەکـاتە (٥٢.١٪)، بەڵام کـۆی گشـتی وەڵامـی هەڵە دەکـاتە (٤٧.٩٪)، وەک لە چـارتی ژ (٥) دەردەکەوێـت، ئەمەیـش ئەوە دەردەخـات، هەرچەنـدە بـابەتی زانسـت بە زمـانی ئینگلیـزی دەخـوێنن، بەڵام کۆزانیـاریی زمـانی ئینگلیزیـان بەباشـی گەشـەی نەکـردووە، هێشـتا کۆزانیاریی زمانیان لە زمانی کوردیدا باشترە، بەڵام ڕێژەکە هێشتا بۆ زمانی دایکی کەمە.

| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئنگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | |
| ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 7 | 25.0 | 21 | 75.0 | 1.7 | .44 | 0 | 0 | 28 | 100. | 2.0 | .00 |
| ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 3 | 10.7 | 25 | 89.3 | 1.8 | .31 | 13 | 46.4 | 15 | 53.6 | 1.5 | .50 |
| ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 8 | 28.6 | 20 | 71.4 | 1.7 | .46 | 12 | 42.9 | 16 | 57.1 | 1.5 | .50 |
| ٤ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 12 | 42.9 | 16 | 57.1 | 1.5 | .50 | 23 | 82.1 | 5 | 17.9 | 1.1 | .39 |
| ٥ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 14 | 50.0 | 14 | 50.0 | 1.5 | .50 | 25 | 89.3 | 3 | 10.7 | 1.1 | .31 |

زانست

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی وەڵامەکان | 44 | 31.4 | 96 | 68.6 | 1.6 | .46 | 73 | 52.1 | 67 | 47.9 | 1.4 | .50 |

خشتەی ژ (٦) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی دوو




چارتی ژ (٥) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی دوو

## ٢- شیکارکردنی کارەکیانەی بابەتی بیرکاری پۆلی دوو:

پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری بریتیبوون لە (٥) پرسیار، کە لە (3<5 ،لاکێشە، چوارگۆشە، قوچەک، $\frac{1}{2}$ ) پێکهاتبوون، قوتابیان تەنها بە زمانی ئینگلیزی و کوردی خوێندیانەوە، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (٧) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوون، پرسیاری یەک (3<5) (٢٨.٦٪)، پرسیاری دوو لاکێشە (٥٠٪)، پرسیاری سێ چوارگۆشە (٣٩.٣٪)، پرسیاری چوار قوچەک (٢١.٤٪)، پرسیاری پێنج ( $\frac{1}{2}$ ) (١٠.٧٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر پێنج پرسیارەکە (٣٠٪) وەڵامی ڕاست و (٧٠٪) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: پرسیاری یەک (3<5) (٣٥.٧٪)، پرسیاری دوو لاکێشە (٥٣.٦٪)، پرسیاری سێ چوارگۆشە (٧٨.٦٪)، پرسیاری چوارقوچەک (٧.١٪)، پرسیاری پێنج ( $\frac{1}{2}$ )(١٧.٩٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە (٣٨.٦٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامە هەڵەکان دەکاتە (٦١.٤٪)، وەک لە چارتی ژ (٦) دەردەکەوێت، ئەمەیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، خوێندن بە زمانی دووەم لە پۆلەکانی سەرەتا ناتوانرێت خوێندنی ئەکادیمی پێ ئەنجامبدرێت، چونکە لە هیچ کام لە زمانەکان کۆزانیاری تەواویان بەدەستنەهێناوە، بۆ ئەوەی خوێندنی ئەکادیمی پێ ئەنجامبدرێت، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەو ئەنجامە دەدات بەدەستەوە، خوێندن بە زمانی بیانی کاریگەریی نەرێنی لە سەر کۆزانیاریی هەردوو زمانەکە هەیە.

| بیرکاری | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئینگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | |
| ٦ | ئەم ژمارە بە زمانی ئینگلیزی و کوردی چەندە؟ |  | 8 | 28.6 | 20 | 71.4 | 1.7 | .46 | 10 | 35.7 | 18 | 64.3 | 1.6 | .48 |
| ٧ | ئەم ژمارە بە زمانی ئینگلیزی و کوردی چەندە؟ |  | 14 | 50.0 | 14 | 50.0 | 1.5 | .50 | 15 | 53.6 | 13 | 46.4 | 1.4 | .50 |
| ٨ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بیخوێنەوە |  | 11 | 39.3 | 17 | 60.7 | 1.6 | .49 | 22 | 78.6 | 6 | 21.4 | 1.2 | .41 |
| ٩ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بیخوێنەوە |  | 6 | 21.4 | 22 | 78.6 | 1.7 | .41 | 2 | 7.1 | 26 | 92.9 | 1.9 | .26 |
| ١٠ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بیخوێنەوە | $\frac{1}{2}$ | 3 | 10.7 | 25 | 89.3 | 1.8 | .31 | 5 | 17.9 | 23 | 82.1 | 1.8 | .39 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 42 | 30.0 | 98 | 70.0 | 1.7 | .46 | 54 | 38.6 | 86 | 61.4 | 1.6 | .48 |

خشتەی ژ (٧) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاریی پۆلی دوو




چارتی ژ (٦) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاریی پۆلی دوو

## ٣- شیکارکردنی کارەکیانەی بابەتی کوردیی پۆلی دوو:

پرسیارەکانی بابەتی کوردی بریتیبوون لە (٣) وێنەپرسیار لە وێنەکانی (کەڵەشێر، قەلەڕەش، ورچ) پێکهاتبوون، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (٨) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوون: وێنەپرسیاری کەڵەشێر (١٠.٧٪)، قەلەڕەش (٠٪)، ورچ (٢٥٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر سێ پرسیارەکە (١١.٩٪) وەڵامی ڕاست و (٨٨.١٪) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: وێنەپرسیاری کەڵەشێر (٨٢.١٪)، قەلەڕەش (٥٠.٠٪)، ورچ (٧٥.٠٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە (٦٩.٠٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامە هەڵەکان دەکاتە (٣١.٠٪)، وەک لە چارتی ژ (٧) دەردەکەوێت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، لەبەرئەوەی بابەتی کوردی بە زمانی کوردی دەیخوێنن، بە بەراورد بە بابەتی زانست و بیرکاری کۆزانیاریی زمانیی کوردیان تا ڕادەیەک گەشەی کردووە، بەڵام ئەگەر گرنگی زیاتر بە بابەتی کوردی بدرێت، ئەکرێت کۆزانیاری زمانیان باشتر بکرێت. هەروەها ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە، کە خوێندن بە زمانی دایک کاریگەریی گەورەی لە سەر دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی زمان هەیە.

| کوردی | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئنگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | | |
| ١١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 3 | 10.7 | 25 | 89.3 | 1.8 | .31 | 23 | 82.1 | 5 | 17.9 | 1.18 | .39 |
| ١٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 0 | 0 | 28 | 100.0 | 2.0 | .00 | 14 | 50.0 | 14 | 50.0 | 1.50 | .50 |
| ١٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 7 | 25.0 | 21 | 75.0 | 1.75 | .441 | 21 | 75.0 | 7 | 25.0 | 1.25 | .44 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 10 | 11.9 | 74 | 88.1 | 1.8 | .32 | 58 | 69.0 | 26 | 31.0 | 1.31 | .46 |

خشتەی ژ(٨)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردیی پۆلی دوو




| | وەڵامەکان بە کوردی | وەڵامەکان بە ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ڕاست | 69 | 11.9 |
| هەڵە | 31 | 88.1 |

چارتی ژ (٧)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردیی پۆلی دوو

### ٣/٣-٢-٤-٣)شیکارکردنی کارەکیانەی فۆرمی قوتابی پۆلی سێ:

١- شیکارکردنی کارەکیانەی بابەتی زانستی پۆلی سێ:

پرسیارەکانی بابەتی زانست بریتی بوون لە (٥) وێنەپرسیار و لە وێنەکانی ( هەرەمی وزە، گیاخۆرەکان، ڕێوی، تۆو، کۆرپەلە) پێکهاتبوون، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (٩) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوو: وێنەپرسیاری هەرەمی وزە (٣٢.١٪)، گیاخۆرەکان ( ١٤.٣٪)، ڕێوی (٧١.٤٪)، تۆو (٦٤.٣٪)، کۆرپەلە (١٠.٧٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر پێنج پرسیارەکە (٣٨.٦٪) وەڵامی ڕاست و (٦١.٤٪ ) هەڵە بوون، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: هەرەمی وزە (٣.٦٪)، گیاخۆرەکان (٤٢.٩٪)، ڕێوی (٧٨.٦٪)، تۆو (٤٦.٤٪)، کۆرپەلە (٣.٦٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە (٣٥٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامی هەڵە دەکاتە (٦٥٪)، بە تێڕوانین لە چارتی ژ (٨) دەردەکەوێت، ژمارەی وەڵامە هەڵەکان زیاترە لە وەڵامە ڕاستەکان، بە زمانی ئینگلیزی و کوردی لە کاتێکدا پۆلی سێیەمن، دەبووایە وەڵامە ڕاستەکان لە پۆلەکانی تر زیاتر بوایە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە لەگەڵ بڕینی قۆناغەکانی خوێندن گەشەی کۆزانیاریی زمانیان نەک زیادناکات بە پێچەوانەوە کەمتر بووە، ئەو ئەنجامەش مەترسیدارە، بۆ پرۆسەی پەروەردە.

| پ | پرسیارەکان | نموونه | وەڵامەکان بە ئنگلیزیی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردیی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | راست | | هەڵە | | | | راست | | هەڵە | | | |
| | | | ژ.وەڵام | % | ژ.وەڵام | % | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ژ.وەڵام | % | ژ.وەڵام | % | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 9 | 32.1 | 19 | 67.9 | 1.6 | .47 | 1 | 3.6 | 27 | 96.4 | 1.96 | .18 |
| ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 4 | 14.3 | 24 | 85.7 | 1.8 | .35 | 12 | 42.9 | 16 | 57.1 | 1.5 | .50 |
| ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 20 | 71.4 | 8 | 28.6 | 1.2 | .46 | 22 | 78.6 | 6 | 21.4 | .41 | 1.2 |
| ٤ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 18 | 64.3 | 10 | 35.7 | 1.3 | .48 | 13 | 46.4 | 15 | 53.6 | 1.5 | .50 |
| ٥ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوتێت؟ |  | 3 | 10.7 | 25 | 89.3 | 1.8 | .31 | 1 | 3.6 | 27 | 96.4 | 1.9 | .18 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 54 | 38.6 | 86 | 61.4 | 1.6 | .48 | 49 | 35.0 | 91 | 65.0 | 1.6 | .47 |

خشتەی ژ(٩)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی سێ




چارتی ژ (٨)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی زانستی پۆلی سێ

## ٢- شیکارکردنی بابەتی بیرکاریی پۆلی دوو:

پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری بریتی بوون لە (٥) پرسیار، لە (شەش پاڵێوی هەزاری، بیست و پێنج هەزار دیناری ، نزیککردنەوە، $2\times 2 = 4$، 5461 )پێکهاتبوون، قوتابیان تەنها بە زمانی ئینگلیزی و کوردی خوێندیانەوە. بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (١٠) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە بوون: پرسیاری یەک شەش پاڵێوی هەزاری (٢١.٤٪)، پرسیاری دوو (بیست و پێنج هەزاری) (٦٠.٧٪)، پرسیاری سێ (نزیککردنەوە) (١٤.٣٪)، پرسیاری چوار ($2\times 2 = 4$) (٧٥٪)، پرسیاری پێنج( 5461 ) (٦٧.٩٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر پێنج پرسیارەکە (٤٧.٩٪) وەڵامی ڕاست و (٥٢.١٪ ) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون: پرسیاری یەک شەش پاڵێوی هەزاری (٣.٦٪)، پرسیاری دوو (بیست و پێنج هەزاردیناری)( ٧٨.٦٪)، پرسیاری سێ (نزیککردنەوە) (٣.٦٪)، پرسیاری چوار($2\times 2 = 4$) (٢٨.٦٪)، پرسیاری پێنج (5461) (٤٢.٩٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە (٣١.٤٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامە هەڵەکان دەکاتە (٦٨.٦٪)، بەسەرنجدان لە چارتی ژ (٩) دەردەکەوێت، ژمارەی هەڵەکان لە هەردوو زماندا زیاترە لە ژمارەی وەڵامی ڕاست، ژمارەی وەڵامە ڕاستەکان بە زمانی ئینگلیزی بە بەراورد بە ژمارەی وەڵامە ڕاستەکان بە زمانی کوردی زیاترە، ژمارەی هەڵەکان لە زمانی کوردیدا زۆر زیاترە، ئەمەش کاریگەرییەکی ئاشکرای پەروەردەی جووتزمانییە، دەبینین زمانی دایک لە ئەنجامی ئەو پەراوێزخستنە، چۆن کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە سەر گەشەی کۆزانیاریی زمانی کوردی دەرکەوتووە.

| بیرکاری | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئینگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | |
| ٦ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 6 | 21.4 | 22 | 78.6 | 1.7 | .41 | 1 | 3.6 | 27 | 96.4 | 1.96 | .18 |

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 17 | 60.7 | 11 | 39.3 | 1.3 | .49 | 22 | 78.6 | 6 | 21.4 | 1.2 | .41 |
| ٨ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ | 96 → 100<br>91 → 90 | 4 | 14.3 | 24 | 85.7 | 1.8 | .35 | 1 | 3.6 | 27 | 96.4 | 1.9 | .18 |
| ٩ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ | 2 x 2 =4 | 21 | 75.0 | 7 | 25.0 | 1.2 | .44 | 8 | 28.6 | 20 | 71.4 | 1.7 | .46 |
| ١٠ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ | 5461 | 19 | 67.9 | 9 | 32.1 | 1.3 | .47 | 12 | 42.9 | 16 | 57.1 | 1.5 | .50 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 67 | 47.9 | 73 | 52.1 | 1.5 | .50 | 44 | 31.4 | 96 | 68.6 | 1.6 | .46 |

خشتەی ژ(١٠) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاریی پۆلی سێ




چارتی ژ (٩) ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکاریی پۆلی سێ

## ٣- شیکارکردنی بابەتی کوردیی پۆلی سێ:

پرسیارەکانی بابەتی کوردی بریتیبوون لە (٣) وێنەپرسیار و لە وێنەکانی (ڕێوی، شێر، مێرووله) پێکهاتبوون، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (١١) دەردەکەوێت، وەڵامەکان بە زمانی

ئینگلیزی بەم شێوەیە بوو: وێنەپرسیاری ڕێوی (٥٧.١٪)، شێر (٧١.٤٪)، مێرووله (٣٢.١٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، لە کۆی گشتی هەر سێ پرسیارەکە (٥٣.٦٪) وەڵامی ڕاست و (٤٦.٤٪ ) بە هەڵە وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی بەم شێوەیە بوون، وێنەپرسیاری (ڕێوی) (٩٦.٤٪)، شێر (٩٦.٤٪)، مێرووله (٩٢.٩٪) وەڵامەکانیان ڕاست بووە، کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان دەکاتە (٩٥.٢٪)، بەڵام کۆی گشتی وەڵامە هەڵەکان دەکاتە (٤.٨٪)، بە تێڕوانین لە چارتی ژ (١٠) دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی بابەتی کوردی بە زمانی دایکیان دەخوێنن ڕێژەی وەڵامە ڕاستەکان زۆر زیاترە لە ژمارەی وەڵامە هەڵەکان بە بەراورد بە بابەتی زانست و بیرکاری، ئەمەش بووەتە هۆی گەشەی کۆزانیاریی زمانییان، بەڵام ئەگەر گرنگی زیاتر بە بابەتی کوردی بدرێت، ئەکرێت گەشەی کۆزانیاریی زمانییان لەم ئەنجامە باشتر بکرێت. هەروەها ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە، کە خوێندن بە زمانی دایک کاریگەریی گەورەی لە سەر دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی زمانی دایک هەیە.

| کوردی | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ | پرسیارەکان | نموونە | وەڵامەکان بە ئنگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | | |
| | | | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | |
| ١ ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 16 | 57.1 | 12 | 42.9 | 1.4 | .50 | 27 | 96.4 | 1 | 3.6 | 1.04 | .18 |
| ١ ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 20 | 71.4 | 8 | 28.6 | 1.2 | .46 | 27 | 96.4 | 1 | 3.6 | 1.04 | .18 |
| ١ ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | 9 | 32.1 | 19 | 67.9 | 1.68 | .47 | 26 | 92.9 | 2 | 7.1 | 1.07 | .26 |
| کۆی وەڵامەکان | | | 45 | 53.6 | 39 | 46.4 | 1.4 | .50 | 80 | 95.2 | 4 | 4.8 | 1.05 | .21 |

خشتەی ژ(١١)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردیی پۆلی سێ




چارتی ژ (١٠)ئەنجامی پرسیارەکانی بابەتی کوردیی پۆلی سێ

### ٣-٣-٢-٤-٤)نووسین و خوێندنەوە:

لە فۆرمی ڕاپرسی قوتابیدا پرسیاری (١٤، ١٥) بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتوویی (نووسین و خوێندنەوە) لە بابەتی کوردی تەرخانکرا، بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (١٢) و چارتی ژ (١١) و (١٢)دا دەردەکەوێت:[١]

**پۆلی یەک**: لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی بۆ لێهاتوویی خوێندنەوە ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون: (١٣.٨٪) زۆرباش بوون، (١٣.٨٪) باش بوون، (٥١.٧٪) تاڕادەیەک باشبوون، (١٧.٢٪)خراپ بوون، (٣.٤٪) زۆر خراپ بوون. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت لەنیوە زیاتر باشبوون. هەروەها لێهاتوویی نووسین، (٢٠.٧٪)زۆرباش بوون، (٢٤.١٪)باش بوون، (٢٤.١٪) تاڕادەیەک باشبوون، (٢٠.٧٪)خراپ بوون، (١٠.٣٪) زۆر خراپوون، ئەمەش ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدات، لە هەردوو لێهاتوویی نووسین و خوێندنەوە ڕێژەی وەڵامی ڕاست بە بەراورد بە وەڵامی هەڵە زیاتر، ڕێژەکە جێی مەترسی نییە، هەرچەندە نزیکەی (٣٠٪) نمرەی لە نیوە بەخوارتریان هێناوە، بەڵام نزیکەی(٧٠٪) نمرەی لە نیووە بەرەو سەرەوەیان هێناوە، ،کە خوێندنی جووتزمانی بۆ لێهاتوویی خوێندنەوە لە پۆلی یەکدا کاریگەریەکی نەرێنی ئەوتۆی نییە، هەرچەندە بێ کاریگەریش نییە.

**پۆلی دوو**، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی خوێندنەوە (١٤.٣٪) زۆر باشبوون، (١٤.٣٪) باشبوون، (٥٣.٦٪) تاڕادەیەک باشبوون، (١٧.٩٪)خراپبوون، بەڵام بۆ نووسین (٢١.٤٪) زۆر باشبوون، (٢٥٪) باشبوون، (٢٥٪) تاڕادەیەک باشبوون، (١٧.٩٪)، (١٧.٩٪) خراپبوون، (١٠.٧٪) زۆر خراپبوون، ئەمەش ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدات، لە هەردوو لێهاتوویی نووسین و خوێندنەوە ڕێژەی وەڵامی ڕاست بە بەراورد بە وەڵامی هەڵە زیاترە، ڕێژەکە جێی مەترسی

[١]لە تاقیکردنەوەی نووسین و خوێندنەوە پرسیارەکان پێنج پرسیار بوون، بۆ هەر پرسیارێک یەک نمرە واتە تاقیکردنەوەکە لەسەر پێنج نمرە بوو، بەم شێوەیە : بەرانبەر دەستەواژەی زۆرباش=٥، باش=٤، تاڕادەیەک=٣، خراپ=٢، زۆرخراپ= ١

نییە، هەرچەندە نزیکەی (١٨٪) لە لێهاتوویی نووسین نمرەی لە نیوە خوارتریان هێناوە و نزیکەی (٢٨٪) لە لێهاتوویی خوێندنەوە کەمتر لە نیوەیان هێناوە، کە خوێندنی جووتزمانی بۆ لێهاتوویی خوێندنەوە و نووسین لە پۆلی دوو کاریگەریەکی نەرێنی ئەوتۆی نییە، هەرچەندە بێ کاریگەریش نییە.

**پۆلی سێ،** ئەنجامی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی خوێندنەوە بەم شێوەیە بوو (٢٥.٠٪) زۆرباش بوون، (٣٩.٣٪) باش بوون، (٧.١٪) تاڕادەیەک باش بوون، (١٤.٣)خراپ بوون، (١٤.٣) زۆرخراپ بوون، بەڵام لە لێهاتوویی نووسین (١٠.٧٪) زۆرباش بوون، (٣٩.٣٪) باش بوون، (٧.١٪) تاڕادەیەک باش بوون،(١٤.٣٪)خراپ بوون، (٢٨.٦٪) زۆرخراپ بوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لێهاتوویی نووسین لە پۆلی سێ لە بری ئەوەی لە پۆلی یەک و دوو باشتر بێت، کەچی خراپتربووە و نزیکەی (٤٣٪) لە نیوە کەمتریان هێناوە، ئەمەش ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدات، بابەتی کوردی لەم قوتابخانانەدا گرنگی تەواوی پێنادرێت و ئاستی قوتابی بەرەو لاوازبوون دەچێت، ئەمەش یەکێکە لە ئاریشەکانی پێڕەوی جووتزمانی.

| بابەت | پۆل | زۆرباش | | باش | | تاڕادەیەک | | خراپ | | زۆرخراپ | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ.ق | ٪ | ژ.ق | ٪ | ژ.ق | ٪ | ژ.ق | ٪ | ژ.ق | ٪ | | |
| خوێندنەوە | یەک | 4 | 13.8 | 4 | 13.8 | 15 | 51.7 | 5 | 17.2 | 1 | 3.4 | 3.1 | 1.0 |
| | دوو | 4 | 14.3 | 4 | 14.3 | 15 | 53.6 | 5 | 17.9 | 0 | 0 | 3.2 | .92 |
| | سێ | 7 | 25.0 | 11 | 39.3 | 2 | 7.1 | 4 | 14.3 | 4 | 14.3 | 3.4 | 1.4 |
| | کۆ | 18 | 21.2 | 25 | 29.4 | 24 | 28.2 | 12 | 14.1 | 6 | 7.1 | 3.4 | 1.1 |
| نووسین | یەک | 6 | 20.7 | 7 | 24.1 | 7 | 24.1 | 6 | 20.7 | 3 | 10.3 | 3.2 | 1.3 |
| | دوو | 6 | 21.4 | 7 | 25.0 | 7 | 25.0 | 5 | 17.9 | 3 | 10.7 | 3.2 | 1.3 |
| | سێ | 3 | 10.7 | 11 | 39.3 | 2 | 7.1 | 4 | 14.3 | 8 | 28.6 | 2.8 | 1.4 |
| | کۆ | 21 | 24.7 | 23 | 27.1 | 15 | 17.6 | 11 | 12.9 | 15 | 17.6 | 3.2 | 1.4 |

خشتەی ژ(١٢)ئەنجامەکانی تاقیکاریی لێهاتوویی(نووسین و خوێندنەوە)ی پۆلەکانی (یەک،دوو، سێ)




چارتی ژ (١١) ئەنجامی تاقیکاریی لێهاتوویی خوێندنەوە




چارتی ژ (١٢) ئەنجامی تاقیکاریی لێهاتوویی نووسین

**٣/٣-٢-٤-٥) ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی قوتابی:**

بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (١٣) و چارتی ژ (١٣) دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- کاریگەریی نەرێنی پێڕەوی جووتزمانی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت، بەڵام کاریگەرییەکان بەو شێوەیە نییە، کە قوتابییەکان بە تەواوی زمانی کوردی لەبیربکەن و نەزانن و نەتوانن قسەی پێبکەن، بەڵام کاریگەریی لە سەر کۆزانیاریی زمانییان هەیە و گەشەی بە کۆزانیاریی زمانی کوردی نەداوە.

٢- وەڵامەکان بە زمانی ئینگلیزی، گەشەی کۆزانیاریی زمانی ئینگلیزیان لە بابەتی زانست و بیرکاری زۆر لاوازە، بە شێوەیەک وەڵامی ڕاست لە کۆی هەر سێ پۆل لە بابەتی زانست تەنها (٣٧.٩٪) بووە و لە بابەتی بیرکاری (٥٠.٨٪) بووە.

٣- وەڵامەکان بە زمانی کوردی لە بابەتی زانست و بیرکاری، خوێندن بە زمانی ئینگلیزی نەیتوانیوە، گەشەی کۆزانیاریی زمانییان باشتر بکات، لە کۆی هەر سێ پۆل لەبابەتی زانست(٤٩.٩٪)بووە و لە بابەتی بیرکاری (٤٢.٤٪) بووە.

٤- وەڵامی ڕاست لە بابەتی کوردی لە هەر سێ پۆل (٧٨.٤٪) بووە، بە بەراورد بە بابەتی زانست و بیرکاری کە بە زمانی ئینگلیزی دەیخوێنن، ڕێژەیەکی بەرزە، هەرچەندە دەکرێت لە ئەنجامی گرنگی پێدانی بابەتی کوردی لەو قوتابخانانە ئەم ئەنجامە زیاتریش بکرێت.

| کۆی گشتی وەڵامەکانی پۆلی (یەک، دوو،سێ) | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بابەت | وەڵامەکان بە ئینگلیزی | | | | | | وەڵامەکان بە کوردی | | | | | |
| | ڕاست | | هەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان | ڕاست | | ەەڵە | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
| | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | | ژ.وەڵام | ٪ | ژ.وەڵام | ٪ | | |
| زانست(۱،۲،۳) | 161 | 37. 9 | 264 | 62.1 | 1.6 | .48 | 212 | 49.9 | 213 | 50.1 | 1.50 | .501 |
| بیرکاری(۱،۲،۳) | 216 | 50.8 | 209 | 49.2 | 1.49 | .50 | 180 | 42.4 | 245 | 57.6 | 1.58 | .495 |
| کوردی(۱،۲،۳) | 75 | 29.4 | 180 | 70.6 | 1.7 | .45 | 200 | 78.4 | 55 | 21.6 | 1.22 | .412 |

خشتەی ژ (١٣) کۆی گشتی وەڵامەکانی پۆلی (یەک، دوو، سێ)




چارتی ژ (١٣) کۆی گشتی وەڵامە ڕاستەکان لەبابەتەکانی (زانست، بیرکاری، کوردی)

### ٥-٢-٣/٣) شیکارکردنی کارەکیانەی فۆرمی مامۆستا:

ئامانجی ئەم فۆرمە پشکنینی هۆکاری دروستبوونی ئاریشـەکانە، هەروەهـا بە شـێوەیەکی کارەکی سەلماندن و پاساودانی ئەو گریمانانەیە، کە لە بەشی یەکەم و دووەم و پاری دووەمی بەشـی سـێیەمدا خسـتمانەڕوو، لەم ڕاپرسـیەدا ئاریشـەکان ئەوەی لە کـۆی لێکـۆڵینەوەکەدا باسـکراوە و گریمـانەکراوە، لێرەدا کـراوەتە پرسـیار و ڕووبەڕووی مامۆسـتایان کـراوەتەوە، جـۆری پرسـیارەکان بە شـێوەیەکە هەنـدێکجار مامۆسـتا خـۆی ئامـانجی ڕاپرسـیەکەیە، هەندێکجاریش ڕۆڵی زانیاریپێدەر دەبینێت، پرسیارەکان پاساودانی زۆر ئاریشـە دەدەن کە لە شوێن خۆیدا ئاماژەیان پێدراوە.

| ژ.پ | پرسیار | هەڵبژاردەی یەکەم | | هەڵبژاردەی دووەم | | هەڵبـژاردەی سێیەم | | هەڵبژاردەی چوارەم | | هەڵبژاردی پێنجەم | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | | |
| ١ | تـا چەنـد ڕێگە دەدەیت، قوتابیـــان بە زمـــانی کـــوردی بەشـــداری چالاکییەکـانی نـاو پـۆل بکەن؟ | | | 1 | 22.2 | 7 | 25.9 | 11 | 40.7 | 8 | 29. | 2.1 | 1.0 |
| ٢ | ئایـا لە پۆلـدا تـا چەنـد زمـانی ئینگلیـزی بـۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن بەکاردەهێنیت؟ | 25 | 92.6 | 1 | 3.7 | 1 | 7.4 | | | | | 4.0 | 0.9 |
| ٣ | تـــا چەنـــد لە ئاســـتی (تێگەیشتن، قسـەکردن)ی قوتابیـــان بە زمـــانی ئینگلیزی ڕازیت؟ | 8 | 29.6 | 15 | 55.6 | 4 | 14.8 | | | | | 4.1 | 0.6 |
| ٤ | تـا چەنـد قوتابیـان بە زمانی ئینگلیزی دەتوانن نـــاوەڕۆکی بابەتەکـــان وەربگرن؟ | 13 | 48.1 | 12 | 44.4 | 2 | 7.4 | | | | | 4.4 | 0.6 |
| ٥ | ئایـا قوتابیـانی بـازنەی یەکەم دەتوانن بە زمـانی ئینگلیـــزی بەشـــداری چالاکییەکـانی نـاو پـۆل بکەن؟ | 9 | 33.3 | 16 | 59.3 | 2 | 7.4 | | | | | 4.2 | 0.5 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ئاستی دەرچوونی قوتابیان لە وانەکان؟ | 15 | 55.6 | 10 | 37.0 | 1 | 3.7 | 1 | 3.7 | | | 4.4 | 0.7 |
| ٧ | هیچ ئاستەنگی و گرانییەک بەدی دەکەیت لە کاتی وانەوتنەوە بە زمانی ئینگلیزی ؟ | 9 | 33.3 | 5 | 18.5 | 7 | 25.9 | 5 | 18.5 | 1 | 3.7 | 3.5 | 1.2 |
| ٨ | ئایا ڕێنماییە پەروەردەییەکان بە زمانی ئینگلیزی سوودی پەروەردەیی دەبێت بۆ قوتابیان؟ | 5 | 18.5 | 12 | 44.4 | 6 | 22.2 | | | 4 | 14. | 3.6 | 0.9 |
| ٩ | قوتابیان زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵ دەکەن؟ | 1 | 3.7 | 5 | 18.5 | 14 | 51.9 | 7 | 25.9 | | | 3.0 | 0.7 |
| ١٠ | جیاوازیی کەلتووریی لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ئاستەنگی بۆ قوتابیان دروستکردووە؟ | 6 | 22.2 | 6 | 22.2 | 12 | 44.4 | 3 | 11.1 | | | 2.4 | 0.9 |
| ١١ | ئایا زمانی یەکەمی قوتابی (کوردی) کاریگەریی لە سەر فێربوونی زمانی دووەم (ئینگلیزی) هەیە؟ | 6 | 22.2 | 6 | 22.2 | 12 | 44.4 | 3 | 11.1 | | | 2.4 | 0.9 |
| ١٢ | ئایا لە پۆلدا قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کوردەوارییەوە پەیوەست دەکەی؟ | 9 | 33.3 | 14 | 51.9 | 2 | 7.4 | 1 | 3.7 | 1 | 3.7 | 4.0 | 0.9 |
| ١٣ | ئایا قوتابیان لەناو پۆلدا ئارەزوودەکەن بەکام زمان قسە بکەن؟ | 4 | 14.8 | 16 | 59.3 | 7 | 25.9 | | | | | 1.8 | 0.6 |
| ١٤ | ئەو هەڵە زەق و دیارانەی لە قوتابیدا بەدیدەکەیت، کامانەن؟ | 13 | 48.1 | 6 | 22.2 | | | 8 | 29.6 | | | 3.8 | 1.3 |

خشتەی ژ (١٤) ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی مامۆستایان

**پرسیاری یەکەم:** (**تا چەند ڕێگە دەدەیت، قوتابیان بە زمانی کوردی بەشداری چالاکییەکانی ناو پۆل بکەن؟**)

بەسەرنجدان لە چارتی ژ (١٤) دەردەکەوێت، (٢٩.٦٪) مامۆستایان بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنادەن، (٤٠.٧٪) ڕێگەنادەن، (٢٥.٩٪) تاڕادەیەک ڕێگەدەدەن واتە هەندێک کات ڕێگەدەدەن و

هەندێک کاتیش ڕێگەنادەن،(٣.٧٪)ڕێگەدەدەن، (٠٪) بە شێوەیەکی ڕەها ڕێگەدەدەن، واتە هیچ مامۆستایەک بە شێوەیەکی ڕەها ڕێگەنادات، زمانی کوردی لە پۆلدا بەکاربێت.




چارتی ژ (١٤) ڕێژەی بەشداری زمانی دایک لە پۆلدا

**پرسیاری دووەم: (تا چەند زمانی ئینگلیزی بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن بەکاردەهێنیت؟)**

لە پرسیاری یەکەم ئەوە ڕوونبوویەوە، کە مامۆستایان زۆر بەکەمی ڕێگەدەدەن، قوتابیان زمانی کوردی بەکاربهێنن، پرسیاری دووەم لە سەر ئەوەیە مامۆستایان خۆیان تا چەند زمانی ئینگلیزی لە پۆلدا بەکاردەهێنن، بە سەرنجدان لە چارتی ژ (١٥) دەبینین، بە ڕێژەی (٩٢.٦٪) بە شێوەیەکی ڕەها زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، واتە بەهیچ شێوەیەک زمانی کوردی بەکارناهێنن، (٣.٧٪) بەکاریدەهێنن، واتە بە ڕێژەی (٣.٧٪) تا ڕادەیەک بەکاریدەهێنن.




چارتی ژ (١٥) بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە لایەن مامۆستایانەوە

**پرسیاری سێیەم: (تا چەند لە ئاستی (تێگەیشتن، قسەکردن)ی قوتابیان بە زمانی ئینگلیزی ڕازیت؟)**

لێهاتوویی (قسەکردن و تێگەیشتن) دوو لێهاتوویی گرنگ و بنەڕەتین لە زماندا، لە پرۆسەی پەروەردەشدا کلیلی فێربوون و فێرکردنە. پێشتر ئەم لێهاتووییە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە فۆرمی قوتابیدا تاقیکرایەوە، ئەوەمان سەلماند، کە توانای زمانیی ئینگلیزیی

قوتابیان به جۆرێکه ناتوانرێت پرۆسەی ئەکادیمی پێ ئەنجامبدەیت[١]. بەڵام بە سەرنجدان لە چارتی ژ (١٦) ئەوە دەردەکەوێت، مامۆستایان بە پێچەوانەی گریمانە و سەلماندنەکەی ئێمە، وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بوو: (٢٩.٦٪) مامۆستایان زۆر لە ئاستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان ڕازین، (٥٥.٦٪) ڕازین، (٨. ١٤٪ ) تا ڕادەیەک ڕازین.




چارتی ژ (١٦) ئاستی تێگەیشتن و قسەکردنی قوتابیانی بازنەی یەک

**پرسیاری چوارەم: تا چەند قوتابیان به زمانی ئینگلیزی دەتوانن ناوەڕۆکی بابەتەکان وەربگرن؟**

بە سەرنجدان لە چارتی ژ (١٧) دەردەکەوێت، بە پێچەوانەی گریمانەکانی ئێمە مامۆستایان بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە (٤٨.١٪) لە ئاستی وەرگرتنی ناوەرۆکەکان زۆر ڕازین، (٤٤.٤٪)ڕازین، (٧.٤٪) تاڕادەیەک ڕازین. ڕێژەی وەڵامی ڕازینیم لەگەڵ بە هیچ شێوەیەک ڕازینیم سفره.




چارتی ژ (١٧) ئاستی وەرگرتنی زانیارییەکان بە زمانی ئینگلیزی

**پرسیاری پێنجەم: (ئایا قوتابیان دەتوانن بە زمانی ئینگلیزی بەشداری چالاکییەکانی ناو پۆل بکەن؟)**

بە تەماشاکردنی چارتی ژ (١٨) دەردەکەوێت، (٣٣.٣٪) مامۆستایان زۆر ڕازین، (٥٩.٣٪) ڕازین، (٧.٤٪) تاڕادەیەک ڕازین، سەبارەت بە ناڕازیبوون لە ئاستی قوتابیان ڕێژەکە(٠٪)واتە هیچ مامۆستایەک لە ئاستی چالاکییەکانی ناو پۆل لەهیچ قوتابییەک ناڕازی نین.

[١] بڕوانە سەرجەم چارت و خشتەکانی شیکارکردنی فۆرمی قوتابی.




چارتی ژ (١٨) ئاستی بەشداری قوتابیان لە چالاکییەکانی ناو پۆل

**پرسیاری شەشەم: ئاستی دەرچوونی قوتابیان لە وانەکان؟**

بەسەرنجدان لە چارتی ژ (١٩) دەردەکەوێت، مامۆستایان بە ڕێژەی (٥٥.٦٪) زۆر ڕازین، بە ڕێژەی(٣٧.٠٪) ڕازین، (٣.٧٪) تارادەیەک ڕازین، (٣.٧٪) ناڕازیم.




چارتی ژ (١٩) ئاستی دەرچوونی قوتابیان

**پرسیاری حەوتەم: (هیچ ئاستەنگی و گرانییەک لە کاتی وانەوتنەوە بە زمانی ئینگلیزی بەدیدەکەیت ؟)**

لەم جۆرە قوتابخانانەدا بەهۆی ئەوەی قوتابیان ئەو زمانەی پێدەخوێنن، نایزانن، بۆیە ئەرکێکی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا و کاتی زیاتری پێویست دەبێت، چونکە دەبێت لەپاڵ خوێندنی وانەکان فێری زمانیشیان بکەن، بەسەرنجدان لە چارتی (٢٠) دەردەکەوێت: (٣٣.٣٪) بە شێوەیەکی ڕەها ئەم دیاردەیە بەدیدەکەن و (١٨.٥)ئەم دیاردەیە بەدیدەکەن، (٢٥.٩٪)

تا ڕادەیەک هەست بەم زیادە ئەرکە دەکەن، بەڵام (١٨.٥٪) ئەم دیاردەیە بەدیناکەن و (٣.٧٪) بەهیچ شێوەیەک هەست بە ئەرکی زیاتر ناکەن.




چارتی ژ (٢٠) زیادبوونی ئەرکی مامۆستا

**پرسیاری هەشتەم:** **(ئایا ڕێنماییە پەروەردەییەکان بە زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیان سوودی پەروەردەیی دەبێت؟)**

بەسەرنجدان لە چارتی ژ (٢١) دەبینین، (١٨.٥٪) پێیانوایە ڕێنماییە پەروەردەییەکان بە زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی ڕەها سوودی هەیە، (٤٤.٤٪) پێیانوایە سودی هەیە، (٢٢.٢٪) پێیانوایە تا ڕادەیەک سوودی هەیە، (١٤.٨٪) دەڵێن سوودی نییە، (٠٪) بەهیچ شێوەیەک سوودێکی نییە. ئەم ئامارە چاوەڕوان نەکرابوو، چونکە بەپێی ئەو ڕاپرسییەی کە لەگەڵ قوتابیان ئەنجامدرا قوتابیان ئاستی فێربوونی زمانی ئینگلیزیان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بە زمانی ئینگلیزی نە وانە نە ڕێنمایی پەروەردەیی وەربگرن.




چارتی ژ (٢١) سوودی ڕێنمایی پەروەردەیی بە زمانی ئینگلیزی

**پرسیاری نۆیەم:ئایا قوتابیان زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵدەکەن؟**

بەهۆی ئەوەی قوتابیان لە بازنەی یەکەمی خوێندنن، هێشتا بە باشی ناتوانن بە زمانی ئینگلیزی ئاخاوتن بکەن، فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیان لاوازە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنا بۆ کۆدتێکەڵکردن و کۆدگۆڕین دەبن، بە سەرنجدان لە چارتی ژ (٢٢) وەڵامی مامۆستایان سەبارەت بە پرسیارەکە بەم شێوەیە بوو: (٣.٧٪) ی مامۆستایان پێیانوایە، بە شێوەیەکی ڕەها دیاردەکە دەبینرێت، (١٨.٥٪) دیاردی کۆدتێکەڵکردن و کۆدگۆڕینەوە لە ناو قوتابیاندا دەبینن، هەروەها(٥١.٩٪) لەگەڵ ئەوەدان تاڕادەیەک کۆدەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵدەکەن، بەڵام (٢٥.٩٪) لەگەڵ ئەوەدان ئەم دیاردەیە نابینرێت و بەڕێژەی (٠٪) واتە هیچ کەس لەگەڵ ئەوە نەبوو کە بەهیچ شێوەیەک دیاردەکە بوونی نەبێت.




چارتی ژ (٢٢)کۆدتێکەڵکردن و کۆدگۆڕینەوە

**پرسیاری دەیەم:(جیاوازیی کەلتووری لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ئاستەنگی بۆ قوتابیان دروستکردووە؟)**

زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی سەر بە دوو کەلتووری جیاوازن، بۆیە لەکاتی خوێندن بە هەر زمانێک یەکێک لە ئاریشەکان، ئاریشەی کەلتوورییە، ئەم جیاوازی کەلتووریەش زۆرجار لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندان، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە پێدانە، پرۆگرامی ئەم قوتابخانانە هەمان ئەو پرۆگرامانەیە لەو قوتابخانانە دەخوێنرێت، کە بە زمانی کوردی دەخوێنن، واتە پرۆگرامێکی کوردییە و وەرگێڕانی ئینگلیزی بۆ کراوە، بۆیە ڕەنگە گرفتی کەلتووری زۆر نەبێتە گرفتێکی قوڵ لەبەردەم وانەوتنەوەی مامۆستایان، بۆیە بەسەرنجدان لە چارتی ژ (٢٣) دەبینین، بە ڕێژەی(٢٩.٦٪) لەگەڵ ئەوەدان جیاوازی کەلتووری گرفتی زۆری دروستکردووە، بەڕێژەی(٣.٧٪) مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان بەڵێ گرفتی دروستکردووە، (٣٣.٣٪) پێیانوایە

تاڕادەیەک گرفتی دروستکردووە،(٠٪) گرفتی دروست نەکردووە، (٣٣.٣٪) لەگەڵ ئەوەدان بەهیچ شێوەیەک گرفتی دروست نەکردووە.




چارتی ژ (٢٣)کاریگەریی جیاوازی کەلتووری لە پەروەردەی جووتزماندا

**پرسیاری یازدەیەم: (ئایا زمانی کوردی کاریگەریی لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە؟)**

کاتێک قوتابی بە زمانی دووەم پەروەردە دەکرێت، بە شێوەیەکی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی کاریگەریی زمانی دایک لە سەر دەبێت، بەتایبەت لەکاتی فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەمدا، بە سەرنجدان لە سەر چارتی ژ (٢٤) دەبینین، مامۆستایان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە (٠٪) بەهیچ شێوەیەک کاریگەریی نییە، واتە هیچ مامۆستایەک لەگەڵ ئەوەدا نییە، کە زمانی دایک کاریگەریی هەبێت، هەروەها (١١.١٪) لەگەڵ ئەوەدان کاریگەریی نییە، بەڵام (٤٤.٤٪) پێیانوایە، تا ڕادەیەک کاریگەریی هەیە، (٢٢.٢٪) دەڵێن زمانی یەکەم کاریگەریی لە سەر زمانی دووەم هەیە، هەروەها (٢٢.٢٪)لەگەڵ ئەوەدان بە شێوەیەکی ڕەها کاریگەریی هەیە، واتە زۆرینەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان، کە زمانی کوردی کاریگەریی لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە.




چارتی ژ (٢٤) کاریگەریی زمانی یەکەم لە سەر زمانی دووەم

**پرسیاری دوازدە: (ئایا لە پۆلدا قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کوردەوارییەوە پەیوەست دەکەی؟)**

کاتێک قوتابی بە زمانێکی تر دەخوێنێت، لە ژینگەی کۆمەڵایەتی زمانی دایکی دادەبڕێت، کە سەرچاوەیەکی گرنگی کۆزانیاریی زمانی و کۆزانیاریی گشتییە، سەبارەت بەو بابەتەی تا چەند مامۆستایان قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەوارییەوە پەیوەستدەکەن؟بە سەیرکردنی چارتی ژ (٢٥) دەبینین، وەڵامەکان بەم شێوەیەن:بە ڕێژەی (٣٣.٣٪) بە شێوەیەکی ڕەها قوتابیان بە ژینگەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە پەیوەستدەکەن، بە ڕێژەی (٥١.٩٪) قوتابی پەیوەستدەکەن،بە ڕێژەی (٧.٤٪) تا ڕادەیەک پەیوەستی دەکەن، بەڵام بە ڕێژەی (٣.٧٪) پەیوەستی ناەن، بەڕێژەی (٣.٧٪) بەهیچ شێوەیەک پەیوەستی ناکەن.




چارتی ژ (٢٥) پەیوەستکردنی قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری

**پرسیاری سیازدەیەم: (ئایا قوتابیان لەناو پۆلدا ئارەزوودەکەن بە کام زمان قسەبکەن؟)**

گومان لەوەدا نییە، هەموو مرۆڤێک زمانی دایکی لە هەموو زمانەکانی تر باشتر دەزانێت، بێگومان باشتر زانین ئارەزووی قسەپێکردن زیاتر دەکات، بەڵام هەندێکجار بەهۆکارێک مرۆڤ ناچاردەبێت، یان ناچاردەکرێت، بە زمانێکی تر قسەبکات، هەندێکجار بەهۆی لەدەستدانی شکۆوە کەسەکە ناچاردەبێت، بە زمانێکی تر قسەبکات. سەبارەت بە پرسیاری سەرەوە وەڵامی مامۆستایان بەم شێوەیە بوو: (١٤.٨٪) ی قوتابیان ئارەزویان لێیە بە زمانی کوردی قسەبکەن، لە بەرانبەردا (٥٩.٣٪)ی قوتابیان حەزدەکەن بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەن. (٢٥.٩٪) حەزدەکەن بە زمانی کوردی و ئینگلیزی قسەبکەن. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە زمانی کوردی ڕێگری لێدەکرێت، یان جۆرێک لە شەرمکردن (شەرم لەوەی ئەگەر قوتابییەکە بەکوردی قسەبکات بە تەمەڵ ناودەبرێت) ئینگلیزی زانین بە شانازی و زیرەکی سەیردەکرێت.




چارتی ژ (٢٦) ئارەزووی ئاخاوتن بە زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی

**پرسیاری چواردەیەم: (ئەو هەڵە زەق و دیارانەی لە قوتابیدا بەدیدەکەیت، کامانەن؟)**

کاتێک قوتابی بە زمانی دایکی ناخوێنێت، توشی کۆمەڵێک هەڵەی زمانی دەبێتەوە، وەک لە چارتی (٢٧) دا دەردەکەویت، لەو هەڵە دیارانەی کە قوتابی لەکاتی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی دەیکەن، (٤٨.١٪) ی مامۆستایان هەڵەی ڕێزمانی دیاریدەکەن، لە (٢٢.٢٪) ی مامۆستایان هەڵەی درکاندن دەستنیشاندەکەن، ئەوەی جێگەی سەرنجە (٠٪) مامۆستایان هەڵەی تێگەیشتنی واتای وشە دەستنیشاندەکەن، (٢٩.٦٪) مامۆستایان هەموو هۆکارەکان واتە هەڵەی ڕێزمانی و هەڵەی درکاندن و هەڵەی تێگەیشتن لە واتای وشە دیاریدەکەن .هیچ کام لەو هۆکارانە ڕێژەکەی (٠٪) واتە هەموو مامۆستایان دان بە هەڵەی قوتابیاندا دەنێن.




چارتی ژ (٢٧) هەڵە زمانییەکان

### ٣/٣-٢-٥-١) ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی مامۆستایان:

١- ڕێژەیەکی زۆری مامۆستایان بە شێوەیەکی ڕەها زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە بەکاردەهێنن، واتە بە هیچ شێوەیەک زمانی کوردی بەکارناهێنن.

٢- ڕێژەیەکی زۆری مامۆستایان ڕێگەنادەن قوتابیان بە زمانی کوردی بەشداری چالاکی و گفتوگۆکانی ناو پۆل بکەن.

٣- لەم قوتابخانانەدا زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی یەکەم، زمانی کوردی بووەتە زمانی دووەم.

٤- زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان لە ئاستی تێگەیشتن و قسەکردنی قوتابیان بە زمانی ئینگلیزی ڕازین و پێیانوایە قوتابیان دەتوانن بە زمانی ئینگلیزی ناوەڕۆکی بابەتەکان وەربگرن و بەشداری چالاکییەکانی ناوپۆل بکەن، هەروەها لە ئاستی دەرچوونی قوتابیان ڕازین و زۆرینەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان ڕێنماییە پەروەردەییەکان بە زمانی ئینگلیزی سوودی هەیە.

٥- زۆربەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان، کە پەروەردەکردن بە زمانی ئینگلیزی ئەرکی مامۆستایانی قورسترکردووە و ئاستەنگی بۆ مامۆستایان دروستکردووە.

٦- زۆرینەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان قوتابیان زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵدەکەن.

٧- زۆرێک لە مامۆستایان پێیانوایە جیاوازی کەلتووری ئاستەنگی دروستکردووە.

٨- زۆربەی مامۆستایان لەکاتی وانەوتنەوە قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەوارییەوە پەیوەستدەکەن.

٩- زۆرینەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان کە زمانی کوردی کاریگەریی لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە.

١٠- زۆرینەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان، کە قوتابیان لە پۆلدا زیاتر حەزدەکەن بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەن.

١١- کاتێک قوتابی بە زمانی دووەم قسەدەکات، توشی کۆمەڵێک هەڵەی زمانی دەبێتەوە، زۆربەی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدان زۆرترین ئەو هەڵانە هەڵەی ڕێزمانیین، هەندێکیشیان دەڵێن هەڵەی درکاندنە، هەروەها هەندێک لە مامۆستایان دەڵێن هەموو هەڵە زمانییەکانن.

## ٣/٣-٢-٦) شیکارکردنی کارەکیانەی فۆڕمی دایک و باوکی قوتابی:

ئامانجی ئەم فۆڕمە پشکنینی هۆکاری دروستبوونی ئەو ئاریشانەیە، کە لە پەروەردەی جووتزمانییەوە بۆ قوتابی و دایک و باوکان دروستدەبێت، هەروەها بە شێوەیەکی کارەکی سەلماندن و پاساودانی بەشێک لەو گریمانانەیە، کە لەبەشی یەکەم و دووەم و پاری دووەمی بەشی سێیەمدا خستمانەڕوو، لێرەدا کراوەتە پرسیار و ڕووبەڕووی دایکان و باوکان کراوەتەوە.

| ژ.پ | پرسیار | هەڵبژاردەی یەکەم | | هەڵبژاردەی دووەم | | هەڵبژاردەی سێیەم | | هەڵبژاردەی چوارەم | | هەڵبژاردەی پێنجەم | | ناوەندە ژمێرەیی | لادان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | | |
| ١ | کام زمان لەوی تر بە گرنگتر دەزانیت؟ | 2 | 4.8 | 15 | 35.7 | 25 | 59.5 | | | | | 2.5 | 0.7 |
| ٢ | تا چەند پێت باشە منداڵەکەت بە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت؟ | 31 | 73.8 | 10 | 23.8 | 1 | 2.4 | | | | | 4.7 | 0.5 |
| ٣ | تا چەند پێت باشە منداڵەکەت بە زمانی کوردی بخوێنێت؟ | 3 | 7.1 | 8 | 19 | 16 | 38.1 | 11 | 26.2 | 4 | 9.5 | 2.8 | 1.0 |
| ٤ | تا چەند زمانی ئینگلیزی دەزانی؟ | 2 | 4.8 | 9 | 21.4 | 20 | 47.6 | 8 | 19 | 3 | 7.1 | 2.9 | 0.9 |
| ٥ | تا چەند منداڵەکەت ئارەزووی چوونە قوتابخانەی هەیە؟ | 17 | 40.5 | 22 | 52.4 | 2 | 4.8 | 1 | 2.4 | | | 4.3 | 0.6 |
| ٦ | منداڵەکەت ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە؟ | 18 | 42.9 | 19 | 45.2 | 4 | 9.5 | 1 | 2.4 | | | 4.2 | 0.7 |
| ٧ | منداڵەکەت لەماڵەوە لە کاتی قسەکردن وشەی ئینگلیزی تێکەڵ بە زمانی کوردی دەکات ؟ | 12 | 28.6 | 17 | 40.5 | 3 | 7.1 | 8 | 19 | 2 | 4.8 | 3.6 | 1.2 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | هیچ ئاستەنگێکت بۆ دروســـــتدەبێت لە کاتی هاوکاریکردنی منـــــــداڵەکەت لە وانەکانیدا؟ | 3 | 7.1 | 11 | 26.2 | 3 | 7.1 | 16 | 38.1 | 9 | 21. | 2.6 | 1.2 |
| ٩ | منداڵەکەت گرفتی بۆ دروستدەبێت، کاتێک بە زمــانی کــوردی قسەدەکات؟ | 1 | 2.4 | 4 | 9.5 | 1 | 2.4 | 10 | 23.8 | 26 | 61. | 1.6 | 1.0 |

خشتەی ژ (١٥) ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی دایک و باوکان

**پرسیاری یەکەم:** ( **کام زمان لەوی تر بە گرنگتر دەزانیت؟** )

بەسەرنجدان لە چارتی ژ (٢٨) دەردەکەوێت، تەنها (٤.٨٪) دایک و باوکان زمانی کوردی بەگرنگتر دەزانن، لە کاتێکدا بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر کە (٣٥.٧٪) زمانی ئینگلیزی لە زمانی کوردی بەگرنگتر دەزانن و بە ڕێژەی (٥٩.٥٪) زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی وەکو یەک بە گرنگ دەزانن، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، زمانی ئینگلیزی لای دایک و باوکان سەنگ و بەهای لە زمانی کورد زیاترە.




چارتی ژ (٢٨) پیشاندانی شکۆی زمان لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە

**پرسیاری دووەم:** ( **تا چەند پێت باشە منداڵەکەت بە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت؟** )

بەسەرنجدان لە چارتی ژ (٢٩) دەردەکەوێت، (٧٣.٨٪)ی دایکان و باوکان زۆریان پێ باشە منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن،بە ڕێژەی (٢٣.٨٪) پێیان باشە، هەروەها بە ڕێژەی (٢.٤٪) تا ڕادەیەک پێیان باشە، واتە کۆی گشتی بەشداربوان خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بە باش دەزانن.




چارتی ژ (٢٩) بۆچوونی دایک و باوکان لە سەر خوێندن بە زمانی ئینگلیزی

**پرسیاری سێیەم:** ( **تا چەند پێت باشە منداڵەکەت بە زمانی کوردی بخوێنێت؟**)

بۆچونی دایک و باوکان سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی وەک لە چارتی ژ (٣٠) دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٧.١٪) زۆر پێ باشە و بە ڕێژەی (١٩٪) پێیان باشە،(٣٨.١٪) تاڕادەیەک پێیان باشە، بەڵام بە ڕێژەی (٢٦.٢٪) پێیان باش نییە و بە ڕێژەی (٩.٥٪) بە هیچ شێوەیەک پێیان باش نییە، منداڵەکانیان بە زمانی کوردی بخوێنێن.




چارتی ژ (٣٠) بۆچوونی دایکان و باوکان لە سەر خوێندن بە زمانی کوردی

**پرسیاری چوارەم:** ( **تا چەند زمانی ئینگلیزی دەزانی؟**)

وەک لە خشتەی ژ (٢) پیشاندرا زۆربەی ئەو کەسانەی منداڵەکانیان خستووەتە قوتابخانە ناحکومییەکان چینی خوێندەوارن، بۆیە وەک لە چارتی ژ (٣١) دەردەکەوێت بە ڕێژەی (٤٠.٨٪) زۆر بەباشی ئینگلیزی دەزانن، بە ڕێژەی (٢١.٤٪) بە باشی دەیزانن، بەڕێژەی (٤٧.٦٪)

تاڕادەیەک ئینگلیزی دەزانن، بەڵام (١٩٪) ئینگلیزی نازانن و بە ڕێژەی (٧.١٪) بەهیچ شێوەیەک ئینگلیزی نازانن.




چارتی ژ (٣١) شارەزای دایک و باوکان لە زمانی ئینگلیزی

**پرسیاری پێنجەم: ( تاچەند منداڵەکەت ئارەزووی چوونە قوتابخانەی هەیە؟)**

بەسەرنجدان لە چارتی ژ (٣٢) دەبینین بە ڕێژەی(٤٢.٩٪) دایک و باوکان دەڵێن: منداڵەکانیان زۆر ئارەزووی چوونە قوتابخانەی هەیە، بە ڕێژەی(٤٥.٢٪) ئارەزووی چوونە قوتابخانەیان هەیە، بە ڕێژەی(٩.٥٪) تاڕادەیەک ئارەزووی چوونە قوتابخانەیان هەیە، بەڵام بە ڕێژەی(٢.٤٪) ئارەزووی چوونە قوتابخانەیان نییە، بە ڕێژەی(٠٪) بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی چوونە قوتابخانەیان نییە. ئەم ئەنجامە پێچەوانەی گریمانەکانی ئێمەوە دەبینین زۆربەی قوتابیان ئارەزوویان بۆ چوونە قوتابخانە کەمی نەکردووە، هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەی قوتابخانە ناحکومییەکان بە قوتابیانی دەدەن، بەهۆی دابینکردنی کەشێکی لەبار بۆ قوتابیان، بەدەگمەن ئەم کەشە بۆ قوتابیانی قوتابخانە حکومییەکان ڕەخساوە.




چارتی ژ (٣٢) ئارەزووی منداڵان چوونە بۆ قوتابخانە دەکەن

**پرسیاری شەشەم: مندالەکەت ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە؟**

بەسەرنجدان لە لە چارتی ژ (٣٣) دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٢.٩٪) دایک و باوکان دەڵێن: مندالەکانیان زۆر ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکەن، بەڕێژەی (٤٥.٢٪) ئارەزووی دەکەن، بەڕێژەی (٩.٥٪) تاڕادەیەک ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکەن، بەڵام لە (٤.٥٪) دایک و باوکان دەڵێن مندالەکانیان ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزیان نییە، (٢.٤٪) بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی نییە.




چارتی ژ (٣٣) ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە لایەن مندالانەوە

**پرسیاری حەوتەم: (مندالەکەت لە کاتی قسەکردن وشەی ئینگلیزی تێکەڵ بە زمانی کوردی دەکات؟)**

ئەو قوتابیانەی بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، توشی داخورانی زمانی دەبن، یەکێک لەوانەش دیاردەی کۆدتێکەڵکردنە، بە تێڕوانین لە چارتی ژ (٣٤) دەبینین، (٢٨.٦٪) مندالان بە زۆری زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵ بە یەکتری دەکەن، بەڕێژەی (٤٠.٥٪) هەندێکجار هەردوو زمانەکە تێکەڵدەکەن،(٧.١٪) تاڕادەیەک ئەم دیاردەیە هەست پێدەکەن، بەڵام بە ڕێژەی(١٩٪) هەست بە بوونی ئەم دیاردەیە ناکەن لە کاتی قسەکردنی مندالەکانیاندا و بە ڕێژەی(٤.٨٪) بەهیچ شێوەیەک ئەم دیاردەیە لە مندالەکانیاندا نابینن.




چارتی ژ (٣٤) تێکەڵکردنی زمانی ئینگلیزی و کوردی لە کاتی ئاخاوتن

**پرسیاری هەشتەم: (هیچ ئاستەنگێکت بۆ دروستدەبێت لە کاتی هاوکاریکردنی منداڵەکەت لە وانەکانیدا؟)**

بەسەرنجدان لە خشتەی ژ (٣٥) دەبینین، بە ڕێژەی (٧.١٪) دەڵێن زۆرجار ئاستەنگیان بۆ دروستدەبێت، بە ڕێژەی (٢٦.٢٪) لەگەڵ ئەوەدان هەندێکجار ئاستەنگیان بۆ دروستدەبێت و بە ڕێژەی (٧.١٪) تاڕادەیەک ئاستەنگیان بۆ دروستدەبێت، بەڵام بە ڕێژەی (٣٨.١٪) لەگەڵ ئەوەدان ئاستەنگیان بۆ دروست نابێت و بە ڕێژەی (٢١.٤٪) بەهیچ شێوەیەک ئاستەنگیان بۆ دروست نابێت.




چارتی ژ (٣٥) زیادبوونی ئەرکی دایک و باوک

**پرسیاری نۆیەم: منداڵەکەت گرفتی بۆ دروستدەبێت، کاتێک بە زمانی کوردی قسەدەکات؟**

لە خشتەی ژ (٣٦) دەردەکەوێت بە ڕێژەی (٢.٤٪) لەگەڵ ئەوەدان زۆرجار گرفتیان بۆ دروستدەبێت، بە ڕێژەی (٩.٥٪) لەگەڵ ئەوەدان هەندێکجار گرفتیان بۆ دروستدەبێت و بە ڕێژەی (٢.٤٪) دەڵێن تا ڕادەیەک گرفتی قسەکردن بە زمانی کوردی بۆ منداڵەکانیان دروستدەبێت، بەڵام بە ڕێژەی (٢٣.٨٪) لەگەڵ ئەوەدان گرفت بۆ منداڵەکانیان دروست نابێت و بە ڕێژەی (٦١.٩٪)یش دەڵێن بەهیچ شێوەیەک گرفتیان بۆ دروست نابێت.




چارتی ژ (٣٦) دروستبوونی گرفت بۆ دایک و باوکان

**٣/٣-٢-٦-١) ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دایک و باوکان:**

١- لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە زمانی ئینگلیزی بەگرنگتر لە زمانی کوردی دەزانن، هەر ئەمەشە وایکردووە، زۆرینەی دایک و باوکان حەزدەکەن منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، ڕێژەیەکی زۆرکەم پێیان باشە، منداڵەکانیان بە زمانی کوردی بخوێنێن. هەر ئەم بۆچوونەشە وایکردووە، هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و وا لە منداڵان بکەن، ئارەزووی خوێندنی زمانی ئینگلیزی زیاتر لە زمانی کوردی بکەن.

٢- زۆربەی دایک و باوکان لە توێژی خوێنەوارن، زۆرینەیان زمانی ئینگلیزی تا ڕادەیەک دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستەنگیان بۆ دروستدەبێت لەکاتی وانەپێوتنەوە (سەعیکردن)، بەشێکی کەمیان ئاستەنگیان بۆ دروست نابێت.

٣- بەهۆی ئەو کەشەی لە قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ قوتابیان ڕەخساوە، منداڵان ئارەزووی چوونە قوتابخانە دەکەن و بێزاری دەرنابڕن، هەرچەندە بەشێکی کەمیان ئارەزووی چوونە قوتابخانەیان نییە.

٤- کاریگەریی زمانی ئینگلیزی دەبینرێت و بەشێکی زۆری دایکان و باوکان باس لەوە دەکەن، منداڵەکانیان لە کاتی قسەکردن بە زمانی کوردی وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ئاستەنگی بۆ ئاخاوتن بە زمانی کوردی دروست نەکردووە.

# ئەنجامەکان

گرنگترین ئەنجامەکان لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:

١- بەکارهێنانی زمانی دایک لە قوتابخانە بە شێوەیەکی پاراو و ستاندارد دەبێتە هۆی پەخشکردنی کۆدە دروست و ستانداردەکان بۆناو کۆمەڵگا، لەم ڕێگەیەشەوە کۆدە گشتییەکان دروستدەبێت، بەمەرجێک قوتابی بە هەمان زمانی کۆمەڵگاکەی بخوێنێت. لە هەمان کاتدا قوتابی ئەو کۆزانیارییەی، کە لە ڕێگەی زمانەکەیەوە لە کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە، لە پرۆسەی پەروەردەدا یارمەتیدەری دەبێت.

٢- پەروەردەی جووتزمانی کاریگەریی خراپی بۆ سەر قوتابی هەیە و ڕێگرە لەبەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، هەستی خۆ بەکەمزانین لای قوتابی دروستدەکات، کاریگەریی نەرێنی لە سەر لایەنی زیرەکی و دەروونی قوتابیان هەیە و گەشەی کۆزانیاریی زمانی دوادەخات.

٣- پەروەردەی جووتزمانی کاریگەری نەرێنی بۆ سەر کەلتوور و نەتەوە هەیە، چونکە دەبێتە هۆی دابڕانی لەگەڵ نەتەوە و کەلتوورەکەی خۆی و پەیوەندیی لەگەڵ کەلتوورو نەتەوە و شارستانیەتی ئەو زمانەی کە پێدەخوێنێت، بەهێزدەبێت و دڵسۆزی بۆ هەموو ئەوشتانە نامێنێت، کە هی خۆی و نەتەوەکەی خۆین.

٤- باشترین تەمەن بۆ خوێندن بە زمانی بیانی دوای تەمەنی (١٠-١٢) ساڵییە، چونکە پێش ئەو تەمەنە خوێندنی بە زمانی بیانی تواناکانی لە نێوان دوو زماندا لاواز دەکات، زمانی یەکەم بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانێت قسەی پێبکات، بەڵام ئەوی تریان بە هەوڵ و ماندووبوون لە زمان و بیرکردنەوەدا قسەی پێدەکات، ئەمەیش کاتێکی زۆر بەفیڕۆدەدات و وا دەکات، بەردەوام لە گۆڕانی زمانی و دەروونیدا بێت و جێگیرنابێت. بەم شێوەیە منداڵ لە نێوان دوو نەتەوە، دوو کەلتوور، دوو مێژوو، دوو زماندا دابەشدەبێت.

٥- شکۆی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان لە زمانی کوردی زیاترە و زۆربەی دایکان و باوکان پێیان باشترە، کە منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت.

٦- کاریگەریی نەرێنی پەیڕەوی جووتزمانی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت، بەڵام کاریگەرییەکان بەو شێوەیە نییە، کە قوتابییەکان بە تەواوی زمانی کوردی لەبیربکەن و نەزانن و نەتوانن قسەی پێبکەن، بەڵکو کاریگەریی لە سەر کۆزانیاریی زمانیان هەیە و گەشەی کۆزانیاریی زمانی کوردیان دوادەخات.

٧- کۆزانیاریی زمانی ئینگلیزیان نەگەیشتووەتە ئاستێک بتوانن خوێندنی ئەکادیمی پێ ئەنجامبدەن، چونکە گەشەی کۆزانیاریی زمانی ئینگلیزیان لە بابەتی زانست و بیرکاری زۆر

لاوازە، بە شێوەیەک وەڵامی ڕاست لە کۆی هەر سێ پۆل لە بابەتی زانست تەنها (٣٧.٩٪) بووە و لە بابەتی بیرکاری (٥٠.٨٪) بووە، بەڵام وەڵامەکان بە زمانی کوردی لە بابەتی زانست و بیرکاری، لە کۆی هەر سێ پۆل لەبابەتی زانست (٤٩.٩٪) بووە و لە بابەتی بیرکاری (٤٢.٤٪) بووە.

٨- زمانی کوردی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر کەوتووەتە بەر لێشاوی جیهانگیری و گەمارۆدان، بەتایبەت خوێندن بە زمانی بیانی ڕێگەخۆشکەرە بۆ جیهانگیری بە تایبەت جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی، کە خۆی بخاتە نێو پرۆگرامی خوێندنی قوتابیان، لەلایەکەوە هەژموونی شارستانی و کەلتووری و بیری و فەلسەفەی خۆی بەسەر کۆمەڵگای کوردی زاڵبکات و لە لایەکی تریشەوە بکەوێتە ململانێی زمانی کوردی و کۆدە ئینگلیزییەکان زاڵدەبێت بەسەر کۆدەکانی زمانی کوردی.

# پێشنیازەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ئاستی کۆزانیاریی قوتابیان و ڕاوبۆچوونی مامۆستایان و دایک و باوکی ئەو قوتابیانەی، کە منداڵەکانیان لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا دەخوێنن، خوێندنی جووتزمانی یان فرەزمانی و لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی مامۆستای سەرپەرشت، توێژەر ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەکات:

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتری مەیدانی لە سەر بنەما زانستییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە پەروەردەیییەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە هەموو لایەنە زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، شارستانیی، نیشتمانی، ڕەوشتی و بەهاکان. لە لایەکی تریشەوە سنووردارکردن و فراوان نەکردنی ئەم جۆرە پەروەردەیە تا ئەو کاتەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا دەکرێت.

٢- بۆ وەستاندنی خوێندنی جووتزمانی لە قۆناغی سەرەتایی بڕیاری سیاسی یەکلاکەرەوە بدرێت و پێویستە بڕیاربەدەستان سەرەتا لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیییەکاندا زمانی کوردی بسەپێنن، پاشان لە دامەزراوە جیاوازەکانی دیکەدا، هەروەها پێویستە بە توندی ئەم ڕەوتە پەیڕەوبکرێت، کە دواجار دەبێتە هۆی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا.

٣- چاولێکردنی سیستەمی پەروەردەی جووتزمانی لە وڵاتانی دیکە، هەروەها لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت و سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت، کە پێشتر خوێندنی جووتزمانیان بەکارهێناوە.

٤- پێویستە لە قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی گرنگی بە فێربوون و فێرکردنی زمانی دایک بدرێت، واتە زمانی یەکەمی منداڵەکە، کە زمانی کوردییە، بەو پێیەی گرنگترین و هەستیارترین قۆناغە بۆ بەدەستهێنانی زمانی دایک، هەروەها دواخستنی فێرکردنی زمانی بیانی تا دوای تەمەنی (١٠-١٢)ساڵی، چونکە فێرکردنی زمانی بیانی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتاییدا سوودی بۆ زمانی بیانی نییە و لە هەمان کاتدا زیان بە زمانی یەکەم دەگەیەنێت، ئەمە سەرەڕای زیانەکانی تری پەروەردەیی کە پەیوەندییان بە بەها و بیروباوەڕ و کولتوورەوە هەیە.

٥- دەبێت هۆشیاریی زمانی بڵاوبکرێتەوە و خەڵکی بگەیەنرێتە ئەو باوەڕەی زمانی دایک چەند گرنگە، پەروەردەی منداڵ و پاراستنی گیانی نەتەوەیی و ئەو پەیوەندییە لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەیە، پەیوەندییەکی پیرۆزە و شانازی و شکۆمەندی و تەنانەت

بوونمانه، دەبێت بەرگری لێ بکەین و بوونی بە باشترین شێوە بپارێزین، بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکەین، دەبێت  ژینگەی لەباری لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ بڕەخسێنرێت.

٦- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی بۆ فێرکردنی زمانی بیانی لە قۆناغ و کاتی گونجاو و ئاشکراکردنی ئەو قسە فریودەرانەی، کە خەڵکی بۆ سوودەکانی خوێندنی جووتزمانی لە قۆناغی  سەرەتایی بۆ زمانی بیانی دروستیانکردووە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم- سەرچاوە کوردییەکان:

### أ- کتێب:


١- ئازاد عەلی و سەرهەنگ ئیبراهیم سەعید (٢٠١٩)، دەروازەیەک بۆ دەرونزانی گشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران.

٢- ئیبراهیم خلیل(٢٠١٦)، و. نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، تیۆر و ڕێبازەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣- ئەیوب ڕەشید حوسێن (٢٠٢١)، ڕۆڵی زمان لە بواری پەروەردەدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،(٣)٨.

٤- Klau Baumgaertner و کۆمەڵێک زمانەوانی تر... (٢٠٠٩)، و. محەمەد مەحوی، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥- بێرنارد کەمری و کۆمەڵێک زمانەوان (٢٠٠٧)، و.کامیل محەمەد قەرەداغی، زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٦- پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانی-عێراق(٢٠٠٩).

٧- پرۆژەیاسای پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق ٨-١٢-٢٠٢١.

٨- تاریق جامباز (٢٠٠٥)، زمانە فەرمییەکان لە دەستوری وڵاتە فیدراڵییەکاندا، سلێمانی.

٩- ــــــــــــ (٢٠١٤)، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠- حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١١- دارا حەمید محەمەد (٢٠١٣)، هەندێک لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٢- دارا حەمید و فاروق محمەد ڕەزا (٢٠١٣)، زمانی دایک و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣- دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

١٤- ڕوخسار نەبی مغدید (٢٠٢٠ )، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی کوردی، لە ڕوانگەۆران، فاکەڵتی پەروەردە.

١٥- ڕەحیم قادر سورخی (٢٠١٤)، پلانی زاراوەسازیی لە تیۆریی پلانی زماندا، گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە (٢٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٦- ڕەفیق شوانی (٢٠٠٩)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٧- ڕەمەزان حەمەدمین قادر (٢٠١٦)، سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان، چاپی یەکەم، کۆیە.
١٨- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٩- ـــــــــــــــ (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٠- سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان(٢٠٠٩).
٢١- سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨)،زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.
٢٢- ـــــــــــــــ (٢٠١٠)، ستانداردبوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢٣- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠) زمانەوانی، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٤- شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا (٢٠١١)، زمانڤانییە کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢٥- شیلان عومەر حسین (٢٠٢١ب)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.
٢٦- عبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٥)، زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
٢٧- ـــــــــــــــ (٢٠٢١)، زمانەوانیی گشتی، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢٨- کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠١١)، سایکۆلۆژیای گشتی،چاپی سێیەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
٢٩- لویس جان کالفی (٢٠١٢)، و.بەهادین جەلال مستەفا، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٠- محەمەد ڕەزا باتنی (٢٠١١)، و.هێرش کەریم، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، چاپی یەکەم چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
٣١- محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
٣٢- محەمەدە عودە ئەلریماویی (٢٠١١)، و.ئاری عوسمان خەیات، لە دەروونزانی منداڵدا، چاپی دووەم، چاپخانەی نارین، سلێمانی.

٣٣- میدڵ ویست ۆچ (٢٠٠٤)، و. محەمەد حمەساڵەح تۆفیق، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، سلێمانی.
٣٤- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٣٥- نەوزاد کەلهوڕ (٢٠١٠)، گەشەکردنی منداڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٣٦- هەژار عەزیز سورمێ (٢٠٠٩)، لەبارەی جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە، هەولێر.
٣٧- _____ (٢٠٢٠)، و. رەمەزان حەمەدەمین قادر، تیۆرەکانی فێربوون – جێبەجێکردنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

## ب- نامەی ئەکادیمی:

١- ئازاد عزیز سلێمان (٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
٢- ئاسۆ عبدالرحمن کریم (٢٠١٩)، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣- ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤- دانا تەحسین محەمەد (٢٠٠٨)، نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا، نامەی ماستەر، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.
٥- دەروون عەبدولڕەحمان ساڵەح (٢٠١٤)، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٦- شیلان رحیم ابراهیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاری وشەی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٧- عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥)، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٨- قادر فەتاح ئەحمەد (٢٠١٠)، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.
٩- کاروان عومەرقادر و شاخەوان جەلال (٢٠١٢)، فێرکردن لە نێوان ڕستەو دەقدا، بەشی کوردی، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانیی.

١٠- ناهیده ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣)، زمانپژاندن و دیاردەی سایکۆ- فۆنۆلۆژییەکانی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
١١- هیوا مەولود عەبدوڵا (٢٠١٦)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا، بەشی کوردی، سکوڵی زمان، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
١٢- هەوار عومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

## پ- **گۆڤار:**

١- ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٦)، پێکداچوونەکانی نێوان فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنابەرێتی زمانیی(هەژموونی زمانیی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٥٠)،بەشیB.
٢- ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١٦)، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە (٥٠)، بەشی B.
٣- ئومێد بەرزان برزۆ و کەژاڵ جهانبخش محمد(٢٠١٩)، جیهانگیریی زمان و کاریگەرییەکانی لە سەر داهاتووی شوناسی نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری گەرمیان.
٤- بدرخان سلێمان علی(٢٠١٦)، ڕادەو ڕێژەی پێوەری زیندوێیەتی زمانی کوردی، گۆڤاری (استاذ)، ژمارەیەکی تایبەت بە چوارەمین کۆنفرانس، زانکۆی بەغداد.
٥- دارا حەمید محەمەد ( ٢٠١٦)، زمانی کوردی لە نێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٥٠)، بەشی B.
٦- ڕۆستەم محمەد ئەحمەد و هێرش کەریم حەمید (٢٠١٩)، ڕێکارەکانی فێرکردنی_زمانی بیانی (کەلتوور)بەنمونە. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٥).
٧- شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٣)، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٣)، سلێمانی.
٨- شیلان عوسمان عەبدالرحمان (٢٠١٧)، جووتزمانی و کاریگەری زمانی دووەم لە سەر زمانی دایک (بەنمونەی زمانی دەرچوانی قۆناغی ( بنەڕەتی/ئامادەیی) زمانی کوردی زمانی (دایک) و زمانی دووەم (ئینگلیزی) )، مجلة الأستاذ عدد خاص باللغةالكرديه للمؤتمر العلمی الخامس.
٩- شیلان عومەر حسێن (٢٠١٤)، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٤٤).

١٠-ـــــــــــــــــــــ (٢٠١٦)، داخورانی زمانی دایک، بنەماو پەسنکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژمارە(٥٠).
١١-ـــــــــــــــــــــ (٢٠١٧)، ئـاوەزداری گەنجـی وشـە، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژمارە(٥٢).
١٢-ـــــــــــــــــــــ (٢٠٢١أ)، خوێنـدنی زمـانی دایـک و بونیادنـانی کەسـێتی. گۆڤـاری زانکۆی گەرمیان ٨(١).
١٣-عەبـدولجەبار مسـتەفا مەعـرووف (٢٠١٦)، لێکـدانەوەی تـاف و کـات لە زمـانپژانی منـداڵی کوردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە(٥٠)، بەشی B.
١٤-صـباح ڕەشـید قـادر و نەوزاد ئەنـوەر عـومەر(٢٠١٥)،پراگامتیـک و پەروەردە- فێرکـردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،Vol.2 No.4
١٥-کـاروان عـومەر قـادر و شـیلان ڕەحـیم ئیبـراهیم(٢٠١٩)، پەیپێبردنـی فەرهەنگـی ئـاوەزی وزمانی کوردی لە چوارچێوەی زانستی زمـانی درکپێکردنـدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبـجە، ژمارە ٧.
١٦-مسلم حسن محمد (٢٠٢١)، هزری پەروەردەیی لە پراگماتیکی جۆن دیودا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.
١٧-مهابـاد کامیـل عەبـدوڵا (٢٠١٥)، زمـانی دایـک لە سیسـتەمی پەروەۆدەدا، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕین. Vol.5 No.2
١٨-مهاباد کامیل عەبدوڵا و پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠٢١)، جیهانگیریی و مردنی زمانەکان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان-کەلار.
١٩-هاشـم ئەمـین (٢٠١٧)، زمـانی فەرمـی و پێگەی زمـانی کـوردی لە نێـو زمانەجیهانییەکانـدا، مجله جامعه التنمبه البشریه، مجلد٣،عدد٢.

**ت- <u>کۆنفرانس</u>:**

١- ئاڤێسـتا کەمـال مەحمـوود (٢٠١٢)، خوێنـدن بەزمـانی کـوردی لە خوێندنگاکانـدا پەیوەنـدییەکانی بەجۆراوجـۆری زمـانی و ناسـنامەی نەتەوایەتییەوە، کۆنفراسـی زانسـتی ساڵانەی زمانی کوردی، هەولێر.
٢- بەکر عـومەر عەلـی، کـاروان عـومەر قـادر، ئاڤێسـتا کەمـال (٢٠١١)، بنەماکانی فێربـوون و فێرکردن لە ڕوانگەی زانسـتی زمـانی پەروەردەییەوە، لێکۆڵینەوەکانی کۆنفراسـی زانسـتی زمانی کوردی، هەولێر.

**دووەم- سەرچاوەعەرەبییەکان:**


١- إبراهيم بن أحمد مسلم الحارثى (٢٠١١)، تأثير التعليم ثنائي اللغة على اللغة الأم (أثر التعليم باللغة الأجنبية على التعليم باللغة العربية، نموذجا).

٢- ابراهيم كايد محمود (٢٠٠٢)، العربية افصحى بين الإزدواجية اللغوية والثنائية اللغوية، مجلةالعلمية لجامعة الملك فيصل- العلوم الإنسانية والإدارية، المجلد الثالث- العدد الأول.

٣- أحمد درويش (٢٠٠٩)، اللغة والهوية، كلية دار العلوم بجامعة القاهرة.

٤- احمد محمد المعتوق (١٩٩٦)، الحصلية اللغوية- اهميتها- مصادرها- وسايل تنميتها، علم المعريفة، عدد ٢١٢، الكويت.

٥- جفري سامبسون (١٩٩٣)، ترجمة نعيم الكراعين،ط١، المؤسسة الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت.

٦- جلال شمس الدين (٢٠٠٣)، علم اللغة النفسي مناهجة و نظرياته و قضاياه، الجزء الاول، توزيع مؤسسة الثقافة الجامعية، منتدى سور الازبكية، مطبعة الانتصار، الاسكندرية.

٧- حسن حسين زيتون و كمال عبدالحميدزيتون (٢٠٠٣)، التعليم والتدريس من منظور النظرية البنائية، الطبعة الأولى.

٨- حمزة راوية (٢٠١٥)، ملامح نظرية السلوكية فى ظل منهاج تعليمية اللغة العربية في الطور الأول من المرحلة الأبتدائية في الجزائر،الماستر،قسم الأداب و اللغة العربية، كلية الأداب واللغات.

٩- رجاء وحيد دويدرى (٢٠٠٠)، أساسيات النظرية وممارستة العلمية، دار الفكر، بيروت – لبنان.

١٠- رحيم يونس كرو العزاوى (٢٠٠٨)، مقديمة فى منهج البحث العلمى، دار دجلة، عمان – الاردن.

١١- سعد ابولبدة (١٩٧٩)، مبادء القياس والتقويم التربوي للطالب الجامعي، كلية التربية، مطبعة جمعية عمال الطابع التعلونية، ط١، عمان.

١٢- شيماء شحاتة سعيد السيد (٢٠٢٠)، الاستفاده من نظريات اكتساب اللغه فى تنمية المهارات اللوغوية لطفل الروضة، جامعة المينا.

١٣- عبدالحميد عبدالمجيد البلداوى (٢٠٠٧)، أساليب البعث العلمى والتحليل الاحصائى: التخطيط للبحث وجمع وكيل بيانات وبأستخدام برنامج (spss)، دار الشروق، عمان – الاردن.

١٤- عبدالمجيد سيد احمد منصور (١٩٨٢)، علم اللغه النفسى،ط١، جامعه الملك سعود، الرياض.

١٥- عزيز كعواش (٢٠١٠)، علم اللغه النفسى بين الادبيات اللسانية و الدراسات النفسية، مجلة كلية الاداب و العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد السابع، دورية علمية محكمة تصدرها كلية الاداب و اللغات، جامعة بسكرة، الجزائير.
١٦- كمال يوسف الحاج (١٩٧٨) ،فى فلسفة اللغة، ط٢، دار النهار للنشر، بيروت.
١٧- لخضر لكحل، كمال فرحاوى (٢٠٠٩)، اساسيات التخطيط التربوى النظرية والتطبيقية، المعهد الوطنى لتكوين مستخدمى التربية وتحسين مستواهم، الجزائير.
١٨- محمد على الخولى (١٩٨٨)، الحياة مع لغتين"الثنائيه اللغوية" ،ط ١، مطابع الفرزدق التجارية، الرياض.
١٩- ــــــــــــــ (٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان.
٢٠- محمد مصطفى احمد يونس (٢٠١٠)، بين النظريات اللوغة واكتساب اللغة، كلية اللغات الأجنبية – قصم اللغة العربية – جامعة جوسون.
٢١- مصطفى ناصف (١٩٨٣)، ت. علي حسين حجاج، نظريات التعليم، يصدرها المجلس الوطنى للثقافة والفنون والأداب – الكويت.
٢٢- موسى رشيد حتاملة ( ٢٠٠٩)، اكتساب اللغة الثانية وتطبيقاتها التربوية، المجلة مجمع اللغة العربية الأردنى.
٢٣- ميجل سيجوان و وليم.ف مكاى (١٤١٥ هـ)، ت. ابراهيم حمد القعيد و محمد عاطف ماجد، التعليم و ثنائية اللغة، مطبع جامعة المللك سعود- الرياض.
٢٤- نايف خرما (١٩٨٧)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة
٢٥- نورالدين دريم بن محمد (٢٠١٥)، اثر التداخل اللوغوى فى العملية التعليمية، جامعة حسبيه بن بو على الشلف- مخبر تعليمية اللغات وتحليل الخاطاب، مجلة جسور المعريفة، الجزائر.
٢٦- هـ. دوجلاس براون (١٩٩٤)، ت. حمد العقيد وعيد عبدالله الشمرى، مبادئ تعلم والتعليم اللغة، مكتب التربية العربي لدول الخليج، الرياض.
٢٧- هدسن (١٩٨٧)، ت. محمود عبدالغنى عياد، علم اللغة الأجتماعي، الطابعة الاولى، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
٢٨- يحيى عبابنة و امنة الزعبي (٢٠٠٥)، علم اللغة المعاصر، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

## سێیەم- سەرچاوە فارسییەکان:


١- اتوسا رستم تفرشی، احمد رمضانی واسو کلائی (١٣٩١)، نقش فرهنگ در اموزش زبان خارجی، پژوهشگاه، علوم انسانی و مگالعات فرهنگی، شماره اول.

٢- بهمن زندی (١٣٩٣)، زبانشناسی تربیتی به مپابه حوزه پژوهیشی میان رشتهای، فصلنامه مطالعات میان رشته ای درعلوم انسانی، دوره ششم، شماره٤.

٣- جواد مصرأبادی و رجب ربوی و جواد حاتمی و تورج هاشمی (١٣٩٣)، فراتحلیل پیامدهای شناختی- تحصیلی دوزبانگی، فصلنامه پژوهش نوین روانشناختی، سال نهم، شماره٣٤.

٤- جورج کلوسکو، مترجم: خشایار دیهیمی (١٦ بهمن١٣٩٢)، راسخون، rasekhoon.net/article

٥- حمید حمادی (١٣٩٨)، برسی مناسب ترین مدلهای توسعه اموزش دوزبانگی از دیدگاه اساتید دانشگاه، مجلەی توسعەی اموزش جندی شاپور فصلنامەی مرکز مطالعات و توسعه اموزش علوم پزیشکی سال دهم.

٦- یحی مدرسی (١٣٦٨)، درامدی برجامعه شناسی زبان، موسسه مطلعات و تحقیقات فرهنگی- تهران.

٧- حسین مالک (١٣٩١)، ت. خدیجه نابیج، از نظر ارسطو،دانشگاه ازادی اسلامی،تهران.

٨- دبورا تانن (١٣٧٥)، ت. مهدی قراچەداغی و زهره فتوحی، منظورم این نبود: تفاوت های کلامی میان زن و مرد، نشر اوحدی، تهران.

٩- رضا کلانتری و اسداله خدیوی و اسکندر فتحی اذر و بیوک بهنام (١٣٩٠)، برسی روش های مناسب أموزش دوزبانه، فصلنامه نواوری های اموزشی، شماره ٣٩، سال دهم .

١٠- زهرا رحمانی (١٣٩٦)، روانشناسی یادگیری.

١١- شهرام واحدی (١٣٩٠)، رویکردها و استراتژی های اموزشی دوزبانه و پیامدهای شناختی عاطفی و اجتماعی ان.

١٢- شهین واعضی، فاتمه ذوالفقاری، ابراهیم رحیمی (١٣٩١) پردازش ذهنی در کودکان دوزبانه و تک زبانه، تفکر و کودک، پژوهشگاه علوم انسانی و مطلعات فرهنگی، سال سوم، شماره اول.

١٣- فردوس اقاگل زاده، حسین داوری (١٣٩٣)جیهانی شدن و گسترش زبان انگلیسی، راهبرد فرهنگ، شماره بیست و پنجم/ بهار.

١٤- لوتان كوى (١٣٧٨)، ترجمة. محمد يمنى دوزى سرخابى، اموزش و پروهش، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، تهران.
١٥- محمد عباس نژاد و سيما احمد نژاد (١٣٩٥)، جهانى شدن و اموزش زبان انگليسى در دانشگاه هاى ايران، كنگره ملى اموزش عالى ايران.
١٦- محمد نقى براهنى (١٣٨٤)، پيامدهاى شناختى دوزبانگى، تهران: سمينار برسى ابعاد دوزبانگى، وزارت اموزش و پرورش.
١٧- مهدى مشكوهالدينى (١٣٩٠)، زبانشناسى اجتماعى، نشريه دانشكده الهيات المعارف اسلامى مشهد.

## چوارەم- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1- B. Spolsky & F. M. Hult (2008), The Handbook of Educational Linguistics, Blackwell Publisher
2- B. Ozfidan & H. Aydin (2017), Curriculum Related Issues in Bilingual Education , Published by Canadian Center of Scince and Education.
3- C. Baker (2001) , Foundations of Bilingual Education and Bilingualism, British Library Cataloguing in Publication Data, ISBN1-85359-524-1 (hbk
4- Ch. Ferguson (1996), Socio-Linguistic Perspectives (papers of Language in Society, (1959-1994), New York-Oxford, Oxford University press.
5- D. Crystal (2003), English as a global language, Second edition, Cambridge University Press.
6- ------------ (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, 6th Edition, Blackwell Publisher.
7- D. D. Steinberg & N. V. Sciarini (2006), AN INTRODUCTION
8- H. D. Brown (1994), Principles of Language Learning and Teaching, Boston: Prentice Hall Regents.
9- D. M. Bell (2003), Method and Postmethod:Are They Really So Incompatible?, Ohio University Athens, Ohio , United States.
10- D. Spichtinger (2000), The Spread of English and its Appropriation. https://www.reserchgate.net/publication/26709442
11- D.G Smith (1999: 93-117), Economic Fundamentalism, Globalization and the Public Remains of Education, Interchange, 30(I).

12- E. C. Paniagua & F. Güell (2017), The Neuroanatomical, Neurophysiological and Psychological Basis of Memory: Current Models and Their Origins, https://www.frontiersin.org/articles/10.3389/fphar.2017.00438/full

13- E. Haugen (1953), The Norwegian Language in America, Philadelphia: University of Pennsylvania.

14- E. Hinkel (1999), Culture in Second Language Teaching and Learning, Cambridge: Cambridge University Press.

15- E. Sapir. (1921), Language: An Introduction to the study of speech, New York: Harcourt, Brace.

16- E. V. Clark (2003), First Language Acquisition. London: Cambridge University Press.

17- H. D. Brown (1994), Principles of Language Learning and Teaching, San Francisco State University.

18- H. D. Brown (2007), Principles of language learning and teaching. New York, NY: Pearson Education.

19- I. B. Abdurrahman (2019), The History of Linguistics, College of Education for Women/ Tikrit University English Department. DOI:10.13140/RG2.2.25729.30567.

20- I. Nkopuruk (2018), Status Planning, Corpus Planning and Acquisition, Masters, Department of English, Tai Solarin University of Education.

21- J. Gbafur (2018), The Correlation between Language Acquisition and Language Planning, Budapest International Research and Critics Institute-Journal(BIRCI-Journal).

22- J. L. Bianco (2000), Agenda- Ajournal of policy Analysis and Reform: volume7, Nummber1.

23- J. Richards, J. Platt, & H. Weber (1992) , Longman Dictionary of Applied Linguistics, London: Longman.

24- J .Cummins (2001), Bilingual childrens mother tongue:Why is it important for education? Sprogforum, 7(19) , 15-20

25- K. Brown & J. Miller (2013), The Cambridge Dictionary of Linguistics, University Printing House, CB28BS, United Kingdom.

26- L. Bloomfield (1933), Language, London: Allen and Unwin.

27- L. D. Soto (2006), A Post-Monoligual Education, The University of Texas at Austin, USA. https://www.academia.edu/resource/work/49486302

28- L. G. Barrantes-Montero (2017). https://dialnet.unirioja.es/descarga/articulo/6228631

29- M. Bigelow & J. E. Kananen (2015), Th Routledge Handbook of Educational Linguistics, New York.ISBN:978-0-415-53130-6(hbk).

30- M. H. Islam, Thorndik Theory and It's Application in Learning, www.core.ac.uk.

31- N. H. Hornberger (2001), Educational Linguistics.

32- N. Luhmann, (1995), Social Systems, Cambridge, MA, USA: Harvard University Press.

33- P. Tubeza, (2010), Why we are left behind, INQUIRER. Net. An Inquirer Company.

34- R. Lado (1986), How to copmpare Two Cultures , in Culture Bound: Bridging the Cultural Gap in Language Teaching, J.M. Valdes (ed.), Cambridge: Cambridge University Press.

35- R. Tang (1998), 'The Place of "Culture" in the Foreign Language Classroom: A Reflection',The Internet TESL Journal, Available at: http://iteslj.org/Article/Tang-Culture.html

36- Ramlan (2018), The correction between Language Acquisition and Language planning, BIRCI-Journal.

37- L. Wingard (1998), Robert L. Cooper, Language planning and Social , Cambridge, University of California ,Los Angeles.

38- S. Abdul Manan, M. k David,., & F. P. Dumaning, (2017:27), Ethnolinguistic dilemma and static maintenance syndrome: A study of languages policies and language perceptions in Pakistan. Language problem and language planning. 41(1), 66-86. doi: 10.1075/lplp.41.1.04man.

39- S. Abdul Manan (2020), Ecological Planning towards language rvilization: The Torwali minority language in Pakistan.

40- T. K. Bhatia and W. C. Ritchie (2013), The Handbook of Bilingualism and Multilingualism, Second edition, Malden, MA, Oxford, and Chichester: Wiley-Blackwell. World Englishes.

41- T. Rahman (1997), The medium of instruction controversy in Pakistan.Jornal of Multilingual and Multilingual Development,18(2)145-154. Doi: 101080/0143639708666310.

42- -------------- (2010), Language policy, identity, and religion: Aspects of the civilization of the Muslims of Pakistan and North India (2nd ed.). Islamabad: National Institute of Pakistan Studies, Quaid-i-Azam University. https://www.academia.edu/resource/work/28526225

43- T. S. Goode, M. Brown, & W. Jones. A Plannres Guide…Infusing principles, Content and Themes Related to Cultural and Linguistic competence into Meetings and Conferences, Washington DC: Georgetown University Center for Child and Human Development, National Center for Cultural Competenc, Available at: TO PSYCHOLINGUISTIC¸ Second edition¸Great Britain.

44- W. A. Lunsford (2001), An overview of linguistic structures in Torwali, a language of northern Pakistan. Arlington: Texas, University of Texas.

45- Y. Butler & K. Hakuta (2006), Text books Bilingualism and Second Language Acquisition, The Handbook of Bilingualism, Oxford: Blackwell.

46- E. Hoominfar (2014) , Challenges of Monolingual Educaation, A Thesis Submitted to the Graduate Colling Green State University in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts https://www.academia.edu/resorce/work/35136464

47- O. Garcia (2009) , Bilingual Education in the 21 Century. AG lobal Perspective. Malden,M.A: A John Wiley & Sons, Ltd., Publication.

48- K. J. Lindhomlm-Leary & H. H. Faichild (1990), Evaluation of an elementary school bilingual immersion program. In A. Padill, H. Fairchild, & C.Valadez (Eds.), Bilingual education: Issues and strategies.Newbury Park, CA: Sage Publications.

49- L. A. Stowe, M. Haverkort, F. Zwarts (2005), Rething the neurological basis of language. Lingua,115, 997- 1042.

50- J. Herschensohn & M. Young-Scholten (2013), Second Language Acquisition, published in the united states of America by Cambridge University press, New York.

51- M. Paradis (2000), Cerebral Representation of Bilingual Concepts, Bilingualism, Language, and Congnition, Vol.3,No.1.

52- Hennecke (2013), Pragmatic Markers in Manitoban French, University of Tuebingen.

53- J. Edwards (2006), Foundations of Bilingualism, T. K. Bhatia and W. C. Ritchie (eds.), The Handbook of Bilingualism, Oxford: Blackwell.

54- F. L. Goodenough (1926) , A New Approach to the Measurement of Young Childolren, Genretic Psychology, Vol.33.

55- D. J. Sear (1923), The Effect of Bilingualism on Intelelligence British Journal of Psychology, Vol. 14, No, 1.

56- W.T. Tsushima &T. P. Hogan (1975), Verbal Ability and School Achievement of Bilingual and Monolingual Children of Different Ages, Educational Research, Vol. 68.

57- J. A. Banks (1993), On multicultural education: Development, dimensions, and challenges. Phi Delta kappan, 75(1), 22-28.

58- J. Ball, Enhancing Learning of children from diverse language backgrounds: Mother tongue-based bilingual or multilingual education in early childhood and early primary school years, University of Victoria, for UNESCO.

59- J. Maher (1991), A cross linguistic study of Language contact and language Attrition. In Seliger & Vage (eds) First Language attrition. Cambridge University Press, Cambridge UK.

60- L. Wongfillmor, (1991), When losing a second-language means losing the first, Early Childhood Research Quarterly 6, 323-346.

61- C. Willims (1996), Secondary education: Teaching in the bilingual situation.

62- M. Krauss (1995:4), Language loss in Alaska, the United States and the world. Frame of Reference (Alaska Humanities Forum) 6(1), 2-5.

63- D. Nettle & S. Roman (2000:14), Vanishing Voices: The Extinction of the Worlds Languages. Oxford: University Press.

64- T. S. Kangas (2011), Language ecology, Published by John Benjamin. https://www.academia.edu/resource/work/7101824

65- Ch. Stangor & J. Walinga (2014) , Introduction to Psychology - 1st Canadian Edition, BCCAMPUS VICTORIA, B.C.

66- A. P. M Piketh (2006), Dutch Bilingual Education: A new phenomenon or just the same old song? A study using bilingual typologies to determine the nature of Dutch Bilingual Education, Oxford Brookes University.

## پێنجەم- پێگەی ئەلیکترۆنی:

١- صابر كنوز www.asjp.cerist.dz/en/article

2- https://gov.krd/moe/system-and-education

3- http://linguist1969.blofa.com/post/28

4- http://www.ifid.de/New/index.php?option=com_content&task=view&id=289&Itemid=222

5- https://www.ttarefco.rozblog.com/post24

6- https://www.uni-due.de/ELE/LanguageAcquisition

7- www.scholar.google.com/scholar?cluster=14321187744055292029&hl

8- http://www.verywellmind.com/piagets-stages-of-cognitive-deve

9- https://www.actfl.org/sites/default/files/publications/standards/1996%20National%20Standards%20for%20FL%20L%20Exec%20Summary.pdf

10- https://www.uni-due.de/ELE/LanguageAcquisition

11- http://www.scholar.google.com/scholar?cluster=14321187744055292029&hl

12- http://www.wgu.edu/blog/what-behavioral-learning-theory2005.html#clos

13- M. H. Islam. http://www.core.ac.uk

14- http://widget.yodawork.com/book/viewer.aspx?190370461&bookshop

15- January 26,2019, from UNESCO, (2019), Language vitality and endangerment. Reterieved http://www.unesco.org/culture/

16- By WebMD Editorial Contributors Medically Reviewed by Dan Brennan, MD on June 28, 2021

17- https://www.webmd.com/brain/what-is-echoic-memory

18- Reference Module in Neuroscience and Biobehavioral Psychology Encyclopedia of Behavioral Neuroscience 2010, Short-Term Memory:

Psychological and Neural Aspects.
https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/B9780080453965001573
19- A. Michael-Titus, PatriciaRevest,PeterShortland, The Nervous System (SECOND EDITION)2010.
https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/short-term-memory
20- J. Jankovic MD, in Bradley and Daroff's Neurology in Clinical Practice, 2022, Intellectual and Memory Impairments.
https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/short-term-memory
21- M. K. Robert, in Nelson Textbook of Pediatrics, 2020, Math and Writing Disabilities,
22- https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/short-term-memory
23- K. Cherry ,on July 24, 2021, What Is Long-Term Memory?
24- https://www.verywellmind.com/what-is-long-term-memory-2795347
25- https://en.wikipedia.org/wiki/Mental_lexicon#Theories_and_perspectives
26- https://www.wikipedia.
27- L. Wei, in Encyclopedia of Language & Linguistics (Second Edition), 2006
28- https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/bilingualism
29- S. Romaine, in Encyclopedia of Language & Linguistics (Second Edition), 2006
30- https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S1053811912004703
31- https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/bilingualism
32- https://horofar.com/%D9%85%/D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8
33- https://images.app.goo.gl/sH8Z6TJswxrgc3XJ9
34- A. M. Waris https://media.neliti.com/media/publications/77106-EN-code-switching-and-mixing-communication.pdf
35- http://www.sil.org/ethnologue/ethnologue.html
36- https://www.jbe-platform.com/content/journals/24522147
37- Atlas of the Worlds Languages in Danger , UNESCO, P4.
38- https://www.academia.edu/resorce/work/35995107
39- https://fahe13001-professionalskills2014.weebly.com/what-is-quality-teaching--pedagoy.html
40- https://www.fil.ion.ucl.ac.uk/memo/brain.html
41- https://www.academia.edu/4727633/How_learners_make_mental_links_with_words_Abstract

# پاشکۆکان

## فۆڕمی ژماره (١) تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکان

**فۆرمی ڕاپرسی**

وەلامدانەوەی پرسیارەکانی ناوەڕۆکی خشتەکە بۆ لیکۆڵینەوە و هەلسەنگاندنی کۆزانیاریی قوتابیانی بازنەی یەکەمی خوێندنە لە بابەتەکانی (کوردی ، بیرکاری، زانست) لەو قوتابخانانەی کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، لە توێژینەوەی نامەی ماستەر بە ناونیشانی (ئاریشەکانی پەروەردەی جوتزمانی لە پرۆسەی فێرکردندا (بازنەی یەکەمی خوێندن بە نمونە)).

خوێندکار: ئاشتی ئەحمەد حەسەن سەرپەرشتیار: پ.د. ئومێد بەرزان برزو

---

ناوی سیانی و پلەی زانستی و وردبینی فۆڕم

**پ.د. عبدالواحد مشیر محمود دزەیی**

بەشی کوردی/ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

واژۆ ٣١/ ٣/ ٢٠٢٢

ناوی سیانی و پلەی زانستی و وردبینی فۆڕم

پ. د . شیلان عمر حسین

بەشی کوردی –کولیجی زمان –زانکۆی سلیمانی

..........................................................

واژۆ ١ / ٤ /٢٠٢٢

ناوی سیانی و پلەی زانستی و وردبینی فۆڕم

د.ئاسۆ عبدالرحمان کریم

بەشی کوردی/ کۆلیژی پەروەردە/زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

واژۆ..........................................................

٤/ ٤/ ٢٠٢٢

## فۆڕمی ژمارە (٢)

ئەم فۆڕمە تایبەتە بە قوتابیانی پۆلی یەکەم G1

أ- قوتابخانەی..............................................

ب-ڕەگەز　نێر ☐　　مێ ☐

| وانە | ز | پرسیارەکان | نموونە | English | کوردیی |
|---|---|---|---|---|---|
| زانست | ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٤ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٥ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| وانە | ز | پرسیارەکان | نموونە | English | کوردیی |
| بیرکاریی | ٦ | ئەم ژمارە بە زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چەندە؟ | 9 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٧ | ئەم ژمـاره بە زمـانی ئینگلیزیـی و کوردیی چەندە؟ | 19 | | |
| | ٨ | به هەردوو زمـــانی ئینگلیزیـــی و کوردیی بیخوێنەوه | 2+1=3 | | |
| | ٩ | به هەردوو زمـــانی ئینگلیزیـــی و کوردیی بیخوێنەوه | 3 -1=2 | | |
| | ١٠ | به هەردوو زمـــانی ئینگلیزیـــی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |

| وانه | ز | پرسیارەکان | نموونه | English | کوردیی |
|---|---|---|---|---|---|
| **کوردیی** | ١١ | به هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ١٢ | به هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ١٣ | به هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |

١٤- <u>خوێندنەوە:</u>

**بەڕوو**

**دارا وەرە، ئەو بەڕووانە ببرژێنە**

**بەڕووی برژاو بەسوودە**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆر باش | باش | تاڕادەیەک | خراپ | زۆر خراپ |

١٥- <u>نووسین:</u>

..........................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆر باش | باش | تاڕادەیەک | خراپ | زۆر خراپ |

**فۆرمی ژمارە(٣)**

ئەم فۆرمە تایبەتە بە قوتابیانی پۆلی دووەم G2

أ- قوتابخانەی.........................................

ب- ڕەگەز     نێر ☐     مێ ☐

| وانە | ژ | پرسیارەکان | نمونەکان | English | کوردیی |
|---|---|---|---|---|---|
| زانست | ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٤ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٥ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| بیرکاری | ٦ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ | 3 < 5 | | |

| بابەت | ژمارە | پرسیار | نمونە | English | کوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٧ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٨ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٩ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ١٠ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ | $\frac{1}{2}$ | | |

| بابەت | ژمارە | پرسیار | نمونە | English | کوردیی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| کوردیی | ١٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ١٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |

**١٤- خوێندنەوە**

مندالّی ژیر

مـن منـدالّێکی ژیـرم. قوتـابییەکی پـاک و زیـرەکم. بەیانیـان زوو لە خەو هەلّدەسـتم. ڕۆژباش لە ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم. بە ئاو و سـابوون دەسـت و دەم و چـاوم دەشۆم. بە هێمنی نانی بەیانی دەخۆم، ئەوجا جلەکانم دەگۆڕم و جانتاکەم لە شـان دەکەم و بەرەو قوتابخـــانە دەڕۆم. بە بێـــدەنگی لە پـــۆل دادەنیشــــم و گــــوێ لە مامۆستاکانم دەگرم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆر باش | باش | تاڕادەیەک | خراپ | زۆر خراپ |
| | | | | |

**١٥- نووسین:**

.......................................................................................................

.......................................................................................................

.......................................................................................................

.......................................................................................................

...............................................................................................

## فۆڕمی ژمارە (٤)

ئەم فۆڕمە تایبەتە بە قوتابیانی پۆلی سێیەم G3

أ- قوتابخانەی.........................................................

ب-ڕەگەز نێر ☐ مێ ☐

| وانە | ژ | پرسیارەکان | نمونەکان | English | کوردیی |
|---|---|---|---|---|---|
| زانست | ١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٤ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٥ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بیرکاری | ٦ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٧ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| | ٨ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ | 96 → 100<br>91 → 90 | | |
| | ٩ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ | 2 × 2 = 4 | | |
| | ١٠ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ | 5461 | | |

| ژمارە | پرسیارەکان | نمونەکان | English | بەکوردیی |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| ١٢ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |
| ١٣ | بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردیی چی پێدەگوترێت؟ |  | | |

**١٤- خوێندنەوە:**

شێوازی ئاخاوتن

باوکێک ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، دەیگوت:

ڕۆڵەی خۆم ئەگەر لە کۆڕێک دانیشتیت کەم بڵێ و زۆر ببیستە، ئەگەر ویستت قسە بکەیت، قسە بە کەس مەبڕە، چاوەڕوانی ئەوە بە، تا نۆرەی تۆ دێت و خەڵکەکە هەموو گوێت لێدەگرن.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆر باش | باش | تاڕادەیەک | خراپ | زۆر خراپ |

**١٥- __نووسین:__**

......................................................................................................

......................................................................................................

......................................................................................................

......................................................................................................

......................................................................................................

......................................................................................................

## فۆرمی ژماره (٥)

ئەم فۆرمە تایبەتە بە مامۆستایانی بازنەی یەکەم پۆلی (یەک، دوو، سێ)

أ- پسپۆڕی:............................................................

ب- قوتابخانەی .................................................

پ- وانە بە پۆلی چەند دەڵێیتەوە؟ بە نیشانەی (√) دەستنیشانی بکە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پۆلی یەک | | پۆلی دوو | | پۆلی سێ |

| ز | پرسیارەکان | وەڵامی گونجاو هەڵبژێرە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تا چەند ڕێگە دەدەیت، قوتابیان بە زمانی کوردی بەشداری چالاکییەکانی ناو پۆل بکەن؟ | بە شێوەیەکی ڕەها ڕێگەدەدەم | ڕێگە دەدەم | تا ڕادەیەک ڕێگەدەدەم | ڕێگە نادەم | بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەم |
| ٢ | ئایا لە پۆلدا تا چەند زمانی ئینگلیزی بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن بەکاردەهێنیت؟ | بە شێوەیەکی ڕەها بەکاریدەهێنم | بەکاریدەهێنم | تا ڕادەیەک بەکاریدەهێنم | بەکاری ناهێنم | بەهیچ شێوەیەک بەکاری ناهێنم |
| ٣ | تا چەند لە ئاستی (تێگەیشتن، قسەکردن)ی قوتابیان بە زمانی ئینگلیزی ڕازیت؟ | زۆر ڕازیم | ڕازیم | تارادەیەک ڕازیم | ڕازی نیم | بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیم |
| ٤ | تا چەند قوتابیان بە زمانی ئینگلیزی دەتوانن ناوەڕۆکی بابەتەکان وەربگرن؟ | زۆر ڕازیم | ڕازیم | تارادەیەک ڕازیم | ڕازی نیم | بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیم |
| ٥ | ئایا قوتابیانی بازنەی یەکەم دەتوانن بە زمانی ئینگلیزی بەشداری چالاکییەکانی ناو پۆل بکەن؟ | زۆر ڕازیم | ڕازیم | تارادەیەک ڕازیم | ڕازی نیم | بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیم |
| ٦ | ئاستی دەرچوونی قوتابیان لە وانەکان؟ | زۆر ڕازیم | ڕازیم | تارادەیەک ڕازیم | ڕازی نیم | بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیم |
| ٧ | هیچ ئاستەنگی و گرانییەک بەدی دەکەیت لە کاتی وانەوتنەوە بە زمانی ئینگلیزی ؟ | بە شێوەیەکی ڕەها بەدی دەکەم | بەدی دەکەم | تارادەیەک بەدی دەکەم | بەدی ناکەم | بەهیچ شێوەیەک بەدی ناکەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ئایا ڕێنماییە پەروەردەییەکان بە زمانی ئینگلیزی سودی پەروەردەیی دەبێت بۆ قوتابیان؟ | بە شێوەیەکی ڕها سودی هەیە | بەڵێ سودی هەیە | تا ڕادەیەک | نەخێر سودی نییە | بە هیچ شێوەیەک سودی نییە |
| ٩ | قوتابیان زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵ دەکەن؟ | بە شێوەیەکی ڕەها تێکەڵی دەکەن | تێکەڵی دەکەن | تا ڕادەیەک تێکەڵی دەکەن | تێکەڵی ناکەن | بە هیچ شێوەیەک تێکەڵی ناکەن |
| ١٠ | جیاوازیی کەلتووریی لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ئاستەنگی بۆ قوتابیان دروستکردووە؟ | بە شێوەیەکی ڕەها ئاستەنگی دروست کردووە | ئاستەنگی دروستکردووە | تا ڕادەیەک ئاستەنگی دروستکردووە | ئاستەنگی دروست نەکردووە | بە هیچ شێوەیەک ئاستەنگی دروست نەکردووە. |
| ١١ | ئایا زمانی یەکەمی قوتابی (کوردی) کاریگەریی لە سەر فێربوونی زمانی دووەم (ئینگلیزی) هەیە؟ | بە شێوەیەکی ڕەها کاریگەریی هەیە | کاریگەری هەیە | تا ڕادەیەک کاریگەری هەیە | کاریگەی هەیە | بە هیچ شێوەیەک کاریگەری نییە |
| ١٢ | ئایا لە پۆلدا قوتابی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کوردەوارییەوە پەیوەست دەکەی؟ | بە شێوەیەکی ڕەها پەیوەستی دەکەم | پەیوەستی دەکەم | تا ڕادەیەک پەیوەستی دەکەم | پەیوەستی ناکەم | بەهیچ شێوەیەک پەیوەستی ناکەم |
| ١٣ | ئایا قوتابیان لەناو پۆلدا ئارەزوودەکەن بەکام زمان قسە بکەن؟ | زمانی کوردی | زمانی ئینگلیزی | هەردووکیان | هیچ کامیان | |
| ١٤ | ئەو هەڵە زەق و دیارانەی لە قوتابیدا بەدیدەکەیت، کامانەن؟ | هەڵەی ڕێکخستنی ڕێزمان | هەڵەی درکاندن | هەڵەی تێگەیشتن لە واتای وشە | هەموویان | هیچ هەڵەیەک بەدی ناکەم |

## فۆرمی ژماره (٦)

ئەم فۆرمە تایبەتە بە دایک و باوکی قوتابیانی بازنەی یەکەم پۆلەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)

أ – پیشە........................................................

ب- منداڵەکەت پۆلی چەندە؟ بە نیشانەی(√) دەستنیشانی بکە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پۆلی یەک | | پۆلی دوو | | پۆلی سێ |

پ- بۆچی منداڵاکەت خستووەتە قوتابخانەی ئینگلیزی؟

أ- ......................................................................................................

ب- ......................................................................................................

پ- ......................................................................................................

| ز | پرسیارەکان | وەڵامی گونجاو هەڵبژێرە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کام زمان لەوی تر بە گرنگتر دەزانیت؟ | کوردی لە ئینگلیزی بەگرنگتر دەزانم | ئینگلیزی لە کوردی بەگرنگتر دەزانم | هەردووکیان وەکویەک بەگرنگ دەزانم | هیچ کامیان بەگرنگ نازانم | |
| ٢ | تا چەند پێت باشە منداڵەکەت بە زمانی ئنیگلیزی بخوێنێت؟ | زۆر پێم باشە | پێم باشە | تا ڕادەیەک پێم باشە | پێم باش نییە | بەهیچ شێوەیەک پێم باش نییە |
| ٣ | تا چەند پێت باشە منداڵەکەت بە زمانی کوردی بخوێنێت؟ | زۆر پێم باشە | پێم باشە | تا ڕادەیەک | پێم باش نییە | بەهیچ شێوەیەک پێم باش نییە |
| ٤ | تا چەند زمانی ئینگلیزی دەزانی؟ | زۆربە باشی دەیزانم | دەیزانم | تاڕادەیەک دەیزانم | نایزانم | بەهیچ شێوەیەک نایزانم |
| ٥ | تا چەند منداڵەکەت ئارەزووی چوونە قوتابخانەی هەیە؟ | زۆر ئارەزووی هەیە | ئارەزووی هەیە | تاڕادەیەک ئارەزووی هەیە | ئارەزووی نییە | بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی نییە |
| ٦ | منداڵکەت ئارەزووی فیربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە؟ | زۆر ئارەزووی هەیە | ئارەزووی هەیە | تاڕادەیەک ئارەزووی هەیە | ئارەزووی نییە | بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی نییە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهیچ شێوەیەک تێکەڵی ناکات | تێکەڵی ناکات | تا ڕادەیەک | هەندێکجار | زۆرجار | منداڵکەت لە کاتی قسەکردن وشەی ئینگلیزی تێکەڵ بە زمانی کوردی دەکات ؟ | ٧ |
| هیچ کاتێک | ئاستەنگی دروست نابێت | تا ڕادەیەک | هەندێکجار | زۆرجار | هیچ ئاستەنگێکت بۆ دروستدەبێت لە کاتی هاوکاریکردنی منداڵەکەت لە وانەکانیدا؟ | ٨ |
| هیچ شێوەیەک گرفتی بۆ دروست نابێت | گرفتی بۆدروست نابێت | تا ڕادەیەک | هەندێکجار | زۆرجار | منداڵەکەت گرفتی بۆ دروستدەبێت، کاتێک بە زمانی کوردی قسەدەکات؟ | ٩ |

## ملخص

عنوان البحث (مشاكل التعليم ثنائي اللغة في العملية التدريسية (الحلقة الاولى مثلا)). الغرض الرئيسي من الدراسة هو إظهار آثار التعليم ثنائي اللغة على العملية التعليمية، كما يعرض المشكلات التي تسببها اللغة الأجنبية على لغة الأم وعلى الطالب نفسه، لأن اللغة والتعليم توأمان لا ينفصلان، للغة، كأداة مهمة في جميع مجالات الحياة، تأثير كبير، فهي عصب العملية التعليمية، وتلعب دوراً مهماً في تنمية المعرفة اللغوية والمعرفة العامة للطلاب، إذا استبعدنا اللغة من العملية التعليمية، فسيصاب التعليم بالشلل، والتعليم كمجال مهم له دور كبير في بناء جميع المجالات الأخرى، إن كيفية التعامل مع اللغة والتعليم يتطلب قرارات متأنية وقرارات حكيمة وسياسات وخطط مناسبة، تعليم اللغة الثانية قبل سن ١٠-١٢ سنة له عدد من المشاكل التربوية والنفسية والاجتماعية واللغوية وغيرها، ومع ذلك، فإن تعلم وتعليم لغة أجنبية له أهمية خاصة، ومع ذلك، يجب أن يتم توجيهها والإشراف عليها، في العمر والوقت المناسبين، واستخدامها وفقًا للخطط والسياسات اللغوية والتعليمية المناسبة، يجب ألا تفوق الأضرار الفوائد ولا يجب أن يكون لها تأثير سلبي على لغة الأم.

في هذا الرسالة تم اتباع الطريقة الرئيسية (الوصف التحليلي - الإحصاء)،تتكون من ثلاثة أجزاء:

الجزء الأول: بعنوان إيكولوجيا اللغة واللغويات، والذي يغطي بشكل عام الجوانب النظرية للرسالة، أولاً، ناقشنا التعليم واللغويات التربوية واللغة والثقافة والتخطيط اللغوي والسياسة المتعلقة بعملية اللغويات التربوية وشرحنا المفاهيم، لقد ناقشنا أيضًا اكتساب اللغة من منظور النظريات وتمت مناقشة هذه المناقشة من منظور المدارس الثلاث (السلوك والعقلانية والإدراك)، ويخصص نهاية هذا القسم لنظام التعليم وتعليم اللغة في عصر العولمة وبشكل عام يناقش العولمة وأثرها على نظام التعليم وتعليم اللغة وشرح فوائد ومضار العولمة على اللغة والثقافة.

الجزء الثاني: هذا القسم مخصص لتطبيق التعليم ثنائي اللغة في نظام التعليم، أولاً، ناقشنا ثنائية اللغة وأنواع ثنائية اللغة وأسباب ثنائية اللغة، ثم ناقشنا العلاقة بين ثنائية اللغة والدماغ، حاولنا مناقشة العلاقة بين ثنائية اللغة والدماغ والمفردات وكيفية تخزين البيانات والمعلومات واختلافها مع أحادية اللغة، لقد ناقشنا أيضًا التعليم ثنائي اللغة، ونماذج وأنواع التعليم ثنائي اللغة وجوانبه الإيجابية والسلبية، في نهاية هذا القسم، ناقشنا تعلم وتعليم لغة ثانية في نظام التعليم وأسباب وشروط تعلم لغة ثانية واكتساب مهارة.

الجزء الثالث مخصص لمشاكل التعليم ثنائي اللغة والجوانب الميدانية، أولا، سنناقش التعليم باللغة الكردية ولغات أخرى في إقليم كوردستان / العراق، ثم نناقش مشاكل التعليم ثنائي اللغة.

# Abstract

This research is devoted for the Problems of bilingual in educational process, especially in the early and basic education (First, second and Third class of preparatory school) In the field of educational linguistics. The main objective of the research is highlighting the impact of bilingual on education in Kurdistan Region of Iraq (KRI), It also presents the problems caused by foreign languages on the mother Language and native speakers, teachers and students themselves.

Language and education are inseparable twins. Language, as an important tool in all areas of life, has a great impact. It is the backbone of the educational process, and plays an important role in the development of general knowledge on language and general knowledge of students as well. If we exclude language from the educational process, education will be paralyzed, and education as an important field has a great role in building all the other areas of life, how to deal with language and education needs attention to careful decisions, wise decisions, appropriate policies and plans, learning second language education before the age of 10-12 years, there are a number of educational, psychological, social language, etc. problems., psychological, social linguistic and other problems, however, learning and teaching a foreign language has particular importance, however, should be directed and supervised, at the appropriate age, time, and used in accordance with appropriate language educational plans and policies, the negative effects must not exceed the benefits nor should they have a negative impact on the mother Language.

In this research, the main method is (Descriptive Statistics) was followed, consisting of three parts:

First part: Entitled ecology of language or Linguistic Ecology, which is the study of how languages interact with each other generally, covers the theoretical aspects of the thesis, educational linguistics; language, culture, language planning, and policy related to the process of educational linguistics and explained the concepts. We also discussed language acquisition from the perspective of the three schools (behaviorism, rationalism, and cognition). The end of this part is devoted to the education system and language education in the era of Globalization, in general, discusses globalization and its impact on the education system and language teaching, and explains the advantages and disadvantages of globalization on language and culture.

Second part: This part is dedicated to the application of bilingual education in the education system. First, we discussed bilingualism, types of bilingualism, and causes of bilingualism. Then, we discussed the relationship between bilingualism and the brain, vocabulary and how data and information are stored and their difference with monolinguals.We have also discussed bilingual

education, models and types of bilingual education, its positive and negative aspects. At the end of this part, we have discussed the learning and teaching of a second language in the education system, and the reasons and conditions for learning a second language and acquiring a skill in the education system.
Third part: Is dedicated to the problems of bilingual education and practical field, discussed education in Kurdish language and other languages in (KRI), then showed the importance of mother tongue. Covered Language issues and problems like psychological issues of language acquisition, lastly the thesis explained the three forms of the survey.